حکومەتی هەرێمی کوردستان–عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی گەرمیان
کۆلێجی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان
بەشی زمانی کوردی

# یاخیبوون لەشیعری کوردیدا(١٩٧٠-١٩٩١)

## (کرمانجی ناوەڕاست)

تێزێکە (اوات رحیم کریم حسن) پێشکەشی بەشی زمانی کوردیی کۆلێجی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی گەرمیانی کردووە، بەشێکە لە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا.

سەرپەرشت:

**پ.د. فرهاد قادر کریم**

ساڵی خوێندن:

٢٠٢٤ زایینی ٢٧٢٤ کوردی

# یاخیبوون لەشیعری کوردیدا ١٩٧٠-١٩٩١

## کرمانجی ناوەڕاست

تێزێکە (اوات رحيم كريم حسن) پێشکەشی بەشی زمانی کوردیی کۆلێجی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی گەرمیانی کردووە، بەشێکە لە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا.


سەرپەرشت:

**پ.د. فەرهاد قادر کریم**


ساڵی خوێندن:

٢٠٢٤ زایینی ٢٧٢٤ کوردی

## ڕەزامەندی سەرپەرشت

ڕەزامەندی سەرپەرشت

تێزی(یاخیبوون لەشیعری کوردیدا ۱۹۷۰-۱۹۹۱)کرمانجی ناوەڕاست، بە سەرپەرشتی من لە(زانکۆی گەرمیان\کۆلێجی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان )ئامادەکراوە، بەشێکە لەپێویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا، لە ئەدەبی کوردیدا(پسپۆڕی ڕەخنەی ئەدەبی)دا.

سەرپەرشت

**د. فرهاد قادر كريم**

ڕێکەوت: \ \۲۰۲٤

بەپێی ئەم پێشنیازە، ئەم تێزە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

**د. سەردار فائق مجيد**

ڕێکەوت: / /۲۰۲٤

## ڕەزامەندی و بڕیاری لیژنەی گفتوگۆکردن

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، تێزی (**یاخیبوون لەشیعری کوردیدا ١٩٧٠-١٩٩١**)کرمانجی ناوەڕاستمان خوێندەوە، پاش گفتوگۆکردن لەگەڵ خوێندکار (**اوات رحیم کریم** ) لەبارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری تایبەت بە تێزەکە، بڕیارماندا، کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی (            ) بڕوانامەی دکتۆرای لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا پێ بدرێت.

**پ.د.علی تاهیر بەرزەنجی**
سەرۆکی لیژنە
ڕێکەوت:    /    /٢٠٢٤

**پ.د. دەریا جمال حەوێزی**
ئەندام
ڕێکەوت:    /    /٢٠٢٤

**پ.د.صافیە محمد احمد**
ئەندام
ڕێکەوت:    /    /٢٠٢٤

**پ.ی.د. فؤاد حسین احمد**
ئەندام
ڕێکەوت:    /    /٢٠٢٤

**پ.ی.د. ئاوارە کمال صالح**
ئەندام
ڕێکەوت:    /    /٢٠٢٤

**پ.د. فرهاد قادر کریم**
ئەندام و سەرپەرشت
ڕێکەوت:    /    /٢٠٢٤

**بڕیاری ئەنجوومەنی کۆلێج**

لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی کۆلێجی زمان و زانستەمرۆڤایەتییەکان ژمارە (            ) لە ڕێکەوتی (                    ) تێزەکە پەسەند کرا.

واژۆ:

**پ.د. اسو لطیف عزیز**

ڕاگری کۆلێجی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان

ڕێکەوت:      /      /  ٢٠٢٤

# پێشکەشە بە

- دایکـــــم، کە بەردەوام لە گەڵمــــدا مانــــدووبووە، تـــاکو گەیشتوومەتە ئەم قۆناغەی ژیان.
- بە هاوسەری ژیانم  و جگەرگۆشەکانم  .
- هەموو ئەوانەی کە یارمەتیدەرم بوون.

# سوپاسنامە


## سوپاس و پێزانینم بۆ:

- سەرپەرشتی بەڕێز (پ.د. فرهاد قادر کریم) کە دڵسۆزانە و ماندوونەناسانە هاوکارم بووە لە هەموو هەنگاوەکانی نووسینی تێزەکەدا.
- بە(خێزانەکەم ، دایکم)کە هەرگیز لەبیرم ناچن.
- سەرۆکایەتیی زانکۆی گەرمیان، ئەنجومەنی کۆلێجی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی زمانی کوردی لە خانەقین، بۆ ڕەخساندنی دەرفەتی خوێندنی دکتۆرای ئەدەب.
- هەموو ئەو مامۆستا بەڕێزانە، کە لەم قۆناغەدا بە هاندان و پاڵپشتکردن و پێدانی زانیاری و سەرچاوەی بەسوود هاوکارم بوون.

| لاپەڕە | بابەت |
| --- | --- |
| ٣ | پێشەکی |
| ٥-٤٣ | ١: یاخیبوون و شیعری کوردی |
| ٦-٢٠ | ١-١ - چەمک و زاراوەی یاخیبوون لە ئەدەبدا |
| ١١ | ١-١-١ - یاخیبوون لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە |
| ١٢ | ١-١-٢- یاخیبوون لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە |
| ١٣ | ١-١-٣-یاخیبوون لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە |
| ١٤ | ١- ١-٣-١جۆن میلتۆن |
| ١٤ | ١-١-٣-٢-جۆن لۆک |
| ١٥ | ١-١-٣-٣-جان جاک ڕۆسۆ |
| ١٦ | ١-١-٣-٤-فرید ریک شیلەر |
| ١٦ | ١-١-٣-٥-گیوم ئاپولێنەر |
| ١٧ | ١-١-٣-٦-جان پۆل سارتەر |
| ١٧ | ١-١-٣-٧-ئەلبێر کامۆ |
| ٢١-٤٣ | ١-٢- یاخیبوون لە شیعری کوردیدا |
| ٢٢ | ١-٢-١باباتاهیری هەمەدانی |
| ٢٣ | ١-٢-٢ ئەحمەدی خانی |
| ٢٦ | ١-٢-٣-نالی |
| ٢٨ | ١-٢-٤-مەولەوی |
| ٣٠ | ١-٢-٥-حاجی قادری کۆیی |
| ٣١ | ١-٢-٦- پیرەمێرد |
| ٣٣ | ١-٢-٧-ئەحمەد موختار جاف |
| ٣٦ | ١-٢-٨-قانع |
| ٣٨ | ١-٢-٩-گۆران |
| ٤١ | ١-٢-١٠-فایق بێکەس |
| ٤٥-١٣١ | ٢-  یاخیبوونی سیاسی لە شیعری کوردیدا (١٩٧٠-١٩٩١) |
| ٤٦ | ٢-١- شێرکۆ بێکەس |
| ٨١ | ٢-٢- ڕەفیق سابیر |
| ١٠٦ | ٢-٣- فەرهاد شاکەلی |
| ١٣٢-٢١٣ | ٣- چەشنەجیاوازەکانی یاخیبوون لە شیعری کوردییدا(١٩٧٠-١٩٩١) |

| | |
|---|---|
| ٣-١- یاخیبوونی کۆمەڵایەتی | ١٣٣ |
| ٣-٢- یاخیبوونی ئاینی | ١٥٢ |
| ٣-٣ - یاخیبوونی خودیی | ١٦٩ |
| ٣-٤- یاخیبوونی شیعریی | ١٨٢ |
| ئەنجامەکان | ٢١٤ |
| لیستی سەرچاوەکان | ٢١٦ |
| پوختە بەزمانی کوردی | ٢٢٩ |
| ملخص البحث | ٢٣٠ |
| Abstract | ٢٣١ |

## پێشەکی

یاخیبوون دیاردەیەکی دێرینە و بوونی وابەستەی بوونی مرۆڤایەتییە و بەرهەمی هوشیاری و ڕۆشنبیریی تاکە، شاعیران و نووسەران بەهۆی جیهانبینییانەوە زووتر یاخیدەبن و هەڵوێست بەرامبەر به ڕووداو و پێشهاتەکان وەردەگرن .

شاعیرانی کورد هەر لەزووەوە هەوڵیانداوە، کە بەشێک بن لە گۆڕانکاریی ئەرێنی چ لەلابردنی جەور و ستەم و چ لە چاکسازیی کۆمەڵایەتی و ئایینی و تەنانەت خودییش، ئەم بارە لای شاعیرانی هاوچەرخ بەگشتی و شاعیرانی وەک (شێرکۆ بێکەس، ڕەفیق سابیر، فەرهاد شاکەلی) بەتایبەتی فرە ڕەهەند و بەربڵاوتر بەدیدەکرێت، بەو پێیەی لە قۆناغ و سەردەمێکی جیاوازدا ژیاون، لەناو ئەو سەردەمەشدا سالانی (١٩٧٠-١٩٩١)سالانی پڕ لە ڕووداوی جۆراوجۆرن، کە کاریان کردۆتە سەر ئەو شاعیرانە و ئەوانیش لە ڕێی دەقە شیعریەکانیانەوە گیانی یاخیبوونی خۆیانیان دەربڕیوە .

## ناونیشانی توێژینەوەکە و هۆکاری هەڵبژاردنی:

(یاخیبوون لە شیعری کوردیدا ١٩٧٠-١٩٩١، کرمانجی ناوەڕاست) ناونیشانی سەرەکی ئەم توێژینەوەیەیە، کە تیایدا شیعرەکانی هەر سێ شاعیر (شێرکۆ بێکەس، ڕەفیق سابیر، فەرهاد شاکەلی) وەرگیراون، هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە دەمانەوێ هەڵوێست و کاردانەوەی ئەو شاعیرانەی ناومانهێنان لەمەڕ ڕووداوەکانی باشووری کوردستان لە هەستیارترین قۆناغی سالانی (١٩٧٠-١٩٩١)بزانین، چونکە هەر سێ شاعیر لە پێشەنگی شاعیرانی قۆناغەکەیان بوون و لە پێناو ئازادیی خاک و گەلەکەیان بۆ ژیانیان باجی گەورەیان داوە و خاوەنی جیهانبینی تایبەتی خۆیان بوون.

## سنووری توێژینەوەکە:

سنوری توێژینەوەکە شیعری کوردی سالانی (١٩٧٠-١٩٩١) کرمانجی ناوەڕاست لە باشوری کوردستان و بەنموونە شیعرەکانی (شێرکۆ بێکەس، ڕەفیق سابیر، فەرهاد شاکەلی) دەگرێتەخۆ.

## میتۆدی توێژینەوەکە:

بۆ ئەنجامدانی سوودمان لە زیاتر لە میتۆدێک وەرگرتووە و هەوڵمانداوە پشت بەست بە زانیارییە مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکانی دەرەوەی دەقە شیعرییەکان و لەڕێگەی ڕێبازی (وەسفی –شیکاری) یەوە ڕاڤەی تێکستەکان بکەین و چۆنێتی و چەندێتی یاخیبوونیان تێدا دیاری بکەین.

**پەیکەری توێژینەوەکە:**

تێزەکە لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە، **لە بەشی یەکەمدا** کە بەناونیشانی (**یاخیبوون و شیعری کوردی**)کە لە دوو خاڵی سەربەخۆ پێکهاتووە، لە خاڵی یەکەمدا (زاراوە و چەمکی یاخیبوون)پشتبەست بە فەرهەنگە جیاوازەکان و تێڕوانینی زاناو نووسەران و فەیلەسوفانی بوارەکانی (دەروونناسی، کۆمەڵناسی، فەلسەفە)باسکراون و لەخاڵی دووەمدا لەژێر ناوی (یاخیبوون لە شیعری کوردیدا)، بەنموونەی شیعری تیشکخراوەتە سەر دیاردەی یاخیبوون لای (١٠) شاعیری پێشینی کورد کە ئەمانەن (بابا تاهیری هەمەدانی، ئەحمەدی خانی، نالی، مەولەوی، حاجی قادری کۆیی، پیرەمێرد، ئەحمەد موختار جاف، قانع، گۆران، فائق بێکەس)، ...هتد.

**بەشی دووەمیش** بەناونیشانی (**یاخیبوونی سیاسی لە شیعری کوردیدا (١٩٧٠-١٩٩١)**، لە سێ باسی جیاوازدا تیشکخراوەتە سەر یاخیبوونی سیاسی لای هەریەک لە (شێرکۆ بێکەس، ڕەفیق سابیر، فەرهاد شاکەلی)و تیایدا کاردانەوەی هەریەکەیان بەرامبەر بە ڕووداو و پێشهاتە سیاسیەکانی ساڵانی ١٩٧٠-١٩٩١دیاریکراوە.

**لە بەشی سێهەمدا** کە بەناونیشانی (**چەشنە جیاوازەکانی یاخیبوون لە شیعری کوردیدا ١٩٧٠-١٩٩١**)تیایدا بە جیا باسی لەهەر یەک لە یاخیبوونی کۆمەڵایەتی، یاخیبوونی ئایینی ،یاخیبوونی خودیی، یاخیبوونی شیعریی کراوە لای هەر سێ شاعیر و پشتبەست بەنموونە شیعرییەکانیان ڕادەو چۆنێتی ڕەنگدانەوەیان خراوەتەڕوو.

لەکۆتاییدا دیارترین ئەنجامەکانی تێزەکە لە کۆمەڵێک خاڵدا خراوەتەڕوو، پشتبەست بە کۆمەڵێک سەرچاوەی جیاواز پێیانگەیشتووین و ئەم سەرچاوانەش لە کۆتایی تێزەکەدا تۆمارکراون و لەگەڵ پوختەی تێزەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

١- ياخیبوون و شیعری کوردی

١-١- چەمک و زاراوەی یاخیبوون لە ئەدەبدا

١-١-١-یاخیبوون لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە

١-١-٢-یاخیبوون لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە

١-١-٣-یاخیبوون لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە

# ١-یاخیبوون و شیعری کوردی

## ١-١-زاراوە و چەمکی یاخیبوون

یاخیبوون لەو زاراوانەیە، کە بووەتە جێی سەرنجی فەیلەسوف و کۆمەڵناسان و دەروونناسەکان و لە گۆشەنیگای جیاوازەوە لێیان ڕوانیوە و کۆڵیوەتەوە، هەرچەندە بۆ یەکەمجار ((زاراوەی یاخیبووان ئاماژە بوو بۆ ئەوانەی لە کەنیسەی بەریتانی(dissenters)جیابوونەوە، ئەم زاراوەیە لە وشەنامەی زاراوە ئەدەبییەکاندا بە مانا هزری و کۆمەڵایەتی و ئاینییەکەی بە چەند شێوەیەکی فەرهەنگی هاتووە:

١-سەرپێچی: دەرچوون لە ڕاوبۆچوونی باو یان هەر ڕاوبۆچوونێک دەسەڵاتی بەهێزی دەوڵەت دەیسەپێنێت، گوزارشتکردن لەم زاراوەیە بوو بە هێما و شەقڵی ڕۆشنبیرانی جیهانی لەو کۆمەڵگەیانەی، کە لەژێر فشاری توندی ستەمکاریدا دەیانناڵاند.

٢-یاخیبوون: دەرچوونە لە یاساکانی کۆمەڵگا و یاسا و ڕێسای گشتی و داننەنان بە دەسەڵاتی هیچ دەسەڵاتدارێکدا.

٣-جیاوەبووان(لادەرەکان): کۆمەڵێک –چینێک لە ئینگلیزی پرۆتستانت بوون لەکەنیسەی ئینگلیزەکان جیابوونەوە، چوون باوەڕیان وابوو، کەنیسە لەگەڵ تێپەڕینی ڕۆژگاردا لە پەیامی ڕاستی مەسیحییەت لایداوە )). (سلوم، ٢٠٠٧ :١١-١٢)

لە زمانی ئینگلیزیدا ئەم زاراوانەی بۆ بەکارهاتووە (revolution) و (reblution) (جعفر،١٢٦:١٩٩٨ )هەریەک لە وشەکانی ((Revo،Rebellious،Rebel، Rebellion، Insurrection، Insurgent contumacious- Contumacy، Wayword، Disobedient- Disobedience، Mutiny،l ،Turbulence لەو فەرهەنگەدا بەواتای ئەمانە ((سەرپێچیکردن، یاخیبوون، سەرپێچیکارەکان، یاخیبوون لە دەسەڵاتی- مەدەنی یان حکومەتی ئێستا، لە دەرەوەی کارکردن دژی سیاسەت یا خود بڕیارەکانی پارتە سیاسییەکەی، سەرپێچی یاخیبوو، شۆڕش، یاخیبوون، یاخیبوو، سەرپێچیکردووە، دەتەقێتەوە،یاخیبوون، شۆڕشگێرانە -کەلەڕەق، خۆرەکان، چارەسەر نەکراو، یاخیبووەکە: سەرباز یان دەریاوانێکی یاخیبوو، شۆڕش دژی، سەرپێچی بکەن، سەرپێچیکردووە، یاخیبوو، ئاژاوەگێر، کێشەدارە، توندو تیژ، تووڕەبوون))( البعلبکی٢٠١٠، ٥٩٨،٩٦٤،٧٥٤،٣٥٤،٢٦٩،١٢٦٦)) لە عەرەبیدا هاتوون دەستەواژەی یاخیبوون لە فەرهەنگی (لسان عربی)ی (ابن منظور) دا تێڕوانینێک لە بابەتی (مرد)هەیە، کە بە ((کونە کۆتر (هێلانەی کۆتر) دەوترێت التمراد التماریدیش کۆکەیەتی، کە هێلانەگەلێکی بچوکن لەسەر یەکتر وشەی (المارد) بەواتای بەفیز و لەخۆبایی (تمرد)یش بەواتای لە خۆبایی و یاخی دێت)) (الطیب، ٢٠١٧ :٢٦-٢)

بەپێی کتێبی (معجم العین)ی (خلیل ابن احمد الفراهیدی) که لە مادەی (( م رد :المرد :واتە سەوڵ، ئەو سەوڵەی، کە کەشتییەوان کەشتیی پێ پاڵدەنێت کرداری مرد –یمرد- مردا-والمرادة هەموویان سەرچاوەکەیان (المارد)ە، (المرید)یش بەشەیتانەکانی انس و جن دەوترێت(تمردعلیة) و اتە لێی یاخی بوو)) (الطیب ، ٢٧:٢٠١٧).

لە زمانی فارسیشدا لە فەرهەنگی هەژیر وشەکانی ((یاغی بوون – یاغی گیری)) (پور،١،٢٠٠٨، ٤٠٣).بۆ وشەکە دانراوە.

بەرامبەر بە زاراوەی یاخیبوون لە زمان و ئەدەبی کوردیدا زۆر زاراوە بەکارهاتووە، کە هەندێ لەو زاراوانە لە زمانانی ترەوە وەرگیراون، هەندێکی تریش دروستکراون، ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاماژەکردنە بە خودی زاراوەی یاخیبوون.

لە فەرهەنگی( ئەستێرە گەشە)دا یاخیبوون بەم شێوەیە خراوەتەڕوو، یاخیبوون واتا((تمرد عصیان، خروج علی قانوون، الثورة یاخی .خارج علی القانوون \ مناوئی، طرید العدالة /محروم من حمایة العدالة، عاصي، متمرد،ثائر))(نظام الدین، ٥٥٤:١٩٩٠)،

لەفەرهەنگی (فوئاد)یشدا ئەم وشانە جیاکراونەتەوە Insurgency کە بە واتای ((شۆڕش و هەڵسان یاخی دەبێت))( بەکر، ٢٥٨:٢٠٠٥)هاتووە.

بەڵام لە فەرهەنگی (شوان) وشەی یاخیبوون کۆمەڵێ واتای بۆ دیاریکراوە، ئەوانەش بریتین لە ((ئەشقی بوون، دەستدانە چەک دژی دەوڵەت، سەرکێشی، سەربزێوی یان کاری بێ یاسایی)) (حسن، ٩٢٧:٢٠٠٧).

هەروەها(مەحەمەد مەردۆخی)یش وشەی یاخیبوون بە واتای((سەرکێشی یان سەربزێو)) (موحەمەد ،٨٣٨:١٣٨٨.)واتاکەی دەستنیشانکردووە، کەچی لە فەرهەنگی(ناهیدە) مانای وشەکە بەم شێوەیە ماناکەی دیاریکراوە، کە بە واتای ((نافەرمانی، بەرهەڵستی دەوڵەت و هەڵسان و دژایەتی کردن )) (ناهید ،٧٠٩:٢٠١١) دێت.

هەروەها لە فەرهەنگی(کوردستان)ی (گیوی موکریانی)دا وشەکە بە واتای ((هەڵگەرانەوە، سەرکێشی، زیت بوونەوەو قاچاغی یان ئازادی خوازتن دێت)) (موکریانی، ١٣٤٧:٢٠١٧ ).

هەموو ئەو واتایانەی، کە لەم فەرهەنگە هەمەچەشنانەدا خستوومانەتەڕوو، بەرامبەر بە وشەی (یاخیبوون)دانراون، لەگەڵ ئەوەشدا واتاکان زۆر لەیەکەوە نزیکن، بە شێوەیەک کە هەردوو وشەی یاخیبوون و شۆڕش زۆرجار پێکەوە گرێدراون، لەپاڵ ئەمەشدا دەتوانین بڵێین، کە زاراوەی یاخیبوون ڕاڤەی تری بۆ کراوە بە تایبەتی لەڕەهەندە سیاسییەکەوە، کە بە واتای بەگژداچوون و ڕەتکردنەوەی بڕیارەکانی دەسەڵاتە، هەروەها لە سەردەمی ئێستاشدا بەتایبەت لە فەرهەنگی سیاسی و نیشتمانیدا بە واتای ملنەدان و ڕووبەڕووبوونەوە هاتووە، لە کایەی

ئەدەبیشدا بە واتای  ئەوە دێت، کاتێک ئەدیب هەڵوێستێک دەگرێتە بەر، کە پەیوەستە بە بیرو باوەڕی خۆی، بەشێوەیەک کە ئەو بیرو باوەڕە تا ڕادەیەک هاوتەریب  نییە لەگەڵ  بڕیارەکانی دەسەڵات یا کۆمەڵگا یان ئەو ڕەوتە ئەدەبیەی  دەوروبەرەکەی ، بەکورتی یاخیبوون بریتییە لە((نامۆبوون لە سروشت و کۆمەڵگا، کەسی یاخی خۆی لە ژینگەی کۆمەڵایەتیی خۆی دادەبڕێت و دەیەوێت خۆی کەسێکی سەربەخۆ و تەنها و خاوەن کەسایەتیی خۆی بێت، بە جۆرێک مرۆڤی یاخی، هەم خۆی و هەم ئەو کۆمەڵگایەی، کەتیایدا دەژی، بە نامۆ دەبینێت)) (میرە، ٢٣:٢٠٢٠)

ئەم چەمکە بە لای هەندێ توێژەری ترەوە فراوانتر و بەربڵاوتر دەبینرێت ((یاخیبوون دەرچوونێکە لە یاساکانی کۆمەڵگا و یاساکانی ڕێکخستنی گشتی و بەدەسەڵاتی هیچ دەسەڵاتێک نەژمێردرێت)) (فتحية، رانية ٢٠١٩ :٧)
بە ڕەچاوکردنی واتای یاخیبوون لە ڕووی مەبەست و فەرهەنگییەوە دەتوانین بگەین بەوەی :

١- پەیوەندی  لەنێوان وشەی یاخیبوون و شۆڕشدا هەیە.

٢- یاخیبوون هەبوونی خواستی تاک، یان گروپێک بۆ گۆڕانکاری یان هەڵوەشاندنەوەی بابەتێک وەک دابونەریتی کۆمەڵایەتی سیستەمی دەسەڵاتی سیاسی.....

٣-یاخیبوون لەسەر یاسا و دەسەڵاتی سیاسی (گولی، ٢٠٠٨ :٧٢)

## چەمکی یاخیبوون

یاخیبوون چەمکێکی فرە ڕەهەندە، چونکە لە کۆمەڵێ بوار و مەبەستی تردا بەکاردەهێنرێت، بۆ نموونە یاخیبوونی ئەدەبی بەگشتی و یاخیبوونی شیعری بەتایبەتی یەکێکە لەو بوارە گرنگانەی کە لە نێو بوارەکانی  ئەدەبدا گرنگی پێدراوە، ئەمەش بێگومان بەهۆی چەشنی جیاوازی فەرهەنگی زمان و کەلتوور و لایەنی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری کۆمەڵگا، ((چونکە هەموو زمانەکان کاتێک دێنە سەر پەسنی دۆخێکی دەروونی یان پەسنی هەڵچوونێکی ناخ  کەم و کورِیان هەیە)) (نقشبندی،٢٠٠٤ : ٣٤) هەروەها دەربارەی پێناسەی یاخیبوون کۆمەڵێ پێناسەی جۆراوجۆر کراوە، یاخیبوون بریتییە لە پێشێلکردنی فۆرم و یاسا و فەرمانڕەوایی وڵات و دانانی فۆرم و یاسای تر، کە تەواو جودایە لە هەڵوێستێکی باو (( یاخیبوون لە واقیع و لادان لەوەی باوە و هەڵوەشاندنەوەی چەمکە کۆنینەکان و سەر لەنوێ دارشتنەوەیان بە شێواز و فۆرم و ناوەڕۆک و گیانێکی بزێوەوە )) (سعيد، ٢٠١٠ :٢٧)

ئازادیی تاکەکەس پێوەرێکی بنەڕەتییە بۆ دروستکردنی جیاوازی لەنێو کۆمەڵگا، کە ئەم تاکانە کاریگەرییان لەسەر دروستکردنی چەندین گروپ و کۆمەڵەی جیاوازی نوێگەری هەیە، هەروەها ئەم نوێگەرییانە بەشدارییەکی ڕاستەوخۆیان کردووە لە بواری تێکۆشانی سیاسی و

ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیدا، کەواتە یاخیبوون لە واقیعی کۆمەڵگا بریتییە لە ڕەتکردنەوەی سەرجەم بابەتی کۆن و دەسەڵات و دابونەریتی کۆمەڵایەتی، دووبارە داڕشتنەوەیان بە شێواز و داهێنان و تەکنیکێکی نویَ، بۆیە (جاک بریم) لە تیۆرەکەیدا بەم شێوەیە پێناسەی یاخیبوونی کردووە، کە دەڵێ (( یاخیبوون دیاردەیەکی دەروونییە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی ئازادیی هەڵبژاردن لەلایەن تاکەوە دەکەوێتە ژێر هەڕەشەوە، ئەمەش دەبێتە هۆکارێک بۆ گۆڕانکاری لە هەڵسوکەوتوو و کرداری مرۆڤدا، یاخیبوونی دەروونی هێزێکی ناوەکییەو کاتێک سەرهەڵدەدات، کە ئازادییەکان بەر تەسک دەکرێنەوە، وەک ئەو هەڵسوکەوتە توند و سنوردارانەی دایکان و باوکان لە بەرامبەر منداڵەکانیان پەیڕەویدەکەن و هاوکات پەرچەکردارە توندەکانی منداڵ لە بەرامبەریاندا )) (عبدالله، گەردی، ١٣٣:٢٠٢١).

یاخیبوون پەیوەندییەکی پتەوی بە ئاستی ڕۆشنبیری و هوشیاری مرۆڤەوە هەیە، بەپێی ڕادەی ئەو ئاستە یاخی دەبێت، مرۆڤی یاخی ئەو مرۆڤەیە، کە لەگەڵ سیستەمی بەڕێوەبردنی دەسەڵات ناگونجێت؛ بۆیە پێویستە قوربانی بدات، کە زیانی پێدەگەیەنێت، پاشان هەست بە چەشنە جیاوازییەک لەنێوان خودی خۆی و کۆمەڵدا دەکات، دەتوانین بڵێین، کە یاخیبوون لە ئەنجامی ئەزموونی تاکەکانەوە بەرەو بیرۆکەی گەورە دەڕوات، چونکە ((یاخیبوون بریتییە لە ڕەتکردنەوەی واقیعێکی سەپاو لە لایەن نووسەرەوە لە ڕێگەی فیکرەکانییەوە، چونکە بە ناخی نووسەر خۆیەوە پەیوەستە، بەڵام پێچەوانەیە لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییەی، کە شۆڕش ئەنجامیدەدا، بەمەبەستی گۆڕانکاری لە سەرجەم بوارەکاندا ))( بیمار،٧:١٩٧٢ ).

یاخیبوون دوو چەشنی جودای کەسێتی لێدەبێتەوە، کە بریتین لە کەسی یاخی داهێنەر و کەسی یاخی تێکدەر، ئەرکی ئەم دوو چەشنە یاخیبوونە تەواو جودایە، کە چەشنی یەکەم جۆرە داهێنانێک و گۆڕانکارییەک دروستدەکات، کە سوود بە خودی خۆی و کۆمەڵگاکەی دەگەیەنێت، بەڵام یاخیبوونی تێکدەر، یاخیبوونەکەی دەبێتە هۆی شێواندنی کۆمەڵگاکەی و پێشێلکردنی یاسا و دەستوور و ڕێسای کۆمەڵگاکەی، چونکە یاخیبوون پەیوەندییەکی ڕاستەخۆی بە خودەوە هەیە، تەنها خودی مرۆڤی هوشیار و ڕۆشنبیر کە یاخی دەبێت، ئامانجی گۆڕینی سیستەمی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتە، یاخود هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا لەو نادادپەروەری و نایەکسانییەی، کە باڵی بەسەر کۆمەڵگادا کێشاوە، بە ئاقاری باشتر ((جیاوازی نێوان مرۆڤی تازەگەر و مرۆڤی ئاسایی ئەوەیە، مرۆڤی ئاسایی نامۆبوونی خۆی هەست پێناکات، یاخود کە هەستیپێکرد لەناو بونیادە ئاسنینەکان ناچێتە دەرەوە، بەڵام مرۆڤی تازەگەر تێئاوارەبوونی خۆی، واتە نامۆبوونی خۆی —اغتراب لەناو بونیادەکاندا جێدەهێڵێت بۆ تێئاوارەبوون لە بونیادەکان.))(طه، ٢٠٠٦: ٤)

بەم جۆرە دەتوانین بڵێین ((بە مانایەکی تر یاخیبوون بەکارهێنانی بەشێکە لە ئازادیی، لە پێناو بەدەستهێنانی تەواوی ئازادییدا بە ئاراستەی دژایەتیکردنی کۆیلەیی و ژێردەستەیی، بەمەش

مرۆڤی یاخی هەمیشە مرۆڤێکی ئازادە، هەموو مرۆڤێکی ئازاد پێویستە بەرپرسیاربێت بەرانبەر بە بوونی خۆی و ئەوانیتریش )) (ڕۆستەم ،١٦١:٢٠١٦)

بەمجۆرە یاخیبوون بریتییە لە ڕەتکردنەوەی سەرجەم فەرمانەکان یاخود حاڵەتێکی دەروونییە، کەوا لە مرۆڤ دەکات، لەو دۆخە دەربچێت ((یاخیبوون هۆکارێکە لە هۆکارەکانی گونجان کە دەبێتە هۆی دەرچوون لە ژینگەی بونیادی کۆمەڵایەتی بە هەوڵی دروستکردنی گۆڕانکاری، شایەنی باسە یاخیبوون لە ئەنجامی ململانێیی ناخی مرۆڤ و حەزکردن لە ڕوخاندن و وێرانکردن دروستبێت، یان لە پێناو  چاکسازی، ئینتیما بۆ قەوارەیەکی گەورەتر، کە هەستکردن بە ناسنامەو سەربەخۆیی بداتە تاک )) (عساف،٢٤٥:٢٠٢٠)

کەواتە ئامانجی سەرەکی ڕوخاندنی دەسەڵاتی سەپاوە، کە بەزۆر سەپێندراوە بەسەر تاکدا، بۆ ئەوەی ئازادی و سەربەخۆیی دەستبکەوێت و گۆڕانکاری لەنێو کۆمەڵگادا بکات چ لە ڕووی دابونەریتی کۆمەڵایەتی  چ لە ڕووی ڕادەی ئاستی هۆشیاری تاکەکان و سەقامگیری ژیانەوە . (ئەو مرۆڤانەی، کەیاخی دەبن بە هەموو دەسەڵات و دابونەریتی کۆمەڵگەکەی دەڵێت نەخێر، زۆر دڵنیایە، لەسەر ئەوەی کە ڕاستە، مافیشی هەیە، بەڵام پێشێلدەکرێت، بۆیە هەندێ لە یاخیبووان هەموو بەها کۆمەڵایەتییەکان و ڕەفتاری باو ڕەتدەکەنەوە، کە خۆیان لەم لایەنانە دەبیننەوە (توندڕەوان، تێکدەران، یاخیبووان، چالاکوانان، شۆڕشگێڕان)کەسی یاخی دژی یان ملکەچی ئەو کەسانە نابن، کە خاوەن دەسەڵاتن و دەسەڵاتیان هەیە) (عساف، ٢٤٤:٢٠٢٠) واتە وابەستە نین بە یاسا و فەرمانەکانی دەسەڵات، بەڵکو دژی ئەوان دەجەنگن، هەموو ڕەفتارێکی ئاسایی ڕەتدەکەنەوە، بەشێوەیەکی گشتی (یاخیبوون لە ئەدەبدا بەشێکە لە بەرگری ئەدەبی (شۆڕشی) ئەدەب بە گشتی، لە مێژوومانیشدا ......مقاومەت(شۆڕش) هەمیشە بەشێوەی چەکداری بووە، هاوشانە لەگەڵ مقاوەمەتێکی(شۆڕشێکی) ئەدەبیدا) (خضر، ١١٩:٢٠٠١)بەکورتی ((هەستکردنی تاکە بەپێویستی شۆڕش و گۆڕانکاری و ڕەتکردنەوەی واقیعی باو)) (غازی، عبدالله، ١١:٢٠١٨)

یاخیبوون بریتییە لە ناڕەزایەتی لەلای مرۆڤ، کە لە بۆچوونێکی گشتییەوە سەرهەڵدەدات، پاشان لە هەڵسوکەت و ڕەفتار و تێڕوانیینەکانیدا بەڕوونی دەردەکەوێت، کە بۆ شاعیر لە نێو بەرهەم و داهێنانە  شیعرییەکانیدا بەرجەستە دەبێت، کە ئەمەش لە ئەنجامی ڕەتکردنەوە  و هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر بە شێوازی ژیانێکی دیاریکراو بە چەند چەشنێک دەردەکەوێت یان ملکەچ نەبوون و ڕەتکردنەوەی دەسەڵات یان ڕەتکردنەوەی بۆچونەکانی تر وەکو (دابونەریت و ئەو  یاسایانەی کە کۆمەڵگا  لەسەری ڕێککەوتوون، کەواتە هۆکارەکانی (دەروونی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینی) پاڵنەرێکی بەهێزن بۆ یاخیبوونی کۆمەڵگا، هەر کۆمەڵگایەک ستەمدیدە بێ و لەژێر یاسای بەزۆر سەپێندراودا چەوسایەوە، ئەوا ((ستەمکاری یاخیبوون بەرهەمدەهێنێت، هەریەکەیان پەلکێشی ئەویتریان دەکەن))( فوکو، ١٠٤:١٩٩٠)گەلێک جار وا چاوەڕواندەکرێت، کە شاعیران و ئەدیبان بە بەرهەمەکانیان بچنە نێو جەنگی ئازادی و پێشکەوتنەوە، بەرهەڵست و دژی  هێز و

دەزگا دەسەڵاتدارەکانی سەردەمەکەیان ببنەوە، بەوەش بەرهەمەکانیان مۆرکی یاخیبوون وەردەگرێت، بێگومان ئەم ئاکامەش کاتێک دێتەدی، کە شاعیر ڕووبەڕووی دۆخێکی دەروونی تایبەت دەبێتەوە، بەبڕوای ( د.احمد عزت راجح) هۆکارەکانی یاخیبوونی دەروونی، دوو هۆکارن، لەهەمان کاتدا پەیوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵ پاڵنەری ئاسایشدا هەیە، ئەوانەیش :

((پێویستی بە ڕێزگرتنی کۆمەڵایەتی وا لەتاک دەکات، مایەی قبوڵ و ڕێزگرتن بێت و لەلایەنی ئەوانی ترەوە ڕێزلێگیراوبێت.)) (سلوم، ٢٠٠٧ :١٤)

پێناسەی دەستەواژەی یاخیبوون((خاڵی چوونە ژوورەوەیە، بەڵام یاخیبوونی ئەدەبی بەو مانایەیە کە ئەدەب بەجۆرێک لە فۆرم یان توخمێکی ژانری ئەدەبی یاخی دەبێت، ئەمەش مەرج نییە، ئەوە بپێکێت، کە ئەم فۆرمە یان ئەو توخمەی هەرسکردووە، بەباشی لێتێگەیشتووە، بۆ یاخیبوون مانای هەڵمژینی هەموو ئەوانەی سەرەوەیە و هەوڵ بدە لە ڕێگەی چوارچێوەکەیەوە دەریببڕیت)) (فتحية ، رانية، ٢٠١٩:٩.)لێرەدا بە پێویستی دەزانین لە سێ ڕوانگەوە لە یاخیبوون بڕوانین:

## ١-١-١-یاخیبوون لە ڕوانگەی دەرونناسییەوە:

هەموو ئەو یاساو ڕێ و ڕەسمانەی کۆمەڵ دەبنە هۆی ڕێگە خۆشکردن و قەدەغەکردنی کۆمەڵێ بابەت، کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هۆشیاریی تاک، ئاشکرایە ئەمەش لە ئەنجامی خوێندن و بەرەوپێشچوونی ناوەندە کۆمەڵایەتییەکان دەبێت، کەواتە(( یاخیبوونی تاک ڕەتکردنەوەیەکی بۆ هەموو هۆکار و ئامانجەکانی کۆمەڵگە و گەڕان بە شوێن گۆڕانیدا بە هۆکاری تر، کە قبولکراو نییە لە دامودەزگا کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە، ڕەتکردنەوەیە بۆ ئەو فەرهەنگە باو و بنیاتە کۆمەڵایەتییانە و گەڕان بەدوای گۆڕیندا بە یەکێکی نوێ لە ڕێگەی شۆڕش و یاخیبوونەوە)) ( فتحية، رانية، ٢٠١٩ :١٠) بەم چەشنە یاخیبوون کاریگەریی دەروونی جێدەهێڵێت، هەروەک فرۆید پێی وایە ((مرۆڤ بە سروشتی خۆی دژی کۆمەڵگەیە و ئەرکی کۆمەڵگەش کپکردنەوەی پاڵنەرە غەریزییەکانە لە ڕێگەی گۆڕینی پاڵنەرەکانی بۆ ئامانجی هێمایی کە لەڕێگەی شکۆمەندیدا دەردەکەوێت)) (غازی، عبدالله،١٢:٢٠١٨)

(کامۆ) لە کتێبی(مرۆڤی یاخی) دەربارەی یاخیبوون و شۆڕش دەدوێت، هەروەها باسی جۆرەکانی یاخیبوون و شۆڕشیش دەکات، ((ئەلبێر کامۆ لە بوونیدا بەنیازە جەخت لەسەر بیرۆکەی یاخیبوون لە واقیع و شۆڕش لە دژی بکات، ئەم ڕەوتە بە ئەدەبیات و بەستنەوەی خەیاڵی و هونەری بە یاخیبوونەوە جێبەجێکراوە، ئەو مرۆڤەی کە دژی ڕاستییەکی خۆی یاخی دەبێت و هەوڵی زۆر دەدات بیگۆڕێت))( رضا ، ١٨٩٣ : ٣٢٤).

ترس هۆکاری سەرەکی یاخیبوونە، بۆ چەوساندنەوە و داگیرکردنی نەتەوەیەک، بەڵام چاونەترسی و جەربەزەیی مرۆڤ دەبێتە هۆی دروستبوون و هەڵگیرساندنی شۆڕش و ڕووخانی دەسەڵات و تێکشکاندنی دەستوور و یاساکان و دامودەزگا سەرکوتکەرەکان، بەڵام سروشتی

مرۆڤ وایە، هەرچەندە سەرکوت بکرێ و دەستی بە سەردا بگیرێت، ئەوا ناتوانرێت دەست بە سەر ئایدیا و بیرۆکەیدا بگیرێت، کاتێک ئەم هەستە فراواندەبێت، یاخیبوون دروستدەبێت.

تاک لەپێناو بەدەستهێنانی ئەو شتە یاخی دەبێت، کە دەیەوێت بەدەستی بهێنێت، بۆیە((بزاوتی یاخیبوون لە گەوهەردا بزاوتێکی خۆپەرستانە نییە، هەروەها مەرج نییە، بەتەنها لای کەسی چەوساوە سەرهەڵبدات، بەڵکو دەشێ بەبینینی دیمەنی چەوساندنەوەی کەسانی تریش سەرهەڵبدات)) (بەرزنجی، ١٣٨:٢٠٢٠ .) ئاشکرایە دەرکەوتن و هۆیەکانی سەرهەڵدانی یاخیبوونیش لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر لە گۆڕاندایە، واتە مەرج نییە یاخیبوون لە هەموو سەردەمێکدا وەکو یەک بێت،(والتەر کاوفمان)دەڵێ کۆمەڵێ هۆکاری یاخیبوون، کە دەبنە هۆی هەستکردن بە نامۆبوون دیاریدەکات لە کتێبی (نامۆبوون)دا و دەڵێت: ((یاخیبوون دژی هەر شتێک –ئەوەی کە هەیە –نیشانەی یاخیبوونە)) (سلوم، ٢٠٠٧ :١٣.)

## ١-١-٢-یاخیبوون لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە:

مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە،کات و شوێن و ژینگە و ڕووداو و دەوروبەرەکەی کاریگەریی تەواوی دەکەنە سەر و لە ڕەفتار و گوفتار و بیرکردنەوەیدا ڕەنگدەداتەوە، هەندێجار هێزی کاریگەرییەکان دەگاتە ئاستی سەرهەڵدانی یاخیبوون؛ بۆیە زانایانی کۆمەڵناس وایدەبینن ((یاخیبوون دیاردەیەکی کۆمەڵاتییە، لە ئەنجامی خراپ گونجان و پێکهاتنەوە لەگەڵ یاساکانی کۆمەڵگەدا دێت کە بە سەر تاکدا دەسەپێنرێت ، لە دیدی هەندێک لە ڕەخنەگرانەوە، کە کەم توانایییە لە گونجانی کۆمەڵایەتی لە ئەنجامی دژ هاتنەوە لەنێوان بەها کۆمەڵایەتییەکان و هەڵهاتن لە خراپ گونجان و شۆڕشکردنە بەسەر شکست لە گونجان لەگەڵ ئەو پێوەرە کۆمەڵایەتییانەی تیایدا دەژی))(الطیب، ٢٠١٧ :٢٨).

بەم چەشنە مرۆڤی یاخی تووشی پێکدادان و ڕووبەڕووبونەوە دەبێت لەگەڵ هێزو لایەنە نەیارەکانیدا بە بەربەستی بەردەم گەیشتن بە ژیانێکی ئاسودەیان دەزانێت، بە بڕوای کۆمەڵناس (د.قیس النوری ) ((یاخیبوون لەو کێشانەیە، کە ڕووبەڕووی مرۆڤایەتی دەبێتەوە و تاک لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا هەست بەناتوانین دەکات لە جێبەجێکردنی هەندێک لە ئامانجە جەوهەرییەکانی لە ژیاندا، ئەو هۆکارانەی کە دەبنەهۆی ئەو ناتوانابییە، ئەگەرچی شێوازەکانی جیاوازبن و جۆرێک لە نائومێدی دروستدەکەن تاڕادەی بێهیوایی و ڕەنجەڕۆیی.))(سلوم، ٢٠٠٧ :١٢)

کەواتە یاخیبوون دوو ئەنجامی بنەڕەتی هەیە، کە هەریەکەیان کاریگەریان لەسەر تاک و کۆمەڵگە هەیە، کاتێک کەسی یاخی یاخیبوونەکەی سەرکوتکرا، ئەوا دەبێتە هۆی داڕووخانی کەسەکە بەهۆی ململانێوە، کە لە ئەنجامدا دەبێتەهۆی نامۆبوون و دوورکەوتنەوە لە تەواوی کۆمەڵگە، ئەمەش جۆرێکە لە یاخیبوونی کۆمەڵایەتی کە لە ئەنجامی ئەو زوڵم و زۆرانەوە دروستبووە، کە

بەهۆی دابونەریتەوە ڕووبەڕووی تاکەکانی کۆمەڵگا بووەتەوە و هەموو مافێکی ئازادی و سەربەستی لێ زەوتکراوە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگەی ئازادیی بیرکردنەوەشیان لێدەگرێت.

## ١-١-٣-یاخیبوون لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە:

فەیلەسوف و بیرمەندە ڕۆژئاواییەکان هەمیشە بەدواداچوونیان بۆ هەموو ئەو ڕووداو و دیاردانە دەکرد، کە لە نێو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا ڕوویدەدا، یاخیبوون بووە پڕۆسەیەکی هزری و فەلسەفی و لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانە هاتە ئاراوە، کە لە نێو کۆمەڵگادا ڕوویدەدا،

ئەگەر فەلسەفە بە بنەڕەتی هەموو زانستەکان دابنرێت، ئەوا دیاردەیەکی وەکو یاخیبوونی مرۆڤیش دەبێتە یەکێک لەلایەنە گرنگ و سەرەکییەکانی فەلسەفە، چونکە یاخیبوون وەک کردەیەکی کۆمەڵایەتی و دەروونی و سیاسی و کەلتووری یەکێکە لەوانەی کە لە ڕووی فەلسەفییەوە لێی کۆڵراوەتەوە، بایەخی تایبەتی پێدراوە، کە هەر فەیلەسوفێک بە چەشنێک پێناسەی ئەم دیاردەیە دەکات.

بەگشتی نەتەوەکانی جیهان، کۆمەڵێک نووسەر و ئەدیبی باشیان تێدا هەڵکەوتووە، کە گیانی یاخیبوون لەنێو بەرهەمەکانیاندا بەڕوونی دەبینرێت ، لەوانەش ئەدەبیاتی ڕووسی و فەرەنسی و ئینگلیزی و ..... هتد

بێگومان سەرهەڵدانی ئەم جۆرە ئەدەبەش لە خۆوەوە نەبووە، بەڵکو لەئەنجامی پێکدادانی ستەمکارو بێدەسەلات بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کۆمەڵێ ئاریشەی دیکە سەریهەڵداوە، کە هۆکاری سەرەکی دروستبوونی ئەو یاخیبوونەن، ئاشکراشە کە باری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و دارایی و دەروونی تاکەکانی کۆمەڵگا ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لەچۆنێتی و چەندێتی ئەو ڕەنگدانەوەیەدا .

(ئەحمەد میرە) لە کتێبی ( یاخیبوون لە نیشتمان ،سیاسەت و ئایین )دا لە لاپەڕەکانی ( چەند نموونەیەکی لە ئەدیبات و شاعیرانی یاخی جیهانی باسکردووە، کە هەریەکەیان ڕۆڵێکی گرنگیان لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا هەبووە و توانیویانە گۆڕانێکی بنەڕەتی لە چوارچێوەی ئەو سیستەمانەدا دروستبکەن، واقعی سیاسی و کۆمەڵایەتییان ڕەتکردۆتەوە، ئەوانەش کە باسکراون لەو کتێبەدا بریتین لە ( جەیمس جۆیس (١٨٨٢_١٩٤١) ئیرلەندییە، نیشاندەرو پێناسەکەری سەرەکیی ڕۆحی یاخیبوونە، ڕامبۆ (١٨٥٤_١٨٩١ )شاعیرێکی فەرەنسی یە ڕێبەری مەزنی ڕێبازی سیمبولیزم بووە، پاول ڤێلەین( ١٨٤٤_١٨٩٦ ) شاعیرێکی فەرەنسییە یەکێکە لە ڕێبەرانی سیمبۆلیستەکانی فەڕەنسا، لە مێژووی ئەو وڵاتەدا ناوێکی دیارە،هەروەها چارلس بۆدلێر( ١٨٢١ _١٨٦٧) بەهەمان شێوە فەرەنسییە یەکێکە لە ناوە دیارەکانی ئەدەبی جیهانی، جۆرج بوچنەر

(١٨٣٧_١٩١٣ )شاعير و ميوزەک ژەنی ئەڵمانییە، کارەکانی زیاتر دەچووە نێو یاخیبوونی ئەدەبییەوە ،دژی شێوازی نووسینی باو بوو، ئێزرا پاوەند( ١٨٨٥_١٩٧٢ ) رەخنەگرو شاعیر و میوزەک ژەنی ئەمریکییە، یاخیبوونەکەی زیاتر دەچێتە خانەی یاخیبوونی سایکۆلۆژییەوە کە دژی دابونەریتی باو بووە، نەوەی تریەکە، ئەحمەد مەتەر( ١٩٥٤) شاعیرێکی شۆرشگێری یاخی عێراقییە، حوسەین مەردان (١٩٢٧ _١٩٧٢) شاعیرێکی یاخی عێراقییە) (میرە،٢٠٢٠:٥٤...تا٥٩) ئێمەش دەمانەوێت ئاوڕ لە چەند شاعیر و نووسەرێکی تر بدەینەوە، کە ئەمانەش ڕۆڵێکی دیاریان لە نێو فەلسەفەی یاخیبوونی و کۆمەڵگاکەیاندا هەبووە و بە بیرە فەلسەفییەکانیان باڵایان بە بەرهەمە ئەدەبی و فەلسەفییەکانیان کردووە.

## ١-١-٣-١-جۆن مێلتۆن(١٦٠٨-١٦٧٤)

شاعیر و نووسەر و مێژوونووسێکی ئینگلیزە، لە( ٩ی کانوونی یەکەمی ١٦٠٨ لەلەندەن لەدایکبووە و لە ٨ی تشرینی دووەمی ١٦٧٤ کۆچی دوایی کردووە، ئەو دیارترین نووسەری ئینگلیزە دوای (ویلیام شکسپیر، میلتۆن ) بە شیعری( بەهەشتی ونبوو)ناسراوە، کە زۆرێک بە گەورەترین شیعری داستانی ئەدەبی ئینگلیزی دادەنێن و بەڕوونی دەریدەخات لەگەڵ ئەو ئازارەی کە بە بەهەشت و سامسۆنی هێنایەوە، کە یەکێکە لە گەورەترین شاعیرانی ئینگلیز لە کارەکانی داوای هەڵوەشاندنەوەی کڵێسای ئینگلتەرا و لەسێدارەدانی شا چارلسی یەکەمی دەکرد. لە سەرەتای جەنگی ناوخۆی ئینگلیزەوە لە ساڵی ١٦٤٢ تا ماوەیەکی زۆر دوای گەڕانەوەی شا چارلسی دووەم لە ساڵی ١٦٦٠، مێلتۆن فەلسەفەیەکی سیاسی دژی ستەمکاری و دەوڵەتی ئاینی هەڵگرت.نەک هەر کاریگەری لەسەر شەڕی ناوخۆ هەبوو، بەڵکو کاریگەری لەسەر شۆڕشەکانی ئەمریکا و فەرەنساش هەبوو لە کارە ئاینییەکانی خۆیدا ئازادیی ویژدان و ئەوپەڕی گرنگی ئینجیلی بەڕێنوێنی لەمەسەلەکانی باوەڕو تەحەمولکردنی ئاینی بەرامبەر بە ئاینە دەرەکییەکان نرخاند. دوای ساڵی ١٦٤٩ میلتۆن وەک خزمەتکارێکی مەدەنی بوو بە دەنگی کۆمەڵگای ئینگلیزی و هاودەنگی نێودەوڵەتی و بەرگریکردن لە حکومەت لە دژی مشتومڕی دەرەکی. بڕوانە (https://www.ibelieveinsci.com/?p=٩٤٨٤٤.)

## ١-١-٣-٢-جۆن لۆک(١٦٣٢-١٧٠٤)

جۆن لۆک بە دامەزرێنەری بیری ڕۆشنگەری دادەنرێت لە بریتانیا (ئەوەی سەلماند کە مرۆڤ هەر بە غەریزە بیروبۆچوون و شەڕ یان خێری لەگەڵ خۆی هەڵنەگرتووە، هەموو شتێکی گەڕاندەوە بۆ ژینگە و ئەزموونەکان "مرۆڤ خۆی بەرپرسی یەکەمە لە ئاسوودە بوون یان بەدبەختبوونی مرۆڤ)(پیربال، ٢٠٠٦: ٤٢)

مافی شۆڕش لە سەرەتای ڕۆشنگەرییەوە بۆ کاری سیاسی فەلسەفی لەلایەن فەیلەسووف جۆن لۆکەوە نووسراوە بەشێکی دانەبڕاوی تیۆری گرێبەستی کۆمەڵایەتی بووە، کە تێیدا هەوڵی دا بنچینە و بنەمای هەڵومەرجی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکان پێناسە بکات، هەروەها ئەوەی ڕاگەیاند بە پێی مافی سروشتی هەموو خەڵک مافی ژیان و ئازادی و خاوەندارێتییان هەیە، کۆمەڵ دەتوانێ شۆڕش دژی حکومەت بکات، کاتێک حکومەت دژی بەرژەوەندییەکانی  هاوڵاتیان کاربکات؛ بۆیە( لۆک) لە دوو بەیاننامەی حکومەتدا جەختی لە مافی ڕاشکاوی شۆڕش کردەوە، کە هەر کاتێک یاسادانەرەکان بەدوای دەستبەسەرداگرتن و لەناوبردن یان گواستنەوەی موڵک و ماڵی خەڵکدا بن بۆ کۆیلەیی لەژێر دەسەڵاتی هەڕەمەکیدا خۆیان، لە ڕێگەی ئاوات و ترس و نەفامی و گەندەڵیەوە بیخاتە ژێر دەستی هەر دەسەڵاتێکی ڕەها بە سەرخەڵکدا، ژیان و ئازادییەکان لەڕێگەی پیشێلکردنەی متمانەو دەسەڵاتەوە بۆ کەسانێک کە مافی دەستپێکردنەوەی ئازادیی ڕەسەنی خۆیان هەیە)https://ar.wikipedia.org/wiki/%D٨D%٨٤%٩D%٧A%٨_%D٨٢%٩AD%D%٨٩A%٨D%١B%٨D%٨٨%٩AB%D%) هەروەها خاوەنی کۆمەڵێک کتێبی بەناوبانگە، لەوانەش (چەمکی ڕاستی، لێبوردەیی، نامەی لێخۆشبوون، حکومەتی مەدەنی، لیبرالی نوێ).

## ١-١-٣-٣-جان جاک ڕۆسۆ(١٧١٢-١٧٨٨)

جان جاک ڕۆسۆ بیرمەند و نووسەرێکی گەورەی فەرەنسییە، زۆر بە فراوانییەوە جەختی کردە سەر پێویستبوونی خۆ ئازادکردن لە دەست دابونەریتەکانی کۆمەڵ و ڕەتکردنەوەی دەستوور و یاساکانی کۆمەڵگای کلاسیزم، هەروەها لە بەرهەمەکانیدا ئامانجەکانی چینەکانی خوارەوە بەڕوونی ڕەنگیداوەتەوە  و داوای یەکسانی دەکرد، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کەڕۆسۆ سەرکردایەتی ئەو ئاڕاستە ئەدەبیەی فەرەنسای سەدەی هەژدە بکات، کە پێی دەوترا سۆزداری(ڕۆسۆیزم)، کە تایبەتمەندییەکانیان بریتییە لە (ڕاستگۆیی و سادەیی و خۆبەکەم زانین و دڵسۆزی سروشتی، ڕۆسۆ توانی گۆڕانکاریی گەورە  لە نێو کۆمەڵگای فەرەنسی بکات و هەوڵی دادپەروەری و یەکسانی و دڵسۆزی بۆ خاک و نیشتمان و سەربەستی تاکی دەدا؛ بۆیە دیموکراسیترین باڵی ئەو بزوتنەوەیە هونەرمەند و ئەدیبی ناسراو ڕۆسۆ  بەڕێوەی دەبرد و زۆر بەگەرمی  بەرگری لە مافی کەسایەتی مرۆڤ دەکرد و دژ بە چەوساندنەوەی چینایەتی و نایەکسانی کۆمەڵایەتی.  (حەویز ،٢٠١٥: ٣٣.)، ئەو سەردەمەی رۆسۆ بە یەکێک لە مەزنترین سەردەمی ڕۆشنگەری دادەنرێت، کە زۆرترین کاریگەریی هەبووە، چونکە ((فەلسەفەکەی بوو بەهۆی بەرپابوونی شۆڕشی فەرەنسا، چەندین کتێبی تری بەناوبانگی دانا، لەوانە "دانپیانانەکان، هیلوازی تازە، پەیامێک لە نایەکسانیدا)) ((فتحیة، رانیة، ٢٠١٩ :٢٥.)) ڕۆسۆ بیرمەندێکی لێهاتوو بوو، بەڵام لە هەندێ بابەتدا لایەنگری کۆنی دەکرد بەتایبەتی دەربارەی پەروەردەی ئافرەت، کە ئافرەتی

ڕۆشنبیری بەباش نەدەزانی و دژی ئەوە بوو، کە ئافرەت وەکو پیاو پەروەردەبکرێت، بۆیە دەڵێت((پەروەردەی ژن بەهیچ شێوەیەک نابێ وەکو پەروەردەی پیاو بێ، ئەو ژنانی هزرڤان و فەیلەسوفی پێ باش نین و یەکسانی نێوان ژن و پیاوی بە هەڵەدەزانی))(و.سولتانی،٢٠٢٠:١٥) ڕۆسۆ لەکتێبی بەناوبانگی (ئێمیل)دا کاریگەریی قوڵی لەسەر تاکەکانی ئەو سەردەم جێهێشتووە، ئەم کتێبە کۆمەڵێک لە نەوەی پیاوانی خولی یەکەمی شۆڕشی فەرەنسای پەروەردە کردووە.

## ١-١-٣-٤-فرید ریک شیلەر(١٧٥٩-١٨٠٥)

شاعیرێکی گەورەی ئەڵمانییە، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لەبڵاوبوونەوەی دادپەروەری و هەوڵی یەکسانی لەنێو کۆمەڵگا دەدا، بە کارەکانی دەیویست گۆڕان لە واقیعدا بکات، بۆ ئەوەی بژێوی ژیانی خەڵکی باشتر بێت، (داوای ئازادی و سەربەستی دەکات بۆ بەدەستهێنانی مافی تاک، هەروەها هوشیاریان دەکاتەوە، بۆ ئەوەی لە خراپە دووربکەونەوە، هەست بە بەرپرسیارێتی دەکات بۆ بەرەوپێشچوونی دۆخی کۆمەڵگەکەی، شیعری پەیوەست دەکرد بە واقیعی کۆمەڵگا و سەردەم، هەوڵیدەدا لە ڕێگەی بەرهەمەکانییەوە واقعی کۆمەڵگاکەی بەرەو باشتری ببات، لە ڕووی کۆمەلایەتیشدا باری ژیاری کۆمەڵ و ئاستی هزری و فەلسەفی بەئاشکرا لە شیعرەکانیدا ڕەنگیدایەوە) (حەوێز، ٢٠١٥، :٣٤.)

## ١-١-٣-٥-گیوم ئاپۆلێنەر(١٨٨٠ _١٩١٨)

گیوم ئاپۆلێنەر، پێشەوای ئەدەبیی سەدەی کۆتایی فەرەنسایە توانی بۆ یەکەم جار واژەی سوریالیزم بە نووکی خامە دابنێت، ئەرکێک لە داهێنەرەکانی ئاپۆلینیر لە شیعری فەرەنسیدا ئەوە بوو، کە دەستی دایە بڵاوکردنەوەی جۆرە شیعرێکی وێنەیی (شعر مصور) کەبە(کالیگرام) ناوی دەرکرد لەوڵاتی فەرەنسا بە داهێنانێکی سەرنجڕاکێش دادەنرا) (پیربال،٢٠٠٦:٢٤٤:٢٤٥)کاریگەری زۆری لەسەر ئەو لاوانە هەبوو، کە لە دوای خۆی بوون، خۆی لەژێر دەسەلاتی عەقڵ ڕزگارکردووە، هەروەها هەموو هەوڵێکی خۆیدا، بۆ ئەوەی شیعر لە چوارچێوەی ڕێبازی (ڕۆمانسیزم و سمبولیزم)ڕزگاربکات .

### ١-١-٣-٦-جان پۆل سارتەر (١٩٠٥-١٩٨٠)

جان پۆل سارتەر فەیلەسوف و ڕۆماننووس و سیناریۆنووس و ڕەخنەگری ئەدەبی و چالاکوانی سیاسی فەرەنسیە، لەکاتی((جەنگی دووەمی جیهاندا دەستی بە فەلسەفەکەی کرد، لەوکاتەوە چووە ڕیزی بەرخودانی نهێنی فەڕەنساوە، سارتەر بیرۆکەکەی وەرگێڕا بۆ پێگەیەکی سیاسی بە دروستکردنی پارتێکی سیاسی نوێ بەناوی (هاوپەیمانی دیموکراتی شۆڕشگێری))(سارتەر،ب.س، ب.ل)یەکەمین کتێبی مەزنی فەلسەفی سارتەر (( بەناوی (بوون و نەبوون )لەساڵی (١٩٤٣)بڵاوکردەوە، کە بەدواداچوونێکی فەلسەفییە لەهەمبەر تاکی مرۆڤ، توێژینەوەیەکە لە بواری تاک و پرسە جۆراو جۆرەکانی لە کۆمەڵگادا، دووەمین کتێبی مەزنی فەلسەفی لە ساڵی (١٩٦٠)کە بەرگی دووەمیشی بەدواداهات بەناوی (ڕەخنەلە هزری دیالێکتیکی )بڵاوکرایەوە))( غەفوور،٢٠٠٩:١٢-١٤)دواتریش کتێبی مەزنی (وشەکان)ی بەدواداهات، کە باسی قۆناغی منداڵییە، گرنگترین ئامانجی سارتەر بریتییە لە (هەوڵ و تێکۆشانی خۆی بە ئازادی مرۆڤ دەزانێ، هەوڵیداوە لە بەرهەمەکانیدا بەقوڵایی لە ناو پرسی نامۆبووندا ڕۆبچێت و لە هەموو ڕوویەک وگۆشەنیگایەکەوە بیپشکنێ و شەن و کەوی بکات))(غەفوور،٢٠٠٩:٣٣) دژی بونیادگەرییەکان وەستایەوە و گوتی بونیادگەری فەلسەفەی مردنی مرۆڤە، بەباوکی وجودیەکان ئەژمار دەکرێت.

### ١-١-٣-٧-ئەلبێر کامۆ(١٩١٣_١٩٦٠)

ئەلبێر کامۆ لە جەزائیر لە دایکبووە، یەکێکە لە نووسەرە دیارەکانی ئەدەبی جیهانی،( کامۆ) وەک ڕابەرێکی ڕێبازی بێهودەیی ناوێکی زۆر گەورە و دیارە لەدونیای ئەدەبی جیهانیدا (( نووسەرێکی فەڕەنسایی بەناوبانگە و خاوەنی چەند ڕۆمانێکە وەک (ئەفسانەی سیزیف، مرۆڤی یاخی، تاعون، کەوتن، نامۆ)زیاتر بەهۆی ڕۆمانی (نامۆ)وە ناوبانگی جیهانی بەدەستهێناوە و پاداشتی نۆبڵی بەدەستهێنا، بەحوکمی ئەوەی دەقی ئەم ڕۆمانە بۆ یەکەم جار کێشەیەکی گەورەی مرۆڤی پاش جەنگی دووەمی جیهانی دەخستەڕوو ))(عەبدولرەحمان ،٢٠١٣:٢٦ .)
( کامۆ) کتێبی (ئەفسانەیی سیزیف)ی لە ساڵی (١٩٤٣) بڵاوکردۆتەوە، لە ساڵی (١٩٥١)یشدا کتێبی (مرۆڤی یاخی )بڵاوکردۆتەوە، ئەگەر (ئەفسانەی سیزیف) بەدەوری تەوەرەی((مردن و پووچیی ژیان)و بەتایبەتیش (خۆکوشتن)دا بسوڕێتەوە، ئەوا(مرۆڤی یاخی) بەدەوری تەوەرەی سنووربەزاندن و توندوتیژی و (کوشتن) و پەیداکردنی مانایەک هەم بۆ ژیانی تاکەکەس و هەم بۆ ژیانی دەستەجەمعیدا دەسوڕێتەوە ))( بەرزنجی،٢٠١٢:٩-١٠)

لەپاڵ ئەو بیرە یاخیبوونەی، کە لە نووسینی نووسەرانی ناوهێنراودا خستمانەڕوو، بەپێویستی دەزانین تیشکێکی خێرایش بخەینە سەر کەشە ڕۆژهەلاتییەکە بەتایبەتی لە کۆمەڵگای عەرەبیدا لە زۆربەی بوارەکاندا هەستی پێدەکرێت، بە تایبەتی یاخیبوونی ئاینی و کۆمەلایەتی و

سیاسی، له مێژووی کۆنی عەرەبدا، ئەو عەرەبانەی کە یاخیبوونیان بەرامبەر بە سیستەمی دەسەڵاتی ئەو سەردەمە و دژی سیستەمی کۆمەڵایەتی بەرپاکردووە، لەو سەردەمەدا هەژارەکان دەچوونە سەر دەستڕۆیشتوو و دەوڵەمەندەکان، ئەوەی ویستویانە لێیان وەرگرتوون و بەسەر هەژارانیاندا دابەشی کردوون، لەنێو مێژووی مرۆڤایەتی عەرەبدا ناوی ( عروەی بن ورد )هاتووە، کە بە ڕێنیشاندەر و باوکی هەژارانی ئەو سەردەمە دادەنرێت، کە (عروە)کۆمەڵێ مرۆڤی یاخی لە دەوروبەریدا بوون، ئەرکی ئەمانە چوونە سەر دەوڵەمەندەکان بوو) (میرە،٢٠٢٠:٥٩)

لە((سەردەمی نەفامی (جاهلی) کە بەر لە هاتنی ئیسلام بەنزیکەیی سەدو پەنجا ساڵ دەستپێدەکات و بە هاتنی بانگەوازی ئیسلام کۆتایی دێت، باشترین بەڵگە لەسەر یاخیبوون لەو سەردەمەدا شیعری (صعالیکەکان) بوو، کە شیعرێکی پابەند-ملتزم بوو بە شێوازێکی دیاریکراو و دەقێکی دیاریکراو و شاعیرانیشی لە چینێکی دیاریکراوبوون، لە دژی دەسەڵاتی خێڵەکی شۆڕشیان کرد و شیعرەکانیان لە دژی خێڵ و چەمکەکانی خێڵ بوو، تاکە خەمیان ئەوە بووە، ئەدیبێکی ئازاد بن، ئەوان نەک تەنها لە ملکەچی خێڵ دەرچوون، بەڵکو لە فەرمانڕەواکانیشیان یاخیبوون، شیعر لای ئەوان گوزارشت بوو لە دۆخێکی کۆمەڵایەتی نەوەکو بانگەشە بۆ خێڵ .....لەوانەش کە شیعری (صعلوکیان) نووسیووە (عروە و شنفرەو سلیک کوڕی سلیکە ) هەروەها لە سەردەمی عباسی و سەردەمی النهضە الحدیث شدا)) (عثمانی،امزرار، ٢٠١٨: ٢٠-٢١.)
پاشان لە سەردەمی ئاینی ئیسلامدا یاخیبوون، دژی بەندایەتی و ئەو کەلتوور و دابونەریتانە بووە، کەعەرەبەکان پەیڕەویان دەکرد.

هەروەها هاتنی ئایینی ئیسلام لە مێژووی عەرەبیدا قۆناغی هەڵوێست وەرگرتن و ڕەتکردنەوەی دابونەریت و بەندایەتی عەرەبەکان بووە، ئەمەش بۆتە هۆی دروستبوونی هەستی یاخیبونییان، پاش کۆچی دوایی پێغەمبەر (د.خ) لە مێژووی ئیسلامدا کۆمەڵێ بزوتنەوەی ئایدیایی و ڕامیاری لەسەر بنەماکانی یاخیبوون سەریان هەڵدا، وەکو بزوتنەوەی (موعتەزیلەکان وخەواریجەکان)، کە هەریەک لەم گروپانە تێڕوانینیان جیاواز بوو (موعتەزیلەکان) تێڕوانینی خۆیان لە سەر بنەمای ژیریی دانابوو، کە دەیانویست شیکردنەوە و لێکدانەوەی دروست بۆ دەقە پیرۆزەکان و قورئان و فەرموودەکان بکەن، ڕۆڵێکی باشیان هەبووە لە بەرەو پێشچوون و بەرزکردنەوەی ڕادەی ئاستی ژیری و لێهاتووی موسوڵمانەکان، ڕۆشنکەرەوەی فەلسەفەی ئیسلام بوون، ئەمەش بووە هۆی دەرکەوتنی کۆمەڵێ فەیلەسوفی مەزن، کە پێشەنگی فەلسەفەی ئیسلامن، وەکو ( فارابی و ئیبن سینا ) کە توانیان بنەڕەتی فەلسەفەی ڕادەربرین و ڕاڤەکردنی ڕەخنە دابهێنن، هەروەها (خەواریجەکان ) ئەمانە زیاتر گروپێکی سیاسی بوون، کە لە سەردەمی خەلیفەی راشیدین (علی کوڕی ئەبوتالیب )دا دەرکەوتن، لە ڕووی بیرەوە ئەم گروپە دژایەتی پرۆژەی عەقلانیەتیان دەکرد) (میرە، ٢٠٢٠:٦٠ )

ئەم گروپە (خەواریجەکان ) گروپێکی یاخیبوون لە دەسەڵاتی ئەو سەردەمە، بەڵام (موعتەزیلەکان )ڕەوتێکی فکری یاخیبوون.

موعتەزیلەکان لە مێژووی ئیسلامدا چەند ناوێکی تریان هەیە، لەوانە (اصحاب العدل والتوحید )و قەدەرییەکان، هەروەها ( العدلیة) یشیان پێدەوترێت، کە بە خاوەنی پێنج بنەمای دیاریکراو ناسراون.

١_ التوحید(یەکتاپەرستی)، ئەمانە ئەسما و سیفاتی خودایان ڕەتدەکردەوە .

٢_العدل (دادپەروەریی )، مەبەستیان لەوە بوو، مرۆڤ خۆی بکەری خێر و شەڕی خۆیەتی و خودا هیچ قەدەرێکی بۆ چارەنووسی مرۆڤەکان نییە .

٣_ الوعد و الوعید (پەیمان پێدان و ترساندن )، واتە خودا پەیمانەکانی خۆی دەربارەی پاداشت و سزا دەباتە سەر .

٤_ منزلە بین منزلتین (لەنێوان دوو ئاستدا کافربوون و موسوڵمانبووندا) .

٥_فەرمان بە چاکە و نەهیکردن لە خراپە (أمر بالمعروف ونهی عن المنکر ).

موعتەزیلەکان گەورەترین قوتابخانەی عەقڵگەراییان لە ئیسلامدا دروستکرد، ئەم کارەشیان جۆرێکە لە یاخیبوون دژی دەسەڵاتی گواستنەوە (نقل) لە مێژووی ئیسلامدا )) (میره ، ٢٠٢٠:٦٢) لە ڕاستیدا کۆمەڵگای عەرەبی (بەشێوەیەکی گشتی و ڕۆشنبیرانی بەتایبەتی بەدەست چەندین چەشنی نامۆبوونەوە ناڵاندویانە، کاردانەوەکانیشی بە چەندین چەشنی جیاوازبوون، لە نێوان پاشەکشەکردنی لە واقیع بۆ پەراوێزی ژیان، یان ملکەچکردن بۆ زوڵم و ستەم و تێکەڵبوون بە دامودەزگاکانی، یاخیبوون بە هەردوو چەشنەکەی تاکەکەسی و شۆڕشی بە کۆمەڵ، کۆچکردن بۆ دەرەوە و بۆ گەڕان بەدوای ژیانێکی باشتردا، لەپشت ئەمانەوە دوو هۆکار هەن، یەکەمیان پەیوەندی بە دۆزی ئازادییەوە هەیە، کە پەیوەندی بە دەستێوەردانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی دەسەڵاتەوە هەیە، "دووەمیشیان پەیوەندی بەتاسانی ڕۆشنبیرییەوە هەیە) بڕوانە(العطوانی،٢٠١٢:٣)

لێرەدا دەبینین ئاستی یاخیبوون ڕەنگدانەوەیەکی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و سیاسی مەزنی بەخشیە شیعری کۆمەڵگەی عەرەبی و گۆڕانکاری و نوێگەری هزری پەرەیسەند، جۆرەها نامۆیی لە نێویاندا سەریهەڵدا (وێرای ئەو بازدانە جۆرییەی لە دابونەریتی شیعری عەرەبیدا ڕوویدا و بەدەرچوون و یاخیبوون لە تەواوی میراتی شیعری دادەنرێت، شاعیرانی نوێ- لەوانە شاعیرانی پێشەنگ –بەهۆی ڕەسانەیەتی شێوازی ئەدەبی و تەکنیکی بەرزی شیعری لە شیعری ڕۆژئاواییدا و بەهۆی یەکانگیری کەسایەتی هونەری و شاعیربوونی هەوڵیانداوە، هۆنراوەی نوێ

پێشکەشبکەن، بەرامبەر بە کۆمەڵێک دژبەیەک و حاڵەتی نائارامی و شڵەژانی توندا بینییەوە ،نائارامی    لە نێوان توندی ناوەڕۆک و ئاڵۆزبوونی کێشەکان و سەختی ئەزموونەکان و ئەو هەستانەی، کە کاریگەرییەکانی جەنگی جیهانی دروستیانکرد و هەرچی دابونەریت و عورفی کۆمەڵگەی عێراقی گرتەوە، کە لە حاڵەتی توندی متبوون و یاخیبوونن) ( العطوانی ،٢٠١٢ :٥)

## ١-٢-یاخیبوون لەشیعری کوردیدا

کورد میللەتێکی ژێردەستە بووە، ئەم ڕاستییە تاڵە بەسە بۆ ئەوەی  یاخیبوون لە شیعری کوردیدا ڕەنگبداتەوە، چونکە لەڕاستیدا ژێردەستەیی هۆکارێکی زۆر کاریگەر بووە، هەروەها کێشەی چینایەتی یەکێک بووە لە کێشەکان کە لەناو کورددا کاریگەری بەسەر کۆمەڵگای کوردییەوە هەبووە، بەدڵنیاییەوە ڕەنگدانەوەشی لەسەر گیانی یاخیبوون لای شاعیرانی  کورد هەبووە.

ژیان و زنجیرە ڕووداوەکانی پەیوەست بە گەلی کورد بەدرێژایی مێژوو، وایانکردووە، کە گیانی یاخیبوون بە ئاسانی چەکەرە بکات و پەلوپۆ بهاوێت، ئەم دیاردەیە لە سەردەمێک و شوێنێکەوە بۆ سەردەم و شوێنێکی تر جیاوازە و کەم و زۆر هەڵکشان و داکشانی کردووە، هەروەها کەلتووری بەزۆر بەسەردا سەپێنراو زیاتر باڵای بە گیانی یاخیبوون لای میللەتی کوردی کرد، بەڵام ئەم یاخیبوونە بووە هۆی پاراستن و مانەوەی کولتوورە  جوانەکان و زمانی شیرینی کوردی، شاعیران هەمیشە ئامانجیان ئەوە بووە، کە گیانی هۆشیاری و تێکۆشانی تاکەکانی کۆمەڵگا برەو پێبدەن و لە هەوڵی ئەوەدا بوون، کە هەموو تاکێک شانازی بە نەتەوەکەیەوە بکات .

ئەگەر ئاوڕ لە دەقی شیعری  شاعیرانی کورد بدەینەوە بەپێی هەڵومەرج و ئەو دۆخەی، کە کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵێ گۆڕانکاری و گەشەی بەسەر ئەدەبی کوردیدا هاتووە، ئەوا شاعیران پابەندی کوردبوونی خۆیان بوون (یەکێک لە دیارترین هۆیەکانی یاخیبوون لە شیعری نوێی کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ بوونی واقیعێکی نالەبار و نەگونجانی شاعیر لەگەڵ ئەو واقیعە و چڕبوونەوەی ئەو هەستە، دوای زیادبوونی هوشیاری و بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری، کەوای لێدەکات، زیاتر هەست بە لێپرسینەوە بکات بەرامبەر بە پیشاندانی لایەنە نەنگ و چەوتەکانی ئەم ژیانە تاڵە))(سابیر،٢٠٠٨:٦١١)

یەکێک لە گرنگترین ئەو گرفتانەی، کە نەتەوەی کورد بەدرێژایی مێژوو دوچاری بووە، هەمیشە لەلایەن دوژمنەکانیەوە چەوساوەتەوە و خراوەتە ژێر دەسەڵاتی داگیرکەر و خاکەکەی داگیر کراوە، کە ئەمەش وایکردووە (سەرهەڵدان و پەیدابوونا یاخیبونێ هندەک ئەگەر وە رێکین خو هەنە و جۆرێ هەڵوێستی چیێ هوزانڤانی یان جڤاک تێدا دژیت کو وەسا دیارەهۆی سەرهەڵدانی هەر مەسەلەیەکیش لە شیعردا دەبێ بە چوارچێوەی ئەو قۆناغە مێژوویيە ببەسترێتەوە، کە شاعیر تێدا دەژی)) (گوڵی،٢٠٠٨:١١٧)لە هەر سەردەمێکدا کۆمەڵێ گۆڕانکاری لە لایەنە جیاوازەکانی ژیان لە هەر نەتەوەیەکدا ڕوودەدات، ئەمەش دەبێتە هۆی پەیدابوونی بارودۆخێکی نوێ و دروستبوونی هەلوێستێکی نوێ، لێرەدا بە پێویستی دەزانین لە بەر ڕۆشنایی نموونەی شیعری لای چەند شاعیرێکی قۆناغە جیاوازەکانی کورد زیاتر بابەتەکە بخەینەڕوو:

### ١-٢-١-باباتاهیری هەمەدانی(٩٣٧-١٠١٠)

باباتاهیری هەمەدانی یەکێک لە دیارترین شاعیرەکانی کورد کە بە شێوەزاری لوڕی دەقەکانی نوسیوە، کومەڵێ دەقی ئەدەبی لە مێژووی ئەدەبیاتی نەتەوەکەماندا هەن، کە واقعی ژیانی کۆمەڵگای کوردی پیشاندەدەن بەتایبەتی لە سەردەمی بابە تاهیری هەمەدانی و مەلا پەرێشان و ئەحمەدی خانی و نالی و ئەحمەد موختار جاف و ... هتد ، گیانی یاخیبوون لەنێو دەقە ئەدەبیەکانی باباتاهیر هەمەدانیدا بوونی هەیە، هەروەک( مارف خەزنەدار) دەڵێت:((ئەگەر بەرهەمی ئەدەبی بەگشتی ڕەنگدانەوەی ژیان بێ، بۆ نەتەوەیەکی وەکو کورد دەبێ سیماو ئەدگاری ئەدەبەکەی هەڵسان و شۆڕش و بەرگری و هێرش بێ)) (محەمەد، ٢٠١٤:٤٤.)ئەوەتا لێرەدا(باباتایەر ) باس لە نایەکسانی کۆمەڵگامان بۆ دەکات :

**اگر دستم رسد بر چرخ گردوون**

**از او پرسم کە،این چون است وان چون؟**

**یکی را می د،سی صد گونە نعمت**

**یکی را نان جو ألودە در خون(مطلق، ١٣٩٣: ٧٠)**

**واتا :**

**ئەگەر دەستم رەسەد بەر چەرخی گەردوون**

**ئەگەر دەستم بگاتە چەرخی گەردوون**

**دەپرسم لێی کەوا ئەم چوونە ئەو چوون**

**یەکێ پێت داوە سەد جۆر نازو نیعمەت**

**یەکێکیش نانی جۆی ئاوێتەیی خوون!(عەلی ،٢٠٠٩:٤٢)**

(باباتاهیری هەمەدانی )وەک کەسایەتیەکی ئاینی، جیاوازی چینایەتی، گیانی یاخیبوونی تێدا دروستکردووە، هەر بۆیە بەو پرسیارە فەلسەفیەی، کە دەڵێت (کەسی وات دروستکردووە، هەموو ناز و نیعمەتێکت پێداوە و هی واش هەیە لەوپەڕی کوللە مەرگی دەژی)بیرەکەی دادەڕێژێت .

### ١-٢-٢-ئەحمەدی خانی(١٦٥٠-١٧٠٧)

ئەحمەدی خانی شاعیرێکی هوشیاری نەتەوەیی کوردە، کە لەنێوان سەدەی (١٧-١٨)ی زایینییدا ژیاوە، بێگومان یەکێک بووە لە دیارترین شاعیرەکانی کورد، کە پرسی نەتەوەیی و نیشتمانی لەلای پرسێکی گرنگ و جێ بایەخ بووە.

**گەردی هەبووا مە پادشاهەک**

**لایق بدیا خودێ کولا هەک**

**تەعیین بە بوویا ژبۆی تاجەک**

**ئەلبەتە دبوو مەژی رەواجەک (رەسوول،٢٠٠٨:١١١)**

لەلای (ئەحمەدی خانی) نەبوونی دەوڵەتی کوردی و هەبوونی ژێردەستەیی کورد زوڵم و زۆری دوژمنان بووەتە یەکێ لە باسەکان و  لە ناوەڕۆکی دەقە شیعرییەکاندا ڕەنگی داوەتەوە و هەندێ جار ئەو بیرە لەلای تۆخ دەبێتەوە، کە خوێنەر درک بەوە دەکات،  خەریکە گیانی یاخیبوونی تیادا بە تەواوی  زاڵدەبێت؛ هەر بۆیە زۆربەی پەیامەکانی ڕوو لەمیللەتەکەیەتی، جارێ داوای هوشیاری لێدەکات،  جارێ داوای یەکگرتنی لێدەکات، جارێ داوای هەبوونی سەرکردەی لێدەکات، هەموو ئەمانە بۆ ئەوەیە ئامادەسازییەک بکات بۆ دروستکردنی دەوڵەت بۆ پێکەوەنانی کیانێک بۆ دەرچوون لەژێر دەستەیی و کە بێگیانی یاخیبوون و ڕووبەڕووبونەوەی و بەگژداچوونەوە نایەتە دی .

کورد و زمانی کوردی ئەو نەتەوە و زمانەیە، کە شیعری کوردی پێدەنووسرێت؛ بۆیە ((ئەحمەدی خانی کەوتە دەربڕینی ئەو هەستە و بەپراکتیک خستییە ناو شیعرییەکانیەوە ))(خەزنەدار، ٢٠١٠:٤١٤.) شاعیر بە دەقی شیعری بەشداری لە دۆخی نەتەوەکەی دەکات، هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بوون بگەنە ئاستێک کەتیایدا ئازادیی نەتەوەیی بەرقەرار بێت، شیعرەکانی (ئەحمەدی خانی)پەیامی ئاگادارکردنەوە و بەرهەڵستیکردنی داگیرکەران بووە .

**ئەڤ رۆم و عەجەم بوان حەسارن**

**کرمانج هەمی ل چار کەنارن**

**هەردوو تەرەفان قەبیلی کرمانج**

**بۆ تیری قەزا کرینە ئارمانج**

**گۆیا کو ل سەرحەدان کلیدن**

**هەر تائیفەیی سەدێکن سەدین**

**ئەڤ قەلزەی رۆم و بەحری تاجیک**

**هەندێ کو دکەن خروج و تەحریک**

**کرمانج دبن بخوون مولەتتەخ**

**وان ژێکڤە د کەن میسالی بەرزەخ(رەسوول،١٠٨:٢٠٠٨)**

دەتوانین هەڵوێستی یاخییانەی شاعیر بەرامبەر بە نیشتمانەکەی پیشانبدەین، چونکە نەتەوەی کورد نەتەوەیەکی ستەمدیدەیە، کە لە ئەزموونی شیعری شاعیردا کۆمەڵێ ڕەهەندی جودای هەیە، خەونی شاعیر بۆ نیشتمانەکەی بریتییە لە ئازادی و ڕزگاری و دادپەروەری، شاعیر هەڵوێستی توند بەرامبەر بە دەسەڵات دەنوێنێت، بۆیە((یاخییە، شۆڕشگێرە، بەڵام بەسەر میللەتی خۆیدا هەڵناچێت و ئەو بەهۆی سستی و سەرشۆڕی و پشتێنکردنەوەو لە خوێندا گوزاندن نازانێت، بەڵکو وەک کوڕێکی هۆشیاری گەل باری میرەکانی کورد پێکەوە ڕۆیشتن (ئینقیاد) یان بەهۆی ڕاستەقینە دەزانێت و حاڵی ئەوان بەشەرمەزاری دەزانێت))(رسول،٩٦:١٩٧٩)لە ڕێگەی داستانی(مەم و زین)وە گوزارشتی لە بۆچوونە نەتەوەییەکانەوە کردووە و دەڵێت:

**تابیعیەت وان ئەگەر چی عارە**

**ئەو عارە لە خەلق نامدارە**

**ناموسە ل حاکم و ئەمیران**

**تاوان چی یە شاعیرو فەقیران(رەسوول،١٠٨:٢٠٠٨)**

**یان دەڵێت:**

**گەر شێخ و مەلاو میران**

**دەروێش و غەنی و گەر فەقیران**

**کەس نینە نەراغیبی ویسالی (رەسوول،١٤٧:٢٠٠٨)**

لێرەدا تێڕوانینی (خانی) بەرامبەر بە جیاوازی چینایەتی لە نێوان توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگا لە ڕێگەی باسکردنی مەسەلە نەتەوەییەکان و گرفتەکانی کۆمەڵگاوە دەستپێدەکات و پشتگیری چینی زەحمەتکێشان و هەژارو چەوساوەکان دەکات، ((ئەوەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی ڕوانینی جیاوازی چینایەتی لای خانی ڕووانینێکی قووڵ و ڕەسەنە و تەنیا ئارەزوویەکی شاعیرانەی ئینسانی نییە، کە بەزەیی بێت بە هەژاراندا )) (رەسوول،١٤٦:٢٠٠٨)

**ئەز پیلەوەرم نەگەوهەریمە**

**خود ڕستەمە ئەز نە پەروەریمە**

**کرمانجم و کۆهی یو کەناری**

**ڤان چەند خەبەرێد کوردەواری**

**ئیمزا بکرن ب حوسنێ ئیلتاف**

**ئیسغا بکەن ئەو ب سەمع و ئینساف**

**ئەسحابێ غەرەز کو گۆهـ ب دێرن**

**عەیبان ب کەرەم ل من ڤەشێرن**

**ئاڤا ڕووی شاعیرێ نەڕێژن**

**گەر مومکینە یێکە ڤەنج ببێژن**

**سەهوو غەڵەتان نەکەن تەعەججوب**

**تەئویل بکەن ژ بۆ تەعەسسوب (خەزنەدار ،٢٠١٠:٤٢٦)**

شاعیر لەم دەقە شیعریەدا داوا لە خوێنەران دەکات، کە ((بە چاوێکی زیرەکانە و دڵێکی پڕ لە سۆز بڕوانێتە ئەم بەرهەمە شیعرییە، شاعیر لە کۆمەڵی کوردەواری پەروەردە بووە و بۆ کوردی نووسیوەتەوە، داوا دەکا هەموو شتێکی کەلەم داستانەدا هاتووە، پێویستە بۆ چاکەی کورد لێکبدرێتەوە )) (خەزنەدار ،٢٠١٠:٤٢٦) بە گشتی تێکستی (مەم و زین)خۆی لە خۆیدا تێکستێکی فرە ڕەهەندە و یەکێک لە ڕەهەندەکانی هەڵگری گیانی یاخیبوون و ڕەتکردنەوەی ژێر دەستەیی و نەریتە کۆمەڵایەتییە ناشرینەکانە.

### ١-٢-٣-نالی(١٧٩٨-١٨٧٣)

نالی یەکێکە لە پایە هەرە گرنگەکانی شیعری کرمانجی ناوەڕاست و بە ڕابەری قوتابخانەی بابان دادەنرێت، کە شۆڕشێکی کردووە، لە دەقە شیعرییەکانی نالیدا کۆمەڵێ خەسڵەت و تایبەتمەندی جیادەبێتەوە، بەرزی و باڵای نالی لە دەقە شیعرییەکانیدا دەردەکەوێت، کە بە زمانێکی بەرز و تۆکمە دەقە شیعرییەکانی نووسیوەتەوە، هەروەها خاوەنی قوتابخانەیەکی ئەدەبی بووە لە کرمانجی خواروودا، لێرەدا دەربارەی شانازی کردن بەنووسین بە زمانی کوردی خۆیەوە دەڵێت :

**طەبعی شەککەرباری من، کوردی ئەگەر ئینشا دەکا ،**

**ئیمتحانی خۆیە مەقصودی، لە (عمدا ) وادەکا**

**یا لەمەیدانی فەصاحەتدا بەمیثلی شەهـ سەوار**

**بێ تەئەممول بەو هەموو نەوعە زوبانی ڕادەکا**

**کەس بە ئەلفاضم نەڵی خۆکوردییە خۆکردییە**

**هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی طالیبی مەعنا دەکا ( مدرس و عبدالکریم ١٩٧٦:١٠٦-١٠٧.)**

ئەم شیعرە یەکێکە لە شیعرە بەناوبانگەکانی (نالی)، کە زۆر سەرکەوتووانە یاخیبوون لە زمانی دەقەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە، ئەوەش کە وایکردووە (نالی) خۆی جیاکردۆتەوە لەوانی تر، نامەوێ وەک ئەوانی تر بم، ئەمەوێ جیاببمەوە، خۆجیاکردنەوە یەکێکە لە خەسڵەتەکانی یاخیبوون، هەروەها یەکێکە لە خەسڵەتەکان، کە گیانی  یاخیبوونی تێدایە، کەواتە((نالی لە بێ توانابییەوە زمانی کوردی بۆ شیعرنووسین هەڵنەبژاردووە، بەڵکو لە توانایی و گرنگیدانی بە زمانی خۆی و هۆشیاری و بەرپرسیارێتی سەرشانی ئاوڕی لە زمانی کوردی داوەتەوە، تا بیسەلمێنێ زمانی کوردیش وەک هەر زمانێکی تر، توانای هەیە شیعری وردو وەسفی جوانی ئەدەبی پێبکرێت)) (پیرۆت،٢٠٢٠:٢٢٤)لەم دەقەدا(نالی) ((مەبەستی ئەوە بوو، کە بزانە چۆن بە زمانی کوردی داهێنەرانە مانام چنیوە)) (علی-توفیق،١٨:٢٠١٦)لە ڕوانگەی تیۆری وەرگرتن و بۆچوونەکانی یاوس و تایزەر بەتایبەتیش چەمکی ئاسۆی چاوەڕوانی (أوفق الانتظار)نالی ئاسۆی چاوەڕوانی تاکی کوردی گۆڕیوە بەوەی لە پێشدا لە سەر شیعر وتن بە زمانی عەرەبی و فارسی ڕاهاتبوون، بەڵام ئەم ئاسۆکەی گۆڕی بۆ زمانی کوردی .

خەسڵەتی نوێخوازی لە هەنگاوی یەکەمی (نالی)دا بەدیدەکرێت، ئەم نوێگەرییە بۆ ئەو قۆناغە جێگەی پرسیار و ڕەخنەی گشتی بووە، کە چۆن دەکرێ بەم چەشنە شیعر بنووسرێت، لە ڕاستییدا ئەمە سەرەتای دەرکەوتنی نوێگەرییە، کە لە قۆناغی یەکەمیدا بەئاسانی قبوڵناکرێت لەلایەن کۆمەڵگاوە، بەڵام(نالی)سەرباری ڕەخنە و پرسیارەکان، لە کارەکەی خۆی بەردەوام دەبێت

و((نوسینی شیعر بە شێوەی کرمانجی خواروو کە بۆ ئەو کات شتێکی نامۆ بوو، خودی ئەمە دەرچوونی نالیە لە چوارچێوە باو و تەقلیدییە ئەدەبییەکان ونوێخوازی نالی دەسەلمێنێت)) (اسماعیل،٢٠١١:٦٣)

بەهۆی ئەوەی (نالی)خاوەنی  تاقیکردنەوەو توانای داهێنانە، توانیویەتی بەسەر هاوپیشەکانی هاوسەردەمی خۆیدا پێشبکەوێت و شانازی بەو تاقیکردنەوەیە بکات، واتە ((وێژە بەرهەم و زادەی بیر و هەستی وێژەرە، سەرئەنجام پێویستە ئەم بەرهەمە داهێنراو و خولقێنراو بێت و نابێت ئەنجامدەرەکەی لاسایی هیچ ویژەرێک بکاتەوە))(بەسیر،٢٠١٥:٣٦٤) لەگەڵ ئەوەشدا شەقڵ و سیمای زمانی شیعرییان پێ دەوڵەمەندکردووە، هەروەها خەسڵەتی تایبەتی داوە بە زمان و دەنگی شیعری و بە وشە و دەستەواژەی ئەدەبی سیمای داهێنانیان بە بابەتی شیعری بەخشیوە، کە بابەتێکی دیاری ئەدەبی بوون((لە چوارچێوەی تاقیکردنەوەی شیعری خۆیاندا بەرەو داهێنان هەڵکشێن ئەو بوارەش زمانی شیعری بەگشتی و فەرهەنگی شیعرییە بەتایبەتی، کە هونەرمەندانە کاریان تێدا کردوون و داهێنانیان پێ ئەنجامداون))(علی-توفیق،٢٠١٦:١٧)لە دەقێکی تردا دەڵێت:

**(نالیا)ئەم غەزەلەت تازە بە تازە وتووە**

**بەدووسەد (مەثنەوی)و(لوببی لوباب)ی نادەم( مدرس و عبدالکریم ١٣٨٩:٣١٧.)**

(نالی)ی شاعیر شانازی بە داهێنانە شیعرییەکانی دەکات و((دووپاتیدەکاتەوە، کە سەرچاوەی ئەم دیاردەیە لە هەڵبەستەکانیدا موعانات و هەستی ڕاستەقینەیە)) (بەسیر،٢٠١٥:٣٦٤) ئەزموونە جۆراو جۆرەکان کاریگەرییان لەسەر ژیانی مرۆڤدا هەیە، مرۆڤ لەژێر ئەم کاریگەرییە بەناچاری کاردانەوەی دەبێت بۆ ڕووداو و پێشهاتەکان، لە ئەنجامی ئەمەشدا کردەی داهێنان دێتە بەرهەم،(عبداسلام عبدالغفار)، (١٩٧٧)بەم شێوەیە پێناسەی داهێنان دەکات و دەڵێ: ((کاتێک تاک ڕووبەڕووی هەڵوێستە جۆربەجۆرەکان دەبێتەوە لە ژیاندا، وەڵام وکاردانەوەی هەیە بۆ هەڵوێستەکان، بەجۆرێک کە بگونجێ لەگەڵ خۆی، ئەو وەڵام و کاردانەوەیە جیاوازە لە کاردانەوەکانی تر، کە ئەمەش بە داهێنان ناودەبرێت))(اسماعیل،٢٠١١:٢٧)شاعیر لەشوێنێکی تردا دەڵێت:

**لە جگەر گۆشەیی شیعرم مەدە مەعنایی خراپ**

**بێ خەتا کەس نییە ڕازی کەلە ئەولادی درێ( مدرس و عبدالکریم ١٣٨٩:٦٦٠.)**

شیعرەکانم جگەر گۆشەمن بەهەڵە لێکدانەوەی بۆ مەکەن، بەڕاستی لێی تێبگەن، چونکە هیچ کەسێک ڕازی نییە، کە ئەولادەکەی لێبدرێت، کەواتە لێرەدا (نالی) هەڵوێستی وەرگرتووە بەرامبەر بەوەی کە لێکدانەوەی خراپ بەرامبەر جگەرگۆشەکانی کراوە و ڕازی نەبووە بەو بارودۆخە، لە ڕاستییدا ڕازی نەبوون و هەڵوێستوەرگرتن خەسڵەتێکی دیاری یاخیبوونە، کە (نالی)یاخی بووە

بەرامبەر ئەوەی کە لە شیعرەکانی باش حالی نابن، یاخیبوونەکەی نالی پەیوەستە، بەوەی کە لە شێوازی پێش خۆی لایداوە و کودەتای بەسەر زمانی شیعریی باودا کردووە، کە عەرەبی و فارسیشە، ئەمەش گیانی یاخیبوونی شاعیرە لە دژی شێواز و ڕەوتی زاڵی سەردەم .هەر ئەم گیانی یاخیبوونەش نالی وەک لوتکەی شیعری کلاسیکی کوردی و ڕێبەری قوتابخانەی کرمانجی ناوەڕاست ناساند، یان دەڵێت:

**عومرێکە بە میزانی ئەدەب توحفە فرۆشم**

**زۆرم ووت کەس تێنەگەیی ئێستە خەمۆشم ( مدرس و عبدالكريم ١٣٨٩:٢٩٠.)**

تاکی داهێنەر پێوەرە دیارەکان و لاسایی شتەکانی دەورووبەر دووبارە ناکاتەوە، بەڵکو ڕێچکەی نوێگەری دەگرێت، ئەمەش سەرچاوەی داهێنانە، واتە((داهێنەران بەردەوام هەوڵی دۆزینەوەی بیرۆکە و بۆچوونی نوێ و ڕێگاو ڕێبازی نوێ دەدەن و ئەو ڕێگایە دەگرن، کە بیرۆکە کۆنەکان بە بڕوا و هەستی نوێ بگۆڕن و بەرەو ڕوانگەی نوێ هەنگاو بنێن))(اسماعیل،٢٠١١:٣٧) زیرەکی و لێهاتوویی و بوێری خەسڵەتێکی دیاری کەسی داهێنەرە، واتە ((شیعرەکانی نالی بەڵگەی گەلێ دیاردەو ڕاستی دەستکردی و وەستایی و شارەزایی نالین، دەتوانین لە ڕێگەی شیعرەکانییەوە ئەم ڕاستییە بسەلمێنین))(کاکی،٢٠٠٨:٤٨) لەم شیعرەدا شاعیر بێدەنگی هەڵدەبژێرێت و چیتر ناتوانێ لەگەڵ ئەوانی تردا بێت؛ بۆیە خۆی جیا دەکاتەوە.

### ١-٢-٤-مەولەوی (١٨٠٦-١٨٨٢)

عارف و پێشەنگ و شاعیری گەورەی کورد، یەکێکە لەو شاعیرانەی، کە لە نێوەندی ئەدەبی کوردیدا ،ڕۆڵ و پێگەی دیاریکراوی خۆی هەیە، کە بە شێوە زاری گۆرانی دەقەکانی نووسیوە ، وەکو شاعیرێکی داهێنەر و کارامە و وەستایەکی شارەزا دەربارەی نایەکسانی نادادپەروەری دەڵێت:

**ئاخ فەلەک جەدەس کەچ ڕەفتاری ی تۆ**

**داد نە چەپگەردیی و دڵ ئازاریی تۆ**

**هەر سات ئەساسەی دەردێ مەسازی**

**هەر ڕۆ بە ڕەنگێ نەردێ مەبازی**

**من خۆ تاڵە شووم خەستەی زام خەتەر**

**زەدەی خەدەنگان هیجرانی دڵبەر**

**دیده پڕ ئەسرین، دەروون پر جەتەم**

**کەفتەن نەڕوی تەوق بەندیخانەی خەم**

**دڵ ئالودەی هوون،تەن بارکێشی دەرد**

**زوان لەنگ ولاڵ ،ڕەنگ خەزانی زەرد(مەلاسالح،١٣٧٦:١٥٢)**

(مەولەوی)شاعیر وەکو زانایەکی عاریف و ئاینی لەکاتی نووسینی دەقی شیعریدا دەچێتە ناوناواخنی ئەزموونی شیعری و ڕووداوەکانی دەوروبەر بەوردی وێنەکان ڕێکدەخات، باسی جیاوازی چینایەتی دەکات، کە گیانی یاخیبوونی تێدا دروستکردووە، کە(تێیدا ژیان و ناکۆکییەکان لە دەروونیدا پەنگیان خواردووەتەوە، بۆیە لەبەردەم ڕاستییەکانی ژیان و حاڵەتە دەروونیەکاندا، لەمیانەی زمانەوە مەبەستەکانی دەگەیەنێت)(الجنابی،-:٥٥)دەبینین شاعیر باس لە پەروەدگار دەکات و ئەم باسکردنەشی هەڕەمەکی نییە، بەڵکو وەستایانە و شارەزایانە گوزارشت لە نادادپەروەری و کۆمەلایەتی و ئازارەکانی کۆمەڵگا دەکات و دەڵێت ((ئاخ فەلەک لەدەست کرداری چەوتی تۆ و داد لە سوڕانەوەی چەوت و چەوێڵت کە ئازار بەدڵ ئەگەیەنیٚ)) (مەلاسالح،١٣٧٦:١٥٢)لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

**سەد پەرێم دایم خەم بەستەن کەڵەک**

**ئاخ هەر یەکجار داخ تۆ سەوزەن فەڵەک**

**مەپێکی ناکا جەنیمە ڕادا**

**نیگای ئارەزوو وەتەمەنا دا**

**کام سەرشام تەمای تاج(کەی)ت کرد**

**سوبح دەم وە تاج سەر نەییت نەکرد(خەزنەدار،٢٠١٠:٤٧٨-٤٧٩)**

(مەولەوی)ی شاعیر لەم دەقەدا دەنگی ناڕەزایی و یاخیبوونی خۆی بەرز دەکاتەوە بەرامبەر بە گەردوون، گفتۆگۆ لەگەڵ گەردوون دەکات، بەوەی کە یەکسانی جیٚ بەجیٚ ناکات لە کردەوەکانیدا و داد پەروەر نییە،((هەموو کاروباری تەنگوچەڵەمە و پێچەوانەیە، ئێوارە تاجی کەیخوسرەو دەخاتە سەری پیاو،بەیانی سەری دەبڕیٚ و پێستەی کەللەی دەکا بە دەف بۆ بەزم ورەزمی سەرخۆشان .ئاوڕدانەوەیەکی ئیستێتیکی جوانە، کە مەولەوی بەخۆی دەڵیٚ ئەگەر تێگەیشتنت هەبێت، پێویستە ئەوە بزانی ژیان بەڵگەی مردنە)) (خەزنەدار،٢٠١٠:٤٨٠)

### ١-٢-٥-حاجی قادری کۆیی(١٨١٥-١٨٩٧)

حاجی قادری کۆیی ڕابەرێکی ڕوناکبیری دیاری کوردە، یەکێکە لە شاعیرە ڕۆشنگەرەکانی کورد، کە لە کاروانی خەبات و تێکۆشانی میللەتی کوردا دەستێکی باڵای هەبووە لە زیندووکردنەوە و هوشیارکردنەوەی نەتەوەی کورد بەرامبەر بە هەموو دەسەڵاتی داسەپێنراو و داگیرکەرانی ئەو سەردەمە، دەقە شیعرییەکانی گەواهیدەری ئەو ڕاستییەن، کە لە هەوڵی زیندووکردنەوە و بەجۆش کردنی تاکەکانی کۆمەڵگا بووە بۆ هەنگاونان بۆ بەرەپێشچوونی نەتەوەی کورد و هوشیارکردنەوەیان لە خەوی غەفڵەت بە تایبەتی لە دوای ڕۆیشتنی بۆ تورکیا، لەشیعرێکدا دەڵێت:

**جۆشێک بدەن وەکوو هەنگ،تەگبیربکەن بە بێ دەنگ**

**ئەسبابی شەڕ پەیاکەن تۆپ و تفەنگ و هاوەن   (شارەزا ،١٩٨٢:٣٢)**

لێرەدا شاعیر ڕاشکاوانە داوای هیمەت لە تاکەکانی کۆمەڵگا دەکات، کە وەکو هەنگ ئەڵقە ببەستن بە ئارامی بیر لە دوارۆژی ئەم میللەتە بکەنەوە، ئەو ئامرازانەی کە پێویستن بۆ بەرگریکردن لە نەتەوە بەدەستی بێن بە تایبەتی کەرەستەکانی شەڕکردن، کە مەبەستی (تفەنگ و تۆپ و هاوەن) بۆ ئەوەی بەرگری لەگەلی کورد بکەن، بانگەشەکردن بۆ شۆڕش خۆی لە خۆیدا ڕویەکی ئاشکرای بەرپاکردنی گیانی یاخیبوونە.لە شوێنێکی تردا دەڵێت:

**بە شیر و خامە دەوڵەت پایەدارە**

**ئەمن خامەم هەیە و شیر نادیارە (شارەزا ،١٩٨٢:٣٢)**

لێرەدا شاعیر دەڵێ بە شمشێر و زانست و زانیاری و لێهاتووی  دەوڵەت پێشدەکەوێت، کە ئێمە زانست و زانیاریمان هەیە، بەڵام شمشێر کەمەبەست لە ئامرازی بەرگریکردنی شەڕە نیمانە،ئەمەش ناڕاستەوخۆ گواستنەوەی باری یاخیبوونە لە قەڵەمەوە بۆ چەک و ڕووبەڕووبوونەوە ، ئەم گیانە لە دەقی خوارەوە زیاتر پەرە دەسێنێ:

**بێ نەوایانی موڵکی کوردستان**

**هەر لە گاوانی تا دەگاتە شوان**

**لەخەوی جەهل و مەستی یوغەفڵەت**

**بەخەبەر بێن بە نەغمەیی ڕەحمەت**

**پاکی دەرچن لەکاری نابە مەحەل**

**ڕۆمی رافرێنن بۆدەری ئەسفەل(میران- شارەزا،١٩٨٦:١٩٤)**

شاعیر هەوڵی هوشیارکردنەوەی سەرجەم تاکەکانی نێو کۆمەڵگا دەدات لە گەورەوە تا دەگاتە بچووک، لە خەوی نەزانین و غەفڵەت ڕاپەرن، بێدار ببنەوە و بە دەنگی ئازادی هیمەت بکەن دژی داگیرکەر و لە پێناو ئازادی گەل و ڕزگاری نیشتماندا .

## ١-٢-٦-پیرەمێرد(١٨٧٨-١٩٥٠)

یەکێکە لە شاعیرە نوێخوازەکان، کە هەمیشە دەنگی ناڕەزایی خۆی بەرامبەر هەموو لایەنەکانی ژیان بەرزکردۆتەوە وەکو (خوێندەواری و ڕۆشنبیری و دواکەوتووی و کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتی و چەوساندنەوەی ئافرەت و هاندانی کچان بۆ بەدیهێنانی مافی سەربەستی و ئازادی و خوێندن و خوێندەواری، پیرەمێرد بە شاعیری هەموو چینەکانی نەتەوەی کورد دادەنرێت، لێرەدا تەواو هەستی یاخیبوونی خۆی بەرامبەر دەسەڵاتی سیاسی و لە سایەی سیاسەتی بەزۆر سەپێنراودا جاڕی یاخیبوونی دەدا بەرامبەر داگیرکەران، خەباتی ئازادیخوازانەی لە پێناو بەدەستهێنانی ئازادی و سەربەستی بۆ نەتەوەکەی، شاعیر دژی دوو ڕووی و هەموو ئەو لادانە کۆمەڵایەتیانە بووەتەوە و بەرهەڵستی ئەو دابونەریتانە بووە کە لە نێو کۆمەڵگادا هەبوون، چونکە((یەکێک لە دیارترین هۆیەکانی یاخیبوون لە شیعری نوێی کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ بوونی واقیعێکی نالەبار و نەگونجاندنی شاعیر لەگەڵ ئەو واقیعە و خەستبونەوەی ئەو هەستە ، بە تایبەتیش دوای زیادبوونی هوشیاری و هەست بە لێپرسینەوە بکات بەرامبەر بە پیشاندانی لایەنە تەنگ و چەڵەمەکانی ئەو ژیانە تاڵە و تەقینەوەیەدا دەردەکەوێت، کە خۆی لە بەگژداچوون و یاخیبوون بەسەر واقیعەکەدا دەنوێنێت))(سابیر،٢٠٠٦:٥١)

**من وەزن و قافیەم نەدەویست ،سەهلی مومتەنع**

**ڕوانیم بە قەیدی قافیەوە ڕەخنەدار ئەبێ**

**هاتم بە قافیەو بە قسەی قۆڕو لەنگ و درێژ**

**نووسیم نەوەک بڵێن کە تەڵا کەم عەیار ئەبێ**

**خۆزگە ئەوانەی بە فەساڵ و بە فیشاڵ ئەدوون**

**لەو تیرەیە ئەبوون کەوا کەوانیان دیار ئەبێ (هاوار،١٣٩٧:٧٩)**

لێرەدا پیرەمێرد ناڕاستەوخۆ یاخیبوونی خۆی لە قاڵبی شیعری کلاسیکی دەردەبڕێت، ئەو ڕاستیەش دەخاتەڕوو، کە جارێ چێژی خوێنەری سەردەمەکەی لەگەڵ شێوازی شیعری نوێ کە خواستی پیرەمێردە یەکناگرێتەوە و ئەوان هەر لە بازنەی کێش و سەرواى کلاسیکدا دەسوڕێنەوە، ئەمیش ئەو شێوازەی پێ پەسەند نییە و بەلایەوە دەبێ زمانێکی سادە و ساکار و بە فۆڕمێکی

ئاسان شیعر بنووسرێت، ئەمەش خۆی لە خۆیدا یاخیبوونە لە شێوازی شیعری کۆن ((بۆ ئەوەی بەئاسانی هەست و هۆشی خۆی، مەرام و خواستی خۆی دەرببڕێ و بیگەیەنێتە خوێندەواران، بۆ ئەوەی زۆربەی گەل لێی تێبگات و سوودی لێوەربگرێت، نەک تەنها تاقمێکی وەستای خۆ-خەریک کەر بە ئوسوولی شیعری کۆن و شارەزایی بەلاغە و عیلمی عەرووز))(هاوار،١٣٩٧:٨٠) لە شیعرێکی تردا دەڵیت :

**بە پەنجەی نازکی دولبەر ،تەلی بێ گیان ئەنالێنێ**

**منی زیندوو بە دەنگی چۆن نەکەم شۆری جنوون ئیزهار**

**ئەمانە شیعری مۆدەی کۆنە وەک من پیر بووە ئێستا**

**نەشیدت بۆ وەتەن بێ باشە بەڵکوو پێی ببێ ڕزگار**

**هەموو عالەم لەدووی ئازادی وێڵە بۆچی من وەک شێت**

**کەمەندی زوڵف لە ئەستۆی خۆم خەم و ببمە کەری ژێربار (هاوار،١٣٩٧:٢٢١)**

(پیرەمێرد) ڕاشکاوانە لە هەڵبەستەدا دان بەوەدا دەنێت، کە باسکردنی زوڵف و ئەگریجە و چاو و کەمەر کۆنن و بەسەر چوون و باویان نەماوە، بەڵکو ڕۆژی ئەوەیە کە شاعیر بچێتە کۆڕی شۆڕش و خەباتەوە و سرودێک بۆ نیشتمان و نەتەوەکەی بڵێت، کە تەزوو بەگیاندا بێنێت و ((مەشخەڵی ئازادی و بیروباوەڕێکی ڕۆشن بیرانە هەڵکا بۆ گەل و نیشتمانەکەی، بۆ ئەوەی ئەو قوژبنە تاریک و نووتەکانە ڕۆشنبکاتەوە، کە باڵی سامناکی نەخوێندەواری و کۆنەپەرستی بەسەریاکشابوو و داپۆشیبوو.)) (هاوار،١٣٩٧:٢٢٢)پیرەمێرد پێی وایە باسکردنی ئەو بابەتە کۆنانە چ سوودێکی بە گەل گەیاندووە، بەڵکو گەل پێویستی بە شیعرێکی وا هەیە، کە میللەت لە خەوی غەفڵەت ڕاپەرێنێت و((دەمارە سستەکانی گورج کاتەوە و پێڵوی چاوی خەواڵوویان گورج کاتەوە و لاوان بچنە کۆڕی خەباتەوە بۆ هەڵکردنی ئالاو مەشخەڵی ئازادی بۆ گەیشتن بەدوارۆژێکی پڕ لە شادمانی و کامەرانی، دوور لە چەوساندنەوە و بەشخوراوی)) (هاوار،١٣٩٧:٢٢٢)بێگومان ئەم چەشنە بیرەی پیرەمێرد هاوکاتە لەگەڵ خواستی سەردەمەکەیدا کە خواستی ئازادی گەلانە.

### ١-٢-٧-ئەحمەد موختار جاف(١٨٩٧-١٩٣٥)

ئەحمەد موختار جاف وەکو شاعیرێکی شۆرشگێڕ و ئاشتیخواز لە واقعی سیاسی ئەو سەردەمەی گەلی عێراق یاخیبووە، لێهاتووانە دەقی شیعری نووسیوە و گیانێکی شیعری شۆرشگێری هێناوەتە بەرهەم، هۆشیاری شاعیر لە بارودۆخی نەتەوەکەی بووەتە هۆی ئەوەی، کە لە بیری نەتەوەییەوە لە گەلەکەی بڕوانێت، بۆ بێدارکردنەوەیان لە بەدیهێنانی مافی خوراویان و ڕووبەڕووبونەوەیان لەگەڵ دەسەلات بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری و سەربەستی، ئەمانە بوونەهۆی ئەوەی، کە شاعیر بەرەنگاری دەسەلاتی نادادپەروەری ببێتەوە و بڵێ:

**لەخەو هەستن درەنگە میللەتی کورد خەو زەرەرتانە**

**هەموو تەئریخی عالەم شاهیدی فەزڵ و هونەرتانە**

**دەسا تێکۆشن ئەی قەومی نەجیبی بێکەس و مەزڵووم**

**بە گورجی بیبڕن ئەو ڕێگە دوورە و الە بەرتانە (خەیات،١٩٢:٢٠١٩)**

شاعیر بەهۆی خراپییەکانی ژیانەوە لە هەموو شتێ بێزاردەبێت و خۆی جیادەکاتەوە، کە ئەم بێزارییەش خەسڵەتێکی یاخیبوونە، کە بە تەواوی یاخی دەبێت، لە ژینگەی سیاسی و کۆمەلایەتیی بێزاربووە و بەدوای دەرفەتێکدا دەگەڕێت، بۆ ئەوەی نەتەوەکەی لەو دۆخە ڕزگاربکات و هەوڵی بێدارکردنەوەیان دەدات، لەشیعرێکی تردا لەهەر چوارپارچەی کوردستان شۆڕش بەرپا دەکات و بە ئومێدەوە لە ئایندەی گەلەکەی دەڕوانیت :

**ئەم قەراری عوسبە وا خەڵقی ئەڵێن بۆ کورد ئەبێ**

**هەر قسەی رووتە و قسە ناچێتە ناو گیرفانەوە**

**ئەمڕۆ با وابێ بەلام رۆژێ ئەبێ ئەولادی کورد**

**دێنەوە مەیدان بە عیلم و سنعەت و عیرفانەوە**

**نەوجوانانی وەتەن تەوحید ئەکەن ئەم میللەتە**

**هەر لە کرماشان هەتا ورمێ و سنەو بۆکانەوە**

**ریک ئەخەن وەزعی یەتی وان و جزیرە و باشقەلا**

**عەقرە و زاخۆ دەبەستن رێک بەقەد بۆتانەوە**

**خانقین و مەندەلی،خاکی لۆڕستان یەک بەیەک**

**وەک وەسا ئەدروون بە باڵای مەنتیقەی بابانەوە**

**لەشکرێکی مونتەزەم بۆ سەندنی حەق ڕێک ئەخەن**

**جوان و ڕازاوە بە تۆپی لاکەلی ئەڵمانەوە**

**بەچکە شێرانی عەشایر بۆ قڕانی دوشمنان**

**هەر وەکو ڕۆستەم ئەکەونە هات و چۆ و جەولانەوە (ئاگرین ١٩٩٦:٨٥)**

لە کاتێکدا شاعیر سەرسەختانە یاخی دەبێت و هەموو ئەو سنورانە کە دەستکردی سیاسەتی داسەپاون تێکدەشکێنێت و ڕەتیدەکاتەوە، پەیامی یەکگرتووی خاکی کوردستانی پێیە، کە لەم دەقەدا باسی یەکریزی و یەکگرتنی کوردستانی گەورە دەکات و ئەوە پیشاندەدات، کە هەمیشە نەتەوەی کورد زیندوووە و کوردستان خاوەنی یەک جەستەیە، بەڵام پارچە پارچەکراوە، شاعیر بە خەم و پەژارەیەکی زۆرەوە هەستی خۆی پیشاندەدات بەرامبەر ئەو زوڵم و ستەمەی، کە لە کورد دەکرێت، بە ڕوونی باسی واقعی کۆمەڵگەی کوردی دەکات، هەروەها ڕووداوەکانی ڕابردووش دەگێڕێتەوە، وەکو هاندانێک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داگیرکەران بەرگریکردن لە خاک و نەتەوەکەیان، شاعیر بەتوندی هێرشدەکاتە سەر سیاسەتی دەسەڵاتدانی ئەو سەردەمە بەرامبەر بە نەتەوەی کورد، کە ئەوان بە ناڕەوا شەڕ دژی نەتەوەی کورد لە عێراقدا ئەنجامدەدەن، بەڵام ئاسۆی ڕۆژی ڕوناکی نەتەوەی کورد هەڵدێت، ئەو کات وەکو بورکان دەتەقنەوە بەرامبەر بە ستەمکار و دەسەڵاتدار.

لە دەقێکی تردا لە ناوەڕۆکی شیعری دڵداری یاخی دەبێت ئەو ناوەڕۆکەی زۆرینەی شیعری کلاسیکی کوردی داگیرکردووە، خواستی سەردەم شیعری نەتەوەیی و نیشتمانی دەخوازێت بۆیە دەڵێت:

**شاعیرانی کورد، بەسە،بەس باسی زوڵف و چاو بکەن!**

**کەم خەیاڵی پەرچەم و کاکۆڵی ئاڵۆزاو بکەن!**

**لابدەن، کەم باسی سونبول، یا لقی لاولاو بکەن !**

**ئێوە تەدبیرێکی حاڵی قەومی دڵ سووتاو بکەن !**

**زوو بە زوو تا ئیش لەدەس دەرنەچوە، سا هەوڵێ بدەن (خەیات ،٢٠١٩:١٤٧)**

بەم چەشنە شاعیر لە ناوەڕۆکی باوی شیعری کوردی لەو ڕۆژگارەدا ، ئەمە یاخیبوونێکی ئەدەبییە ، بێگومان لە هەموو قۆناغەکانی شیعری کوردیدا شیعری خۆشەویستی و وەسفی ئافرەت دیارترین بابەت بووە، کە زۆرترین پانتایی داگیرکردووە، ئەو دەمەی کە شاعیر درک بەوە دەکات،

که میللەتەکەی و نەتەوەکەی لەبەردەم هەڕەشە و تیاچوون و ژێردەستەییایە تێدەگات، چیتر ئەو ناوەڕۆکانە ناوەڕۆک گەلێک نین، کە لەو ڕۆژگارە پێویستیان بە ئاوڕدانەوە هەبێت، هەربۆیە شاعیر داوای ئەوە دەکات، کەچیتر خۆمان دووربگرین و یاخی ببین لەم ناوەڕۆکە شیعرییانە بەرەو ناوەڕۆکی شیعری نەتەوەیی بنووسین، لە ڕاستیدا ئەم تازەگەرییە، ئەمە یاخیبوونە، هەروەکو دەڵێت:-

**من کە کوردم حەز بە ئیستقلالی کوردستان ئەکەم**

**ئارەزووی دەوری تەرەققیی حاکمی بابان ئەکەم**

**نا وەجاخە ئەو کەسەی خزمەت بکا بۆ غەیری خۆی**

**تا بە مردن شەرتە من هەر بەندەیی خۆمان ئەکەم**

**میللەتی من هەر وەکو شێری ژیانن بۆ نەبەرد**

**.....................................................................**

**جەژنی قوربان ساڵی جارێ خەڵکی قوربانی ئەکەن**

**بۆ وەتەن من ڕۆژی سەدجار ڕۆحی خۆم قوربان ئەکەم(خەیات٢٠١٩:١٢٤-١٢٥)**

لەو سەردەمەدا ئەحمەد موختار لە ڕژێمی پادشایەتی عیراق بە شێوەیەکی کرداریی یاخی دەبێت و بەرهەڵستی ئەو ڕژێمە دەبێتەوە، بەڵام ئەو ((یاخیبوونەی ئەحمەد موختار لە چەند مانگێک زیاتری نەخایاندووە و لەو ماوەیەشدا وا پێ ناچێت، هیچ ڕووبەڕوونەوەیەک لەگەڵ هیچ هێزێکی چەکداری دەوڵەتی عیراق یان ئینگلیزدا ڕووی دابێت))(خەیات٢٠١٩:٣٣)لێرەدا شاعیر دەنگی یاخیبوونی خۆی بەرامبەر بە ناحەزانی کورد بەرزدەکاتەوە، کە داوای دەسەلاتێکی تۆکمە دەکات وەکو دەسەلاتی میرنشینی بابان، هەروەها ئەو کوردەی خزمەتی میللەتی خۆی ناکات، بەبێ وجاغ ناویدەبات، نەتەوەی کورد وەکو شێر دێنە مەیدانی ژیان و چاونەترسانە بەرگری لە خاک و نەتەوەکەی دەکات؛ بۆیە شاعیر یاخی دەبێت و ئاوی هەردوو ڕوباری دیجلە و فوراتی ناوێت، بەڵکو بە ئەشکی چاو تەشکیلەی ڕوباری سیروان دەکات و ئامادەیە هەموو ڕۆژێ گیانی خۆی بکاتە قوربانی، تا دەگاتە ئەوەی جارێ ڕووبەڕووی ئێران و جارێ ڕووبەڕووی تورکیا ببنەوە، لە کۆتایشدا داوای یەکگرتنی هەموو کورد دەکات .

**١-٢-٨-قانع((١٨٩٨-١٩٦٥))**

یەکێکە لە شاعیرە  میللیە بەناوبانگەکانی کورد، کە بە شاعیری چەوساوەکانی کوردستان ناسراوە، ژینگەی کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتی کاریگەریی ئەوتۆی لەسەر ژیانی شاعیر هەیە، چونکە بەرهەمەکەی وابەستەی هەمان ژینگەیە، کەتیایدا پەروەردە بووە، یاخیبوونی شاعیر بەشێکە لە گۆشەگیری، کەواتە مرۆڤ کە یاخی دەبێت، بۆی هەیە تووشی گۆشەگیرییەکی ڕەهاش هاتبێت.

**کا ئەدا بە سەگ، ئێسقان بە بارگیر    پیرەژن بۆ کوڕ، کچ ئەدا بە پیر**

**پارە بۆ ڕەزیل، دەس بڵاو فەقیر        وەحشی بە دڵخۆش، عاقڵ مەند زویر**

**فەلەک هەی نەژیت، لە ڕووی ڕۆژگار! (دیوانی قانع،١٣٩٣  :١٠٢)**

لە دەقی (گلەیی لە چەرخ )شاعیر باسی نادادپەروەری و نایەکسانی فەلەک دەکات، کە دەقەکە بەشێوەیەکی گشتی یاخیبوونی ئایینییە، بەڵام لەپاڵ یاخیبوونە ئایینییەکەدا کە ئەو ناعەدالەتی و نایەکسانییە بووەتە هۆی دروستبوونی کۆمەڵێ دیاردە و ڕووداوی کۆمەڵایەتی  لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا، شاعیر بەرامبەر بە خودا ناڕەزایی دەردەبڕێت، کە لەم دەقەدا هەموو تاوانەکان دەخاتە ئەستۆی خودا، چونکە شاعیر پێی وایە کە ئەگەر ئەو بەیەکسانی تەماشای هەموو مرۆڤەکان بکات، ئەوا هیچ جیاوازییەک لە نێوان خودی مرۆڤەکاندا بەدیناکرێت.

**چەندە  قین و قار ناحەق ئەنوێنێ        دڵی چەند هەژار بێ هیچ ئەشکێنێ**

**پشت لە پیاو ئەکەی، ناپیاو ئەدوێنێ     بە چۆلەکەی حیز، واشە ئەڕفێنێ**

**دەک پشتت شکێ چەرخی چەپ کردار!(دیوانی قانع،١٣٩٣  :١٠٢)**

لێرەدا یاخیبوونی شاعیر دیسان  لە خودی کردگارە، کە لە جیاوازییە چینایەتییەکان و ئاین یاخی دەبێت، پێی وایە، کە ئاین بووەتە هۆی ئەم دروستبوونی جیاوازییە، بۆیە ئەگەر چەرخی فەلەک یەکسان بووایە لە نێوان توێژەکاندا، ئەوا هەرگیز ئەم جیاوازییە ڕووی نەدەدا؛ بۆیە شاعیر باسی ئەو ناحەقی و نادادپەروەرییە دەکات، کە لە نێوان چین و توێژەکاندا هەیە، کە دڵی هەژارانی پێدەشکێت و ئەوەی ناپیاوێ سەری دەخەیت لە نێو کۆمەڵگادا و ئەوەشی خاوەنی پیاوەتی و باش بێت پشتی تێدەکات، لە کۆتایشدا شاعیر خودی خۆی بەرامبەر بە دەسەڵاتی کردگار دەستەوەستانە، ناڵەی بۆ لای کێ بەرێت، دیسان لۆمەی خۆی دەکات و دەڵێ ئەگەر ڕاست دەکەی تێبکۆشە قانع، بەڵکو بۆ کوردی مەزڵووم کارێک بکەیت.

**قانوونی چەرخ و ڕەسمی زەمانە وەها بووە**

**جاهیل بە کام و شادۆ،ئەدیبان بە ئاه وراز**

**مەسنەد بەدەستی حەققە، هەموو ئیشی هەر بەوە**

**بیکا بە شێتی کێوی وەیان ژیرێ وەک ئەیاز (دیوانی قانع،١٣٩٣  :١٢٨)**

تێڕوانینی (قانع) سەبارەت بە نادادپەروەری و نایەکسانی بەپێی هەڵوێست و ڕووداوەکان دەگۆڕێت، چونکە ئەرکی سەرەکی شاعیر لە پانتایی  ویژدانیدا پشکنینە لە ماکەکانی ژیان و گریمانەی بوونی مرۆڤ لە گوزەراندنی تاڵی و شرینی ژیانیدا، باسکردنی بابەتەکانی ژیان لە شیعرەکانی (قانع)دا، پێویست بەوە دەکات، کە لە سەر فەلسەفەی یاخیبوونیش بوەستین، چونکە ئاوێتەکردنی ویژدانی شاعیر بەرامبەر بە ژیان، بە تێڕوانینێکی ڕەشبینانەوە لەسەر لایەنەکانی ژیان دەدوێت، شاعیر درێژە بە یاخیبوونی خۆی دەدات .

**تەماشا ئەکەم چەرخەکەی گەردوون        کەر ئەکا بە شا! شا ئەخاتە توون**

**چەندە نەوجەوان، ئەکا سەرنگوون          لەیلێ بۆ ئەغیار، شیوەن بۆ مەجنون**

**کەی وەها ئەبێ کۆنەی بەدکردار ؟!**

.......................................................................................

**چەرخ!داوەشێی،بێ خان و مان بی          لەمن خراپتر تۆ سەرگەردان بی**

**گیرۆدەی دەردی بە بێ دەرمان بی          نانخۆری دەرگای خانەقایان بی**

**ببی بە عیبرەت لەبازاڕو شار (قانع،١٣٩٣:١٢٥)**

کۆی تێکستەکە لەبازنەی نادادی  گەردون و چەرخدا دەسوڕێتەوە، شاعیر پێیوایە مرۆڤەکان ڕووداوەکان هەڵوێستەکان دەسکەوتەکان بە یەکسانی دابەش نەکراون، ئەم نادادییە ئاینیە نادادی کۆمەڵایەتیشی لێ پەیدا بووە، بێگومان لە ڕوانگەی ئاینی ئیسلامەوە ئەم تێڕوانینەی شاعیر ڕەت دەکرێتەوە .

### ١-٢-٩-گۆران(١٩٠٤-١٩٦٢)

یەکێکە لە دیارترین شاعیرە نوێخوازەکانی کورد، کە لە مێژووی شیعری کوردیدا خاوەنی وێستگەیەکی دیار و خەرمانێک داهێنانە، هۆکاری داهێنان و بلیمەتیی گۆران بۆ گەلێک فاکتەر دەگەڕێتەوە، هەروەها یەکێک لە ڕابەرانی نوێکردنەوەی شیعری کوردی دادەنرێت و بە شاعیری (سروشت و ئافرەت)ناسراوە، لەشیعرێکدا دەڵێت:

**دەمی ڕاپەرینە،دەمی ڕاپەرین!**

**هەتا کەی بە سستی و بە پەستی بژین؟**

**پەلاماردە، ئەی کورد، ئەرەق ڕشتنێ!**

**لە دڵ کرمی ناکۆکی دەرکردنێ!**

**..............................................**

**بەیەک بوون ئەبێ**

**گەلت پێش کەوێ!** **(مەلاکریم١٩٨٠: ٤٠٣)**

لێرەدا شاعیر گیانی یاخیبوون و هەستکردن بە بەهێزی بەرەی گەل داوای ڕاپەرین دەکات، ڕاپەرین ئاخر وێستگەی یاخیبوونە، ڕاپەرین واتە قەڵبکردنەوەی مێزەکە بەسەر نەیارەکاندا، لەپاڵ ئەمە داوای بەلاوە نانی پرسی ناکۆکیی نێوان نەتەوە دەکات، کە ئەوەش دیسان پاڵنەرێکی بەهێزە بۆ سەرکەوتنی شۆڕش .

میللەتی کورد هەمیشە بەهۆی داگیرکردنی خاکەکەی میللەتێکی ژێردەستە بووە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی وەکو میللەتێکی سەربەخۆ و دەسەلاتدار توانای بیرکردنەوە و بڕیاردانی نەبێت، ئاشکرایە، کە ژێردەستەیی پرسێکی دیاری نەتەوەی کورد بووە، کە بووەتە هۆی ئەوەی تاکەکانی لەو بارودۆخە یاخی ببن و هەوڵی تێپەڕاندنی ئەو واقیعە بدەن، بۆ ئەوەی لەو ژێردەستەییەی کە بە زۆر بە سەریاندا سەپاوە ڕزگاریان ببێت، بۆیە((گیانی ڕووبەڕووبوونەوە و ڕازینەبوون لە دەسەلات و سەرهەڵدانی هەستێکی نەتەوەیی لێرەدا بەرچاودەکەوێت، کە ئەویش لە ئەنجامی پەراوێزخستنی کورد و گوێنەگرتن لە داخوازییەکانیان بووە))(صاڵح،١٩٧:٢٠١٢) لێرەدا وێنەی کۆمەڵگای کوردیمان بۆ دەکێشێت لەو سەردەمەدا، هەروەها پیشاندانی نارەزایی هەموو هەوڵەکانی نەتەوەی کورد و بەگژداچوونەوەی دەسەلات و ڕەتکردنەوەی واقعی بەزۆر بەسەردا سەپێنراو، گۆران لەشیعری (بەردەنووسێک) پەردە لەڕووی دیاردەیەکی کۆمەلایەتی لادەبات و دەڵێت:

**له دنیای ڕووناکتا  منیش گیانێ بووم**

**له لەشی جوانا ،**

**وێنەی پەپوولەیەک ئەهاتم و ئەچووم**

**بە ناو گوڵانا!**

**کۆشی گەرمی دایک جێگای نازم بوو،**

**گیان بووم لای باوک،**

**ناوبانگی چاوڕەشی و ڕۆشتەی ڕازم بوو،**

**بوو بوو بە لاوک،**

**بەڵام ئاخ کە ناڵەی لاوکی لاوان**

**زوو مەستی کردم،**

**بەڕێی عەشقی پاکا نام مل و، تاوان**

**بۆ لاڕێی بردم ! (مەلا کریم،١٩٨٠:٢٠٩-٢١٠)**

(گۆران) لێرەدا دژی چەوساندنەوەی ئافرەت بووە لە کۆمەڵگەی کوردیدا، بێگومان چەوسانەوە و جیاوازی چینایەتی خەسڵەتێکی دیاری یاخیبوونە، شاعیر تەواو ئەو جیاوازییە چینایەتی و چەوساندنەوەی ئافرەت دەبینین، کە شاعیر((بەناوی ژنەوە جیاوازی چینایەتی و دواکەوتوویی و دابونەریتی کۆمەڵایەتی دەخاتەڕوو، بە زمانی ژن و چوونە ناو کەسایەتی ژنەوە بۆ دەربڕینی ماف و ئازارەکانی بۆ ئەو ستەمەی کۆمەڵگە وخێزان لە ڕەگەزی مێ دەیکات))(ساڵح عەبدوڵلا،٢٠٠٧:٩٩)، کە گەورە کچێک بە ناحەق دەکوژرێت و((لەم بارودۆخەدا گۆران درکی بە هەستیاری  ئەم بابەتە کردووە و هەوڵی داوە، بە جۆرێک وێنای ئەم دیاردەیە بکات و کۆمەڵ لە ئاکامە خراپەکانی هوشیاربکاتەوە )) (صالح،٢٠١٢:١٨٢)، کە ئەم چیرۆکە تەواو ناعەدالەت و پڕ کارەساتە، چونکە جیاوازی لە نێوان کچ و کوڕانی  کۆمەڵگا دەکات، بە پێی دەسەڵاتی کۆمەڵگە کچ مەحکوم و کوژراو بێت، کوڕیش بە سەربەستی و ئازادی بژی، باجی تاوانەکانی نەدات، بابەتی هوشیاری تاک بەگشتی و ئافرەت بەتایبەتی ڕۆڵێکی دیاریکراوی هەیە، چونکە ئافرەتی هوشیار و ڕۆشنبیربە ئاسانی بەلاڕێدا نابرێت، کەواتە((ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیری کچەش ڕۆڵی هەیە لە دروستکردنی ئەم مەرگەساتەدا بۆ خۆی ! چونکە بەرزی ئاستی ڕۆشنبیری و هوشیاری چەکێکە بۆ بەرگریکردن لە خود و ڕێگرە لە هەڵخەڵەتاندن و بەلاڕێدا بردن))(صالح،٢٠١٢: ١٨٣-١٨٤)هەر لەبازنەی یاخیبوونی کۆمەڵایەتیدا شاعیر لە دەقێکی تردا ئەم وێنەیەمان بۆ دەکێشێت:

**کوڕی شوانەکە ئەمەی بیست شێت بوو، دایەکێو،**

**زەویی داگرت بەتفکردن، ئاسمان بە جنێو !**

**چەند جارێ شەو ماڵی ئاغای دایە بەر تفەنگ،**

**دەغڵی سووتان، باغی بڕی، بۆ ئەتک و بۆ پەنگ:**

**کلک و یاڵی چەن چارەوێی قەل کرد بەخەنجەر،**

**بەسەڕانی ئاغایا دا و مەڕی دایە بەر**

**تاکو دوایی ڕۆژێ بەختی نۆکەری ئاغا**

**خەوی لێ خست لە سێبەری درەختی باغا،**

**پەنجەی کینە لەسەر پیلکەی تفەنگ کەوتە کار،**

**کۆستی دڵی بۆ ئێجگاری کەوت کچی جووتیار ! (دیوانی گۆران،٧٣:١٣٨٩)**

ئەم دەقە هەر لە ناونیشانەکەیەوە (بوکێکی ناکام) بەرەو تراجیدیای جیاوازی چینایەتی و بەزۆر شودانی کچانمان دەبات کە دیاردەیەکی ناپەسەندی ئەو ڕۆژگارە بووەو گۆرانی ئازادیخواز لێی یاخیبووە، لێرەدا باسی یاخیبوونی یار لەدابونەریت و کۆمەڵگاو بێزاری دەربڕین بەرامبەر دەسەڵاتی ئاغا و کاربەدەستانی ئەو سەردەمە دەکات، بۆیە (محەمەدی مەلا کەریم)دەربارەی دۆزو پرسی ژن لای گۆران دەڵێت: ((شاعیرێ کە توندوتیژترین دەنگی بێزاری لەبارەی پڕ جەورو ستەم و دواکەوتوویی ژیانی ژنی کورد دەردەبڕێ و لە شێوەی دەربڕینانە گەیشتبێتە چڵەپۆپە تەنها (گۆران)ە،گۆرانی مەزن بەر لەوەش ئاگاییەکی سیاسی بە بیری زانستی نوێ، موتوربەکراوە پەیدابکات وەک مرۆیەکی تا ڕادەیەکی قووڵ لە مانای مرۆڤایەتی گەیشتووە و تامی جوانی چەشتوو ڕازاوەترین بەرهەمی خۆی بۆ ژن تەرخانکردووە))(مەلاکەریم،١٣:١٩٧٥).

### ١-٢-١٠-فائق بێکەس (١٩٠٥-١٩٤٨)

شاعیرێکی ئازادیخواز و چاونەترس بەهەڵوێست بووە دەنگی یاخیبوون و ڕەتکردنەوە و پاپەندنەبوونی خۆی دەربڕیوە، لێرەدا شاعیر لە ئاست دوژمن سەر بەرزدەکاتەوە و ڕووبەروویان دەبێتەوە و پێیان دەڵێت:

**قەت وا تێ نەگەن چاومان شکاوە**

**کوشتن و بڕین، دائیم بۆ پیاوە**

**میللەت مەتینە عەزمی نانەوێ**

**لەغایەی بەرزی خۆی هەر ناکەوێ**

**لەت و پەت کرێ حقوقی ئەوێ(ڕەسول،١٩٨٩:٥٤)**

شاعیر گیانی یاخیبوونی خۆی دەردەخات، کە خەونی هەموو کەسێک بۆ نیشتمانەکەی تەنها ئازادی و سەربەستییە، لەگەڵ ئەوەشدا دادپەروەری بەرقەرار بێت لەنێو کۆمەڵگادا، شاعیر بەهۆی ئەم هەڵوێستانەوە زۆر بەتوندی ڕەخنە دەگرێت و لە داگیرکەران یاخی دەبێت، کە بە هیچ شێوەیەک ئێمە نەبەزیوون و لە دوژمن چاومان نەشکاوە، بەڵکو هەمیشە کوشتن و بڕین بۆ پیاوە مەردەکانە، نەتەوەی کورد جگە لەوەی توشی گەلێ دەردەسەری و مەرگەسات هاتووە، بەڵام سەرباری هەموو ئەمانەش بە هەموو هێز و توانابیەوە و بەوپەڕی لێهاتوویەوە بەشداری لە شۆڕش و ڕاپەرینەکانی نەتەوەکەی دەکرد لەپێناو بەدیهێنانی سەرجەم مافە ڕەواکانیان؛ بۆیە بێکەس دەڵێت:

**بێ قوسوورە چەند جەسوورە سەد شوکر ئەولادەکەت**

**وا لە ڕێی تۆدا لە خوێنا سەیری چۆن ئەتلێتەوە**

**بەسیە تەعنەم لێمەدە هەر ڕۆڵەکەی جارانتم**

**هێندە حیلمت بێ هەتاکو دەست و پێم ئەکرێتەوە**

**شەرتە شەرتی پیاوەتی بێ گەر خودا دەستم بدا**

**دوژمنت پەت کەم وەکوو سەگ بیخەمە ژێر پێتەوە ( بێکەس،١٩٨٠:٥٦)**

شاعیر بۆ ڕزگاربوون لە دەسەڵاتی سیاسی ئەو سەردەمە، لە سایەی سیاسەتی سەپێنراودا جاڕی یاخیبوون دەدا و بۆ ئازادی و سەربەستی خاکەکەی، کە چۆن لە ناو خوێنی خۆیدا دەتلێتەوە، بەڵام هێشتا ئومێدی بەوە هەیە، کە ڕۆژێک دێت خۆری ئاواتی ئەم نەتەوەیە هەڵدێت و

دەست و چاوی تاکەکانی ئەم نەتەوەیە دەکرێتەوە، ئەو کاتە سوێند دەخوا، کە خوای گەورە مەودای بدات، دوژمن لەت و پەت بکات و بیخاتە ژێر پێیەوە،ئەم گیانی ڕووبەڕووبونەوە و یاخیبوونە لە شاکارەکەی (بیست و حەوت ساڵە) دەگاتە لوتکە:

**بیست و حەوت ساڵە دڵم لێت پڕە**

**ئەحواڵم بەدەست تۆوە زۆر شڕە**

**سەد بەڵێن بدەی لەلای من تڕە**

**بەسیەتی ئیتر ئەم وڕە وڕە**

**نۆکەریت ناکەم ورگم هەڵدرە**

**گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم**

**بۆچی بە ناحەق واسوکت کردم ( بێکەس،١٩٨٠:٧٥)**

بێکەس دەگاتە لوتکەی بەگژداچوونەوەی دەسەلاتی ئەو سەردەمە پیشاندانی ئاستی باڵی یاخیبوون لێی، تا دەگاتە ئەوەی دەڵێ، کە تۆ بۆ بەرژەوەندیی خۆت هەر ڕۆژێک بە چەشنێک پیشانی جیهانم دەدەیت بە بەڵێنی نادروست دەم خەڵەتێنیت، بەلام کە پێویستت پێم نەما، بەتەنها جێم دێڵی؛ بۆیە لێرەدا شاعیر هەڵوێستی خۆی بەرامبەر ئەو دیاردە ناشرینە دەخاتەڕوو، کە تارادەی پەستبوون یاخی دەبێت و بە گژیاندا دەچێتەوە، لە دەقی (نەسرین) دا یاخیبوونی کۆمەلایەتی دەبێتە ناوەڕۆک و دەڵێت:

**نەسرین دەمێکە داخت لە دڵمە**

**گیرۆدەی بەندی، ژیانت زوڵمە**

**وامن پێت ئەڵێم چونکە لەسەرمە**

**هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە**

**سەرپۆش فڕێدە کەی وادەی شەرمە**

**وەک خوشک و برا ئەبێ هەردووکمان**

**قۆڵی لێ هەڵکەین بچینە مەیدان**

**تا کورد بەرینە ریزی میللەتان**

**هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە**

**سەرپۆش فڕێدە کەی وادەی شەرمە (ئاشنا،٢٠٠٨:١١٨-١١٩)**

ئەمە یاخیبوونی کۆمەڵایەتییە، یاخیبوونە لە لەچک، داوای ئازادی دەکات بۆ ئافرەت و جۆرێکە لە جۆرەکان لە کۆت و بەندی کۆمەڵایەتی دروستکردووە، شاعیر باسی کۆمەڵێ بابەت دەکات، تەنها پرسەکە لە فرێدانی لەچکدا نییە، داوای یەکسانیش دەکات، کە یەکسانی بۆ ئەو ڕۆژگارە جۆرێک بووە لە بابەت لە شکاندنی ئەو قاوغە بووە، کە لەناو کوردا باو بووە، کە شۆڕش و تێکۆشان تەنها بۆ پیاوە و ژن دەبێ لەماڵەوە دابنیشێت، لێرەدا((داوای یەکسانی و کۆمەڵایەتی و بەرامبەری ژن و پیاو دەکات و پێی وایە تا ژن و پیاو وەک یەک بەشدار نەبن لە بوارە ڕۆشنبیری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا مەحاڵە کۆمەڵگا ڕزگاری بێت)) (ئاشنا،٢٠٠٨:٤٩)ئەم هاوارکردنەی شاعیر تەنها بۆ لادان لە دابونەریتی کۆمەڵایەتی و سنووربەزاندن نییە، بەڵکو ((هاواری بێکەس هاوارێکە دژی جەهل و بۆ راچەنین وبێداربوونەوەی کۆمەڵگەو ژنە)) (ئاشنا،٢٠٠٨:٤٩).

## ٢- یاخیبوونی سیاسی لە شیعری کوردیدا(١٩٧٠-١٩٩١)

### ٢-١- شێرکۆ بێکەس

### ٢-٢- ڕەفیق سابیر

### ٢-٣- فەرهاد شاکەلی

## ٢- یاخیبوونی سیاسی لە شیعری کوردیدا(١٩٧٠-١٩٩١)

لەگەڵ ناو هێنانی وشەی یاخیبووندا ، ڕاستەوخۆ چەمکەکە وابەستەی دۆخی سیاسی دەبێت و هەر زوو خوێنەر بەلای ستەمی دەسەلآت و هەوڵەکان بۆ ڕزگار بوون و بەرپابوونی ئازادیدا دەچێت، بۆ گەلی کورد لە باشووری کوردستان و لە قۆناغی پڕ لە ڕووداوی تراژیدی وەک ڕوخاندنی هەزاران گوند و هەوڵەکان بۆ ڕاگواستن و بە بەعس کردن و بەعەرەبکردن و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و ئەنفالکردن و تاقیکردنەوەی سەرجەم ئامرازەکانی کۆمەڵکوژی لەسەدەی بیستەمدا و لەدۆخی بێدەنگ سەرجەم زلهێزو ڕێکخراوەکانی وەک نەتەوە یەکگرتووەکان و مافی مرۆڤ و....هتد وامانلێدەکات لە خۆمان بپرسین دەبێ شاعیرانی سنووری توێژینەوەکەمان چۆن هەڵوێستیان دەربڕی بێت و لەشیعرەکانیاندا ڕەنگی دابێتەوە ؟

### ٢-١- شێرکۆ بێکەس

کوڕی فایەق بێکەسی شاعیرە لە (٢-٥-١٩٤٠)لە گەڕەکی گوێژەی شاری سلێمانی لە دایکبووە، منداڵی پڕبووە لە ئازار و مەینەتی و نالەباری ڕەوشی ئابووری، لەو بارودۆخە سەختەشدا قۆناغی ئامادەیی تەواوکردووە، لە تەمەنی حەڤدە ساڵان یەکەم شیعری خۆی لە ڕۆژنامەی ژین بڵاوکردۆتەوە، وە ساڵی (١٩٦٥)دەبێتە پێشمەرگە و لە ڕادیۆی دەنگی کوردستانی عێراق لە ئەشکەوتی سەردێمان دەستبەکاردەبێت، وە ساڵی(١٩٦٨)یەکەمین کۆمەڵە شیعری بەناوی تریفەی هەڵبەست بڵاودەکاتەوە، هەروەها ساڵی(١٩٦٩)لەگەڵ خاتوو نەسرین میرزا ژیانی هاوسەری پێکدەهێنێت.

ساڵی(١٩٧١)لەگەڵ کۆمەڵێ ئەدیب و نووسەردا (حوسێن عارف، جەلال میرزا کەریم، کاکە مەم بۆتانی)بەیاننامەی ڕوانگە لەپێناوی نوێکردنەوەی ئەدەب و نووسینی کوردی بڵاودەکەنەوە.

ساڵی(١٩٧٤)دووبارە دەبێتەوە پێشمەرگە.

پاش تێکچوون و هەرەسهێنانی شۆڕش لە ساڵی (١٩٧٤) بەرەو خوارووی عێراق، شاری ڕوومادی دووردەخرێتەوە، ساڵی (١٩٧٩)دەگەڕێتەوە سلێمانی، ساڵی(١٩٨٤)دیسانەوە پەیوەندی بە شۆڕشەوە دەکات، بۆ پشتگیریی هێزی پێشمەرگە و دوورخستنەوەی خۆی لە وەرگرتنی خەڵاتی (قادسیەی سەدام) دەپارێزێت، جارێکی تر ڕوو لە چیاکانی کوردستان دەکاتەوە و دەبێتە پێشمەرگە.

ساڵی(١٩٨٦)بەهۆی تێکچوونی باری خراپی کوردستان و هێرشی کیمیاباران ، پێشنیاری بۆ دەکەن، کە بەرەو دەرەوەی وڵات بچێت، ساڵی(١٩٨٦)دەگاتە ئیتاڵیا، ساڵی (١٩٨٧) لە سوید خەڵاتی تۆخۆڵسکی وەردەگرێت، خەڵاتەکەی لە لایەن سەرۆک وەزیرانی ئەودەمی سوید (ئیگڤار کالرسۆن)ەوە پێشکەشدەکرێت، پاشتر هەر لەو وڵاتە دەمێنێتەوە و دەبێتە هاوڵاتی سوید،

ساڵی (١٩٩٢)لە یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەبێت بە وەزیری ڕۆشنبیری و لە ساڵی (١٩٩٣\٢\٦) لە نامەیەکدا باسی دەست لە کارکێشانەوەی  خۆی دەکات لە وەزیری ڕۆشنبیری دەست بەرداری پۆستەکەی دەبێت .

ساڵی(١٩٩٨)لەگەڵ کۆمەڵێ هاوڕێی نووسەر و ڕۆشنبیریدا دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم دروستدەکەن و دەبێت بە سەرۆکی ئەو دەزگایە  لە سلێمانی .

شاعیر (١٤)بەرهەمی شیعریی دەکەوێتە نێو سنووری توێژینەوەکەمانەوە  کە بریتین لە: - (کاوەی ئاسنگەر ١٩٧١، من تینوێتیم بەگڕ ئەشکێ١٩٧٣، ڕەنگاڵە ١٩٧٤، ئاوێنە بچکۆلەکان١٩٧٥، کازیوە ١٩٧٨، ئاسک ١٩٨٠، دوو سرودی کێوی ١٩٨٠، ڕووبار ١٩٨٤، داستانی هەڵۆی سوور١٩٨٤، کەشکۆڵی پێشمەرگە١٩٨٥، شایی شەهید١٩٨٥، تەم توومان١٩٨٥، دال ١٩٨٧ ، دەربەندی پەپوولە١٩٩١.)

شیعرەکانی شاعیر بۆ چەندین زمان وەرگێڕاون وەکو(زمانی ئینگلیزی، فەرەنسی، ئەڵمانی، ئیتاڵی، سویدی، عەرەبی، تورکی، فارسی.............هتد.

ڕۆژی (٤-٨-٢٠١٣)لە وڵاتی سوید بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی دەکات.

نووسەر و شاعیران بە شێوەیەکی سەربەستانە ڕووبەڕووی دوژمنان و لە پێناو  کێشەکانی خەڵکی و خەمەکانیان لە ڕووی کۆمەڵایەتی وئابووری و ڕامیارییەوە خەباتیان کردووە، زۆرجار هەڵوێستێکی نەتەوەیی و نیشتمانیان هەبووە و پابەندبوون بەو واقیعەی تیایدا ژیاون، بۆیە شیعر لە بەرهەمەکانیاندا خاوەنی پەیامە و گوزارشتە لەو واقیعەی کەتێیدا دەژین، (شێرکۆ بێکەس) یەکێکە لە شاعیرە ناودارەکانی  دنیای شیعری هاوچەرخی  کوردی و ڕێچکە شکێنی شیعری هاوچەرخی  کوردییە، چونکە لە پاش ساڵانی حەفتاکان  شاعیر  لە ڕووی نوێکردنەوەو لە دوای ساڵی (١٩٧٥) یشەوە بەهۆی دۆخە سیاسییە نوێیەکەوە بەرەو ئاراستەیەکی دی شیعری ڕۆیشت، کە تا ڕادەیەک  یاخییە لەو کێشانەی واقیعەکە هێنایەکایەوە  لە گیروگرفتی نیشتمان و نەتەوەو مرۆڤایەتییەوە بەهۆی ئەو هەموو نادادی وخۆسەپاندنەی ڕژێمی بەعس،  کە لەناو کۆمەڵگادا هەبووە؛ بۆیە شاعیر بێزاری و نائومێدی وای لێدەکات، کە تەواو یاخی بێت و دژی هەموو ئەو نادادییە دەوەستێتەوە، خودی شاعیر و شیعری ڕووبەڕووی خەباتی ڕابردووی وابەستەی ئەو هەموو نادادپەروەرییانە بوون، هەردەم ئێش و ئازارو کێشە و تەنگ و چەڵەمەکانیان لە بەرگێکی کاریگەر و سەرنجڕاکێشدا دەردەبڕێت و بۆ هاندان و هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگا هەوڵدەدات.

شاعیری داهێنەر، خاوەنی زمانێکە  لە لوتکەدایە، هەمیشە خاوەنی ئەزمونێکی دیارە، چونکە (شێرکۆ بێکەس) خاوەنی دیدگایەکی نوێیە و هەمیشە لە گۆران و هەوڵدانە بۆ داهێنانێکی زمانی نوێ هەموو بەربەستەکان تێکدەشکێنێت بۆ  بەدەستهێنانی ئازادی، شێرکۆ  شاعیرێک بوو، کە ناخی ببووە کێڵگەی خەمو ئازارو تێشووی برین، (شێرکۆ بێکەس) تەنها شاعیر نەبوو، بەڵکو زماننناس و ئەدیب و ڕۆشنبیری و ئازادیخوازی نەتەوەکەی بووە .

بۆیە دەڵێت: ((بەڵێ، بەڵام ئەو خوایەی ، کە خۆم ئەیزانم، نەک ئەوەی لە دەرەوەی خۆم مەلاو قەشەکان باسی ئەکەن،من بڕوام بە ئازادیی هەموو ئاین و ئاینزایەک هەیە تا ئەو شوێنەی نابنە کۆسپ و یان بکوژی ئازادییەکانی مرۆڤ، تا ئەو شوینەی تیکەڵ بە سیاسەت و دەوڵەت نابن))(بێکەس،٢٠١٣:، ب٢: ١٨٨).

شاعیر کەسێکی دڵپاکە وەکو مرۆڤێک، هەڵدەچێت و تووڕە دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکجار دەگاتە ئەوەی کە بەرامبەرەکەی ئازار بدات، بەڵام هەر زوو پاشگەزدەبێتەوە و دڵی سارد دەبێتەوە، هیچ لەدڵیدا نامێنێت، لەنێو کاروباریماڵدا شاعیر تەمبەڵ بووە، کەسێکی دڵپیس و ڕەزیل نەبووە هەربۆیە لەمبارەیەوە دەڵێت : ((جاری وابووە، منیان وێرانکردووە، تا سەر ئێسقان وردیانکردوم، سووکایەتیان پێکردووم و وتومە جارێکی تر مەحاڵە لەو کەسە نزیک ببمەوە، کەچی ڕۆژگار هاتووە و ڕۆیشتووە و بۆنەیەک هەڵکەوتووە، ئەو کەسەم دیوەتەوە و هیچم لەدڵدا نەماوە! من ترسنۆک بووم و ئازایش،هەڵەم کردووەو ڕاستیشم کردووە ،شیعری جوانم نووسیوەو هەروەها ناشرینیش)) بێکەس،٢٠١٣:، ب٢: ٢٠٨).

(ڕەفیق سابیر )دەربارەی (شێرکۆ بێکەس ) دەڵێت :-((شیعرەکانی ئەوە دەردەخەن، کە شاعیرێکی ڕەسەنە و بەرەو پێشەوە دەڕوات، ئەو(قەلیق )ە فیکرییەی هەیەتی، وای لێکردووە، ڕوومەتی هەنگاوەکانی، ئارەقەی ماندووبوونیان پێوە دیار بێت، ڕۆژگار لەو( قەلیق)ەفیکرییەدا، ئاسۆیەکی گەشتری لە بەردەمدا دەکاتەوە.)) (نوورەدین،٢٠٢٢: ٥١٨)

بۆ ئەوەی ڕاڤەی (یاخیبوون)لای شاعیران بکەین، دەبێت سەرەتا لەسەر وێستگەکانی  ژیان و دنیابینی  شاعیر بوەستین، چونکە ئەوە ڕاستیەکە، کە ژیانی شاعیران  کاریگەریی زۆری لەسەر ئەو دنیا تایبەتیە دروستکردووە، هەمیشە لەگەڵ ئازاری نیشتمانەکەیدا بووە، بە هۆی ئەو ئازارەوە، کە بەدەست  داگیرکەران و دەسەڵاتدارانەوە چەشتوویەتی،  نیشتمان دەبەستێتەوە بە ڕوحێکی بێگەرد و ڕەهاوە، کە چیتر هەمووان لەناو هەیکەل و قەوارەی نیشتماندا گەمارۆ دەدات و نیشتمانیش پڕ دەکات لە یۆتۆپیا .

ڕۆحی بێزاری (شێرکۆ) لە دەربڕیندا بریتییە لە ڕۆحی بێزار و برینداری نیشتمان، لێرەدا بەڕاشکاوی تەنیایی خۆی دووبارەدەکاتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا مەبەستی لە(هەمان ئاوێنەیە) بریتییە لەسەرلەنوێ جەختکردن،  لەوەی کە ئازاری نیشتمان و ڕوحی خوێناوی نیشتمان، هەمان ئازارەو کۆتایی نەهاتووە،  کەواتە خەونی ( شێرکۆ ) بریتییە لە خەونی نیشتمانێکی لەیادکراو و

فەرامۆشکراو، دەربارەی  بایەخی شیعر لە بزوتنەوەی شیعری بەرەنگاری و ڕزگاری نیشتمانی نەتەوەی کوردا دەڵێت: ((بزوتنەوەی ناو هەموو مەیدانەکانی ژیانە، چوونەوەیە بە گژ هەموو واقیعە تاڵ و ناهەموارەکانی نەتەوەدا، بەرەنگاربوونەوەی دوژمنە لە هەموو ئاستێکی شۆڕشگێڕییەوە، هەر ئەم راپەڕینی فرەمەیدان و ڕوانینە زۆر لایەنەشە، ئەم  هاوبەشیکردنەی چەک و قەڵەم و هەموو وزەیەکی ترە کە شۆڕش لەچەتەیەتی و چەتەگەرێتی جیائەکاتەوە ! تەواوی چینە شۆڕشگێرەکان تەیار و ئامادە ئەکات، بۆ ئەوەی هاوبەشییەکی ئەرکی نەتەوەیی و نیشتمانی و چارەنووسێکی مێژوویی بن .)) (عومەر،٢٠٠١:١٠٩)

یاخیبوونی سیاسی ئەو چەشنە یاخیبوونەیە، کە شاعیر لە دەسەڵاتی سیاسی ئەو سەردەمە یاخی دەبێت، شاعیر بەپێی ئەو واقیعەی تێدا دەژی، ڕووبەڕووی چەندین هەڵوێستی  جۆراوجۆر دەبێتەوە، وەکو دیاردەی چەوساندنەوە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بەرامبەر بەبێ دەسەڵات، پێشێلکردنی مافی مرۆڤ دەبێتە کێشەیەکی مەزنی نەتەوایەتی و مرۆڤایەتی، ئەمانەش بوونەتە جێگەی سەرنجی شاعیران،  بەهۆی ئەو ستەمکاری و ئێش و ئازارەوە کە لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە، شاعیر هەست بە بەرپرسیاریەتی دەکات و بەرپرسیارییەکەی بە هزرو بۆچوونێکی قوڵەوە بۆ خزمەتی چینی چەوساوەکانە، بەرپرسیارە  بەرانبەر ئازادی و سەربەستی نیشتمان، هەمووشمان دەزانین ساڵانی (١٩٧٠-١٩٩١) ساڵانێکی پڕ لە ڕووداوی سیاسی گەورە و گۆڕانکاری لەهەڵوێستین، ئەو ڕووداوانەی بۆ شاعیرێکی بەهەڵوێست و هۆشیاری وەک(شێرکۆ بێکەس)ڕووداوی ڕاگوزەرانە نەبوون، بەڵکو جێ هەڵوەستەکردن و قسە لە سەرکردن و هەڵسەنگاندن بوون، بەم چەشنەش شاعیر وابەستەی خزمەتکردنی کۆمەڵ و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەبێت بۆ خزمەتکردن لە هەوڵی بەرەوپێشچوونی نەتەوەکەی  ڕۆڵی هەیە  بەپێدانی زانیاری و ڕێنمایی لەژیاندا، هەروەها شاعیر بە ڕوونی باسی واقیعی سیاسی کردووە، کە دەستی بەسەر تەواوی کایەکانی ژیاندا گرتووە(سەربەستی)بووە بە ئامانجی گەورەی نەتەوەکەی.

شیعری سیاسی ئەو پەیامەیە، کە شۆڕش لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێتەکایەوە، چەمکی شۆڕش زیاتر چەمکێکی سیاسییە، ئەم چەشنە شیعرە  ئامرازی گوزارشتکردنە و یاخیبوونە لە ژینی ژێردەستەیی و  ناوەڕۆکی ئەو گۆڕانکاریانە، کە مەبەستی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵ و ڕەتکردنەوەی دیلی و واقعی کۆمەڵگای دواکەوتووی چەوسانەوە و زوڵم یەکێکە لەو دوو هۆکارانەی، کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەرەو یاخیبوون دەبەن و هەڵوێستی دەنوێنن و دەنگی نارەزایی خۆیان بەرزدەکەنەوە، بێگومان ئەم هەڵوێست وەرگرتنەش لە شاعیرێکەوە بۆ یەکێکی دیکە لە گۆڕاندایە، ئەم نارەزایەتی دەربڕینە لە قۆناغەکانی ساڵانی نێوان (١٩٧٠ -١٩٩١) بەڕوونی دەبینرێت، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە گەلی کورد هەمیشە خۆی لە قۆناغی بەرەنگاریدا بینیوەتەوە، بێگومان ئەمانەش بەهۆی سیاسەتی بەسەردا سەپێنراوی دەسەڵاتەکانی ئەو قۆناغە بوو، کە

بەردەوام هەوڵی لە ناوبردن و قڕکردنی گەلی کورددا بووە، ئەوەتا (شێرکۆ بێکەس) لە شیعری (کاوەی ئاسنگەر) پێمان دەڵێت:

**کاسە سەری یەکەم:**

**پرسیارتان کرد لە ڕەشەبا؟**

**لەمانگ، لە ئەستێرە، دەریا؟**

**زاماوا:نەما پرسیاری لێ نەکەین**

**داڵدەی خۆمانی بۆ نەبەین!**

**کاسە سەری دووهەم: ئەی لە پاشدا، لەئەنجاما؟**

**کاسە سەری سێهەم: چارەنووسی ئێوە چی بوو؟**

**زاماوا:وەڵام نەبوو!**

**زێمری: وەڵام نەبوو!( بێکەس(أ) ،١٩٧١:١٦)**

(شێرکۆ بێکەس) ئەم دەقەی بە شێوەیەکی درامایی پێشکەشکردووە، کە باس لە هەوڵ و ماندووبوونی (کاوەی ئاسنگەر) دەکات، کە کەسایەتییەکی ڕاپەڕیوی ئەفسانەیی و قارەمانە لە شانامەی فیردەوسییدا، (کاوە) هێمای پێشەنگی مرۆڤەکانە لە سەردەمی ئاسن و پیشەسازی لەدوای جەمشید و داخستنی نووری یەزدان لە پاشایەتییەوە، کە لە دژی حوکمە چەوسێنەرەکەی زووحاک هەڵات و بە هاوکاری فەریدوون و گەلی ڕاپەڕینێکی جەماوەریی نەتەوەیی دامەزراند، دروشمی بزووتنەوەکەی ئاڵای کاویانییە، لێرەدا (کاوە) هێمای چەوساوەکانە و نموونەیەکی دیاری سەرکەوتنی زوڵملێکراو بەسەر زاڵمدا و نموونەیەکی کوردایەتییە، ئەمە ڕۆحی یاخیبوون بەگژداچوونەوەی لای (شێرکۆ) لە دەقێکی تردا زیاتر فراواندەبێت و دەڵێت :

**ئەبین بە باو تۆف و باران!**

**بە بروسکە، بەچەخماخەی**

**تیژی ئاسمان!**

**بۆ داگیرکەر، ئەبین بە ژان**

**ژانی مردن!**

**ژانی تەفرو تونا کردن! (بێکەس (أ)،١٩٧١:٩٥-٩٦)**

شاعیر لە هێزی مرۆڤەوە دەگوازێتەوە بۆ هێزی سروشت و دیاردەکانی، کە بێگومان هێزی بروسکە و چەخماخە و ئاسمان هێز گەلێکی زۆر کاریگەرتر و ڕووخێنەرترن، بەوەش داگیرکەر و ستەمی کۆتاییان پێدێت و لەناودەبرێن، ئەم گیانی یاخیبوونەی شاعیر هەر بەوەوە ناوەستێت، بەڵکو زیاتر پەل دەهاوێت و سنوری زمان و وشەکان و واتاکانیان تێدەپەڕێنێت، ئەم ڕاستییە لە پیشاندانی وێنەی (ئازادیخوازانی) ڕێگەی خەبات و دژی چەوسانەوەی دەسەڵات بەرجەستە دەبێت، کە (مردن)یشیان لەبیری گەلیان ناباتەوە و هەر بەزیندووی دەمێننەوە، نەک هەر ئەوە، بەڵکو ڕادەپەڕن و بەگژی داگیرکەراندا دەچنەوە .

گیانی بەگژداچوونەوە و پڕ یاخیبوونی (شێرکۆ) ئەگەر لە ساڵانی (١٩٧٠-١٩٧٤) تاڕادەیەک هەڵکشان و داکشانی بەخۆیەوە بینیبێت، بەو پێیەی دۆخێکی تاڕادەیەکی زۆر ئارام و کەشێکی هێمن لە ئارادابوو بەهۆی (ڕێکەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠)ئەوە لەوەو بەدوا دەنگی (شێرکۆ) زیاتر زوڵاڵتر و دلێر دەبێت و پانتایی یاخیبوونی زیاتر فراواندەبێت ئەوەتا لە دەقی (کۆچ) کە خۆی لە بارەیەوە دەڵێت : یەکەم شیعری دوای هەرەس شیعری ( کۆچ) ی منە . لە حوزەیرانی (١٩٧٥) نووسیومە، کە ئەو وەختە دوور خرابوومەوە بۆ پارێزگای ڕومادی ناحیەی بەغدادی .. من لە مەخفەرێکدا ئەو قەسیدەیەم نووسی قەسیدەی (کۆچ) لە بەغداد لە دانیشتنەکاندا ئەخوێنرایەوە، دواتر لە سەردانێکدا لە سلێمانی بە دەنگی خۆم لەسەر کاسێت تۆمارم کرد))(ئیسماعیل،٢٠٠١:٦٦)

**لەم لاوە .. زمانی خۆم ئەمنووسێت و**
**لەو لاوە .. ئەمسڕێتەوە**
**هەرەس**
**هەرەس**
**هەرەس**
**هەرەسێکە هەرەس ئەکا بە ژێرەوە**
**هەرسێکە هەر دێت و دێت و دێت**
**نابڕێتەوە**
**نابڕێتەوە(بێکەس(خ) ،ب٢٠٠٩،٢،٢٩٥-٢٩٦)**

شاعیر باس لە کۆچکردنی پێشمەرگە و هەرەس دەکات، چۆن بناری شاخەکان، کە جاران جێگەی خەبات و پشوودانی پێشمەرگە بوون، کەچی ئێستا ڕووتە و چۆڵە، هەرەسێکە و هەموو ماف و سەروەرییەکانی ژیانی خستۆتە ژێر ڕکێفی خۆی، بەڵام شاعیر ڕادەپەڕێ لە غەفڵەت و نەفرەت لە هەرەس دەکات، ئەو نەک لەگەڵ ئەوەیە کە هەرەس هەرەس ناهێنێت، بەڵکو هەرەسی کورد وەک شاخەکان چەسپیوە، هەزاران ساڵەکەی کوردستان لەڕوویا دەوەستێتەوە و بەرەنگاری دەبێتەوە .

شاعیر له دەقی (کاوەی ئاسنگەر) کە لە ساڵی(١٩٧١) نووسیویەتی و دەڵێت:

**ڕزگاریی بە خوێن گوڵ ڕەنگ کەم**

**سەر شۆڕی تاسەر بە پەنگ کەم**

**لە زەنگ بدەم**

**من زراوی مردن بەرم**

**من ڕاوی نێم**

**ئەم وڵاتە پڕ لە دەنگ کەم...**

**لەبەر خۆم کەم.**

**هەتا ئاڵای سەرفرازیی**

**ئەم میللەتە،...**

**لەسەر لووتکەی بەرز هەڵ ئەکەم(بێکەس (أ)،١٩٧١:٦١-٦٢)**

لەم پارچە شیعرەی سەرەوەدا دەبینن، کە (یاخیبوونی نیشتمانی ) لە کایەکانی یاخیبوون لە (بەها پیرۆزییەکانی نیشتمان)بەرجەستەدەبێت، وەکو چەمکێکی فەلسەفی و بیریی نیشتمان دەردەکەوێت و دەبێتە سەرچاوەی داهێنان لەو لایەنەی، کە یاخیبوونەکەی تێدا ڕوودەدات، ئەمەش لە ئەنجامی ئاستی ڕۆشنبیریی و لێهاتووییەوە سەرچاوە دەگرێت، کە داوای ڕزگاری و سەرفرزای بۆ نیشتمانەکەی دەکات، کە سڵ لە مردن ناکاتەوە و لە زەنگی ژیان دەدات، تاوەکو ئەو ئاڵاییە لەسەر لوتکەی بەرزی نیشتمان هەڵبکات، شاعیر لەنێو نیشتماندایە، بەڵام بەهۆی ستەم و بەباڵا دەستی دوژمنانەوە لە نیشتمان یاخی دەبێت و هەوڵی گۆڕینی واقیع دەدات هەربەهەمان بیر و هەڵوێست لە شیعرێکی تردا، دەڵێت :

**سوێندە ئەیخۆین بەو وڵاتەی**

**کوردستانی دایکی ناوە:**

**بەشاخ و داخ و ڕووباری**

**بە بێشەی چڕو نزاری**

**بە هەموو مشتە خۆڵێکی ...بە ئاو و بەرد و داری**

..........................

**سوێندە بە ڕم بە تیر...چەکوش**

**بە مەچەکی هەڵگرانی**

**سوێندە بە مەشخەڵی شۆڕش**

**بە کلپەو گڕی سووتانی**

**سوێندە هەموو ئەیڵێینەوە**

**سوێندەکە ناگەڕێینەوە(بێکەس(أ)،١٩٧١:١٦٤-١٦٦)**

سەرەڕای ئەو خۆشەویستییەی، کە بۆ نیشتمان دەری دەبڕێت و سوێند بە(خۆر و خوێن و ناوسک سوتان..هتد)دەخوات، شاعیر ژیانی ژێردەستەیی ناوێت، بەڵکو سوێندی بەدیهێنانی ئاواتی گەلەکەی دەخوات، کە هەرگیز کۆڵ نەدات و بەردەوام لە هەوڵ و تێکۆشاندا، یاخی بێت لە هەموو ئەو ناداپەروەرییانەی، کە لە دژی نیشتمان ڕوودەدەن.

شاعیر لە دەقی (ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەک )دا کە لە ساڵی (١٩٧١) نووسیویەتی و دەڵێت:

**پێمان ڕووتە .. دڕک و داڵە**

**دەممان وەک گەڵای داری ((بی)) ،**

**تفت و تاڵە ..**

**بەڵام ئەڕۆین . چونکە ئامانج:**

**تێشووی هەر چوار وەرزی ساڵە .**

.............

**لەسەر ((صەلیبی )) کوردستان**

**لەبەر چاوی هەموو جیهان**

**ڕۆژی دەیان مەسیحی کورد :**

**ئەکرێن بە قوربانی ژیان . (بێکەس(ب) ،١٩٧٣: ١٥٩-١٦٠)**

شاعیر (صەلیب)ی بەکارهێناوە، کە هێمای هەڵواسینی مەسیحە، هێماشە بۆ هەرچوار پارچەی کوردستان، ئەم هێمایە لەگەڵ چوار وەرزی ساڵدا تێکۆشانی بەردەوام لەپێناو کوردستانی گەورەدا پیشاندەدەن، دەشزانێت ڕێگا سەخت و ئازار بەخشە، بەڵام ئامانجی گەلی کورد ڕوون و نزیکە هەرچەندە ڕۆژانە لە سێدارە دەدرێن، کەچی هیچ نەتەوە و لایەنێک نایەتە وەڵام لەسەر داواکاری و مافە ڕەواکانی گەلی کورد.

شاعیر لە دەقی (ملیۆنەهاو بەڵام)کەلەساڵی(١٩٧١) نووسیویەتی و دەڵێت:

**بیست ملیۆنین**

**بەڵام داخەکەم نانوێنین،**

**((سفر)) ئەنوێنین !**

**ملیۆنەهاین ! بەڵام بەردێ**

**بەیەکەوە نابزوێنین !**

**ملیۆنەهاین !**

**بەڵام وەک ئاردی ناو دڕکی،**

**بەر ڕەشەباین .**

**ملیۆنەهاین ..**

**بەڵام – دوو – مان**

**بەیەکترەوە نەلکاین .**

**ملیۆنەهاین ..**

**بەڵام خاوەنی ملیۆنێ**

**دڵ و ڕێگاین .**

**ملیۆنەهاین ..**

**بەڵام هەموو .. هەر سەرکردەو**

**قارەمان و زانا و ئازاین . (بێکەس (ب)،١٩٧٣: ١٨٣)**

شاعیر پەست و یاخیە، ئەمجارەیان لە میللەتەکەی، لەسەرکردەکانی کە هەر چەند زۆر و ملیۆنانن، بەڵام بە هۆی دووبەرەکی و ناکۆکیان هیچ نین و چون ئاردی بن درک پەرتەوازەن و کۆکردنەوەیان ئەستەمە، هەر یەکەیان بە ڕێگاو ئامانجێکدا دەڕوات، ئەمەش لە ئامانجەکانی دوور دەخاتەوە، بێگومان ئەم ڕاستیە تاڵە لە شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە گورزێکی گەورەی لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دا، بەیاد کردنەوەی ئەو ڕۆژانە شاعیر دەیەوێت دەست بخاتە سەر برینەکان و هانی چارەسەرکردنی بدات.

شاعیر لەدەقی (فێرکردن)، کە لە ساڵی(١٩٧١)دا دەڵێت:

**((جەمیلە )) پرچی درێژی .. ڕازەکانی**

**(( جەزائیر )) ی ئەهۆنێوەو، پێشی ئەوت :**

**نیشتمانم**

**ئەگەر دەستی ڕاستیان بڕیم**

**چەپ فێر ئەکەم ..**

**بۆ ئەوەی ناوت بنوسێ**

**چەپیان بڕیم ئەوا پەنجەی**

**قاچەکانم ..ڕائەهێنم ..**

**بۆ ئەوەی ناوت بنوسێ**

**دوای چوار پەلی بڕاویشم**

**بە هاوار ناوت ئەنووسم**

**کە هاوار مرد .. من سەرنجم فێرکردووە**

**کە چۆن ناوت لەناو چاوی**

**بیم و ترسی جەللادەکانی ژوور سەرما**

**هەڵبکەنێ**

**نیشتمانم ! (بێکەس(ث) ،١٩٧٨: ١٧٦-١٧٧)**

(جەمیلەی ژنە شۆڕشگێری جەزائیری)دەکاتە هێمای ڕەتکردنەوە و یاخیبوون لەپێناو زیندوو ڕاگرتنی ناو و ناوبانگی نیشتماندا و هەر کۆڵ نادات. ((لەهەموو جیهانا، وە چەندان کەسی پاکی مرۆڤپەروەر پەیتا پەیتا دەبنە قوربانی ئەو تاوانانە ...بەڵام لەگەڵ ئەمەشا کەم کەس هەیە کەلەسەرەتاوە لەم چلۆنایەتی یە یاخی بن ...چونکە ئەو درۆ و بەهانانە زۆرجار هێندە باو دەبن کەشێوەی یاسا وەردەگرن)) (میراودەلی،٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٧١: ٣)

شاعیر لە دەقی (تۆ هەوریت وئەتبارێنم)دا دەڵێت:

**نیشتمانم!**

**لەناو هۆڵی دادگای سەری ئەژدەهادا**

**دادپرسەکان ..**

**مردنیان کردە چاویلکەو سەیریان کردم .**

**دادپرسەکان .. لەقەفەزی ئێسکی دەرهێنراوی خۆما**

**ڕایان گرتم .**

**تەرازۆکە .. زریکەی خاکی سەنگ ئەکرد**

**تەرازۆکە .. بە خۆڵەمێش ،**

**دووکەڵی مافی ئەکێشا ! (بێکەس(ب) ،١٩٧٣: ٣٢-٣٣)**

خۆشەویستی نیشتمان، شاعیر بە ئەرکی یاخیانەی خۆی هەڵدەسێنێت بەرانبەر بە هەموو ئەو نادادپەروەری و خراپەکارییەی، کە لە نێو نیشتماندا هەیە؛ بۆیە لە نێو هۆڵی دادگادا شاعیر نائومێدە بەرانبەر بە دەسەڵاتداران، چونکە ئەوان بە چاویلکەی مردن سەیریدەکەن، واتە بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەدرێت و مافی مرۆڤیش پێشێلدەکرێت، شاعیر بیرێکی نوێی بە زمان و کەرەستەی شیعری نوێ داهێناوە و ئەو ڕاستییە دەخاتە پێشچاو، کە یاخیبوون دەکرێت ببێتە دەلاقەی داهێنانی شیعری .

شاعیر لە دەقی (من تینوێتیم بەگڕ ئەشکێ) کە لە ساڵی(١٩٧٣)نووسیویەتی و دەڵێت:

**لەهەر جێیەک :**

**قوربانیی .. بەشوێن چەقۆدا ڕاسپێرێ**

**دەغڵ .. لە دووی داس بگەڕێ**

**مل .. بە شوێن پەتی سێدارەو**

**قەنارەی خۆیدا بنێڕێ.**

**لەهەر جێیەک .. قەڵەم ببێتە منارەو**

**پێشمەرگە بانگی تیا بدا**

**لەهەر جێیەک ..سپێری خۆر**

**دەستی بڕراوی .. –گیڤارا – ی هەق هەڵبڕێ.**

**لەهەر شوێنێ .. مردن : بمرێ ! .**

**ئاوی تینووم..**

**فوارەی خوێنی مێژووی هەڵچووم.**

**ئەوەتەی هەم.. لە تینوێتیم ئەخورێتەوە و**

**خۆم هەر تینووم.**

**-داری بەڕووم-**

**هەزار تەورم خستە گریان**

**من بە پێوە ..من بەرێوە**

**ئەبێ بمرم ئەی: تەورەکان ! .(بێکەس(ب) ،١٩٧٣: ٤٩)**

دەقەکە لە لووتکەی بەگژداچوونەوە و ڕەتکردنەوەی دوژمندایە، کە خۆی لە خۆیدا لوتکەی یاخیبوونیشە ، شاعیر لە ڕێگەی کۆمەڵە وێنەیەکی ساکارەوە گیانی پڕ لە ورەو خەبات و کۆڵنەدانی کورد پیشان دەدات و (گیڤارا)ی شۆڕشگێرو هێمای سەرکەوتن ئاوێتەی بیری دەقەکە دەکات و سرودی نەبەزین دەڵێتەوە.

هەروەها(بێکەس) دەڵێت:

**وەرن ... لە کۆڕی دڵدارە برسیەکاندا**

**لەژێر کەپری بێ سێبەری ماندووەکاندا**

**تێچریکێنن**

**چەخماخە بن ، بگرمێن**

**لێزمەی بارانی شۆڕشێ ببارێن ! .**

**ئاوی تینووم .. (بێکەس(ب) ،١٩٧٣: ٤٨)**

هەڵوێستی شاعیر لە شیعری قۆناغی حەفتاکان بەتایبەت لە سەرەتای حەفتاوە تاکو (١٩٧٤) بە چەشنێ توند بووە، لە یاخیبووندا لە لوتکەدابووە، هەمیشە خاوەنی ورەیەکی بەرز بووە و ڕێگای ڕزگاری بینیوە و بڕوای بە ئاسۆی ڕوونی دواڕۆژی گەلی کورد بووە، هەمیشە گەلی کورد لە گڕوتینی شۆڕش و خەباتدا بوو، کە شاعیریش بەو پەڕی هیوا و ئاواتەوە چاوەڕێی ڕێگای ڕزگاری و سەرکەوتن بووە.

شاعیر لە دەقی شیعری (بەغدا)دا دەڵێت:

**لەسکی ماسیی دیجلەدا**

**ماسیی – سیروان – ئەبینمەوە ! ( بێکەس (ب)،١٩٧٣: ٦١)**

یەکێک لە خەسڵەتە دیارەکانی شیعری شێرکۆ ، ئەوەیە کە لەیاری زماندا و لە گۆڕینی وێنەکاندا زۆر باڵا دەستە؛ بۆیە گەلێ جار بیرێک بەچەند وێنەو داڕشتنێکی جیاواز دەخاتەڕوو، ئەمەش مەبەستێتی بیرەکە بگاتە زۆرینەی خوێنەران، لەم دەقەدا مەبەستێتی چەوساوەی ماڵ و زەوتکراوی کورد لە لایەن عەرەبی بەعسیەوە پیشانبدات، بۆ ئەمەش وێنەی ماسی سیروانی لەسکی ماسی دیجلەدا دەهێنێتەوە.

شاعیر لە دەقی (٢٧ جار)دا کە لە ساڵی(١٩٧٨)نووسیویەتی و دەڵێت:

**ئەڵێن هەموو ساڵێ جارێک**

**بەدامێنی گردەکەی مامەیارەوە**

**چاویان لێیە : جرجێکی ڕەش**

**لە کونێکی تاریکەوە**

**بیست و حەوت جار سەر دەردێنێ و**

**چاوی هەڵۆ ئەیکاتەوە**

**بەناو کوندا و**

**ئەیتۆقێنێ**

**خەڵکی ئەڵێن : هەڵۆی پیرۆز**

**ڕۆحی بەفرینی ((بێکەس)) ەو**

**جرجیش ((ئەدمۆنز )) (بێکەس(ز)،١٩٨٦: ٢٥-٢٦)**

لێرەدا شاعیر وێنەی یاخیبوونی خۆی لەنێوی یاخیبوونی (فائق بێکەس)ی شاعیردا دەخاتەڕوو، کە ( بێکەس ) بە دەقی (بیست و حەوت ساڵە)کەی بە دوور و درێژە وەڵامی(ئەدمۆنز) داگیرکەرەکانی دەداتەوە، شاعیر (ئەدمۆنز) بە جرج و(بێکەس) بە هەڵۆ دەچوێنێت، (شێرکۆ) مەبەستیەتی (جرج)ەکان لە هەموو زەمانێکدا هەن و هەڵۆکانیش هەمیشە بەدوایانەوەن و ڕەتیان دەکەنەوە لێرەدا بێکەس ڕەهەندێکی نەتەوەیی گشتی هەیە و ئەدمۆنزیش وێنای هەموو دوژمنان دەکات.

شاعیر لەدەقی (تەوقەکردن)دا دەڵێت:

**کێڵگەکان هەڵ ئەسنە سەرپێ و،**

**دروشمی ((باران )) هەڵ ئەگرن**

**کەکێڵگەکان تەوقە لەگەڵ:**

**باران و ڕووباردا ئەکەن**

**ڕووت و برسی ی ڕاست ئەبنەوەو ،**

**داوای نان و بەرگ .. ئەکەن**

**منیش هەر چەند وشەکانم**

**تەوقە لەگەڵ : دەنگما ئەکەن**

**شیعرەکانم ڕاست ئەبنەوەو ..**

**داوای سەر بەستیم لێ ئەکەن (بێکەس(ث) ،٩:١٩٧٨)**

شاعیر هەمیشە لەنێو ترس و گوماندا دەژی، لەگەڵ ئەوەشدا لە نێو پرسیارەکانی ژیاندا ڕادەمێنێت، ئەم دیاردانەش لەنێو ناخی شاعیردا ڕەنگدەدەنەوە، ڕاپەرینی نەتەوەی کورد بۆ ئازادی و سەربەستی بەردەوام بووە لەپێناو چەسپاندنی دیموکراسی و ئازادیدا، کورد هەمیشە لە ململانێدا بووە لەپێناو بونیادێکی نوێ و ستەمێکی نوێ و ژیانێکی نوێ دوور لە چەوساندنەوە و ژێردەستەیی، هەروەکو (شێرکۆ بێکەس) لەمبارەیەوە دەڵێت: ((ئێمە کۆمەڵێکی یاخی بووین

لەحزبەکانی خۆمان و ئەمانویست لەڕێی ئەدەبەوە هەناسەیەک بدەین و ژیان بەجۆرێکی جیاواز تەفسیر بکەین، ئێمە ئەمانویست تازەگەری ئامانجی گەورەمان بێت و سنووره تەقلیدییەکان ببەزێنن، بەڵام بەگەرووی شیعرو چیرۆک و هونەر ئەم هاواره بکەین، نەک حزب و ئایدۆلۆژیا)) بێکەس، ب٢،٢٠١٣: ٢١٧).

شاعیر لەدەقی (مەل)دا دەڵێت:

**خۆڵ و دۆیان کرد بەسەری**

**باخچەیەکی ((ئەسمەره))داو،**

**بە پشتاو پشت**

**گوڵەکانیان**

**سواری پشتی چقڵەکان کرد..**

**دارەکانیان دارستان و شاربەدەرکرد..**

**هەر دوو چاوی ئاویان کوێر کرد**

**لەبەر ئەوەی مەلەکانی ئەو باخچەیە**

**بەیەکەوە هەڵ ئەفرین و ، قۆڵ لە قۆڵدا**

**بۆجێ ژوان .. ئەڕۆیشتن..**

**پێکیشەوە لە مەیدانی گەورەی شاردا**

**بە منداڵان ئەگەیشتن ..**

**لەبەر ئەوەی مەلەکانی ئەو باخچەیە**

**ئەچوونە سەر .. هەوره بانی**

**ماڵی پاشا ئەیان خوێندو ،**

**هەڵ ئەنیشتن . (بێکەس(ث) ،١٩٧٨: ٣١-٣٢)**

شاعیر  بۆ ئەوەی بیانووی یاخیبوونەکەی ئاشکرابکات، پەردە لەڕووی ئەندازەی ستەمی ڕژێمی بەعس هەڵدەماڵێت، بە تایبەتی ستەمی دوای ساڵانی(١٩٧٥)کە تیایدا گوندو لادێ و سروشتی کوردستانی وێرانکرد و خەڵکەکەشی پەرتەوازە کرد، شاعیر بەجوانی وێنەی ترسی ڕژێم

لەپێکەوە بوونی گەلی کورد دەکێشیت.((شاعیری بەهەڵوێست سەر بە کۆمەڵێکە وەک زانایەکی سەردەمی خۆی واز لە حاڵەتی خۆی دێنیت، وەک سەیرکەرێک هەموو بیرو هونەرەکەی خۆی بۆ خزمەتکردنی کێشەیەکی دیاریکراو دەبێت)) محمد برادة ، تحولات مفهوم الالتزام فی الادب العربی الحدیث http://www.suhuf.netsa١٩٩٩jaz/oct/١٠.rv٦.htm١

ئەوەتا لە شیعری ( گریان) دا کە لە ساڵی( ١٩٧٨)دا نووسراوە باسی لە خەم و ئازارەکانی گەلی کورد دەکات، کە هێندە گەورەیە، مرۆڤ توانای بەرگەگرتنی نەماوە، بێگومان شاعیر مەبەستی لە هەموو ئەو ڕووداوانەیە، کە بەسەر نەتەوەی کورد هاتوون بەدرێژایی مێژووی گەلی کورد، ئەوانیش – ڕاگواستن و گواستنەوە و چەوساندنەوە دانپێنەنان بە مافە ڕەواکانی گەلی کورد و ژێردەستەیی کردنی تاکی کورد، کە هیچ ئازادی و سەربەستیەکی ڕەهای نەبوو.
شاعیر دەڵێت:

**لە کۆچدا بووم ..**
**ئاوێکم بینی ئەگریا ..**
**لام داو .. وتم :**
**بۆچی ئەگریت ؟!**
**وتی ڕووبارێ بووم پێش تۆ**
**هاتن لێ یان شکاندمەوە ..**
**لێ یان بریم ..**
**بۆیە ئەگریم ! (بێکەس(ش) ،١٩٧٨:٧٤)**

لێرەدا شاعیر باسی نەتەوەی کورد دەکات، کە پێشتر خاوەنی خاک و زمان و نیشتمانێکی مەزن و سەربەخۆ بووە، بەڵام بەهۆی دەستی داگیرکارانەوە بەش بەش کراوم، چونکە لێرەدا شاعیر نیشتمانی بە ڕووبار چواندووە، کە پێشتر ڕووبارێک بووە، شاعیر لە ڕێگەی پرسیارکردنەوە لە ڕووبار لە هۆکاری گریانەکەی بۆی دەرکەوتووە، کە ئێستا لقیان لێی شکاندووتەوە، بۆیە ئەگرێت، واتە نیشتمانی گەلی کوردیان دابەشکردووە لە پێناو بەرژەوەندی خۆیاندا، (شێرکۆ)باڵای خەمی زۆر بەرزترە لە خەمی نەتەوەیەک، بەڵکو بازنەیەکی مرۆڤایەتیش پێکدەهێنێت و دەڵێت: ((یاخیبوون لە هەموو کۆنە چەق بەستووەکان، لە هەموو دابونەریتە ئازادی کوژەکان، جا یا لە ئایندا بێت یان لەحزبدا، بەناوی مارکسییەتەوە بێت یان قەومیەت)) بێکەس،ب٢٠١٣،٢: ٢١٧).

شاعیر لە دەقی (مشار)دا کە لە ساڵی(١٩٧٩) نووسیویەتی و دەڵێت:

**مشارێک ..دوو**

**دەسکی هەبوو**

**دوو دارکەنی ماڵی ئیمام**

**دەستیان دایەو**

**کەوتنە وێزەی پیرە دارێ**

**وەختێ درەخت**

**بەلادا هات**

**بەدەم ڕێوە**

**لەسەر مشار کردیانە شەڕ!**

**هەر بەپێوە**

**ئەم دەسکێکی و ئەو دەسکێکی**

**ڕائەکێشا**

**هەتا ناوقەدی یەکتریان**

**پێ بڕێوە . (بێکەس(ز)،١٩٨٦: ٢٧)**

شاعیر بە زمان و وێنە گەلێکی ساکار و پڕ بەها، کە مەبەستێتی هەموو کوردێک لێی تێبگات، وێنەی دووبەرەکی و خۆخۆری کورد دەکێشێت، بەتایبەتی لە ڕۆژگاری شەڕی براکوژیدا، شاعیر لەم واقیعە یاخی دەبێت و پرسیارلە سەر شۆڕش دروستدەکات، بۆ هێشتا کورد بەدەست ڕژێمی بەعسەوە دەناڵێنێت، نابێت ئەم ڕووداوانە لەنێو شۆڕشی کوردا ڕووبدەن.

شاعیر لەدەقی (دووسرودی کێوی)دا کەلەساڵی(١٩٨٠)نووسیویەتی و دەڵێت:

**ئەی ((پەری خان )) ! ئەمانەوێ خۆشەویستیت**
**وەکوو نان ببەخشینەوە .**
**وەکوو منداڵ بیگرینە کۆڵ .**
**وەکوو گوڵ بیکەین بە چەپک.**

**وەک شیعر بیخوێنینەوە**
**گوێیان بە لۆکەی تاریکیی ئەئاخنن**
**تف ئەکەنە ناوچەوانی**
**نان و منداڵ.**
**گوڵ کوێر ئەکەن .**
**قاچی شیعر ئەبڕنەوە .**
**چاوت لێیە : جێگەی زمان ئەگوێزنەوەو**
**مۆری ئەکەن .**
**ئەیانەوێ ... ئەوان بە تەنیا مۆخی کادانیان**
**بۆ خەڵک ئەوێ .**
**ئەیانەوێ ... ئەوان بە تەنیا چاوی شووشەیان**
**بۆ خەڵک ئەوێ .**
**پاسەوانن ، بەڵام نوستوون .**
**پاسەوانتن و ئەتدزن**
**پاسەوانن و کچێنیت لەسەر مێزیان**
**جۆکەرێکەو**
**پاسەوانتن و ...**
**چاوی خۆتەو ئەبێ بڵێی چاوم نیە**
**گیانی خۆتە و ئەبێ بڵێی گیانم نییە!**
**ئەی پەری خان**
**باران نەنووست و**
**نەنووستم ..**
**بەڵام چبکەم .. پێت نەگەیشتم ؟!( بێکەس(ج) ،١٩٨٠: ٤٠-٤١)**

لێرەدا شاعیر نیشتمان بە(پەری خان)بانگدەکات، کە خاک و نەتەوە و زمانی خۆتە، دەبێت نکۆڵی لە بوونیان بکەیت، تەنانەت نکۆڵی لە چاو و گیانی خۆت بکەیت، شاعیر دەستدەخاتە سەر ئەو سیاسەتی داگیرکارییەی ڕژێم، کە بریتی بووە لە گۆڕینی مێژوو خاک و مێژووی نەتەوە و زەوتکردنی سەرمایە نەتەوەیەکانی کورد و پیشاندانی میللەتەکە وەک میللەتێکی بێ مێژوو و سامانی نەتەوەیی، لەگەڵ ئەمەشدا شاعیر هەر بەردەوامە لە یاخیبوون و کۆشش لەو بارەیەوە دەڵێت :((لە قەسیدە درێژەکەی(کۆچ)ەوە ئافرەت و خاک بوونە یەک ڕووبار و تێکەڵ بە خۆشەویستی گەورەی نەتەوەکەم بوون، پرچی ئافرەت و چڵە درەختێکی کوردستان، چاوی کیژۆڵەیەکی کوردو کانییەکی بێ بنار، ڕەزێکی سووتاو و دەموچاوی پیرێژنێکی سکسوتاوی وڵاتەکەم، هەر هەموویان بوون بە گۆڕانی شیعرەکانم، هەڵبەتە پیشتر ئافرەتم هەر لە

پەنجەرەیەکی ڕۆمانسیانەی بەر تریفەی مانگە شەوەوە ئەبینی، بەڵام تاقیکردنەوەی ژیان، ئەم سەرنجە هەرزەکارو یەکلایەنییەی گۆڕیم و تێی گەیاندم ئافرەت هێزێکی گەورە و وزەیەکی لەبن نەهاتووی ئەم ژیانەیە ، هەر لەنجەی کەو و تاوس و قومری نییە، بەڵکو باڵێکی تری هەڵۆی ڕەنج و تێکۆشان و خۆبەختکردنە، سەنگەرێکی پیرۆزی تری کوردستان و ئەو جیهانەیە .)) (عومەر،٢٠٠١:٤٨)

شاعیر لەدەقی (سۆز) کەلە ساڵی (١٩٨٠ ) نوسیویەتی و دەڵێت :

**بەسۆزی تۆوە بانگ ئەدەم**

**من تەنیام و کاروانیشم**

**زیندانیم و ئازادیشم**

**باڵدار نیم و لەناو هەورام**

**تەنها ساتێ**

**جێژرگەی خۆشەویستیی**

**تۆم جێ نەهێشت**

**کەچی دنیاش**

**هەمووی گەڕام**

**.........................................**

**بوومەشەپۆلی نە سرەوتی**

**بن بێقەرار**

**کە چریکەت ڕای چەنانم**

**بوومەلەرزەم خستە پێش خۆم**

**لەو دەمەوە**

**حاڵ گر توومی و**

**وەک ئاگری بەر زریانێ**

**لەلووتکەتا**

**پەلوپۆی کلپە ئەهاوم**

**بۆ دێ بە دێ**

**بۆ شار بەشار .**

**لەو دەمەوە**

**من بوومەتە شاری گەورەی**

**عیشق و ئازار (بێکەس(پ)،ب٢،٢٠٠٩: ١٣٧-١٣٩)**

لێرەدا شاعیر تەواو هەڵوێستی یاخیبوونی خۆی بەرامبەر بە دەسەڵاتی سیاسی ئەو سەردەمە دەردەبڕێت، کە بۆ نەسرەوتن لە نیشتمانەکەی تا دەگاتە سەرکەوتن بێ قەرارەو چریکەی نیشتمان ڕایدەچەڵەکێنێت، هەروەها دەڵێ بوومەلەرزەم خستە پێش خۆم، واتە وەکو بوومەلەرزە دەرکەوتەوە، هەروەها دەڵێ(حاڵ گرتوومی ) ئەم دەستەواژەیە بۆ ئەو دەروێشانە بەکاردێت کە لەکاتی پەرستندا حاڵ دەیان گرێت، لێرەدا شاعیر چەشنی ئەوان حاڵ گرتوویەتی وەکو ئاگر کڵپە دەهاوێ و بەنێو دێ و شاردا دەگەڕێت .

شاعیر لەدەقی (کڵپە)دا دەڵێت:

**بۆیە توانیم ڕێگە دەرکەم**

**ئەو بەیانییەی چاوی تۆم ئەخوێندەوە**

**من لەشەوی ڕابردودا**

**مراویەکانی-نهێنی-م**

**لەبنی قووڵ وشەیەک دەرهێنا بوو**

**هەستت نەکرد؟!کەبینابیم خوێندیتەوە**

**چاوت تەڕبوو!**

**هەستت نەکردکەلەناو گلێنەتەوە**

**پۆلە وشە دێنە دەرێ و**

**لەسەر کاغەزی بەردەمم ئەنیشنەوەو**

**ئەبنە شیعروکڵپە ئەکەن؟!**

**بۆیە توانیم قسە لەگەڵ**

**باوبۆراندا بکەم چونکە**

**هەورە بروسکەم پێچابوولەسەرمەوەو**

**ناڵەو گرمەم**

**خستبووە ناو هەناومەوە. (بێکەس(پ)،ب٢،٢٠٠٩: ١٢٩)**

شاعیر باس لە دەروونیی خۆی دەکات، کە بەهۆی هەموو ئەو ڕووداو و کارەساتانەی کە بەسەر نەتەوەکەی هاتووە، کڵپەی ئاگر لە ناخی بەربووە و ئەو کڵپەی ناخیشی بەهۆی خوێندنەوەی هەست و چاوەکانی گەلی کورد بوونەتە وشە و بە وشەکانیش شیعری جوانی داهێناوە، کە ڕەنگدانەوەی بارودۆخ و ناڵەی دەروونیی نەتەوەکەی بووە، کە دەوترێ( شێرکۆ)((لەبەگژداچوونی زوڵم و زۆرو چەوسانەوەدا بەهەر شێوەیەک بوو بێت، خۆی نیشانداوە، بەپێی خامۆشی یان توندوتیژی بەرەنگاربوونەوەش دیسان شیعری بەرەنگاربوونەوە لە هەڵچوون و داچووندا بووە.)) (عومەر،٢٠٠١:٢٠).

ئەوەتا شاعیر لە دەقی (داستانی هەڵۆی سوور)دا کەلەساڵی(١٩٨٤)نووسیویەتی و دەڵێت:

**کەڵەشێرە بەزیوەکان**
**لە هەندەران**
**زاریان بۆ بەختی نەهاتی کورد هەڵ ئەدا !**
**لەسەر مەسەلەی ڕەوای کورد !**
**لەناو یەکدا**
**چەڵە مشکێنەیان ئەکرد**
**گەر تاقەتیشیان بچوایە**
**یەکی مێشکوژێکیان پێ بوو**
**مێشیان ئەکوشت ! (بێکەس(ح) ،١٩٨٤: ٥٨)**

بەدرێژایی مێژوو، گەلی کورد قوربانی دەستی بەرژەوەندیی گەلانی سەردەست و زلهێزبووە و بەردەوام ماوەی جارێک سیناریۆیەکیان دادەڕشت و زاریان بۆ چارەنووسی کورد زریان هەڵدەدا و هەر زوو مافەکانیان بێ بایەخ دەکرد، پێگەی شاعیر بەپێی ئەو بەشداریکردنەی، کە لەنێو کۆمەڵگا دەیکات، دیار دەکرێت، هەمیشە شاعیری یاخی پشت لە کێشەو ئارێشە خودییەکانی خۆی دەکات و هەوڵی چارەسەرکردنی دۆخی گشتی کۆمەڵگا دەدات . ((بۆ ئەوەی شاعیران و نووسەران و هونەرمەندانمان بتوانن بەشێوەیەکی دڵسۆزانە و ڕاستەقینە ئەم واقیعە دەربڕن، پێویستە بچێتە مەیدانی خزمەتی زۆربەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، ئەوەش نایەتە دی هەتا

ئەدەبەکەمان لەژیانی کۆمەڵانی ڕەنجدەری کوردستان نزیک نەبێتەوەو بەزمانی ئەوان نەدوێ))
(میراودەلی ،٣ی نیسانی ١٩٧١: ٦)

هەروەها دەڵێت:

**ئەسپەکان چۆڕ چۆڕەی فرمێسکیان**
**کەوتە بن سمەکان**
**تەویڵیان وەک ئاڵای جێ ماوی ئۆردویەک ،**
**لە غاردا جێ هێشت و کەوتنە ژێر لمەوە .**
**ئەسپەکان حیلەیان لە قورگیان جوێ بۆوە**
**مێخەکان سواریان بوون**
**بڕوانە ئاوزەنگی چۆن لە پاڵ ئاخوڕدا**
**بۆ قاچی سوار ئەگری!**
**((ئەسپەکان زریانی تووڕە بوون**
**لەبەر پێ ی زەمیندا مەحاڵیان یخ ئەدا )) (بێکەس(ح) ،١٩٨٤: ٢٢)**

یاخیبوونی شاعیر لەنێو شیعرەکانیدا ڕەگی داکوتاوە، بە چەشنێک لە سیاسەت یاخی دەبێت، کە مەودای گفتوگۆی تێدا نامێنێتەوە، واتە ڕەتکردنەوەی واقیعی بەزۆر بەسەردا سەپاو، سەرباری ئەمەش یاخیبوونی شاعیر بریتیبوو لە ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسی، لەم بارەیەوە خۆی دەڵێت :-((دوای هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێ، ئەبوایە شیعریش بەشێوەیەکی نوێ هەڵبگیرسێتەوە! داستان نموونەیەکی بوو، پانۆرامای چەندین ساڵ و تاقیکردنەوەو گینگڵ و ئازار و شەونخونی بوو شیعری پاشکۆ و سێبەر، شیعری مو هەڕیج و لیبۆک و نیمچە پیاون،)) (عومەر،٢٠٠١:٩٨).
هەروەها لە کۆپلەیەکی تردا دەڵێت:

**هاوڕێکەم !**
**بۆ لات سەیرە ؟**
**زۆر جار سیاسەت پیاوێکە کەتەو ورگن**
**شەپقە لەسەر**
**پیرەو بەڵام گەنج ئەنوێنێ**
**ئەم کابرایە**
**ئەفەندیەو سەر ڕووتاوەو**
**جانتا بەدەس**
**سەد گیرفانی بۆ جلەکانی کردووە**
**هەرچی زمانە پێ ی ئەدوێ و**

**ناویشی :**
**بەرژەوەندی – یە !! (بێکەس(ح) ،١٩٨٤: ٣٥)**
شاعیر قاڵبووی ناو دنیای سیاسەتە بە ژیان و بە شیعر و ڕۆشنبیری لەگەڵیدا ژیاوە و زۆر بە وردیش لێی تێگەیشتووە، ئەو ڕاستیە دەخاتەڕوو، کە لە سیاسەتدا ئەوەی نەگۆڕ و هەمیشەییە(بەرژەوەندییە)، نەک هاوڕێتی و دۆستایەتی، بێگومان مەبەستیەتی ئەم ڕاستیە بگەیەنێت بە خوێنەرەکانی، چونکە بەلایەوە ((شاعیرو جەماوەر دوو لایەنی بەیەکەوە بەستراون وەک دوو سەری پردێک یەک یەکتری تەواو ئەکەن، خۆ شیعر لەبۆشاییدا دروستنابێ، هەموو بەرهەمێ زادەی ژیان و واقیع و ناو جەماوەرە .هەر ئەوانیش سەرچاوەو ئاڕاستەکەری یەکەمن، بەڵام کاتێ مادە خامەکەی ناو واقیع، لای شاعیر ئەبێت بەکارێکی هونەریی، ئەمجارە لە شێوەی هونەرێکدا و بەزمانێکی تر – کە جەماوەرەکە دەستەوەستانە لە ئاست دەربڕیندا – دیسان هەست و نەستی خەڵکەکە ئەخاتەژێر کارتێکردنی تازەی خۆیەوە،)) (عومەر،٢٠٠١:٦٢).

شاعیر لە دەقی (ڕووبار)دا کە لە ساڵی(١٩٨٤)نووسیویەتی و دەڵێت:

**نەخشەیەکی بچکۆلە بوو لە خاک و خۆڵی بێژراوو**
**لە گردۆڵکە و باخ و ڕەزی سوتێنراوی میرنشینی**
**بابان ئەچوو کاروانی ڕۆژ کاروانی شەو کۆچیان**
**کردوو جارێک دووجار داڵ لە دڵی خۆیدا وتی :**
**((ئەگەر سەرکێشی وەک یارەم**
**لەگەڵدا بێ ..**
**من بۆ سوڵتان**
**چین و ماچین**
**ئاسمان ئەگرم**
**چیاکانی هیمالایای بۆ سەر ئەبرم ،**
**- بەڵام یارە**
**برینێکی عاسی و گیرە**
**زامی خاک و زامی لەشی**
**نەدا بە پارە و بە لیرە**
**بۆ بابی عالی و بۆ سوڵتان**
**(( پیرەمەگرون )) ی سەری خۆی**
**دانەنەوان ! (بێکەس(چ) ،١٩٨٤: ٣٨-٣٩)**

(هیمالایا) یەکێکە لە بەناوبانگترین و بەرزترین زنجیرە چیاکانی کیشوەری ئاسیا و جیهان، کە دەکەوێتە ناوچەکانی هیندستان و پاکستان و بوتان و نیپالەوە تا چین، شاعیر ئامادەیە لەپێناو خاکەکەی هیمالایەش سەربیبڕێت ، بەڵام شاخی (پیرەمەگروون) کە دەکەوێتە خاکی کوردستانەوە بۆ داگیرکەران و سوڵتانەکان، کە مەبەستی دەسەڵاتی داگیرکەری تورکە (لیرە)سەری دانەنواندووە بۆ پارەو پوول، بەو هەموو برین و ئازارەشەوە، کە چەشتوویەتی پارێزگاری لە خۆی و خاکەکەی کردووە، شاعیر ئەوپەڕی یاخیبوون لەپێناو دۆزی ڕەوای گەلەکەی پیشاندەدات.

شاعیر لەدەقی (ڕووبار) کە لەساڵی (١٩٨٤) دا نووسیویەتی ڕۆحی کوردانەی گەلەکەی بەرەو شۆڕش و یاخیبوون هاندەدات و دەڵێت :

**لەسەر لووتکەی پیرەمەگرون ڕاوەستاوەو**
**هاوار ئەکات**
**ئەم بێ دەنگییە نەکوژن**
**ئەتانکوژێ**
**ئەودەڵە دێوە سەرنەبڕن**
**سەرتان ئەبڕێ**
**ئا ئەم تەمە ڕانەماڵن**
**خواش ون ئەکەن**
**لق ئەبێ چاوی لەپەل و**
**پەلیش گەڵای خۆی ببینێ**

**مامە یارە .. ئەسپ سوارێکی تووڕەیەو**

**هاتۆتەوە.. (بێکەس(چ) ،١٩٨٤: ٤٤-٤٥)**

لێرەدا پەیامی دەقەکەی ڕوون و ئاشکرایە، کە داوای هەڵوێست وەرگرتن و ڕووبەڕووبونەوەی تاکی کورد دەکات، لەگەڵ دەسەڵاتی بەسەردا سەپێنراودا، چونکە شاعیر پێی وایە ئەگەر بێت و بەردەوام بن لەسەر بێدەنگی و بێهەڵوێستی، ئەوا هەموو نەتەوەی کورد لەناو دەچێت، بەڵکو پێویستە دەنگ و ڕەنگی خۆتان بخەنە پاڵ دەنگی شۆڕشگێران و خەباتکەرانی گەلی کورد، لەپێناو بەدەست هێنانی ئازادی و سەربەستی ڕووبەڕووبوونەوەی دیلی و ژێردەستەیی، کە ئەم خۆ جیاکردنەوە و هاندانی تاکەکانی نەتەوەی کورد و ئەم هەڵوێست وەرگرتنەی شاعیر خۆی لە خۆیدا هەڵوێستێکی دیاری یاخیبوونە.

شاعیر لەدەقی (ڕووبار) کە لە ساڵی(١٩٨٤)نووسیویەتی و دەڵێت:

**ئەی گڕی جەژنە سەوزەکەم**

**بەڵێن ئەدەم من ئەو کەسەم**

**مانگێکی تر لەسەر بانێژەی ماڵەکەم**

**ئەتکەمەوە و لەبەر چاوی :**

**ژەندەرمەکان**

**کڵپەت ئەگەێنمە ئاسمان.**

**یاخی بوونە لەتاریکی**

**خەنجەری کالان بەجێ دێڵێ**
**شەختەی بێدەنگیی ئەشکێنم**
**ئەو وەختەی تۆ**
**ئاگر ئەکەیت بە گڕ شەوا**
**منیش ئەچم .. بێ ترس ئەچم**
**لەسەر قەدە ئەستوورەکەی**
**سوورە چناری گۆڕەپان**
**بەکوێرە و خەتی – دەس خەتم –**
**بە گەورەیی ناوی – کاوە – و**
**وێنەی چەکوشەکەی دەستی**
**ئەنەخشێنم**
**دەور و بەری سوورە چنار**
**وەک ڕۆژ ڕووناک ئەکەمەوە**
**بە هاواری کاوە و نەورۆز**
**ئەم سەر هەتا ئەو سەری شار**
**ئەخرۆشێنم(بێکەس(چ) ،١٩٨٤: ٥٤-٥٥)**

لێرەدا جەخت لەسەر مەسەلەی ئازادی و بەگەرخستنی ئیرادەی تاک دەکاتەوە و هانی مرۆڤی کورد دەدات بۆ تێپەڕاندن و دەرچوون لەو واقیعە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەی، کە بووەتە فاکتەری دواکەوتن و گەشەکردن و مانەوەیان لەناو چوارچێوەیەکی داخراودا، لە لایەکی تریشەوە

سەرکوت و ڕەخنەی ئەو دیاردە کەلتووری و سیاسیانە دەکەن، کە دەبنە کۆسپ لەبەردەم کرانەوە و ڕەوتی گەشەکردنی تاک و کۆمەڵدا.

مرۆڤ کە سەرنجی بارودۆخی سالانی هەشتاکانی سەدەی بیستەم بدات، کە نەتەوەی کورد ڕووبەڕووی بووەتەوە لە هەموو ڕوویەکەوە ئازاربەخشە، دۆخێکی نائارام و ناسەقامگیری کۆمەلایەتی و سیاسی، کە دەرفەتی گەشەکردن و نەشونماکردنی هەمەلایەنەی ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی و فەرهەنگی لەنێو نەتەوەی کورددا نەهێشتبووەوە؛ بۆیە((ئەدیب و ڕۆشنبیری شۆڕشگێر لەوکاتەی کە وشەو کردەوەکانی بەپێوەرێکی عیلمی و شۆڕشگێڕانە دەپێوێ، ئەو پرسیارەی دێتە خەیاڵ، قەیناکە پێویستە یاخی بین و شۆڕشگێڕ بین لەئاستی ڕووخاندنی زۆر رووی بێ کەڵکی کۆن)) (ڕەنجبەر،٢٢ی تەمووزی ١٩٧٢: ٣)

شاعیر لە دەقی (دوو ڕیان) کە لە ساڵی(١٩٨٤) نووسیویەتی و دەڵێت:

**گەر ئازادیم باڵی بکرێ**

**لەئاسمانی کوردستاندا**

**سەربەست نەفڕێ**

**چرکەیەکەو:**

**من زامنێکی کراوەی**

**تفەنگێکی تەقێنراوم**

**من ڕەشەبام**

**من برووسکەم**

**من لافاوم**

**وەکوو زریان پشوو ئەدەم**

**بەلام نانووم**

**وەکوو هەڵۆ هەڵ ئەنیشم**

**بەلام لووتکە قەت بەرنادەم**

**دەستیان هێنا تەوقە ئەکەم**

**بەلام دەستم قەت نافرۆشم**

**وەک نارنجۆک لەسەر کەمەر**

**دائەنیشم(بێکەس(خ) ،١٩٨٥: ١٠٦-١٠٧)**

هۆکاری یاخیبوونی شاعیر خودی دەسەڵاتی چەوسێنەرە، کە لێرەدا شاعیر هەڵوێستی یاخیبوونی خۆی بە ئاشکرا دەردەبڕێت، گەر بێتو ئازادیی نەتەوەی کورد سنورداربکرێت بە سەربەستی لە ئاسمانی کوردستاندا نەفرێت، ئەوا ئێمەی شۆڕشگێر و خەباتکەر هەڵوێست وەردەگرین، دەبمە تفەنگێکی تەقیو، شاعیر خۆی چواندوە بە(ڕەشەبا و بروسکە و لافاو) کە لە هەوڵ و تێکۆشاندا وچان دەدات، بەڵام هەرگیز بێدەنگ نابێت، لێرەدا (هەڵۆ) ڕەمزە بۆ پێشمەرگە، کە هەرگیز سەنگەرەکانی بەرگری و لوتکە بەر نادات، بۆ گۆڕینی سیستەمی دەسەڵاتی سیاسی بەڵێ بۆ ئازادی و سەربەستی، ئەگەر هەوڵی گفتوگۆ و چارەسەرکردنی کێشەکان درا، ئەوا دەستم دەبەمە پێشەوە، بەڵام هەرگیز دەستەکانم نافرۆشم، واتە هەرگیز خاکی نەتەوەکەم نافرۆشم، بەڵام دانوستان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و بەدەستهێنانی بەها مرۆییەکانی نیشتمان پارێزگاری دەکەم .

شاعیر لە دەقی (کەڵ)دا کە لە (١٠-٤-١٩٨٥)نووسیویەتی و دەڵێت:

**ئەم کوردستانە، کوانووە**

**کەڵە پشکۆی قەت لێ نابڕێ**

**گەر پەنگری هاوارێکی ئەو دامرکێ**

**دەیان پەنجەو قەڵەمی تر**

**ئاگر ئەگرێ ! (بێکەس(خ) ،١٩٨٥: ١٣٩)**

شاعیر کوردستانی بەئاگردانێک چواندووە، کە هەمیشە وەکو کوانوو ئاگری لێنابڕێت، کە مەبەستی ئەوەیە ئەم نیشتمانە هەرگیز بێ بڵێسەی شۆڕش نابێ ، ناڵە و هاواری کورد هەرگیز دانامرکێت، بە دەیان ڕۆڵەی ئەم نەتەوەیە لەناودەبرێت و دەیانی تر لەجیاتی شۆڕش بەرپادەکات، بێگومان ئەم شۆڕشە هەم شۆڕشی نەتەوەیە هەم شۆڕشی چینایەتییە؛ بۆیە دەڵێت ((لەیەک کاتدا بە دوو سەرەی نەتەوایەتی و چینایەتی ئەچەوسێنرێینەوە زەحمەتکێشانی کورد جارێک وەک کورد سەرکوت ئەکرێن و ئینجا وەک چینی چەوساوەش، ئەوەندەی ستەمی نەتەوایەتی، من ئەهاڕێ، هەرگیز شاعیرێکی فارس و تورک و عەرەب وا ناهاڕێ.)) (عومەر،٢٠٠١:٦١)

شاعیر له دەقی (نەفرەت)دا کە لە بەرواری(١٢-٧-١٩٨٥)نووسیویەتی و دەڵێت:

**نەک کەرەتێ هەزار کەرەت**

**هەموو ئەڵێن : حاشا ... حاشا**

**حاشا لەوەی**

**لەو وشەیەی ... لەو گوللەیەی**

**شیری مەمکی شاخیان فرۆشت**

**سەری گوڵەباخیان بڕی**

**چاوی درەختیان هەڵکۆڵی**

**نەفرەت**

**نەفرەت**

**نەفرەت (بێکەس(خ)،١٩٨٥: ١٥٣)**

نامۆیی و غوربەت و کۆمەڵێ هۆکاری تر، کە تایبەتن بە خودی مرۆڤ، وا لە شاعیر دەکات، کە تووشی نامۆیی و بێ ئومێدی بێت، یاخی دەبێت و لێی هەڵدێت، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە مرۆڤ لە زێدی باب و باپیری خۆی هەڵبێت و یاخی بێت، کە پڕە لە یادەوەرییەکانی قۆناغەکانی ژیانی و هەست بە نامۆیی بکات تیایدا، واتە مرۆڤ لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی و ئەو پێشیهاتەی لە نیشتماندا ڕوودەدات، نەتوانێت لە نێوان خودی خۆی و نیشتماندا هاوسەنگییەک دروستبکات و خۆی لەگەڵ ئەو هەلومەرجە و بارودۆخەدا بگونجێنێت، ئەوا تووشی یاخیبوون دەبێ خۆی بە پێوەرەکانی نیشتمانەوە نابەستێتەوە .

شاعیر لە دەقی (ڕێگا ) کە لە ساڵی(١٩٨٥) نووسیویەتی و دەڵێت:

**ڕۆژێ زەمین بورکانی بوو**

**بورکانیش کوردستانی بوو**

**کوردستانیش کوڕی وەکوو**

**ئاراراتی لێ کەوتەوە ..**

**ئاراراتیش کوردی لێ بوو**

**کوردیش دووانەی چەوسانەوەو تێکۆشانی**

**بەیەک سک بوو**

**لەو دووانەیەش**

**ڕێگای وەکوو (( یلْماز گۆنای )) لە دایک بوو . (بێکەس(ز) ،١٩٨٦: ٥٩)**

شاعیر پەردە لەسەر ژیانی پڕ لەشۆڕش و یاخیبوونی کورد هەڵدەماڵێ، کورد وەک دایکێک هەر لەسەرەتاوە خاوەنی دوو منداڵ بووە (چەوسانەوە) و (تێکۆشان)؛ بۆیە هەتا هەیبێ ئەم دوانەیەی لێ نابڕێت، بێگومان بەری ئەو دوانەیەش مرۆڤ گەلێکی کورد پەروەرو شۆڕشگیری وەک (یەڵماز گۆنا)یە، شاعیر لە ڕێگەی درەختی ڕیشەیی (بورکان، ئارارات )ەوە گیانی بەگژداچونەوە و سەختی بەرگری کورد وێنا دەکات .

شاعیر لە دەقی (تەم توومان)دا کە لە ساڵی(١٩٨٥) نووسیویەتی و دەڵێت:

**هاتن و تاعوونی هەوایان بەردایە ئاسمانم .**

**هەناسەی سینەمیان کلیل دا**

**بە ژەهر سواغیان دا .**

**دێوەکان!**

**دێوەکان !**

**دێوەکان ! (بێکەس(ر)،١٩٨٥: ٤٠-٤١)**

( تاعوونی هەوا) مەبەستی کیمیاباران کردنە، کە لە ئاسمانەوە بەگازی کیمیایی بۆردمانکراو کرا و هەناسە و سنگی مرۆڤەکان بە ژەهری سێو خنکێنرا، لێرەدا شاعیر سێ جار (دێوەکان )دووبارە دەکاتەوە، کە چواندوویەتی بە دەسەڵاتی داگیرکەرانی ڕژێمی بەعس دیکتاتۆر، سەرباری ئەم هەموو مەرگەساتە، بەڵام شاعیر هەر لەکۆڵنەدانە و بەگژ ستەم و دوژمندا دەچێتەوە و ئەفسانەیەک لە بەرەنگاری دروستدەکات، (شێرکۆ بێکەس) دەڵێ ((شیعری بەرەنگاربوونەوە لە جەوهەردا بریتییە لە شیعری هۆشیارکردنەوەی نەتەوەیی، چینایەتی، کۆمەڵایەتی و جۆشدانی گیانی تێکۆشان و خەبات دژی هەموو زوڵم و زۆر و سەر کوت کردنێکی نەتەواتیەتی و چینایەتی، لە ڕووی زەبروزەنگدا ڕەفزکەری واقیعی ژێر دەستەییە، لەگەڵ پەرەسەندن و ژیانەوەی هەستی نەتەوایەتی و تیژبوونەوەی ململانێی چینایەتی و کۆمەڵایەتیدا .)) (عومەر،٢٠٠١:٢١).

هەروەها دەڵێت:

**خوێن شایەتمە : ئاو شایەتمە ، نان شایەتمە :**

**سەنگەرەکەم لەپێش خۆمدا شەهید ئەبوو**

**ڕام نەئەکرد .**

**تفەنگەکەم ، مەتارەکەم لە پێش خۆمدا**

**لە تینۆتیدا ئەخنکان .**

**ڕام نەئەکرد .**

**نانە وردەی بن گیرفانم لە پێش خۆمدا**

**لە برسانا ئەمردن و ڕام  نەئەکرد . (بێکەس(ر) ،١٩٨٥: ٤٤)**

شاعیر باس لە جوامێری و چاونەترسی و  یاخیبوونی پێشمەرگە دەکات لەو سەردەمدا، کە شاعیر (خوێن، ئاو، نان ) دەکاتە شایەتی ماندوونەبوون و بێزارنەبوونی لە خەبات و تێکۆشان لەپێناو بەدەستهێنانی ئازادی و سەربەستی بۆ گەلەکەی، ئەم وێنە هونەرییە نیگاری قارەمانانی کوردە، کە شەیدای ژیانە، بۆیە دەسەڵاتی ستەمکار  سڵدەکاتەوە لە نەبەردی و چاونەترسی  گەلی کورد، کە مردنیان بە چاوی خۆیان دەبینی، بەڵام ئامادەنەبوون سەنگەرەکانی بەرگری چۆڵبکەن . لە شوێنێکی تردا (شێرکۆ بێکەس) دەڵێت :((بزوتنەوەی  رزگاریخوازی ڕاستەقینە، بزوتنەوەی ناو هەموو مەیدانەکانی ژیانە . چوونەوەیە بە گژ هەموو واقیعە تاڵ و ناهەموارەکانی نەتەوەدا، بەڕەنگاربوونەوەی دوژمنە لەهەموو ئاستێکی شۆڕشگێڕییەوە .هەر ئەم ڕاپەڕینی فرەمەیدان و ڕوانینە زۆر لایەنەشە، ئەم  هاوبەشیکردنەی چەک و قەڵەم و هەموو وزەیەکی ترە، کە شۆڕش لەچەتەیەتی و چەتەگەرێتی  جیائەکاتەوە! تەواوی چینە شۆڕشگێڕەکان تەیار و ئامادە ئەکات بۆ ئەوەی هاوبەشییەکی ئەرکی نەتەوەیی و نیشتمانی و چارەنووسێکی مێژوویی بن .)) (عومەر،١٠٩:٢٠٠١).

شاعیر لە دەقی (تەم توومان)دا کە لە ساڵی(١٩٨٥)نووسیویەتی و دەڵێت:

**ئەبێ ئەم سەرە ، ئەم گڵۆپە سوتاوە داگرین و**

**وای فڕێ دەین ، لە دوایدا**

**وردە شووشەکانی . نەچن بەپێی  منداڵەکانماندا !.**

**ئەبێ ئەم سەرە بگۆڕین**

**ئەبێ هەر خۆیشمان بیگۆڕین .**

**سەرێکی نوێی لە جێ دانێین .**

**سەرێکی پاک ، ڕوو لەهەتاو،**

**هەزار پەنجەرەی تێدا بێ .**

**سەرێ هەموو کانی و زەریا و درەختێکی**

**کوردستان و ئەم جیهانەی لەناو دابێ . (بێکەس(ر)،١٩٨٥: ٥٣)**

لێرەدا شاعیر داوای گۆڕینی دەسەڵات و کاربەدەستانی دەوڵەت دەکات، کە وەک گلۆپێکی سوتاو، پێویستە لابدرێن و بگۆردرێن، بەڵام بەچەشنێک کە هیچ تارمایەکی ئەو دەسەڵاتە جێ نەمێنێت، نەوەک لەناکاو دووبارە سەرهەڵبداتەوە و ژیانی نەوەکانی داهاتوومان بخاتە مەترسیەوە و لە جێگای ئەوەش کەسی و شیاو و باش هەڵبژێرن، بگەشێتەوە و هەموو پارچەکانی کوردستان لەباوەش بگرێت، شاعیر هەمیشە ڕاستگۆیانە خەمەکانی باسکردووە ولەم بارەیەوە دەڵێت: ((کە شیعرێکی نیشتمانی ئەنووسم، کە هەڵوێستی خۆم، هەست و نەستم لەو شیعرەدا ئەنوێنم، وەک شاعیرێکی دڵدار لەگەڵ شیعرەکەمدا ئەدوێم و هەڵسوکەوت ئەکەم، لەئاستی ڕاستی و پاکی و وەفاداری و دڵداریەکەیدا هەرگیز بەنیوەچڵ خۆشەویستیم نەکردووە، خۆ ئەگەر وەختێکیش دڵدارەکەم پشتی تێکردبم، لە مەترسی و تەنگانەدا بەجێی هێشتبم، دەستی لێبەردابم، ئەوساش هەرگیز سڵم نەکردۆتەوە، لەوەی نەیدەمە بەر نەشتەری شیعر))(عومەر،٢٠٠١:٧٧-٧٨)

شاعیر لە دەقی (کەشکۆڵی پێشمەرگە)دا کە لە ساڵی(١٩٨٥) نووسیویەتی و دەڵێت:

**لە جێی هەر قەترە خوێنێکی ڕژاو**

**تۆڵەی یەک بە دە ئەسێنینەوە**

**لە جێی هەر گوڵەباخێکی سووتاو**

**تۆوی هەزاران ئەچێنینەوە .**

**............**

**کاروانی سووری ئەم کوردستانەین**

**ئێمەی نەترساو لەشەوی مردن**

**هەر ئەبێ ئالآی سەربەستی هەڵکەین(بێکەس(خ) ،١٩٨٥: ٩٧-٩٨)**

شاعیر پشت ئەستووره و بەو پەڕی ئومێدەوه لە ئاییندە دەڕوانێت و دڵنیایە مادام سڵ لە مردن ناکەنەوە ، ئەوا بێگومان بە ڕۆژی ئازادی و سەربەستی دەگەن.

شاعیر لە دەقی (جەژنێک)دا دەڵێت:

**هەوری لای ئێمە لە هەوری**

**هیچ ئاسمانێکی تر ناچێ**

**کە دائەکات و ئەبارێ**

**لە چوار لاوە ئاوی چاوانی ئەدزرێ.**

**خاکی ئێمە لە هیچ خاکێکی تر ناچێ**

**خۆی یەک دڵە و هەموو ڕۆژێ بە چوار خاچدا دائەکوترێ .**

**دایکی ئێمە لە هیچ دایکێکی تر ناچێ**

**لەیەک ساتدا سکی ئەو چوار جار ئەسووتێ**

**یەک کەسمان چوار جار ئەکوژرێ .**

**بۆیە ڕۆژێ لە ئاهەنگی**

**ئەم خوێنەدا**

**چوار جەژن ئەکەین بە جەژنێ ! (بێکەس(ز) ،١٩٨٦: ١٠٣)**

یەکپارچەیی خاکی کوردان و بڕوا نەبوون بەسنورە دەستکردەکانی نێوان خاکی کوردستان یەکێکە لە باوەڕە نەگۆڕەکان لای شاعیر؛ بۆیە کە خاک یەک بوو ، بێگومان (ئاو و هەواو ئاسمان و دایکیشی یەکە، بەڵام دوژمنان چوار پارچەیان کردووه و بەرهەمەکەیان بۆ خۆیان زەوتکردووە لای شاعیر ئەم واقیعە تاڵە زۆر ناکێشێ ڕۆژێ دێ سەرکەوتن دێتە دی و جەژنێکی سەرتاسەری هەموان کۆدەکاتەوە و (( شیعری یاخی هەوڵدانە بۆ پساندنی ئەو کۆت و بەندانەی ئایین و سیاسەت و کلتور دەیکەنە ملی مرۆڤ ، شیعری ڕاستەقینە بانگەشە کارێکی یاخیبوونێکی سەرتاسەرییە لە هەموو کۆت و بەندێک، هەوڵدانە بۆ تێپەڕاندنی دۆخی باو و دژ وەستانەوە بە

کۆیلایەتی، شکاندنی موقەدەس، شیعر هەوڵدان نییە بۆ بونیادنانی موقەدەس )) (نوری ،٢٠٢٢: ٢٥٧).

شاعیر لەدەقی (لە وڵاتی مندا)دا دەڵێت:

**لە وڵاتی مندا**

**((ڕۆژنامە))بە لاڵی لە دایک ئەبێ.**

**لە وڵاتی مندا**

**(ڕادیۆ)) بە کەڕیی لەدایک ئەبێ.**

**لە وڵاتی مندا**

**((تەلەفزیۆن))بە کوێری لەدایک ئەبێ.**

**ئەوانەی لە وڵاتی منیشدا بیانەوێ**

**ئەوانە بە ساغی لەدایک بن:**

**لاڵیان ئەکەن و ئەیانکوژن.**

**کەڕیان ئەکەن و ئەیانکوژن.**

**کوێریان ئەکەن و ئەیانکوژن.**

**لە وڵاتی مندا!. (بێکەس(ز) ،١٩٨٦: ١٩٨)**

چەمکی (ئازادی ) ئەو چەمکەیە، کە مرۆڤ بە خودی ڕاستەقینەی خۆی ئاشنادەکات، چونکە ئەگەر مرۆڤ لە نێو خاک و ماڵی خۆیدا بەئازادی نەژی، ئەوا دەبێتە کۆیلەی دەسەڵات، کۆیلەبوونی مرۆڤیش واتە دارمانی کۆمەڵگا و هەموو بەها مرۆڤایەتییەکان((لە ڕاستیدا ئازادیی مرۆڤایەتی بابەتێکی ترسناکە لە دیدگای ( سارتەرە)وە، سارتەر باوەڕی وایە، ئازادی بابەتێکی ڕەهایەو بێ مەرجە، مرۆڤ پێویستە وەک ئەوە بێت، کە دەیەوێت نەک ئەوەی دەبێت وابێت، پێویستە لەسەر مرۆڤ هەڵبژێرێت، هەتا هەڵبژاردن ڕەتدەکاتەوە، کردار لە ویستی ئازادیی ئێمەوە سەرچاوە دەگرێت، چونکە کرداری مرۆڤ گوزارشت لە ئازادی بوونی دەکات، ئازادی تەنیا سیفەتێکی بوونی مرۆڤ نییە، بەڵکو هەیکەلی ئەم بوونەیە ))(شوان نوری ،٢٣٨:٢٠٢٢)ئەوەش ڕەخنەیە لە دەسەڵات ، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پەپامی ئەوە دەگەیەنێت، کە پێویستە یاخی بین.

کاتێکیش زوڵم و زۆری ڕژێمی بەعس لەنیوەی دووەمی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو گەیشتبووە لوتکە و هەموو ئازادییەکی زەوت کردبوو، تێکڕای دام و دەزگا و ڕاگەیاندنەکانی خستبووە خزمەتی ئەو سیاسەتە چەوسێنەرەی، بێگومان (ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفزێنەکانیش) هەر دەبێ لاڵ و نادیدە بن لەبەرامبەریشدا ئەوەی بیەوێ وێنەکان وەک حەقیقەت پیشان بدات و ڕووداوەکان وەک خۆیان بگێڕێتەوە ، ئەوا لەناو دەبرێن.

یەکێ لە کێشە دیار و باوەکانی  یاخیبوون لەگەڵ خودی مێژووی مرۆڤایەتیدا کردەی سەربەستی و ئازادییە، واتە یاخیبوون لەسەر تەوەرەی سیاسی کاردەکات، کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە بوونێکی کۆیلە و ژێردەستەوە بۆ بوونێکی ئازاد دەگۆڕێت، کەواتە ئازادی کرۆکی ئەو پرسە سیاسیانەیە، کە شاعیران لەسەری دەوەستن و هەڵوێست وەردەگرن، وەکو شاعیرێکی یاخی لە بارودۆخی سەپێنراوی سیاسی بەسەر گەڵ و خاکەکەیدا، (شێرکۆ) هەمیشە وەکو شاعیرێک کە لە دۆخی هەڵوێست وەرگرتنیدا قووڵ بۆتەوە چ لەبەرامبەر دەسەڵات داران و داگیرکەرانی کوردستاندا هەمیشە وەکو شۆڕشگێر و خەباتکەری گەلی کورد هەڵوێستی نواندووە، شاعیر هەمیشە لەگەڵ ئازاری گەلەکەیدا بووە، کە بەدەست دەسەڵاتی داگیرکەرانەوە چەشتوویەتی .

شاعیر لە دەقی (کسپە) کە لە ڕێکەوتی (٢٣-٩-١٩٨٧) نووسیویەتی و دەڵێت:

**ڕۆڵە نەوەک هەر لێفەکەت**

**ئاسمانیشت لێ گۆڕاوە !**

**ڕۆڵە نەوەک هەر سەرین و دۆشەکەکەت**

**زەمینیشت لێ گۆڕاوە!**

**ڕۆڵە نەک من**

**زوبانیشت لێ گۆڕاوە !**

**ڕۆڵە بنوو .. بنوو ... بنوو !**

**من ئەزانم**

**نیشتمانت لێ گۆڕاوە !! . (بێکەس(ز) ،١٩٨٦: ١١٦)**

دەقەکە پەردە لەسەر دۆخی نائارامی  مناڵێکی ڕاگوێزراوی کورد هەڵدەماڵێ کە خەوی لێ ناکەوێ، شاعیر دەیەوێت قوڵتر بۆ هۆکاری نائارامیەکە بمانبات کە گۆڕینی نیشتمانە نەک

کەرەستەی کارەکانی دۆشەک و لیفەوە، ئەم ڕاستییە تاڵە ڕاگواستنی کوردانی دوای نسکۆی شۆڕش پیشاندەدات لە کوردستانەوە بۆ ناوەڕاست و باشوری عێراق .

(شێرکۆ) لە چیرۆکە شیعری (داڵ) کە لە ساڵی(١٩٨٧) نووسیویەتی دەڵێت:

**عاشوور بوو بە پێچکەی موسەلەحەی ڕژێم**

**بە بەرچاوی فوڕاتەوە ..**

**گەلێ قەتێی خۆشەویستی بیابانی**

**لە ژێر خۆیدا پان کردەوە ...**

**بۆ بەغدای تۆڕ**

**بوو بە بازی دەستەمۆی ((شێخ))ی ڕژێم و**

**گەلێ باڵندەی هەڵاتووی ژێر زەمینی**

**لەسەر سنور ئەگرتەوە ...(بێکەس(س)،١٩٨٧: ١٠)**

(عاشوور) هێمای پیاوانی دڕندەی ڕژێمە، کە نەک هەر مرۆڤی کوردی لەناو بردووە ، بەڵکو باڵندەکانیشی لەناوبردووە و وەک دیاری بە ڕژێمی بەغدای بەخشیوە، شاعیر مەبەستێتی ئەو ڕاستیە پیشانبدات کە دڕندەیی ڕژێم گەیشتبووە ئاستێک ژیانی لە هەموو شت وەرگرتبووەوە.

هەروەها دەڵێت:

**ئێستە عاشوور حوشترێکە قەڵەو و ورگن**

**بەرازێکە شفرە ئاسن**

**ئێستە عاشوور لەم مەڵبەندەی کوردستاندا**

**قولاپی شادی گرتنە**

**لەناو گۆمی سەعاتەکانی ڕۆژگاردا**

**لەناو گۆمی سەعاتەکانی شەوگاردا**

**ماسی ڕۆحی زەردو سووری خەڵک ئەگرێ**

**ئێستە عاشوور لەم مەڵبەندەی کوردستاندا**

**بەقەد گوڵە ژاڵەی زامی لەشی ((یافا ))**

**لەناو بانقی خوێنی مندا پارەی هەیە(بێکەس(س)،١٩٨٧: ٢٣)**

لە ڕێگەی وێنەکانی (قەڵەو ورگن، شفرە ئاسن، پارەی هەیە )گۆڕاوی و دەوڵەمەندی عاشوری دڕندەمان پیشاندەدات، کە بەهۆی زوڵم و زۆری لەکوردان دەسکەوتی زۆری بۆ بووەو لەسەر زەوتکردنی ماف و خۆشیەکانی کورد هەموو شادییەکی بۆ خۆی دەستەبەرکردووە.

(شێرکۆ) لە دەقی (هەڵەبجە)دا دەڵێت:

**چواردەی مانگ بوو**
**لەسەر ((گوێژە )) ، با قەڵەمەکەی فڕاندم**
**کە دۆزیمەوە و پێم نووسی**
**پۆل پۆل فڕین وشەکانم .**
**پانزەی مانگ بوو**
**((سیروان )) قەڵەمەکەی بردم**
**وەختێ گرتمەوە و پێم نووسی**
**بوون بە ماسی شیعرەکانم**
**شانزەی مانگ بوو!**
**ئاخ شانزەی مانگ !**
**کە (( شارەزوور )) قەڵەمەکەی لێ وەرگرتم**
**وەختێ دایمەوە بنووسم**
**وەک هەڵەبجە**
**وشک بوو بوون پەنجەکانم ! (بێکەس(ز) ،١٩٨٦: ٢١١)**

شاعیر بەهۆی مەرگەساتی گەورەی هەڵەبجە تووشی ئەو یاخیبوونە خودیەی کردووە ،یاخیبوونی خۆی تێکەڵی هەندێ ڕووداو کردووە، کەواتە شاعیر لەیەک کاتدا خەمی داگیرکردنی نیشتمانەکەی لە وێنەیەکدا دەردەبڕێت و دەنگی یاخیبوونی خۆی بەرزدەکاتەوە و شێرکۆ هەمیشە هەوڵی ئارامکردنەوەی دۆخەکە دەدات، واتە هەڵوێستی شێرکۆ و گوزارشتکردن و یاخیبوونی بەرامبەر بە (١٦)ی مانگ دەکات، کە تێیدا مەرگەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەی تێدا ئەنجامدراوە؛ بۆیە شاعیر لەم ڕۆژەدا پەنجەکانی لە گۆکردن و نووسینی شیعر دەکەون و ناتوانن گوزارشت لەو کارەساتە مەزنەبکەن، کە بەسەر نەوەکانی گەلی کوردیان هێنا .

## ٢-٢- ڕەفیق سابیر

یەکێکە لە شاعیرە هاوچەرخەکانی کورد لە ساڵی (١٩٥٠) لە شارۆچکەی قەڵادزێ لەدایکبووە، کە خاوەنی دەنگێکی شیعریی تایبەتە، ئەمەش لە ئەو سامانە بە نرخ و بە پێزەی کە بۆی بە جێهێشتووین بە تایبەتی دەقی شیعریی ( لاوکیی هەڵەبجە )، کە شاکارێکی زیندوویی نێو ئەدەبیی کوردییە و ڕەنگیداوەتەوە، شاعیر لە نێو نیشتمانێکی دابەشکراو و میللەتێکی چەوساوە و ژێر دەستەدا پەروەردە بووە، شاعیر هەموو ڕووداو و کارەساتەکانی سەردەم و نەتەوەکەی بینیوە، کە چۆن بە دەستی داگیرکەران و کۆنە پەرستانەوە دەچەوسێنرێنەوە و ئازار دەدرێن، یەکێک لە بابەتە دیارەکانی نێو شیعری(ڕەفیق سابیر )مەسەلەی سیاسەت و نیشتمانە، چونکە ژیانی شاعیر ئەکەوێتە ماوەیەکی پڕ گۆڕانکاریی و جوڵانەوە و ملمڵانێی سیاسییەوە.

خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی لە شارەکەی خۆی تەواو کردووە، شاری منداڵیی شاعیر قەڵادزێیە، شاعیر لە (١٩٧٠-١٩٧٤) لە زانکۆی بەغداد بەشی زمان و ئەدەبی کوردی و فارسی خوێندووە، لە هاوینی ساڵی (١٩٧٢) تا ئەیلوولی (١٩٧٨) وەکو رۆژنامەنووس، لە رۆژنامەی (بیری نوێ) لە بەغدا کاریکردووە، لە ساڵی (١٩٧٨) دەستی بە خوێندنی زمانی بولگاریی کرد، لە ساڵی (١٩٨١) لە شاخ لەگەڵ کۆمەڵێک نووسەر یەکێتی نووسەرانی کوردستانیان دامەزراندووە، هەروەها گۆڤاریی (نووسەری کوردستان) یان دەرکردووە، لە ساڵی(١٩٨٢) دەستی بە خوێندنی دکتۆرا کردووە لە رووسیا، لە هاوینی (١٩٨٧) خوێندنەکەیی تەواو کرد و هاوسەرگیریی لەگەڵ (ئێکا )کرد، لە ساڵی (١٩٩١) لە ئۆپسالا جێگیر بوو، لە ساڵی (١٩٩٣) گەڕایەوە کوردستان، بەڵام دوای شەش مانگ گەڕایەوە سوید، لە ساڵی (٢٠٠٩-٢٠١١)ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بووە، دوای دوو ساڵ دەستی لە کارەکەی کێشایەوە، ئێستاش لە سوید دەژی.

لەئاکامی باردۆخی ئەو سەردەمەی کوردستان و زوڵم و ستەمی ڕژێمی ئەو سەردەم و بوونی شاعیر لەناو شاخ لەگەڵ پێشمەرگە و لە دواییدا ڕووکردنە مەنفا و دیتنی درِندەیی ئەو ڕژێمە بە کاولکردن و کیمیا بارانکردن و وێرانکردنی دێهات و شار و شارۆچکەکانی کوردستان، شاعیر خەڵکی شاری قەڵادزێی شەهیدە ئەوەش هۆکارێکە، چونکە شاعیر هەر زوو درکیی بە درِندەیی ئەم رژێمە کردووە بە تایبەتی لە( ٢٤ \٤ \ ١٩٧٤) ، کە ئەو کات زانکۆی سلێمانی لەوێ بووە، بەهۆی بۆردومانی ڕژێمەوە زیاتر لە (٣٠٠ )کەسی خەڵک و خوێندکارانی زانکۆی سلێمانیی تێیدا شەهید و بریندار‌بوون، کاولکردنیی شاری قەڵادزێ لە ڕێکەوتی( ١٧—٢٤ \ ٦ \ ١٩٨٩) و ڕاگوێزانی بەرەو کۆمەڵگا زۆرە ملێیەکان ئاسکی کەلەک و دارەتوو ئەوانی تر، ئاشکرایە وڵاتە باڵادەستەکانی ئەو سەردەمیش پاڵپشتیی ئەم ڕژێمەیان دەکرد. ئەو جا ئەمانە هەموویان هۆکاری گرنگ بوون، بۆ ئەوەی شاعیر ئەم ڕێچکەیە هەڵبژێرێت، دواجاریش لە ساڵی (١٩٧٨) نیشتمان بەجێدەهێڵێت و ڕووبەڕووی ئاوارەبوونێکی لەناکاو دەبێتەوە.

لەناوەڕاستی نۆڤەمبەری (١٩٨٢) دەچێتەوە بۆ بولگارستان.لە پێشمەرگەیەکی شەکەت و دڵشکاوی نیشتەجێی نێوزەنگەوە بووە خوێندکاری ئەکادیمیای زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە سۆفیا بەرهەمەکانی شاعیر  لە نێوان ساڵانی(١٩٧٠-١٩٩١) بریتین لە ((پشکۆکان دەگەشێنەوە١٩٧٦، ڕێژنە١٩٧٩، سووتان لەبەر باراندا١٩٨٥، وەرزی سەهۆڵبەندان١٩٨٧، لاوکی هەڵەبجە١٩٨٩، ڕازو گومان١٩٩٠، کاروانسەرا١٩٩٠).

ئەزموونی شیعری شاعیر ئەزموونێکی  هێمنانە و دەنگێکی نەرمە، بەجۆرێک کاتێک پەستیش دەبێت، یان  نائومێد و نیگەران  دەبێت و توشی جۆرێک لە هەڵچوون و هەڵوێستوەرگرتن دەبێت لە شیعردا، بێزاری و تورەبوونەکانی دەربڕینێکی تایبەتیان هەیە، لەدەقە شیعرییەکاندا ڕەنگیداوەتەوە، لەم ڕوانگەیەشەوە پێمان دەڵێت:((مرۆڤ بەو ئەندازەیەی دەتوانێت هێمن و میهرەبان بێت، بە هەمان ئەندازە دەتوانێت زبر و توندوتیژ بێت و  بەرازانە ڕەفتار بکات، ئەمانە حاڵەتێکی مرۆیین و لە خۆشەویستی و کینەوە سەرچاوە دەگرن، بەڕای من سنووری نێوان خۆشەویستی و کینە، هەنگاوێکە . مرۆڤ بەو ئەندازەیەی دەتوانێت کەسێکی خۆش بوێت و لەگەڵی هێمن و نیان و میهرەبان بێت، دەتوانێت، بەهەمان ئەندازە و زیاتریش، رقی لە هەمان کەس ببێتەوە، زبر و کینەدارانە و  توندوتیژانە ڕەفتاری لەگەڵ بکات ئیرەیی، دڵپیسی و هەستکردن بەفێڵ و غەدری  کەسێکی نزیک، یان خۆشەویستێک دەتوانن، ئەگەر مرۆڤ وریای خۆی نەبێت، بەئاسانی میهرەبانی و خۆشەویستی بگۆڕن بەرق و کینە و توندو تیژی، هێمنی و میهرەبانی هونەرن، مرۆڤ لە ڕەوشی ژیان و ئەنجامی پەروەردە و دیسپڵیندا، فێریان دەبێت، کەچی زبری و کینە و توندتیژی، خوون ( خوویەکی غەریزەیی - ئاژەڵیین ) کە توانای بێ سنووری بریندار کردن و وێرانکردن و لەناوبردنیان  هەیە، هەر دوو حاڵەتیش، مرۆیین و لە ئەدەب و هونەردا بەفراوانی دەبیندرێن .)) (سابیر،٢٠٢٢: ٥١-٥٢)

شاعیر دەربارەی سەرەتای دەستکردن بە نووسین خۆی دەڵێ: ((لەناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا  لە بارودۆخی  شەڕی داسەپێندراوی دەوڵەتی عێراقدا، من لەو هەل و مەرجەدا خۆم بە نامۆ دەهاتە پێش چاو زیاتر پەنام دەبردە بەر خوێندنەوە سەختی ژیان لە سەردەمی شەڕدا و هەوڵدان بۆ بەرگەگرتنی ژیان، بەرەو نووسینیان بردم بەکورتی، بۆیە پەنام بۆ خوێندنەوە و نووسین برد، تا بەرگەی سەختی ژیان بگرم .)) (سابیر،٢٠٢٢: ٤٣٣)لێرەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە سەرەتای نووسینی شیعری لەلایەن شاعیرەوە بۆ ڕۆژانی شەڕی ئەیلول دەگەڕێتەوەو لەڕێگەی نووسینەوە ویستوویەتی دۆخی پڕ ستەم و جەوری میللەتەکەی ڕەتبکاتەوە.

بەیاننامەی ١١ی ئازار ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە نوێکردنەوەی ئەدەبی کوردی و ئاوەدانکردنەوە و نووسەرانی کورد مەودایەکی بەرفراوان لەپێشیاندا بوو، ئەوەش بە بڵاوکردنەوەی چەندین بڵاوکراوە و بەرپابوونی ئاشتی و دیموکراتی، هەروەها (ڕەفیق سابیر)دەربارەی ئەو قۆناغە و ئەو بەیاننامەیە دەڵێت: ((لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٠ دا و دوای بەیاننامەی ١١ی ئازار، میللەتی کورد، پێی نایە سەرەتای قۆناغێکی نوێ، کە قۆناغی ئاشتی، ئاوەدانکردنەوە و پێڕەوکردنی گەڵێک مافی نەتەوەیی و دیموکراتی بوو بەتێکڕا ئەدیبی کوردیش، دەرفەتێکی فراوانی لەبەردەمدا کرایەوە و ڕێگەی دەرچوونی چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی درا، لەئەنجامی ئەودۆخە تازەیە و ئەو گۆڕانانەی لە وڵاتدا ڕوویان دەدا، بزووتنەوەیەکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری دروستبوو، ئەدەبی کوردی لەو خۆ خواردنەوەیە دەربازبوو، کە بەدرێژایی ساڵانی شەست، تووشی هاتبوو ئەم بزووتنەوەیە، ئەو ڕاستییەی زیاتر سەلماند، کە ئەدەبیش وەکوو هەموو لایەنێکی تری ژیان، لە سێبەری ئاشتی و دیموکراتیدا گەشەدەکات.)) (نوورەدین،٢٠٢٢: ٢٤٠)

بەم چەشنە سەبارەت بە ئەزموونی خۆی لەو ساڵانەدا دەڵێت: ((پێموابێ بەیەکەمین کۆمەڵە هۆنراوەکەم، کە ساڵی (١٩٧٦ )بڵاوم کردەوە، هەر چەندە پێشتریش هەندێک لە هۆنراوەکانم زایەڵەیەکی ڕۆشنبیرییان هەبوو.)) (سابیر،٢٠٢٢: ٤٣٣)لێرەشەوە ئەو ڕاستییە خۆی دەردەخات، کە شاعیر لە سەردەمێکی پڕ لە ململانێی سیاسی و گۆڕانکاریی ڕامیاریدا جێ پێی شیعری خۆی قایم کردووە، بەمەبەستی ئەوەی وردتر لەسەر هەڵوێست و بیرەکانی بوەستین، سەرەتا بەدوای یاخیبوونی سیاسی لای شاعیر دەگەڕێین.

ئەم بۆچوونەی شاعیر بۆ نووسینەکانی ئەم ساڵانەی دروستن، نەک ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکان، خۆشی ئەم ڕاستیەی نەشاردۆتەوە، کاتێ دەڵێت:((شیعر لای من قەت ئامرازێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی نەبووە، بەڵام ئەگەر جاران بە کاریگەریی کاری سیاسی و باری پڕ لە تراجیدیای نەتەوەکەم، هەندێ شیعرم، کە زۆر نین، مۆرکێکی سیاسیی گشتی، یان ئایدۆلۆجییان پێوە دیار بووبێت، ئێستا لەو مەسەلانە دەرباز بووم شیعر لای من، لە هەر کاتێکی دیکە زیاتر هەوڵدانێکە بۆ وەڵامدانەوەیەکی شیعرییانەی ئەو پرسیارانەی ڕۆژانە ژیان و واقیع و عەقڵ ڕووبەڕوومی دەکەنەوە، یان هەوڵدانێکە بۆ وتنی شتێکی نەوتراو، بۆ دەرخستنی ئەو ڕاز و شتە شاردراوانەی، کە ڕەنگە قەت نەدرکێندرێن و ئاشکرا نەکرێن.)) (سابیر،٢٠٢٢: ٢٤٢)، چونکە بەهۆی پاڵەپەستۆی بەهێزی دەسەڵاتدارانی ڕژێمی بەعس لەسەر نووسەران و ڕۆشنبیرانی گەلی کورد، کە هەمیشە دەیچەوساندنەوە و ناچاری کردوون، کەزێدی باوپاپیرانیان بەجێبهێڵن و ڕووبکەنە ناوچەکانی خواروی عێراق و ئاوارەبوونیان بۆ وڵاتانی دەرەوە، دەربارەی ئەمەش دەڵێت :((من لەو کاتەوە وەکو تاوێرێکی هەڵقەندراو بەردەوام تل بوومەتەوە و لە هیچ شوێنێک خۆم

نەگرتووەتەوە، لەبەر ئەوە، لە هەر شوێنێک بووبم هەستم بەئارامی  و سەقامگیری نەکردووە .)) (سابیر،٢٠٢٢: ١٩٥)

دەربارەی نەمانی شۆڕش و بزوتنەوە چەکدارییەکان لەدوای قۆناغی حەفتاکانەوە(ڕەفیق سابیر) دەڵێ:- ((بەڵام هەرەسهێنانی بزاڤی چەکداریی  ئەیلوول، لە ساڵی (١٩٧٥ )دا کارەساتێکی نەتەوەیی بوو، چونکە دوای  چواردە ساڵ شەڕ و خوێنڕشتن، لە کاتێکدا  بزاڤەکە مایەی هیوای کورد بوو، کەچی بە ئاسانی هەرەسی هێنا . ئەمە سەرەتای مێژوویەکی پڕ لە تراجیدیای بۆ گەلی کوردستان  دروستکرد .)) (سابیر،٢٠٢٢: ٢٣١)

لە دەقی (نەخشەیەک)دا واقعی داسەپاو ڕەتدەکاتەوە و ڕووبەڕووی دەبێتەوە و تا دوا هەناسەی ژیان یاخیبوون هەڵدەبژێرێت و دەڵێت:

**چۆن سەنگەرێک جێ بهێڵم**

**لە نێو دڵما هەڵکەندرا بێت**

**چۆن بتوانم دەستبەرداری میللەتێک بم**

**خەونەکانی بە پاچی ژان و برسێتی**

**لەت کرا بێت ؟**

**بە بەندەری خوێنەکەمدا دەپەڕمەوە**

**لە نێو درزی گوللەیەکدا**

**باوەشێکی گەرم بۆ خۆم دەدۆزمەوە . (سابیر ،١٩٧٦: ٨١٤)**

شاعیر بە سیما پرسیار و بەناواخن وەڵامدەداتەوە و ڕەتی دەکاتەوە، دەست بە کڵاوی خۆیەوە بگرێت و وەک تەماشاکەر لە چەوسانەوەی میللەتەکەی بڕوانێت و بێدەسەڵاتانە دابەشکردنی خاکەکەی ببینێت، هەر؛ بۆیە سەنگەری شۆڕش و یاخیبوون هەڵدەبژێرێت و گیانبەختکردنی دەکاتە ئامانجی کۆتایی خۆی.

(ڕەفیق سابیر)دەربارەی بارودۆخی ئەو قۆناغە دەڵێت: ((حکومەتی بەعس بڕیاری لێبووردنی گشتیی دەرکرد و دەیان هەزار خێزان، پێشمەرگە، ڕووناکبیر و تێکۆشەری دڵشکاو، سەرکز و بێهیوا لە کامپەکانی ئێران و شاخەوە، ڕووت و برسی، گەڕانەوە عێراق بەشێکی ئەو خێزان و کۆنەسەرکردە سیاسی، سەربازی و ڕووناکبیرانەی گەڕابوونەوە، ڕەوانەی باشووری عێراق کران، هەروا ڕاگوێزانی گوندەکانی کوردستان دەستپێکرد ئەمە  ترۆپکی تراجیدیایەک بوو، کە درەنگ، یان زوو  دەبوو ڕوو بدات ......بەپەیوەندیی لەگەڵ ئەم ڕووداوانە، چەند هۆنراوەیەکم  نووسین،

لەوانە :هۆنراوەی هۆ داربەڕووە خەمبارە، کە ئابی ١٩٧٥ لە ژمارە ٢٨ ی گۆڤاری بەیاندا، بڵاوکرایەوە، هەروەها هۆنراوەی ئەم مرۆڤە و خۆشاردنەوە.)) (نوورەدین،٢٠٢٢: ٣١)

شاعیر لە دەقی (هۆداربەڕووە خەمبارەکە)دا دەڵێت:

**هۆ داربەڕووە خەمبارەکە !**

**ئەوا لە تینووان ، یان لە نێو دوو کەڵدا وا هەڵبزڕکاویت**

**ئەگەر لەو سەرەوژێرە سەختە نەڕوابایت**

**نە ڕوخسارت وا هەڵدەپڕوکا و**

**نەهێندەیش تینوو دەبوویت**

**ئێستاش ئەگەر چنگ لەم خاک و خۆڵە بەربدەیت**

**سەری بەرزت دەنەوێت و**

**هەپرون بە هەپرونیش دەبێت .**

**هۆ داربەڕووە خەمبارەکە !**

**وەرە ڕەگەکانت لەبەر تاڤگەی خوێنم هەڵخە**

**بەڵکوو بۆ چەند ساتێک ئەو تینوێتییەت بشکێت**

**کەلەیەکەم ڕۆژی بوونتەوە**

**لەگەڵ خۆت هەڵت گرتووە(سابیر،٢٠٢٢: ٨١٦)**

(داربەڕوو)هێمای بەهێزی و ڕەگ داکوتاوی تاکی کوردە، ئەو بەرگەی هەموو کەش و هەوایەکی سەخت دەگرێت، شاعیر لێرەدا پرسیار لە سیمای داربەڕووەکانی کوردستان لە دوای ڕووخانی گوندەکان و ڕاگواستنی کوردان دەکات، پێیوایە داربەڕووەکانیش باجی کوردبوون دەدەن، خۆ گەر لە خاکێکی تر سەوز ببایەن وایان لێ نەدەهات، بەڵام مادام لە خاکی کوردانن، هەمیشە بەسەربەرزی دەمێننەوە، شاعیر بۆ زێندویتیان خوێنی خۆی دەکاتە ئاو و مەبەستییەتی، بەشێک بێت لە سیاسەتی ڕووبەڕووبونەوە و ڕەتکردنەوەی واقعی داسەپاو، چونکە وەک خۆی دەڵێت : ((تا دەهات دۆخی سیاسیی عێراق بەرەو داڕمان دەچوو، سەدام دەستی بەسەر تەواوی دەسەڵاتدا گرتبوو و سەرەتای شەڕ لە کوردستان دەستی پێ کردبۆوە، بە عەرەبکردنی کەرکوک و ناوچەی تر، ڕاگواستنی گوندەکانی کوردستان، فراوانتر کرابوون تیرۆر، گرتن و

لەسێدارەدانی ئەندامانی کۆمەڵەو بزووتنەوەی سۆسیالیست، زۆر دەبیستران بەکورتی هێزی شەڕ، تیرۆرو وێرانکاری، پەتی پساندبوو .)) (نوورەدین،٢٠٢٢: ٣٢)

شاعیرانی تاراوگە بەهۆی چەند هۆیەکەوە ئەو زانیاری و هەواڵ و کارەساتانەی بەسەر گەلی کورد دەهاتن دەیانبیست (ڕەفیق سابیر ) لە سۆفیا (بڵاوکراوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە ) ی دەستدەکەوت، کە باسی بارودۆخی نەتەوەی کورد و ((هەواڵی پڕ ئازار و ترسناکی لە بارەی وێرانکردنی کوردستان، گرتن و لەسێدارەدانی خەڵک و چالاکیی پێشمەرگە و بەرەنگاربوونەوەی چەکدارانەی دەسەڵاتی بەعسی بڵاودەکردەوە . شاڵاوی بەعس بۆ سەر هاوڕێیانمان توندتر کرابوو، ئەو  هەواڵ و ڕووداوە ناخۆشانە، بێتاقەتیان کردبووم، بە جەستە لە دەرەوە و بەبیر و ڕۆح، هەر لە وڵات بووم، تیرۆر و ستەمی بەعس، هەستی بەرپرسیاریی دەجووڵاندم و مەیلی سیاسی جۆش دەدام .)) (نوورەدین،٢٠٢٢: ٣٧)ئەم ڕاستیە لەم دەقەدا ڕەنگیداوەتەوە :

**ئاسمانێکی شین و خنجیلانەم هەبوو**

**داگیرکەران بەسەر سەرمیاندا ڕووخاند**

**چۆڕە خوێنێکی ڕەش و**

**چەپکێک خەونی هەنگوینی و**

**چەند کتێبێکم هەبوو**

**ئەویشیان برد بە تاڵان .**

**بەڵام کاتێک هاتن پێستەکەم بگۆڕن**

**دەموچاوم بشێوێنن**

**بەفر و برووسکەم کردە بەر ،**

**وڵاتەکەم نایە کۆڵ و**

**ڕێگای تفەنگم گرتە بەر . (نوورەدین،٢٠٢٢: ٣٧-٣٨)**

ئەم ڕێگەی خەبات و گرتنەبەرەی شاعیر لەپێناو گەل و نەتەوەدایە،  بۆ ئەوەی ئازادی ورزگاری بێتە بەرهەم، چونکە هەروەکو خۆی دەڵێت: (( ئەو هۆنراوانەی لەکاتی پێشمەرگایەتی ،لەشاخ و چەند ساڵێکیش دواتر نووسیمن ، تێرامانێکی شپرزەی خود وگیان و دەوروبەر بوون، هەوڵدانێک بوون بۆ دەربڕینی هەندێک ئاوات و ئازاری گیانی مرۆڤ، کە لە سایەی تیرۆر و توند و تیژی  دەوڵەتدان))(سابیر،٢٠٢٣: ٣٤٤).

شاعیر لەدەقی (اا)دەڵێت:

**لە وڵاتی بەفر و خەم و برسێتیدا**

**لە پێناوی لە دایکبوونێکی تازەی شتەکاندا**

**شەهید دەبێت**

**شەهید دەبێت لە دارەمەیت ، لە گۆڕەکان**

**یاخی دەبێت . (سابیر ،١٩٧٦:٨١٥)**

شاعیر تەنها بەزیندۆیتی یاخی نابێت، بەڵکو دوای شەهیدبونیش هەر یاخی دەبێت، ئەمجارەیان لە دارەمەیت و گۆڕەکان، ئەمەش لەپێناو گۆڕینی واقیع بەرەو باشتر، بەواتا شاعیر یاخی بوون دەکاتە ڕێباز و ئایدۆلۆجیا و ئاوێتەی سیاسەتی دەکات، لەم ڕووەوە دەڵێت: ((بە کورتی دەتوانم بڵێم ئەدەب بەرەو هزرو ئایدیۆلۆجیا و هزرو ئایدیۆلۆجیا بەرەو سیاسەت و سیاسەتیش بەرەو حیزبایەتیی بردم، بۆیە کاری سیاسی بۆ من تەواوکەری کاری ئەدەبی و ڕووناکبیریی بوو. هەمیشە خۆم بە شاعیر زانیوە و زۆربەی کات، مەگەر ناچارکرابم، هەر لە بواری ڕۆژنامەوانی و ڕووناکبیریدا کاری سیاسیم کردووە، ڕەنگە ئەو خۆپاراستنە بووبێتە هۆی ئەوەی کە کارتێکردنی نێگەتیڤی کاری حیزبایەتی زۆر بە شیعرەکانمەوە دیار نەبێت .)) (سابیر،٢٠٢٢: ١٥٦)

هەروەها لە دەقی (ڤیکتۆر گارا )دا دەڵێت:

**وەکو زامێکی یاخی بوو**

**بەسەر گوێزاندا ڕادەکەیت**

**بەرەو قۆناخێک مل دەنێیت**

**شەهیدەکان چاویان بڕیوەتە ئاسۆ و**

**زامیان رووە و گوللە و نێزە**

**هەڵخستووە . (سابیر ،١٩٧٦:٨٢٢)**

(ڕەفیق سابیر) زیاتر بەناخی یاخیبواندا ڕۆدەچێت و بەتەنها لە شتە گەورەکاندا بەدی ناکات، ئەوەتا لێرەدا (زام)یش یاخی دەبێت و سەختترین ڕێگاکە (بەسەرگوێزاندا)یە دەگرێتەبەر، ئەمەش لەپێناو ئاسودەکردنی ویژدانی شەهیدەکانی ڕێگای ڕزگاری و ئازادیی، شاعیر. پێیوایە((ئازادیی بەهرە هەمیشە پێوەندی بەئازادیی مرۆڤەوە هەیە، بەبێ ئازادیی مرۆڤ، وەک تاکەکەس، هیچ جۆرە ئازادییەک بوونی نییە، چونکە مرۆڤ چەند بتوانێت ،وەک تاکەکەس، لەبیرکردنەوە و کار و باوەڕ و ئایین و ژیانی شەخسیی خۆیدا ئازاد بێت، هێندەش ئازادیی بەهرە و داهێنان و ئازادیی کۆمەڵ گەشە دەکەن، بەڵام ئازادی پارچەیەکە دابەش ناکرێت، ئازادیی سیاسی و ئایین ... تاد نرخ یان ناوەڕۆکێکی ئەوتۆیان نابێت ئەگەر مرۆڤ وەک تاکێکی داهێنەر ئازادیی ژیان و کارو ئازادیی جەستەیی و ڕۆحی بۆ دابین نەکرێت .)) (سابیر،٢٠٢٢: ١٤٥)

شاعیر لە دەقی (لە نێو دڵۆپە فرمێسکێکدا )دا دەڵێت:

**من بووم گۆی مەمکی پڕ شیری وشەکانم**

**دەنایە نێو دەمی کۆرپەی**

**شۆڕشی بێ ناونیشانتان**

**خۆری هیوا و کۆڵنەدانم**

**دەهێنایە نێو جیهانی بێ بەیانتان .**

**کەچی ئێوە**

**لە دوای ئەوەی بە شمشێری رق و کینە**

**سەرم دەبڕن**

**لە بیابانێکی چۆڵدا جێم دەهێڵن**

**لاپەڕەی مێژوویشم دەدڕن ؟!( سابیر، ١٩٧٦:٨٤٨)**

شاعیر ئەو ڕاستیەمان بەبیر دێنێتەوە ، کە بەدرێژایی مێژووی عێراق هەمیشە کورد بەشێک بووە لەبونیادنانی حکومەت و دامەزراوەکان، کەچی هەر زوو دەسەڵاتدارانی عێراق لەگەڵ چوونە دەسەڵاتیان وردە وردە لە بەڵێنەکانیان پەشیمان بوونەتەوە و وەک دەسەڵاتدارانی پێش خۆیان مافی گەلی کوردیان پێشێلکردووە ، نەک هەر ئەوە ،بەڵکو وەکو دوژمنێک لێیان ڕوانیوە و هەوڵی لەناوبردنیان داوە، ئەم دەقە وابەستەی ئەو ڕۆژگارە تاڵەیە، کە تێیدا ڕێکەوتنی جەزائیر لەنێوان عێراق و ئێراندا ئەنجامدرا و کۆتایی بە شۆڕشی ئەیلول هێنرا و کوردان جارێکی تر بێ هیوا کران ،بۆ کوردپەروەرێکی وەک(ڕەفیق سابیر) کارەسات بوو، وەک دەڵێت: ((هەرەسهێنانی بزاڤی

چەکداری ئەیلول لەساڵی ١٩٧٥........دروستکرد)) نەک هەر ئەوە، بەڵکو ئەو واقیعە تاڵەو تازەیە شاعیریان پەلکێش ناودنیایی سیاسەت کرد((سیاسەت، بەمانای گشتییەکەی بوو بە بەشێک لە ژیانی ئێمە و تەنانەت سیاسەت تێکەڵاوی ئەو هەوایەش بوو، کە ڕۆژانە هەڵمان دەمژی .دواتر بۆم دەرکەوت کوردبوون و کوردستانیبوون خۆیان سیاسەتن؛ بۆیە سیاسەت وەک کوردبوون، چارەنووسێکە و ناتوانین لێی ڕابکەین، یان وەک جازبیەتی زەوی لێ هاتووە و چەند بمانەوێت لێی دەرباز ببین، سەرەنجام بەرەو ناو بازنەکەی خۆی پەلکێشمان دەکاتەوە .)) (سابیر،٢٠٢٢: ٨١-٨٢)

شاعیر لە دەقی ( کاتێک زامەکان هەڵدەچن )دا دەڵێت:

**کێ بوو نیگاکانی کوشتم ؟**

**کێ بەرگی ڕەشی پێ پۆشیم**

**پێکی خۆزگەی نەکرانەوەی**

**دەرگای زیندانی پێ نۆشیم ؟**

**کێ بوو نیگاکانی کوشتم ؟**

**کێ بوو نیگاکانی کوشتم ؟( سابیر ،١٩٧٦:٨٦٢)**

نسکۆی شۆڕش لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو یەکێک بووە لەو ڕووداوە تراجیدیانەی زۆرترین کاریگەری لەسەر شاعیر جێهێشتووە و بووەتە ئازارێکی نەبڕاوە بۆی، ئەوەتا لێرەدا بەحەسرەتەوە لە سەبەبکاری ئەو تاوانە دەپرسێت و بە دووبارەکردنەوەی پرسیارەکانی گیانی یاخی بووی جۆش دەداتەوە و دەیکاتە هەوێنی شۆڕشێکی نوێ.

هەمان گیانی پڕ لە تۆڵە و یاخیبوون دەکاتە هەوێنی دەقێکی تر و لە دەقی شیعری (سێ پەڵە هەور و بروسکەیەک)دا دەڵێت:

**بە مەشخەڵی گڕی تۆڵە**

**دەفەی سنگی**

**شەوە زەنگی**

**ڕێگای سەخت دەسووتێنم.**

**رێیەکی نوێ بۆ کاروانی**

**ئاوارە بوو دەنەخشێنم. (سابیر، ١٩٧٦:٨٦٨)**

شاعیر مەبەستێتی گەلەکەی وەک زاڵم پیشان نەدات، ئەم ستراتیجە وایکردووە وشەی (تۆڵە)بێتە نەخشەڕێی بیری وێنە شیعرییەکە، بەوەی کورد لە قۆناغی بەرگری و مافی وەرگرتندایە، هەربۆیە ڕێگاکەی سەختە و کاروانەکەی بەردەوامە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە باوەڕێکی ڕاست و حەقەوە هەڵدەقوڵێت گەشبینە بە ئەنجامی شۆڕشەکە، کە خۆی لەئازادبوونی کوردستاندا دەبینێتەوە.

شاعیر لە دەقی (ئەم مرۆڤە)دا دەڵێت:

**بەمنداڵی**

**فێر بوو کەژ و چۆلەکە و کانی خۆش بوێت**

**فێر بوو دڵی بۆ ئەو بارانە لێبدات**

**کە پێوەندی دەکەنە پێ تا نەبارێ**

**بەسەر جەستەی ڕۆژەکاندا**

**بێتە خوارێ**

**..............................**

**بەڵام کاتێک**

**کە دەبینێت نیشتمانی**

**لەسەر شۆستەکان کەوتووە**

**نیشتمانی**

**لەژێر سێبەری چەقۆدا پاڵکەوتووە**

**تا دەتوانێت**

**دەرگای شار بەرد باران دەکات**

**تا دەتوانێت**

**نەفرەت لە پاشاکان دەکات . (سابیر ،١٩٧٩:٧٢٩ -٧٣١)**

شاعیر ڕاستییەک لە سروشتی ژیانی مرۆڤەوە دەخاتەڕوو، ئەویش ئەوەیە مرۆڤ کە منداڵە نە ڕق دەزانێ نەکینەو درۆ، بەڵکو هەمیشە بە چاوی جوانی و خۆشەویستیەوە لە دەوروبەری دەڕوانێت،بەڵام کاتێک گەورە دەبێت و ڕووبەڕووی دوژمن دەبێتەوە و ژیان و ئازادی لێ زەوت دەکرێت، ئەوکات گیانی یاخیبوون و ڕەتکردنەوەی تێدا چەکەرە دەکات و دەسەڵاتی چەوسێنەر ڕەتدەکاتەوە، ئەوەتا شاعیر دیمەنێکی ژیانی پڕ لە چەوساندنەوەی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە لەو نیشتمانەی، کە بە منداڵی هەموو شتی تێدا جوان دەبینی ((جارجار لەبەر پەلاماری فڕۆکەی جەنگی و بۆردومان ناچار دەبووین، ڕابکەین و پەنا بۆ گوند و چیاکان ببەین، من قاچەکانم هێندە بەهێز نەبوون، هەندێکجاریش شەرمم دەکرد، چونکە بە زەحمەت بە هەورازدا سەردەکەوتم، بەم شێوازە پێیە بچووکەکانم ڕاستەوخۆ بەشێکی مێژوویان لەسەر بەردەکان نووسییەوە. ئەو ڕووداوانە ترسناک بوون و شوێنەواری خۆیان بەجێهێشتوون،کاتێک فڕۆکە جەنگییەکان دەهاتن، هەستم دەکرد فڕۆکەوانەکە چاو لە من دەکات و دەمبینێ ئەم ڕووداوانە ڕەنگدانەوەیان لە ژیانی مندا وەک مرۆڤ و لە ژیانبینیی مندا هەیە، بە دڵنیاییشەوە کاریان لە شیعرەکانم کردووە .)) (سابیر،١٧:٢٠٢٢)

شاعیر لە بارەی دەقەکانی ئەو ساڵانەی ناوەڕاستی حەفتاکان دەڵێت: ((بەشێکی هۆنراوەکانی (ڕێژنە) کە لە نیوەی دووەمی ساڵانی حەفتاکاندا نووسراون، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، کاریگەریی دۆخی سیاسی و فیکریی ئەو سەردەمانەی کوردستان و عێراقیان پێوە دیارە، لەهەمان کاتدا ئەو هۆنراوانە بۆچوون و دنیابینیی ئەو کاتەی منیش دەردەخەن . ئەو سەردەمە دەسەڵاتی بەعس بەرەو ترۆپکی هێز و تواناداا هەڵدەکشا، بۆیە وەک هەر دەسەڵاتیکی نادیموکرات و خۆسەپێنەر ،کە خۆی بە بەهێز دەبینێت، زیاتر بەرەو دیکتاتۆریا و درندەیی دەچوو.)) (سابیر،٢٠٢٢: ٧١-٧٢)

شاعیر لە دەقی (ڕێژنە)دا دەڵێت:

**وەکو بروسکە بەرەو لات هاتم**

**تا کێو و بیابانم بکەم بە کانی**

**ئامێزم دەدا لە ڕێژنە و زریان**

**گەرووم دەکردە لانەی چریکەو**

**پشکۆ و گۆرانی ! (سابیر ،١٩٧٩:٧٣٧)**

خۆی چواندووە  بە بروسکە، کە بتوانێ شاخ و کێوەکان ببوژێنێتەوە، لە هەمان کاتیشدا باوەشی بۆ شەڕ و پێک دانەکان دەکردەوە و بەو پەڕی خۆشەویستییەوە لەپێناو نیشتمان دەجەنگا بۆ بەدیهێنانی ئاشتی و ئازادی بۆ نەتەوەکەی، کە نەتەوەکەی ژێردەستە و دەچەوسایەوە لە لایەن داگیرکەرانەوە،  ئەم پڕ بەگەرووی گۆرانی خۆشەویستی خاک و نیشتمان دەڵێتەوە، لە شوێنێکی تردا دەڵێت:

**هاتووم پێکەوە لەبەر رێژنەدا**

**لە رووی دەسرێژدا**

**ڕیزێک ببەستین**

**بە بازووەکانمان**

**بە چەکەکانمان**

**ئاسمانی شار و ئاسۆ ڕابگرین . (سابیر ،١٩٧٩:٧٤٠)**

شاعیر تەنها بە شیعر بەرگری لە نیشتمان و گەلەکەی ناکات، بەڵکو پێویستی ئەو ڕۆژگارە وایلێدەکات، تا بەچەکیش لە دوژمنان یاخی بێت و پارێزگاری لەخاک و گەلەکەی بکات، ئەمەش لوتکەی هەڵوێستی شۆڕشگێڕییە، هەروەها شاعیر دەڵێت: ((ڕێگای تفەنگ بۆ من ،پردی نێوان خەون و واقیع بوو .هەوڵدانێک بوو بۆ ستاندنەوەی هەموو ئەو شتە جوان و هێژا و ئینسانییانەی لێیان زەوت کردبووین .)) (سابیر،٢٠٢٢: ٤٦٩)هەڵگرتنی چەک بۆ شاعیر گەیشتنە بەو ڕاستییەی باوەڕی بەرزی مرۆڤ بریتییە لە کۆششکردن بەهەموو ڕێگاو ئامرازەکان لەپێناو ژیانێکی سەربەرزانە، چونکە ڕژێمی ئەو ڕۆژگارە بە دڕاندانەترین شێوە ڕووبەڕووی گەلی کورد دەبوویەوە:-

شاعیر لە دەقی (iv) دەڵێت:

**وەک ئاسمانێک**

**ئەستێرەیان کوژاندیەوە**

**وەک ئاشقێک**

**دڵداریان لێ شاردیەوە ،**

**وەک  وڵاتێک**

**ناوەکەیان لەسەر نەخشە سڕاندیەوە . (سابیر ،١٩٧٩:٧٥٨)**

شاعیر لێرەدا یاخییە بەرامبەر بە هەموو نەتەوەکانی جیهان، کە لە بەرامبەر داگیرکردن و دەست بەسەرگرتنی خاکی کوردستاندا هەڵوێستیان نەبووە بەرامبەر بە نەتەوەی کورد، وەکو چۆن ئاسمانێ ئەستێرەکانی بکوژێتەوە، ئاشقی خۆشەویستیەکەیان لێ شاردبێتەوە  نەتەوەی کوردیش بەو شێوەیە خاکەکەیان لێشاردەوە و شۆڕشەکەیان کوژاندەوە .

شاعیرلە دەقی (زۆرمان پێگوتن) دا دەڵێت:

**پێمان دەوتن**

**چۆن دەست بخەینە دەستی شەیتان و**

**لە پرسەی خوێندا سەرچۆپی بگرین؟**

**پێمان دەوتن**

**چۆن کفنی ئاڵی شەهیدان بدڕین؟( سابیر ،١٩٧٩:٧٦٨)**

لێرەدا(دەستی شەیتان) هێمایە بۆ ناحەزان و داگیرکەران و دەسەڵاتداران، بە واتا  چۆن دەست بخەینە نێو دەستی دوژمن و لەگەڵیدا پەیمان ببەستین و لەنێو ئەم خوێن و ڕشتن و پرسەی شەهیداندا(سەرچۆپی بگرین)، شاعیر لێرەدا هوشیارانە باس لە باوەڕی دروستی خۆی دەکات، کە پێیوابووە ڕژێمی بەعس جێ متمانە نەبووە و نەدەبوو، ڕێکەوتنی لەگەڵدا بکرێت وەک ئەوەی لەڕێکەوتنی ئازاردا ڕوویدا.

لە دەقی (لەدایکبوون)یشدا دەڵێت:

**لە نێو بریندا لە دایک دەبێت**

**لە سەربڕیندا لە دایک دەبێت**

**لە بۆردوماندا**

**لە نێو سووتاندا**

**منداڵێکی کورد لە دایک دەبێت**

**منداڵە کوردێک**

**بۆ یاخیبوون و پێشمەرگایەتی**

**لە دایک دەبێت . (سابیر ،١٩٧٩:٧٧٢)**

هەرچەندە لەکاتی خوێندنەوەی دەقە شیعرییەکاندا تاڕادەیەک ڕاستەوخۆ مەبەست دەدەن بەدەستەوە و خوێنەر توشی ڕاچڵەکین ناکات، چونکە  شێوەی دەربڕینی دەقەکە وریاکردنەوە و هەواڵ پێدانەکە لەنێو بۆردمان و سووتان وێرانکردنی شاردا چەندین منداڵ لەدایکدەبێت، شاعیر مەبەستێتی بڵێ هەر لەسەرەتای لە دایکبوونیەوە منالی کورد  گیانی یاخیبوون و ڕووبەڕووبوونەوەی تێدا دەردەکەوێت، یاخیبوون لەم دەقەدا دەبێتە بیر و ڕێچکەی خەبات، تۆوی یاخیبوون و شۆڕش لەنێو مندالانی کوردا دەچێنێت دژی کۆیلایەتی و زۆرداری، کە بەهۆی نەبوونی قەوارەی  سیاسی، میللەتی کورد توشی سەخترین چەوسانەوەی نەتەوەیی بووە .

بێگومان ئەو باکگراوندە ڕۆشنبیرییە  و ئەو ئایدۆلۆژیا مرۆڤدۆستانەی شاعیر  لەپاڵ هەستناسکی و پەیبردنی بە بچوکترین ئازارەکانی گەلەکەی، جێ پەنجەیان لە زۆرێک لە دەقە شیعرییەکانیدا دیارە و تابێ گیانی یاخیبوونی  زیاتر باڵا دەکات، بەکورتی  باڵای یاخیبوونی شاعیر بە ئەندازەی باڵای ئازارەکانی گەلەکەیەتی  ئەوەتا لە دەقی (وڵات) دا دەڵێت:

**چونکە وڵات ئەشکەوتێکی تەنگەبەرە**

**یاخیبوون هاوڕێ و چەپەرە .**

**تا وڵات هەڵمی بەر با بێت**

**چنگێک کەفی رووی دەریا بێت**

**مەدارمان وەرزی  ونبوونە**

**سەرا بێکە رووەو هەڵدێرو  رۆچوونە .**

**.....................................................**

**چونکە وڵات برینێکی بەر نەشتەرە**

**یاخیبوون ئاسۆ و رابەرە (سابیر ،١٩٧٩:٧٨١)**

وەکو شاعیرێکی بوێر دەنگی یاخیبوونی خۆی بەرامبەر بە وڵاتەکەی بڵنددەکات و وڵاتەکەی بە ئەشکەوتێکی تەنگەبەر دەچوێنێ، کە هەمیشە  هاوڕێی یاخیبوون و ڕەتکردنەوەی چەپەرە؛ بۆیە شاعیر نائومێد و ڕەشبینە بەرامبەر بە وڵاتەکەی، کە تاکو وڵاتەکەی وەکو هەڵمی بەردەم باو کەفی سەر دەریا بێت، ئەوا هەموو هیواو ئاواتمان وەرزێکی ونە و نیشتمانمان وەکو سەرابێکی بەرەو لەناوچوون و هەڵدێر دەچێت، لەم ڕێگەیەوە دەیەوێت بەرەو شۆڕش و ڕزگاریمان ببات، کە دوا ئامانجی شاعیرە، شاعیر وەکو نەتەوەییەکی  ڕۆشنبیر ئەرکی سەرشانی بەئەنجام گەیاندووە، ڕێگای دروستی کوردایەتی و هەموو کەم و کوڕی و ئازارەکانی نیشتمان دیاری کردووە،

هەڵوێستی و بیروبۆچونی یاخیبوونی خۆی بەرامبەر بەسەربەستی نیشتمانێکی نەبوو دەربڕیوە . (ڕەفیق سابیر)ی شاعیر ((لە ڕوانگەی شیعرەوە بۆ دیاردە جۆراوجۆرەکان و تەنانەت بۆ خۆی و ژیان دەڕوانێت . واتا شیعر، بۆ خۆی دەبێتە پێوەرێک، کە هەر شتێک و دیاردەیەک، بەپەیوەندی و بەراوردکردن لەگەڵ ئەودا، مانا و ناوەڕۆکیان دەردەکەون لێرەدا شیعر، وەک پەیامێکی گیانی، جوانی و ئینسانی، دەبێتە بەهایەکی سەربەخۆ دەبێتە ئامانج و چارەنووس هەر کارێکی دیکەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ شاعیر، بەشێکە لە پرۆژەی شیعر یان تەواوکاری داهێنانی شیعرییە، نەک بەپێچەوانەوە .)) (سابیر،٢٠٢٢: ٤٧٥)

ئەوەتا لە (گۆرانیی رۆح)دا دەڵێت:

**نیوە شەوەو هێشتا رۆحم هەڵۆیەکی کوێستانییە**

**نوقمی ئەشق و سەرەڕۆیی و گۆرانییە**

**رۆحی سەدجار هەڵواسراوم**

**هێشتا هەر کوردستانییە**

**شەیدای ئاشتی و**

**دوندی دوور و**

**برایەتی و**

**یەکسانییە .**

**رۆحی لە مەدار یاخی بووم**

**لە کەلاوەی وەرزەکاندا گولووکی ئاوەدانییە . (سابیر، ١٩٨٥:٦٤٨)**

لەم دەقەدا لەلایەک جەخت لە گیانی کوردانەی خۆی دەکاتەوە و لە لایەکی تریشەوە باوەڕی بە برایەتی و ئاشتی هەیە، لەم بارەیەوە دەڵێت:((ڕەنگە هیچ شتێک لە ئاشتی گرینگتر و پڕبایەختر نەبێت، شەڕ هەمیشە وێرانکاری و ماڵوێرانی دێنێت، بەڵام ئاشتی کاتێک بایەخ و مانای خۆی هەیە، کە زەمینەیەک بۆ ئاشتی هەبێت، ئەو لایەنەی شەڕ بەسەر تۆدا دەسەپێنێت، یان شەڕی بەسەر تۆدا سەپاندووە، لە مانای ئاشتی بگات، بڕوای بە ئاشتی هەبێت، یان ژیانی ئاشتییانە بە تۆ ڕەوا ببینێت، بەڵام کاتێک کە پێچەوانەی ئەوە دەبێت، ئاشتی خۆی لە وشەیەک زیاتر نییە و ناوەڕۆکێکی ئەو تۆی نامێنێت، قسەکردن لە ئاشتی تەنیا لە سنووری خەونێک، خەیاڵێکدا دەمێنێتەوە. ئەو دێڕە شیعرەی بەڕێزتان ئاماژەتان پێ کرد، لەو سیاقەدا نووسراوە کە تۆ شەڕێکت بەسەردا سەپێنراوە و هیچ دەرفەتکی تەنانەت بۆ خەوبینین بەئاشتییەوە نەماوە.))(سابیر،٢٠٢٢:

٢٠١) وەک خۆی دەڵێت: ((ئەو دۆخە نوێیە بەشێوەی جۆراوجۆر لە ئەدەبی کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە، هەندێک لە نووسەرانی بەرەو ڕەشبینی و بێئومێدی برد، هەندێکی تری تووشی هەژان کرد ڕووداوەکە پرسیارێکی جیدی لەبارەی ناوەڕۆک و ماهییەتی بزاڤی چەکداریی باشوور و هۆکاری تێکشکانی بزاڤەکە خستەڕوو .)) (سابیر،٢٠٢٢: ٢٣١)

هەر لەم قۆناغەدا شاعیر ڕوو لە هەندەران دەکات و ئەزموونێکی تری ژیانی دەستپێدەکات، ئەم وێستگەیە ئەگەرچی لە ڕووی جەستەییەوە شاعیری لە وڵات و گەل دابڕی، بەڵام لە ڕووی ڕۆحیەوە هەر بە وابەستەیی مایەوە، خۆی دەربارەی ئاوارەیی و بێکەسی دەڵێت: (( مەنفا لە شیعرەکانی مندا تەنیا مەنفایەکی جیۆگرافی نییە، کە نزیکەی نیوەی ژیانم تێدا بەسەر برد، بەڵکو مەنفایەکی و جودی – فەلسەفییشە، کەڕەنگە وەک نامۆ بوون ناو ببرێت، چونکە ئەم جۆرە مەنفایە، لەبنەڕەتدا، ئەنجامی نامۆبوونی مرۆڤە بەخۆی و کۆمەڵگا و دەوروبەر و ژیان مرۆڤ، بە هۆی گەشەکردنی هۆشیارییەوە، زۆر جار ناتوانێت لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا هەڵ بکات و بگونجێت و خۆی لە کۆمەڵگەکەیدا ببینێتەوە، بەکورتی پێموایە مەنفا، لە هۆنراوەکانی مندا، فرەڕەنگە، بەبارێکدا هەستکردنە بە نامۆبوون بەخۆ و ژیان و دەوروبەرو بوون، بە بارێکی دیکەدا ژیانە لەگەڵ ئەو یادەوەری و شوێن و ڕووداوانەی، کە پەیوەندییان بە منداڵی و وڵاتەوە هەیە و ڕۆژێک لە ڕۆژان مانایەکیان داوە بە ژیانی من، هەروا ڕەنگە جۆرە یاخیبوونێکیش بێت لە ستەم و بێدادی و دەستەمۆ کردن .))(سابیر،٢٠٢٢: ٢١٠)

جێ خۆیەتی ئاماژە بەوەبدەین، کە باڵای بەهای مرۆڤایەتی لەم دەقەدا سەرنجی چەند نووسەرێکی بیانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، ئەوەتا (تۆربیۆن سێففی)دەڵێت: ((لە خوێندنەوەی ئەم شیعرە بەهێزە یادوەرییانەدا، جار لە دوای جار، تۆنی مایاکۆڤسکی دەبیستم، نەک وەک لاساییکردنەوە، بەڵکو وەک جیاوازی و تایبەتمەندیی کەسایەتیی یاخیبوویەکی خۆشەویستی، یان ئەڤیندارێکی یاخی ( رەفیق )یش هەر وەک مایاکۆڤسکی لە سووتاندایە پڕ بە گەروو، بە هاوار ژانە سەراسەری ( گشتی )و سیاسییەکانی دەردەبڕێت.))(سابیر،٢٠٢٢: ٢٠٧)

هەمان سەرنج لای خاتوو(مایانیتیامێکی)یش دەبینرێت، کاتێک بەراوردی دەقی سابیر و مایکۆڤسکی دەکات و دەڵێت:((خزمایەتیی نێوان سابیر و مایاکۆڤسکی بەئاشکرا دیارە، بەڵام دەنگی سابیر دەنگی خۆیەتی و خاوەنی ژێیەکی خاکیتر و کامڵترە بەبەراورد لەگەڵ دەنگی بەجۆشی پێشەوا گەورەکە .)) (سابیر،٢٠٢٢: ٢٠٧) یەکێک لە دەقە شیعرییەکانی ئەم قۆناغەی شیعری(وەرزی سەهۆڵ بەندانە)کە تیایدا دەڵێت:

**بەسەر شانی دارستاندا سەردەکەوم**

**چرایەک بە لقی شەودا هەڵدەواسم**

**لە نێوانی دوو لوتکەدا**

**هەورێک دەکەم بە جۆلانە**

**تاوڵێکی بێ خاک و ئەستوند**

**ئەشکەوتێکن**

**پەنا دەوەنێک بە هێلانە.**

**بۆ کوێت بەرم سێوە خانێ ؟**

**بەشەوی باو بۆرانێ**

**ناگەمەوە کوردستانێ !)) (سابیر،٢٠٢٢: ٣٣٤-٣٣٥)**

شاعیر خۆیشی دەربارەی ئەم قەسیدەیە دەڵێت: ((قەسیدەی وەرزی سەهۆڵبەندان لە بارەی خۆشەویستی، مەنفایە، لە بارەی ئینسانێکە وڵاتەکەی بەکۆڵ داداوە و هەر ڕۆژەی لەشوێنێکە و لە هیچ شوێنێکیش نییە .)) (سابیر،٢٠٢٢: ٣٣٣)هەرچۆنێک بێت مرۆڤێکی پەناهەندەی وڵاتان کە خاک و گەلەکەی لەژێردەستەدا بن و ئەمیش زمان و کلتورێکی تری هەڵبژاردبێ دەبێ لەچ دۆخێکی دەروونی نالەباردا بێت، ئەمە لە لایەک لەلایەکی ترەوە شەڕی ناوخۆی ئەو ڕۆژگارەش هێندەی تر کاری کردبووە، سەر ژیان و ئەزموونی شیعرییەکەی، لەپاڵ هەموو ئەمانەدا سەرهەڵدانی ئەزموونی خۆشەویستی شاعیر لەمەنفا دەبێتە کەرەستەیەکی تری شیعری لە دەقەکە تێدا ڕەنگدەداتەوە، هەروەها شاعیر((پیاوێکی ئەڤینداری جوانناسی جوانیگەر چۆن توانی بەشداری لە ژیانی سیاسیی کوردیدا بکات، لە کاتێکدا سیاسەت لەزۆربەی کاتدا ماناکانی جوانبینیی وێراندەکات، بەتایبەت لە کوردستان .)) (سابیر،٢٠٢٢: ٨١)

ئەزموونی خۆشەویستی شاعیر لەو ڕۆژگارەوە خەمێکی تری بۆ سەرشان و بیرو دەروونی شاعیر زیادی کردووە و هێندەی تر حەسرەتی گەل و خاک و خۆی تێکەڵ شیعرەکانی دەبێت و بە کۆمەڵێک پرسیاری بێ وەڵامەوە ناخی خۆی هەڵدەبژێرێ ، شاعیر دەربارەی ئەم هۆنراوەیە دەڵێت: ((ئەزموونێکی شیعری نوێیە و شێواز، زمان وتەکنیکی شیعریی منی گۆڕی هۆنراوەکە شێوەیەکی داستانئامێزی هەیە، فرەڕەنگ، فرەبابەت وفرەدەنگە، شێوازی ئاخاوتنی کەسی یەکەم، دووەم و سێیەم، گێڕانەوە، مۆنولۆگ و دایەلۆگ بەکارهاتوون.کەش وهەوای دراماتیکی هۆنراوەکە،بەپێی جۆرو شێوازی ڕووداوەکان، گۆڕانیان بەسەردا دێن. مەنفای ڕۆحی و جەستەیی و ئەوین، تێمایەکی سەرەکیی هۆنراوەکەن، کە تیایدا دیمەن و وێنەو ڕووداو وکات، بە خێرایی ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێن و هەندێک جار تێکەڵاوی یەکتر دەبن. هەروەها سێبەری شەڕ و شەڕی

نێوخۆ،شوێنەواری خۆیان لە هۆنراوەکەدا بەجێ هێشتووە، سەرەنجام ڕێگای ئەوین، ئەگەر ڕێگای نەهاتیش بێت، وەکوو شاڕێگا هەڵبژێردراوە))(سابیر،٢٠٢٣: ٣٧٠-٣٧١)

هەروەها دەڵێت:

**سەرداری رۆحە شێتەکەم**

**بۆ کوێت بەرم ؟**

**ئەو کەرنەڤاڵی کوشتنە**

**بۆ ئێمە یە ؟**

**ئەو هەموو پەتە زبرانە**

**بۆ گەردنی سەدجار رووشاوی ئێمەیە ؟**

**چۆن ئەم دڵەت بۆ بنێرم ؟**

**چۆن بە نێو سەگی سنوورو**

**مین و**

**کەمین و**

**تەلبەندا دەربازی کەم ؟**

**بەکام قاسیدی بسپێرم ؟**

**چۆن ئەم دڵەت بۆ بنێرم ؟( سابیر ،١٩٨٧:٥٩٢)**

ئەم دەقە ئەو وتەیەی شاعیرمان بیردەخاتەوە، کە دەڵیت:((من لە شەرایتێکدا لە شوێنی خۆم هەڵقەندرام و لە ژیانێکی ئاسایی خۆم دابڕام، سەردەمێک پێشمەرگایەتی و دواتر دوورەوڵاتی و ژیان لە وڵاتانی جیاواز، ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی کە گۆڕانێک لەتێڕوانینم سەبارەت بە شیعر ڕووبدات، لە هەمان کاتدا، لەو قۆناغە نوێیەدا، لایەنی ناوەوە، یان لایەنی دەروونیی ئینسان، هەروا تاکەکەس، بۆ من گرینگ بوو، هەموو کارێکی گرینگی ئەدەبی، هەموو کارێکی تەنانەت گرینگی سیاسی، سەرەنجام خودی ئینسان دەکرێتە سەنتەر، یان دەبێتە ئامانج .)) (سابیر،٢٠٢٢: ١٩٩)

بێگومان دڕندایەتی ڕژێمی بەعس بەرامبەر بە گەلی کورد لە نیوەی دووەمی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو گەیشتە لوتکە، پرۆسەی ئەنفال و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە دوو دیارترین تاوانەی مرۆڤایەتی سەردەمەکە بوون، کە سەرنجی هەموو کورد پەروەرێکیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشا، بەتایبەتی کە لەو ڕۆژگارەدا کورد جگە لەخوا هیچ گەورە هێزێکی جیهانی لەگەڵدا نەبوو، کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە بە ڕۆژی نیوەڕۆی (١٩٨٨\٣\١٦)ترۆپکی تراجیدیاکە بوو بۆ (ڕەفیق سابیر)ی کوردپەروەر، ئەو تاوانە بووە هەوێنی لەدایکبوونی شاکاری (لاوکی هەڵەبجە) کە تیایدا دەڵێت:

**گەرووی بە گزنگ تەڕکەن**

**زامەکانی بە شیلان**

**بە گۆرانی داپۆشن**

**یان بە سەوزیی دارستان (سابیر ،١٩٨٩:٥٣٥)**

دەقی شیعری ( لاوکی هەڵەبجە ) هەموو ساڵێک لە یادی کیمیاباران کردنی هەڵەبجەدا بەر گوێمان دەکەوێت، جا چ بەشیعر بێت یان بە گۆرانی، دەتوانین بڵێن ئەم شیعرە خاوەن مارشێکی نەتەوەییە و خاوەنی زۆرترین دەنگە لە کۆی هەموو ئەو شیعرانەی، کە لەلایەن شاعیرانی دیکەوە بۆ ئەو یادە مەزنە وتراون ، ئەم دەقە بە زمانێکی سادە و دوور لە لاواندنەوە و هوتاف کێشان نووسراوە، کە تێیدا باس لە هێزی ژیان دەکات، کە چەند بە هێز و زاڵە بەسەر هێزی مەرگدا، هەروەها دەڵێت:

**فڕۆکەکان لە ناکاو دێن**

**رووتین ، خۆمان بە ئاسمان و**

**دارستان و**

**لەپی دەستمان**

**دادەپۆشین .**

**چنگێک شەپۆڵ دەچنینەوە**

**دەیکەین بە دەمامک و رەشماڵ**

**تاوێرێک هەڵدەکۆڵین و**

**کەچی رووتین ،**

**خۆمان بە ساچمە و هەوری ژەهراوی دادەپۆشین**

**هێشتا رووتین ...**

**رووتین ...**

**رووتین ...! (سابیر ،١٩٨٩:٥٤٢)**

لێرەدا شاعیر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ باسی کاریگەری دیمەنەکانی هەڵەبجە دەکات و بەهیچ شتێکی ناچوێنێت، ڕۆڵ و دەورەکانیش ناگۆڕێت؛ بۆیە میللەتی کورد لە ترسی هاتنی فرۆکەکان خۆیان بە گژوگیای دارستان دادەپۆشن، یان لە ناو گژوگیاکاندا خۆیان حەشار دەدەن، شاعیر ئەوەندە توخنی ئازار و کارەسەتەکانی هەڵەبجە بووە بەدەستی دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس دیکتاتۆر هەستی بە هەموو برین و ئێشو ئازارەکانیی هاوڵاتیانی هەڵەبجە بریندارەدکات کە( شەپۆل)دەکەنە دەمامک، بۆ ئەوەی لە بۆن و خنکاندنی ئەو گازە ژەهراوییە ڕزگاریان بێت .

شاعیر دەربارەی شیعری (بەتەنیا جێم مەهێڵن) دەڵێت : ((ئەم هۆنراوەیە هەست و سۆز و کاردانەوەی کەسێکە بەرانبەر کارەساتیک کە تووشی نەتەوە و وڵاتەکەی هاتووە و دەشێت سبەینێ ڕوووبداتەوە، کە واتا ئێمە بەرانبەر تراجیدیایەکی ئینسانیی کەموێنە ڕاوەستاوین، کە هەستی ناسیۆنالیستی بەتەنیا ناتوانێت ئەو تراجیدیایە و کاردانەوەی ڕۆحی و سایکۆلۆجیی مرۆڤ بەرانبەر تراجیدیاکە وێنا بکات؛ بۆیە بەلای زۆرەوە ئەو سۆزە گەردوونی و مرۆڤ دۆستانەو ئاشقانە، دەشێت هەوێنێکی گرنگی هۆنراوەکە بن، هەرچەندە ئەوانیش بەتەنیا مەرج نییە، بتوانن کاری هونەریی گرنگ بەئەنجام بهێنن، چونکە کاری هونەری و ئەدەبی، کۆمەڵێک مەرجی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە پێکەوە لەگەڵ شێوازی تایبەتی هونەرمەند، شاعیرەکە، ئاست و سروشتی هونەریی کارەکە و تایبەتمەندییەکانی دیاری دەکەن .)) (سابیر،٢٠٢٢: ٨١)

هەروەها دەڵێت :

**ڕابە رۆڵە نەبەردەکەم !**

**ڕابە شارە شەهیدەکەم !**

**ڕابە هاوار و فرمێسکی خۆڵەمێشیی کۆرپەکانت**

**بشۆرەوە .**

**ڕابە ویژدان و جوامێری**

**بەسەر ئەم دنیا دونەدا ببەشەوە .**

**ڕابە لەکەی شەرمەزاریی سەر روخساری**

**دۆستەکانمان بۆ بسڕەوە .**

**مانایەکی نویێ بۆ تاوان**

**بۆ یەکسانی و**

**برایەتیی درۆزنانەی تۆڕ و ماسی و**

**پەت و گەردن بدۆزەوە !**

**ڕابە ڕۆڵە جوامێرەکەم !**

**ڕابە شارە شەهیدەکەم ! (سابیر ،١٩٨٩:٥٥٨)**

وەک دەربڕینی خەم و ڕەخنەگرتن لە سیاسەت و کردار و ڕەفتارەکان، هتد لەم شیعرەدا دەتوانین دوو ئاست دەست نیشانبکەین

ئاستی یەکەم ئەو وشەو دەربڕینانە دەگرێتەوە، کە توند و تیژن، بەڵام بە ئەدەبەوە بەکاردەهێنرێن، کە خۆیان لە دۆخێکدا دەبینەوە، کە هێرش بکەنە سەر دوژمنانی گەلەکەیان .

ئاستی دووەم  شاعیر پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی وشەی ناشرین، کە ئەویش ئەو وڵاتەی بە جەنگەڵ چواندوە، لە کاتێکدا کە جەنگەڵ شوێنی گیانلەبەر و ئاژەڵدارانە نەوەک مرۆڤ لەسەری بژێت،

هەروەها دەڵێت:

**دار بەڕوو دەکات بە زریێ**

**بۆ نەوەکان**

**لاوکی یاخیبوون دەچریێ(سابیر ،١٩٨٧:٦١١)**

داربەڕوو هێمایە بۆ گەلی کورد، کە هێندە بە بەهێزی ڕەگی خۆی داکوتاوە لەسەر خاک و نیشتمانەکەی، کە نەوەکانی لەسەری هەمیشە لاوک و گۆرانی سرودی شۆڕش و یاخیبوون لەسەری دەڵێنەوە، هەروەها(رەفیق سابیر) دەڵێت :((دواتریشی ، بەرەو داکۆکیکردن لە خۆ و لە خاک برد . ئەو دۆخە سیاسییەی کوردستان و گەورەبوون لەسایەی شەڕدا،زەمینەی ئەوەی ڕەخساند، کە مرۆڤ، خۆی لەناو گوایا سیاسەت و ڕێکخستنی سیاسیدا بدۆزێتەوە، من بەهۆی

خوێندنەوەو بە هیوای جوانترکردنی ژیان و پێشگرتن لە ستەم و بێدادی و بەهۆی کارتێکردنی بیری مارکسییەوە، کەوتمە ناو ڕیزی حیزبی شیوعی عێراقەوە .)) (سابیر،٢٠٢٢: ٨٢)

هەروەها دەڵێت:

**دەزانم مێژوو جەنگەڵە ، یان تەویلەی زۆردارانە**

**کەچی ئەمشەو جارێکی دی بروسکە زین دەکەم و**

**هەڵتدەگرم . (سابیر ،٦٢٨:١٩٨٧)**

شاعیر لێرەدا زۆر پەست و یاخییە، کە مێژووی نەتەوەکەی چواندوە بە( جەنگەڵ و تەویلە ) یاخیبوونی خۆی دژی دەسەڵاتە، بۆیە تووڕەیی خۆی بە سەر نووکی خامەدا دەرێژێت و شاعیر سیفەتی بوێری و ئیرادەی بەهێز و تەحەدای سەختیەکانی ژیانی دەکرد، ئەم سیفاتە یەک لەدواییەکانە وەکو گوللەی فیشک وان، کە لە پشتیانەوە خۆیان دەشارنەوەو ڕق و توڕەیی بەرامبەر بە چینی دەسەڵاتدار بە گشتی دەردەبڕن .

هەروەها دەربارەی ئەو مەرگەساتە جەرگبڕە دەڵێت :((هەوڵم داوە، باسی کارپێگەریی ئەم کارەساتە ئینسانییە مەزنە بکەم و هەست و هەژانی ڕۆحیی خۆم، وەک مرۆڤ، لەبەرانبەریدا دەرببڕم. من نە لە نووسین و نە لە بڵاوکردنەوەی هۆنراوەکەدا پەلەم کرد . ئەمەش دەرفەتی دامێ کە تۆزێک هێمنانە، بیر لە ڕووداوێکی ناهێمن و دژوار بکەمەوە. هەروا توانیم هەموو، یان زۆربەی ئەو کۆپلە و دێڕانەلابەرم کە لاموابوو، لایەنی شیعرییان لاوازن، یان مۆرکێکی سیاسیی زەقیان پێوە دیار بوو .)) (سابیر،٢٠٢٢: ٢٣٣)

**نە دارستان ئەمشەو سەرم رادەژێنێت**

**نە بروسکە !**

**نە گوللەیەک دەمگرێتە خۆی**

**نە لوتکە ! (سابیر ،٥٣٩:١٩٨٩)**

زمان و داڕشتن و وێنە و تەکنیکی فۆرمی دەقە شیعرییەکە خەسڵەتێکی دیار و تایبەتی بە شیعرەکە داوە، کە ڕاستەوخۆ چووە نێو کۆمەڵگای کوردییەوە و هەموو سنوری نیشتمانی بڕی و بووە یەکێ لە سرووده نەتەوەییەکان، کە بەردەوام بەسەر زاری خەڵکەوەیە، لەلایەکی تر دەڵێت: ( ڕەنگە ئامانجی ئەدەبی من ئەوە بێت، لە ڕێگای شیعرەوە مانایەک بە بوون و ژیانی خۆم بدەم ) (سابیر،٢٠٢٢: ٣٢٠) کە کوردم.

شاعیر هەر دەربارەی (لاوکی هەڵبجە) دەڵێت: ((قەسیدەکەش بۆ خۆی حاڵەتێکی لەو شێوە سریالیەی تێدایە، کە ڕەنگە بەشێکی پێوەندیی بە خوێندنەوەی من هەبووبێت بۆ ئەو کارەساتە، بەڕاستی حاڵەتێکی سریالیانەیە، ئەگەر لە دیدێکی شاعیرانەوە سەیری بکەی چەندە تراجیدیانەیە ئەوەندەش حاڵەتێکی شاعیرانەیە .)) (سابیر،٢٠٢٢: ٩٦)

هەروەها دەڵێت:

**ببوورن ...گیانە ... ببوورن !**

**نامانەوێ مەرگی لەناکاوی خۆمان**

**بکەین بە پێوەری ویژدان**

**بە پێوەری دادپەروەری و**

**برایەتی و**

**مافی گەلان . (سابیر ،١٩٨٩:٥٥١)**

هەروەها شاعیر یاخیبوونی خۆی بەرامبەر بە نەتەوەکانی جیهان دەردەبرێت و سەرباری هەموو ئەمانەش داوای لێبوردنیان و لێدەکات، کە ئێمە نامانەوێ بەمەرگی لەناکاو شەهیدبوونی ڕۆڵەکانمان ویژدانی ئێوە بجوڵێنین و بیکەنە پێوەرێک بۆ گەیشتن بە دادپەروەری و یەکسانی و برایەتی مافی گەلان، ئەمەش وەکو خۆی دەڵێت تارماییەکی سریالیانەی لە پشتەوەیە، کە باڵای تراژیدیاکە هێندەی تر بەرز دەکاتەوە .

ئەو تراجیدیایەی، کە بەسەر هەڵەبجەدا هات، بە داستانێکی چواندووە، کە زامەکانی دایدەتاشێت، دەیکاتە شاکارێکی نەمر ((کەواتا مەسەلەی نەمری، لە ئەدەب و هونەردا، لە بنەڕەتدا، پەیوەندیی بەوەوە هەیە، تاچەند ئەو شیعرە، یان ئەو بەرهەمە هونەرییە، بەڕاستی هونەرە، واتا تاچەند توانیویەتی بە قووڵی و بە شێوازێکی هونەری، هەست و بیری مرۆڤ بدوێنێت و لایەنی ڕۆحیی مرۆڤ بێدار و ڕووناک بکاتەوە، ئەگەر شیعری لاوکی هەڵەبجە، وەک تۆ دەڵێیت شیعرێکی نەمر بێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە لەبەر ئەوە نییە، پەیوەندیی بە تراجیدیایەکی گەورەی نەتەوەیی و ئینسانیی وەک تراجیدیای هەڵەبجەوە هەیە، بەڵکو بەڕای من ئەو مەسەلەیە، لەبنەڕەتدا، پەیوەندی بەوەوە هەیە کە ئەم شیعرە توانیویەتی، بەشێوەیەکی هونەری باس لە هەندێک لایەنی تراجیدیاکە بکات، یان لایەنێکی تراجیدیاکە بگۆڕێت بە هونەر .)) (سابیر،٢٠٢٢: ٢١٥)

شاعیر دەقەکەی بەو پەڕی هوشیارییەوە نووسیوە و ئەوەش تێبینی دەکەین، کە چەندین جار پێداچوونەوە و گۆڕانکاری تێدا کردووە و خۆی بووە بە ڕەخنەگری دەقەکە، بەمەش

ویستویەتی  شاکارێک کە بارتەقای گەورەیی تراجیدیاکە بێت بنووسێت ،هەر ئەم بیرکردنەوەیەش وایکردووە هەر زوو دەقەکە  ببێتە ناسنامەیەکی  ئەدەبی و دواجاریش هونەریی بۆ مەرگەساتەکە ئەوەتا خۆی لەمبارەیەوە دەڵێت:  ((ڕەنگە ئەفسوونی ئەو هێمنییە ئەوە بێت، کە من هەوڵم داوە، لە فۆڕمێکی هونەریی گونجاودا، لە ڕێگەی باسکردنی  تراجیدیایەکی ئینسانییەوە، ژانی نەتەوەکەم و خەمی خۆم، وەک مرۆڤ و وەکو کەسێکی بێ وڵات، باس بکەم هەروا ئەوەندەی توانیبێتم و هەوڵم داوە خۆم لە هاتوهاوار و هوتافکێشان و دروشم بە دوور بگرم و زیاتر لە ڕێگەی وێنەی  شیعری و مێتافۆر و پێشچاو خستنەوەی شیعرییانەی کۆمەڵێک وێنە و دیمەن و ڕووداو، کە لە کاتی پێشمەرگایەتی و منداڵیمدا دیبوومن، لە ڕێگەی شۆڕبوونەوە بۆ ناخ و دەروونی خۆم و چڕکردنەوەی بیر و هەست و خەیاڵەوە، باس لە شتەکان بکەم، یان زیاتر ڕووناکیی  بخەمە سەر لایەنی ڕۆحیی مرۆڤ، نەک وەسفی  سیاسییانەی   تراجیدیاکە .)) (سابیر،٢٠٢٢: ٢٣٢-٢٣٣)

**ڕۆحی سەد جار هەڵواسراوم هێشتا هەر کوردستانییە**

**شەیدای ئاشتی و**

**دووندی دوورو**

**برایەتی و**

**یەکسانییە**

**ڕۆحی لە مەدار یاخیبوم لە کەلاوەی وەرزەکاندا**

**گوڵوکی شارستانییە .  (سابیر ،١٩٩٠: ٢١٦ )**

لێرەدا (سەد) هێمایە بۆ قوربانیدانی سەد ساڵەی نەتەوەی کورد و وەفا و خۆشەویستی تاکی کوردە بەرامبەر بە خاک و نیشتمانەکەی، کە شاعیر خۆی وەکو تاکێکی نیشتمانەکەی پیشانداوە، لەگەڵ ئەوەشدا شاعیر بە تابلۆیەکی پڕ لە مەرگەسات  داستانێکی پڕ لە ژیان  و خۆشەویستی  و یەکسانی کوردی وێناکردووە؛ هەر بۆیە هاوڕای ئەو قسەیەین، کە دەڵێت : ((کۆمەڵێک هۆکاری گرینگ هەبوون، کە گۆڕانکارییان لە بیرو ژیانی مندا دروستکرد، لەوانە کارەساتی هەڵەبجە، بناغە و سەرەتای ئەم گۆڕانکارییە بوو.)) (سابیر،٢٠٢٢: ٢٧١-٢٧٢)

(ڕەفیق سابیر) دەڵێت :((لە وڵاتدا دوو لایەنی سەرەکی هەستی ئەدەبی و بیرکردنەوەی منیان داگیرکرد بوو: لایەنێکیان ئەوە بوو، کە وەک مرۆڤ و شاعیر، هەستم بە نامۆییەکی قووڵ دەکرد و نەمدەتوانی خۆم لەگەڵ بارودۆخەکەدا بگونجێنم، یان وەک لە شیعرێکدا نووسیومە (من نامۆی نێو شارەکەم بووم، هەر خۆم تەرم و گۆڕهەڵکەن و خۆم زێوانی گۆڕەکەم بووم ). ئەمە سەرەتای نامۆیی و مەنفایەکی وجودییانە بوو، کە پێوەندی بە مانای جیۆگرافیی مەنفاوە نییە، بەڵکو بەرهەمی

ئەو ناکۆکییەیە، کە لە نێوان هۆشیاریی تاکە کەس و دەوروبەر واقیعدا هەیە. لایەنێکی دیکەیشیان، وەک کەسێکی چەپ و مارکسیست، هەستم بەبەرپرسیارییەکی گەورە دەکرد بەرانبەر بە ژیان و وڵات و جیهان .من لەو جیلەم، کە تەنانەت لەسەر ئاستی دنیاشدا، زۆرترین کاریگەریی گیڤاراو شەڕی ڤێتنامی لەسەربوو .)) (سابیر،٢٠٢٢: ١٤٠)

شاعیر لە دەقی (کۆڵان)دا دەڵێت:

**کۆڵان بە یاسای جەنگەڵ و خەمەکانی ڕاهاتووە .**

**لە نێو خەونە کاڵەکانیا پاڵکەوتووە**

**کۆڵان خووی بە کارەسات و**

**دیلی و**

**(منع التجول ) و**

**خووی بە کاتەوە گرتووە . (سابیر ،٧١٩:١٩٨٥)**

لێرەدا دەنگی یاخیبوونی خۆی بەرامبەر بە خاک و نیشتمانەکەی دەردەبرێت، کە هەموو کوچەو کۆڵانەکانی نیشتمان پابەندی یاسای جەنگەڵ و بەخەمەکانی ڕاهاتوون و بێدەنگن، کە لە ئەنجامی یاسا و ڕێسای دەسەڵاتی سیاسی ئەو سەردەمە، کە بەزۆر بەسەریاندا سەپاوە، بۆیە کۆڵانەکانی شار و نیشتمان کارەسات و دیلی بوەتە خوویان لێی دوور ناکەونەوە (منع التجول) واتە نابێت هیچ کەسێ لە ماڵەکەی خۆی بێتەدەرەوە تا ئەو کاتەی، کە دیاری کراوە .

شاعیر لەدەقی شیعری (نەهات)دا دەڵێت:

**لە هەرێمی ڕەشبگیری و کارەساتدا**

**باڵای هەڵچووی**

**وەک تەنیایی بە دوای خۆیدا رادەکێشێت**

**پشکۆ و ڕێکەوت دەکات بە یەخەی نەهاتدا . (سابیر ،٥٢٩:١٩٩٠)**

نیشتمانەکەی بە هەرێمێکی ڕەشبگیر و نەهات دەچوێنێ، ئەو کارەساتانەی کە بەسەر نەتەوەی گەلی کوردا هاتووە، باڵای هەڵچووی، واتە باڵای تورەیی نیشتمان بەبێکەسی و تەنیای خۆی چواندووە، کە هەمیشە ئەو ڕێکەوت و ئاگرانە دەکات بە خەمی نەهاتی نیشتماندا.

## ٢-٣- فەرهاد شاکەلی

شاکەلی دەنگێکی ڕەسەنی شیعری هاوچەرخی کوردییە، خاوەنی سیما و شەقڵی تایبەتی خۆیەتی، باگراوندێکی ڕۆشنبیریی قوڵی هەیە، ئەوناموٚ نییە بە خوێندەوارانی کورد دەنگێکە کە لە قۆناغی شەستەکانی سەدەی ڕابوردووەوە، لە گەرمیانەوە ئاوازی تێکستی شیعر و چیرۆک دەخوێنێ، لە ساڵی(١٩٥١) لەدێی (شاکەل)ی سەر بە قەزای کفری لە گەرمیان لەدایکبووە، باڵای دنیای ئەدەب و هونەر و زمانەوانیی( شاکەلی) لە غەریبیدا زیاتر هەڵدەکشێت، شاعیر لە قوتابخانەی (( (مدرسة سيدة القروية )، واتە خوێندنگەی گوندیی سەیدەکە یەکێکە لە دێیەکانی ناوچەی شاکەل و سێ چوار کیلۆمەترێک لە باکووری شاکەلەوەیە .))(شاکەلی،٢٠٢١: ٧٨٢)دەستی بەخوێندن کردووە،

ساڵانی(١٩٦٨-١٩٦٩)دەستی بە بڵاوکردنەوەی بەرهەم و شیعرەکانی لەنێو پەڕەی گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا کرد، لە هەمان کاتیشدا چووە نێو کاری ڕێکخراوییەوە ، لە شاری خۆی (کفری) بووە لێپرسراوی لقی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، شاعیر تاکو سەرەتای ١٩٧٧ کاری سیاسیی کردووە، بەڵام بەهۆی بێزاربوونی لە دۆخی سیاسی ئەو ڕۆژگارە، چونکە ژینگە سیاسییەکە ژینگەیەکی ناخۆش و دژوار بوو، گەیشتە ئەو بڕوایەی، کە پێویستە لە سیاسەت دوور بکەوێتەوە.

پایزی (١٩٧١)لە زانکۆی بەغداد لە بەشی زمان و ئەدەبی کوردی وەرگیرا، یەکەم کتێبی شیعری لەساڵی (١٩٧٣) بەناونیشانی (پرۆژەی کودەتایەکی نهێنی ) بڵاوکردەوە، لە هاوینی(١٩٧١)ئامادەی کۆنگرەی یەکێتی نووسەرانی کوردبووە، کە لە هەولێر بەسترا، لە هەمان ساڵدا لەگەڵ (لەتیف هەڵمەت)ی شاعیر بەیاننامەی شیعریی(گرووپی کفری)یان بڵاوکردەوە، تێیدا تێڕوانین و بۆچوونی خۆیان دەربارەی شیعری نوێ و نوێکردنەوەی شیعری کوردی خستەڕوو.

ماوەی نێوان (١٩٧٠-١٩٩١)کۆمەڵێ بەرهەمی بڵاو کردۆتەوە کە ژمارەیان (٦) بەرهەمە و ئەوانیش بریتین لە (پڕۆژەی کوودەتایەکی نهێنی ، پاشکۆی پرۆژەی کوودەتایەکی نهێنی ١٩٧٣، نەء ،شەقامەکان بریندارن، ڕووبارە تیشکێک لە هەتاوی سوورەوە ١٩٧٧، هەوراز ١٩٨١، ژێ ١٩٨٥)، هەروەها جگە لەو بەرهەمانە بۆ ماوەی (١١)ساڵ خەریکی دەرکردنی (گۆڤاری مامۆستای کورد ) بووەو لەدەرەوە، یەکەمین ژمارەی لە مارتی ١٩٨٥دا بڵاوبووەتەوە، دوا ژمارەی، کە جووت ژمارەی (٣٠-٣١)ە، هاوین و پایزی ١٩٩٦،دەرچووە.

ئاداری(١٩٧٤)دا جەنگ لەنێوان ڕژێمی بەعس و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دەستی پێکردەوە، ئەمیش لەگەڵ ڕۆشنبیران و خاکپارێزانی گەلی کوردا پێوەندی بە بزوتنەوەکە کرد.

بۆ (فەرهاد شاكەلی) كوردپەروەر و نەتەوەپەرست بەختیارترین ساڵانی ژیانی ئاداری (١٩٧٤)تا ئاداری(١٩٧٥)بووە ، پاشان گەڕایەوە بەر خوێندن لە زانكۆ و بەنهێنی لە خەباتی سیاسی خۆی بەردەوام بوو،هەر لەو ساڵەدا ڕێكخراوە چەپڕەوە بچكۆلەكەیان ئاشكرا كرا و هەندێ لە ئەندامیان دەستگیركران وپاشان لەسێدارەدران.

لە ساڵی (١٩٧٥) كە لە پێشمەرگایەتی گەڕانەوە لەگەڵ شێخ شەهابی شێخ نووری (شەهید خاڵە شەهاب)و هاوڕێكانی(كۆمەڵەی ماركسی لینینی)یان دامەزراند،شەهید خاڵە شەهاب داوای لێكرد، ناوێكی نهێنی هەڵبژێرن، (شاكەلی) ناوی (فەرهاد)ی هەڵبژارد و پاشان كردی بە نازناوی شیعری و ئەدەبیاتی خۆی.

ساڵی (١٩٧٥) چووەتە سوریا، پاشان لە پایزی ساڵی (١٩٧٧) تا هاوینی ساڵی(١٩٧٨) لە ئەلمانیا ژیاوە و دواجاریش هەر لەو ساڵەدا لە سوید جێگیر بووە، لەساڵە (١٩٨١)و پاش ساڵێك خوێندن لەزانستگەی ستۆكهۆڵم، چووەتە زانستگەی ئوپسالا و زمانە ئێرانیەكانی خوێندووە و ئێستا لە هەمان زانستگەو پەیمانگای مامۆستایانی ستۆكهۆڵم مامۆستایە.

تێڕوانینی (فەرهاد شاكەلی)دەربارەی شیعرەكانی قۆناغی توێژینەوەكەمان ئەوەیە دەڵێت:((شێوەی شیعرم كە دوو لە كۆمەڵە شیعرەكانم شیعری سیاسین، كە مەبەست لە (پڕۆژەی كودەتایەكی نهێنی)یە یان شیعری بەرگریی ئەو كاتەن، بەڵام دوای چوونە ئەوروپام بە ماوەیەكی كورت، كە ماوەی دوو سێ ساڵێك هەر بێدەنگ بووم، بە خۆمدا دەچوومەوە، بە بیروباوەڕەكانمدا، بە شێوەی شیعرمدا، بە هەموو شتێكدا، ئەنجامەكەی ئەوە بوو، كە گەیشتمە كەناری تەسەووف . تەسەووف بوو بەو جیهانەی، كە وەك دەڵێن، چوومە ژووەرەوە، بەڵام لێی دەرنەچووم، تا ئێستاش هەر لەوێم .))(شاكەلی،٢٠٢١: ٥٣٠)دەقی شیعری سیاسی و شۆڕشگێڕی لەو شیعرانەیە كە لە ئاكامی سەختی و ئاڵۆزی و بارودۆخی سیاسیی و ناهەمواریيەوە دروستدەبێت، ئاشكرایە كە دەقی شیعری كوردی ڕەنگدانەوەی ژیانی واقیعی سیاسیی و كۆمەڵایەتی گەلی كورد بووە، شاعیران وەكو توێژێكی دیار و ڕۆشنبیر زیاتر لە كەسانی ئاسایی كۆمەڵگەكەیان دركیان بە كێشە و گرفتەكانی سەردەمەكەیان كردووە، ئەوبارودۆخە خەمبارییەش لەنێو بەرهەمە ئەدەبیەكانیاندا ڕەنگی داوەتەوە (فەرهاد شاكەلی)ی شاعیر لە دایكبووی قۆناغێكی سیاسی ومێژوویی سەخت و دژوار بووە، كە كۆمەڵگای كوردی لەقۆناغی دواكەوتووی ژێردەستەییدا ژیاون، شاعیر لەنێو ئامێزی خێزانێكی كوردپەروەر و ڕۆشنبیر و خانەدان پەروەردە بووە، بۆیە هەر لەو كاتەوە ڕوو لە كاروانی خەباتی سیاسی و تێكۆشانی نیشتمانی و نەتەوەكەیدا دەكات و ڕووبەرووی كۆمەڵی ئاستەنگی بوەتەوە، دەربارەی ئەو قۆناغە ( فەرهاد شاكەلی) بەم شێوەیە بۆمان دەدوێت: ((من لە سیاسەتەوە نەهاتووم بۆ ئەدەب و هونەر و فەرهەنگ، بەڵكو لەفەرهەنگ و ئەدەبەوە ڕێم كەوتە سیاسەت . ئەو كاتەیش، كە لەناو سیاسەتدا بووم، دیسان هەر لەگەڵ ئەدەب و فەرهەنگدا دەژیام، بەڵام هەر زوویش هەستم كرد، ئەم دووە پێكەوە ناگونجێن، یا هەر نەبێ من ناتوانم پێكەوەیان

بگونجێنم، لەبەر ئەوە دەستبەرداری سیاسەتی حیزبایەتی بووم .))(شاکەلی،٢٠٢١: ٨٠٦)ڕاستە شاعیر وەکو ژیان و پەیوەندی کەسی وازی لە سیاسەت هێناوە، بەڵام وەکو شیعر هەمیشە ئاوێتەی خەم و ئازارەکانی گەلەکەی بووە و دژی داگیرکەران جەنگاوە.

لە شوێنێکی تردا دەڵێت: ((کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکان ساڵانێکی گورج تێپەڕ و سەرشار لە ئەزموون و گۆڕان بوون، چ بۆ من وەک تاکە کەس و چ بۆ گەلی کورد لە کوردستانی عێراقدا دڵداری و سیاسەت دوو ئەزموونی کاریگەر و گرنگ بوون .))(شاکەلی،٢٠٢١: ٣٧) دەتوانین بڵێین لای (فەرهاد شاکەلی ) سێ قۆناغی زۆر دیار لە ژیانی شیعریی شاعیردا هەستی پێدەکرێت، ئەوانەش بریتین لە قۆناغی یەکەمیان بریتییە لەقۆناغی ئەوەی، کە بابەتەکانی شیعر زیاتر ژن و سروشت و نیشتمانە . ئەوەش ئەو قۆناغەیە کە پەیوەندی زۆری لەگەڵ شیعری (گۆران) دا هەیە، قۆناغی دووەمی قۆناغی نووسینی شیعری سیاسی و هەڵگری بیروباوەڕی چەپە(مارکسی) ، ئەم دوو ماوەیە کەمترین ماوەی ئەزموونی شیعریی شاعیرن، قۆناغی مەودا درێژیی شیعری شاعیر ئەو ماوەیەیە و ئەو ئەزموونە شیعرییە، کە لەگەڵ دنیای تەسەووف و هەموو ئەو بابەتانەی، کە دێنە ژێر ئەم جیهانەوە، دەژی .

شاعیر ڕۆشنبیرییەکی قووڵی هەیە، باوەڕی وایە، کە چەمکە باڵاکانی ژیان وەک(دیموکراسی، ئازادی، ئاشتی، ....هتد)پێویستە بەکردەیی لە ژیان و لەنێو کۆمەڵگادا کاریان بۆ بکرێت و دەنگ بدەنەوە ، لەم بوارەدا(شاکەلی) یەکێک بووە لە خەمخۆرانی ئەو ڕێبازە وەک خۆی دەڵێت: ((زۆر جەختم کردووەتەوە لەسەر دیموکراسی و ئازادیی بیروباوەڕ، ئەو کاتەی کە من باسی ئەو شتانەم دەکرد، هەموو خەڵک گاڵتەی پێ دەهات، چونکە لە ڕاستیدا نەبوو بوو بە نەریتێک، بەقسە دەیانگوت، بەڵام زۆربەی بزووتنەوەکانی کورد ئایدۆلۆژییان هەبوو و لە دەرەوە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژی ڕێگەیان بە شتی تر نەدەدا . ئەمە هانی دام، بەڵام من چاوەڕێی دەرفەتێک بووم لە ڕووی مالییەوە، لە ڕووی ئیمکانیاتەوە، لە ڕووی تەکنیکەوە بتوانم کارەکە دەست پێ بکەم . ئەمە ساڵی ١٩٧٨ ەوە هەتا ١٩٨٥ ی خایاند . ))(شاکەلی،٢٠٢١: ٧٣٩)

بێگومان ئەم ئامانجە پیرۆزانە، کەخۆیان لە (دیموکراسی، ئازادی، ئاشتی)دا دەبیننەوە، جگە لەوەی پێویستیەکی قۆناغە سیاسیەکەی شاعیر و گەلەکەی بوون لە هەمان کاتیشدا پێویستیان بە خەباتی نەپساوە هەیە، هەر بۆیە شاعیر بە چەک و بە قەڵەمیش لە پێناویاندا جەنگاوە و خەباتی کردووە ئەوەتا لەیەکێک لە دەقە شیعرییە دیارەکانی، کە لەو ڕۆژگارەدا دەنگی دایەوە، بە فۆرم و ناوەڕۆکیش سیمای یاخیبوونی پێوەدیارە، دەقی (پرۆژەی کودەتایەکی نهێنی)یە، کە لە ڕێکەوتی (١٤-٢-١٩٧١)نوسیویەتی و دەڵێت:

**ئاسۆ دیار بوو کە سوارەکان بەتاو هاتن**

**ئاڵای ڕۆژیان هەڵگرتبوو**

**ڕوخساری پڕ لە تووڕەییی (سپارتاکۆس)**

**چاوی (سیزیف)**

**لە ڕوومەتیانا دەرئەکەوت .**

**لە ژێر گەرد و تۆزی چڕی**

**سمی ولاخەکانیانا**

**ئاسۆ لەچاو ون بوو، نەما.**

**لەبیریان چوو:**

**وشەی نهێنی دابنێن،**

**چەکوش ،چرا لەگەڵ خۆیانا هەڵگرن (شاکەلی،٢٠١٦:٣٥ -٣٦)**

دەقەکە هەڵگری ئایدۆلۆژیاییەکی ئەنتەر ناسیۆنالیزمە (تووڕەیی سپارتاکوس) و ( چاوی سیزیف) ئەو وێنە خوازەییانەن، کە شاعیر لە ڕێگەیانەوە بیری ڕاپەڕین و یاخیبوونی خۆی بەرجەستە دەکات و لە کۆتایشدا لە ڕێگەی هەردوو وشەی (چەکوش، چرا) وە مەشخەڵی شۆڕشی بیرو باوەڕە مارکسیزمەکەی دەرئەکەوێت، کەواتا شاعیر  دژی دۆخی باو زوڵم و ستەمی کۆمەڵگاکەی شیعری نووسیوە و زۆر بەتوندی ڕووبەڕووی ئەو بارودۆخە دەبێتەوە هەوڵدان بۆ گۆڕینی ژیان و کۆمەڵگە، ڕەهەندی یاخیبوونی تێدا بەرجەستەکردووە؛ بۆیە (شاکەلی) دەڵێت: ((ئەو شیعرانەی کە نووسیومن بەتایبەتی(پرۆژەی کوودەتایەکی نهێنی)بەشێکیان شیعری دڵدارین و بەشێکیان پێوەندی بە دەربڕینی گەنجێکی یاخییەوە هەیە، کە چۆن بیری لە کۆمەڵگە و مرۆڤ و سیاسەتی سەردەمی خۆی کردووەتەوە، پاش ئەوە من گیرۆدەی سیاسەت بووم لە دوو سێ ساڵێکدا هەندێک شیعری سیاسیم هەیە، تەنانەت دیوانێکیشم هەی بەناوی (ڕووبارە تیشێک لەهەتاوی سوورەوە)، ئەوانە هەموو سیاسین، قۆناغی دواتر لە سەرەتای هەشتانەوە دەستپێدەکات و تائێستاش هەر بەردەوامە، ئەویش ئەو قۆناغەیە، کە بەرە و مەسائیلی فیکری ڕۆشتووم)) (شاکەلی،٢٠٢١: ١٢٢)

هەر لە ڕێگەی ئەو ئایدۆلۆژیا مارکسیەوە کە شاعیر  شۆڕشی گەلەکەی دەبەستێتەوە بە شۆڕشی گەلانی تری چەوساوەو  خەباتکار، ئەم ڕاستییە لە شیعری (چەند برگەیەک لە ئازارەکانی ڕاسکۆڵینکۆڤ)کە لە ڕێکەوتی (٢١-١-١٩٧٢)نوسیویەتی دەرئەکەوێت:-

**بۆ کوردستان سرووودێکی**

**تازە ئەڵێم**

**که ئاوازی براکانی فەلەستینی لەگەڵدایە ،**

**هەڵبەستێکی نوێ دائەنێم**

**وشەی ڤێتنامی تێدایە،**

**که شەو داهات**

**بۆ منداڵان چیرۆکێکی وا باس دەکەم**

**که کەمبۆدیا، ئەریتیریا،**

**زوفاریان پێ بناسێنم،**

**ناوی گێڤارا لەبەرکەن .!**

**سروودەکەم، هەڵبەستەکەم، چیرۆکەکەم**

**بۆ کوردستانە .... کوردستان ... (شاکەلی،٢٠١٦:٦٨-٦٩)**

شاعیر تەنها لە خەمی چوار پارچەی کوردستاندا نییە، بەڵکو لە خەمی مرۆڤایەتی بەگشتی و شۆڕشی میللەتانی تری ژێر دەستەشدایە، گەلانی (فەلەستین، ڤێتنام، کەمبۆدیا ، ئەریتیریا) کە بەگژ دەسەلاتی داگیرکەردا دەچنەوە و لای شاعیر بازنەی شۆڕش و یاخیبوون فراوانتر دەکەن و دەخرێنە خزمەتی شۆڕشی کوردستانییەوە .

ئەمەش وابەستەی ئەو ڕاستیە تاڵەیە، کە هەمیشە گەلانێکی زۆر هەن بەدەست وڵاتانی سەردەست و دژە یەکسانی و ئازادییەوە دەناڵێنن، وەک (فەرهاد شاکەلی) خۆی دەڵێت ((توندوتیژی لە هەموو شوێنێکی دنیادا هەیە و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ڕەگەکانی دەگەڕێتەوە بۆ مامەڵەی نادادپەروەی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئاینی و فەرهەنگی و ... تاد . ))(شاکەلی،٢٠٢١: ٧٢٧)

(فەرهاد شاکەلی) لەپێناو گەیاندنی پەیامەکەیدا، فەرهەنگی زمانی تایبەت و کۆمەڵێ وشە و دەستەواژە بەکاردەهێنێت، کە دەتوانرێت بە شێوازی یاخیبوون دابنرێت، چونکە هەندێ لە کۆدە زمانییەکان تێکدەشکێنێ و یەکە فەرهەنگییەکان تەواو پەیوەستن بە ناوەڕۆک و پەیامی یاخیبوونەوە، کە ئەم چەشنە بەکارهێنانەی زمان خەم و یاخیبوونی شاعیر لە نیشتمان لە پلەیەکی باڵادا بەرجەستە دەکات، بەمجۆرە ئەدەبەکەی دەبێتە ئەدەبێکی پەیامدار ((ئەدەب ڕابەرو تەخت کەری ئەو کۆسپ و تەکەرانەیە کەدێتە ڕێگەی گۆڕانەکە، ئەدەبیش گەورەترین ئەرکی بەسەر شانەوەیە، چونکە جڵەو بەدەستی ئەدەبەکەیە لەبەر ئەوە –ئەبێ- ئەو شتەی ئەیەوێ بیگۆڕێ زۆر

به شارەزایانە بەگژیا بچێ و لەجیاتی ئەو شتێکی باشتر دابنێ تا بۆ هەمیشە خۆی و کردارەکە نەمر بێت)) (قادر،٤-١٢- ١٩٧١: ٦)

ئەوەتا لە شیعری (پاشماوەی ورێنەیەکی شەوانە ) کە لە ڕێکەوتی (١٣ - ٥ - ١٩٧٢ ) دا نوسیوویەتی ، دیقەت لە نەخشەی جیهان دەدات و زوومی وڵاتەکەی (کوردستان) دەکات، جگە لە ئازارو کڵپەو گڕو خوێن و شەهید هیچی تر نابینێت :

**بۆ لاپەڕەی گۆڤارەکان**

**بۆ جیهانی هەژارەکان...**

**ئەڵێن : نەخشەی ئەم جیهانە**

**وڵاتێکی تیایە، ماتە...**

**مناڵەکانی گۆرانی بۆ ڕۆژ ئەڵێن...**

**وڵاتێکە شەقامەکانی ئازارن،**

**شارەکانی کڵپەو گڕن،**

**ڕەنگی دەروازەکەی خوێنە ،**

**ئاسمانەکەی**

**خوێنی هەزاران شەهیدی پێوە دیارە...**

**شاخ و دەشتی،**

**دۆڵەکانی،**

**گشت خاکەکەی،**

**تینووی سەوزایی بەهارە... (شاکەلی،٢٠١٦:٦٢)**

ئازاری شەهیدان و نیشتمان باڵی بەسەر ژیانی شاعیردا کێشاوە، زۆربەی شیعرەکانی ئەو بارە دەروونییەی پێوە دیارە، کە ئەم بارودۆخەش داهێنانی شیعری لێ دێتە ئەنجام، کە هەستی نیشتمانپەروەری بەهێزی هەبووە هاوسۆزی خۆی و گەلەکەی لەگەڵ ڕاپەرین و شۆڕشەکانی گەلی کورددا پیشاندەدا، شاعیر تایبەتمەندیی کوردستان لەنێوان نەخشەی جیهاندا باسدەکات، کە وڵاتێکە نغرۆی خوێن و شۆڕشە (مناڵ و شەقام و شارو ئاسمان و شاخ و دەشت و

دۆڵەکانیشی)یاخین و جاڕی شۆڕشی نوێ دەدەن لەپێناو هاتنی بەهاری ئازادی و نەمانی داگیرکەراندا، بەڵام شۆڕشی کورد هێشتا نەخەملّیوە و ئارامی و ژیری دەوێ.

ئەم ڕاستییە لای شاعیر لە دەقی (زەنگ ویاسای دورگە سەر لێشێواوەکان )کە لە ڕێکەوتی (٢٦ – ٦ – ١٩٧٢ ) نوسیویەتی و دەڵێت:

**شەقامەکان**

**لە گەردەلوولی سامناکی**

**ئارەزووما**

**هەڵئەلەرزین .**

**وێنەکانی سەر ڕووی دیوار**

**یەک یەک وەرین ...**

**شەقام ، شەقام ...**

**بۆ تۆ گەڕام ،**

**بۆ کەژاوەی پڕ فرمێسکی**

**خۆشەویستیمان ئەگەڕام ...**

**هەتاوی شار بێ بزە بوو ،(شاکەلی،٢٠١٦:٧٨)**

تابلۆ شیعرییەکانی ناو ئەم دەقە دوو باری جیاواز پیشاندەدەن، بارێکیان دیمەنی گیانی یاخی شاعیر پیشاندەدات (گەردەلوولی سامناکی ئارەزووم)، باری دووەمیش نیشتمانی نیمچە داگیرکراوە کە دەربڕینی (هەتاوی شاربێ بزەبوو)دەیگوازێتەوە، هەردوو بارەکەش زەمینەیەکی لەبارن بۆ چەکەرەکردنی گیانی یاخییانەی شاعیر، هەڵبژاردنی وشەی(زەنگ) بۆ پێش ناونیشانی دەقەکە لەو ڕوانگەیەوە سەرچاوەی گرتووە. زەنگ واتا ئاگادارکردنەوە، کە لێرەدا شاعیر نیشتمانێکی بێدەنگ بەئاگا دێنێتەوە و خاوەنی کۆمەڵێ یاسای دورگەیەکی سەرلێشێواوە؛ بۆیە شەقامەکان دەبنە گەردەلولێکی ترسناک بەنێو ئارەزووەکانی شاعیردا هەڵئەلەرزین؛ بۆیە شاعیر بە هەموو شەقامەکاندا دەگەڕێت، بۆ ئەوەی کەژاوەی پڕ فرمێسکی خۆشەویستی نیشتمانەکەی بدۆزێتەوە، کە هەتاوی شارەکەی ڕووناک بێتەوە .

(فەرهاد)لە دەقی (١٩ی حوزەیران و بڵێسەی شار)کە لە ڕێکەوتی (١٧-٦-١٩٧٢)نوسیویەتی و دەڵێت:

**شەو بوو کە نووکی**

**تیژی چەقۆیان**

**قووڵاییی دڵی منی لەبەرکرد،**

**ئارەزووم گریا بۆ کەناری گیان،**

**هەر بەتاریکی**

**داری ئاڵتوونی منیان بێبەر کرد .**

**سرووودی گەرم و شۆڕشگێڕانەم**

**ویستیان وێڵی کەن وەک ئاوارەیەک ... (شاکەلی،٢٠١٦:٧٤)**

شاعیر سەرباری دۆخی ئارامی گەلەکەی لە باشووری کوردستان لەو ڕۆژگارەدا لە ڕێگەی فلاشباکەوە ئاوڕ لە مێژوو دەداتەوە و نزیکەی چارەگە سەدەیەک دەگەڕێتە دواوە و یادی شەهیدانی (١٩ی حوزەیرانی ١٩٤٧)دەکات، کە چوار سەرکردەی قارەمانی کوردبوونە(عیزەت عبدالعزیز، مستەفا خۆشناو، خەیروڵڵا عەبدولکریم ،محەمەد مەحمود قودسی)لەسەر دەستی ڕژێمی ئەوکاتی عێراق لەپێناو سەربەخۆیی گەلەکەیاندا لەسێدارەدران، بەلای ئێمەوە ئەم گەڕانەوەی شاعیر لەلایەکەوە وابەستەی هوشیاری شاعیر و خوێندنەوەی وردیەتی بۆ ڕێکەوتنەکەی نێوان ڕژێمی بەعس و شۆڕشی کوردی باشوور بەوەی ڕژێم جێی متمانە نییە، لەلایەکی تریشەوە جۆشدانەوەی گیانی یاخیبوونی شاعیرە دژی داگیرکەرانی گەلەکەی، هەر وەک هەمان تێبینی لە ناوەڕۆکی دەقەکانی پێشووشدا بەدی دەکرێت بەوەی هەرچەندە لە ساڵانی ئارامی ڕێکەوتنەکەی ئازاری (١٩٧٠)نوسراوە، بەڵام گڕی شۆڕش لای شاعیر هەر بەردەوامە .

لێرەدا دەتوانین لای دەقی (دوالاپەڕەی ڕشتەی مرواری)کە لە ڕێکەوتی (٣-٨-١٩٧٣)نوسیوویەتی بوەستین:

**بەڵام گیانە**

**هەزاران فڕگەی ئاوەدان**

**وا لەچاوی ساواکانی مەهابادا،**

**هەزاران بەندەری گەورە**

**وا لە دڵی منداڵانی مەهابادا ،**

**بۆ پێشوازیی**

**ئەو قازییەی دەروازەی شار**

**ئەکاتەوە...**

**دیوارەکان ئەڕووخێنێ،**

**خۆشەویستی و گوڵ و شادی**

**پێشکەش**

**ئەکا بە هەموو شار ...**

**ئەو قازییەی**

**دیلێتیی ئەو هەموو ساڵە،**

**تاسەی دڵی داریکەلی،**

**برینەکانی دیاربەکر،**

**ناسۆرەکانی قامیشلی و چەمی ڕێزان،**

**لە چوار چرای ئەم جارەدا**

**ئەدا لە دار...**

**ئەدا لە دار ... (شاکەلی،٢٠١٦:٦٥)**

شاعیر(قازی) پێشەوا دەکاتە پێشەنگی شۆڕشی کوردان و لە هەموو دوژمنەکانی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان یاخی دەبێت و جاڕی سەرکەوتن دەدات، ئەم دەقەش هاوکاتە لەگەڵ ئەو کەشە ئارام و جێ ئومێدەی ڕێکەوتنی ئازاری ١٩٧٠هێنابوویەکایەوە و باشووری کوردستان بووبوو بە نیشتمانێکی ئارام بۆ ئەوانی تر.

(فەرهاد) لە دەقی (لەگەڵ کشانی دیجلە دا ) کە لە ڕێکەوتی (١٠ – ٢ -١٩٧٤ ) نوسیوویەتی و دەڵێت:

**لە شەوگاری غەریبیما نامەیەک**

**بۆ وڵاتە زامدارەکەم ئەنووسم ....**

**ئاژانسەکان**

**لە هەواڵی وڵاتەکەم بێزارن ....**

**پۆستەخانەی گشت شارەکان**

**لە نامەی نیشتمانەکەم بێزارن ...**

**لە شەوگاری تووڕەییما نامەیەک**

**بۆ هاوڕێکانم ئەنووسم ،**

**باسی ژیانی دڵداریمان ئەنووسم ...**

**لە شەوگاری ئەم شارەدا**

**دیجلە ئەکشێ ،**

**دیجلە ئەڕواو**

**دیجلە هێشووی تووڕەییمان ئەڕنێ . (شاکەلی،٢٠١٦:٨٥-٨٦)**

وا دیارە دەقەکە لەدایکبووی ئەو ساڵانەیەتی کە لە بەغدا بووە، بەغدای پایتەختی وڵاتەکەی بۆ ئەو غەریبیە و شاعیر تاسەی نیشتمان و زێدەکەی خۆی، کە کوردستانە دەکات ئەم بارە هاوکاتە لەگەڵ بێزاری ئاژانس و پۆستەخانەکانی لە هەواڵ و نامەی کوردستانەکەی؛ بۆیە شاعیر پەست و تووڕەیە باسە نامەکەی دەکاتە دڵداری و لەگەڵ کشان و ڕۆیشتنی دیجلەدا ئاوێتەی دەکات، بێگومان توڕەبوون یەکێکە لەو تایبەتمەندییانەی مرۆڤ کە لەئەنجامی هەڵچوونی بەرامبەر هەڵوێستێکی دیاریکراو سەرهەڵدەدات، شاعیر ئەم خەسڵەتەی بەخشیوە بە ناخی خۆی، ئەمەش جۆرێکە لە یاخیبوون، چونکە هەموو ئاژانسەکان لە هەواڵی نیشتمانەکەی بێزارن، چونکە لە لایەکی ترەوە هەواڵەکانی وڵاتەکەی هەر کوشتن و برینە لەلایەکی تریشەوە، چونکە جێ بایەخی گەلانی تر نییە، لێرەدا جارێک سیفەتی (ئەستێرە)، کە کشانە داویەتی بە (دیجلە) و جارێکیش سیفەتی بە مرۆڤبوونی داوە بە ڕووباری دیجلە، کە ئەڕوات . شاعیر تووڕەیی بەترێ چواندووە وێنەیەکی ناوازەی بە بیرەکەداوە .

(فەرهاد)لە دەقی (گۆرانییەکی سووربۆ سابلاخ ) کە لە ڕێکەوتی (٣-٧-١٩٧٤)نوسیوویەتی و دەڵێت:

**(( لە چوارچرای ئەم جارەدا**

**دارێکی سوور هەڵئەزنێ ))**

**....................................**

**کچی ئاوات و دڵداریم بۆچی ئەگریی ؟**

**دڵدارەکەت**

**لە سێبەری درەختێکی بێگەڵادا**

**خەو نابینێ ...**

**دڵدارەکەت**

**پێشمەرگەیە ...!! (شاکەلی،٢٠١٦:١٠٦)**

شیعر لای شاعیر پەیامە لەپێناو ئاشتی و ئازادیدا، هەر بۆیە کاتێک خۆشەویستی یار و نیشتمان دێنە بەر باس، هەمیشە هێز بەلای خۆشەویستی نیشتماندا دەشکێتەوە، هەر بۆیە لێرەدا دڵدار پێشمەرگەیە و لەپێناو ئازادی گەلدا تێدەکۆشێت، نەک لەژێر سێبەری دارێکدا خەونی ئەرخەوانی ببینێت.

هەروەها لە دەقی (زستانی ئێش ) کە لە ڕێکەوتی (١٧-١٢-١٩٧٤)نووسیویەتی و دەڵێت:

**نامەی گەرمی خۆشەویستیم ناگاتە لات**

**تیغی ڕێگا دەیدڕێنێ ....**

**دەنگی یاد و خەوبینینم ناگاتە لات**

**شەوی ڕێگا دەیخنکێنێ**

**ئازیزەکەم ! ئەگەر ڕۆژێ هەتاو نەما**

**لەناو زیندانێکی بەعسا بۆی بگەڕێ ...!! (شاکەلی،٢٠١٦:١١٠-١١١)**

زۆری پێ نەچوو پەیوەندی نێوان ڕژێمی بەعس و سەرکردایەتی شۆڕشی کوردا تێکچوو و پێشبینی شاعیر هاتەدی، وردە وردە شاخ بوویەوە بە لانەی شۆڕشگێڕان، کە (شاکەلی)یش یەکێک بوو لەوان، لێرەدا ئەو دۆخە نوێیە پیشاندراوە، ناونیشانی دەقەکە(زستانی ئێش ) هەر زوو پەردە لەسەر دڕندەیی ڕژێمی بەعس هەڵدەماڵێت، کە بەنیازە هەتاوی ئازادی لە کوردستانی خۆشەویست بدزێت و زیندانی بکات، ئەم دەقە گەر چی لەسیمادا وا دەرئەکەوێت، کە پرسێکی تاکەکەس باس دەکات، بەڵام لە ناواخندا پرسێکی نیشتمانی و مرۆڤایەتی کردۆتە باس، ئەمەش سیمایەکی نوێخوازی شاعیرە، چونکە((یەکەم شەقڵی شیعری نوێ، بەشداریکردنە لە کێشەی مرۆڤایەتیدا )) (امين العالم ، ١٩٩٦: ٢٠١ )

کاروانی شۆڕش و بەرگری بەردەوامە و خواستی گەل و سەردەمەکەی وا دەخوازێت بجەنگێ و بەگژ دەسەڵاتی دیکتاتۆری بەعسدا بچێتەوە، ئەم بارە لە دەقی (سروودی ڕۆژی تازە ) کە لەساڵی (١٩٧٥)نووسیویەتی ڕەنگیداوەتەوە :

**ئاڵای دەستمان بە خوێنی هاوڕێیان سوورە،**

**دەڕۆین گەرچی ڕێگای شۆڕش یەکجار دوورە،**

**گەرچی ڕێگا داوە و تەلبەندە و سنوورە ...**

**ئێمەین دڵدارانی هەتاو**

**سوپای گەلی زۆرلێکراو**

**هاوڕێی ڕێگەی ڕزگاربوون و ڕۆژی تازەین**

**بۆ کوردستان .... بۆ کوردستان . (شاکەلی،٢٠١٦:١٣٨)**

(فەرهاد شاکەلی)هەڵوێستی یاخیبوونی خۆی بەرامبەر بە داگیرکەرانی خاکەکەی دەردەبڕێت، کە ئاڵایان بە خوێنی شەهیدانی نیشتمانەکەیان سوور بووە، کەچی بەردەوامین لە سەنگەرگرتن و شۆڕشی گەرچی ئەمە ڕێگایەکی دووردوودرێژە، چەندین کۆسپ و تەگەرە لەپێشماندایە و سنورەکانی نیشتمانیش تەلبەندکراون و چەندین داومان بۆ دانراوە، بەڵام ئێمەی عاشقانی (هەتاوی )کە مەبەستی (شاکەلی ) لە هەتاو ڕۆژی ڕووناک و ئازادیی گەلی زۆرلێکراوە، ئەمەش ئەو ڕاستییە دەگەیەنێ کە((ئەدەب و ڕۆشنبیری و سەرخانی ژیان لەڕاستیدا ڕەنگدانەوەی سیاسەت و باری ئابووری چۆنیەتی پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنانی کۆمەڵە لەقۆناغێکی دیاریکراودا وە بەرامبەر ئەوەش هەر سەرخانیشە کارێکی گەورە دەکاتە سەر ئەو سیاسەت وبارە ئابورییە)) (ڕەنجبەر،٢٢ی تەمووزی ١٩٧٢: ٣)

له دەقی (چواربڕگە خۆشەویستی بۆ(ک) )کە لە ڕێکەوتی (٢٥ - ١٠ - ١٩٧٥ ) نووسیویەتی و دەڵێت :

**خۆشەویستیت**

**بورکانێکی نەتەقیوە**

**لە دڵمایە**

**کێ بێ بورکان**

**لەناو دڵا هەڵگرێ ...؟**

**...............**

**کە تۆم ناسی**

**بووم بە ئاشنای ژانی هەموو هەژارێ . (شاکەلی،٢٠١٦:١١٤)**

بۆ شاعیرێکی هوشیاری نێو گەل و خانەوادەیەکی تێکۆشەر و خاوەن خەبات لە سەردەمێکدا ڕژێمی بەعس لە هەڕەتی دەسەڵاتی زوڵم و زۆریدایە، بێگومان نیشتمان دەبێتە قیبلەگا، لێرەدا خۆشەویستی شاعیر بۆ کوردستان وەک (بورکان) لە دڵدا هەڵگیراوە، بێگومان بورکانیش جگە لە تەقینەوە و هەڵگەڕانەوە هیچی تری لێ ناکەوێتەوە، ئەم وێنانە وابەستەی بیرو هزری شاعیرن، کە بیرێکی نیشتمانپەروەرانەیە، لە کۆتایی کۆپلەکەش بە وتنی (بووم بە ئاشنای ژانی هەموو هەژارێ)، پەردە لەسەر ئایدۆلۆژیای سیاسی خۆی لادەبات، کە هەڵگری بیری مارکسیزم بوو.

(فەرهاد) لە دەقی (ڕەوە تفەنگ هێلانەی سەنگەر چۆڵ ناکات )کە لە ڕێکەوتی (٨-٢-١٩٧٦)نووسیویەتی و دەڵێت:

**لە نێوانی من وتۆدا تاریکایی دەریایەکە**

**پاپۆڕەوێنجەی پەرچەمت دەخنکێنێ ...**

**لەنێوانی من وتۆدا**

**هەزارەها سەگ و پۆلیس**

**پاسەوانن**

**پەلکەزێڕینەی ئەوینمان دەپچڕێنن**

**هەزارەها جووتە دڵدار**

**سەرگەردانن**

**دارستانی دڵدارییان دەسووتێنن ...**

**بەڵام هەزار هەزار سنوور لە ڕێما بێ،**

**هەزارەها کۆتی ئەستوور لە پێما بێ،**

**هەر دێمە لات ...**

**تۆ پەنجەرەو دەرگاکانم لێ دامەخە (شاکەلی،٢٠١٦:١١٧)**

دوای نسکۆی شۆڕش لە سەرەتای بەهاری ساڵی ١٩٧٥، دۆخێکی پڕ لە نائومێدی باڵی بەسەر شۆڕشگێڕان و کوردستاندا کێشا، ئەم دۆخە لای( شاکەلی)دەبێتە مایەی پتەوکردنی گیانی یاخیبوون و بە ئومێدەوە چاوەڕوانی ڕۆژی ئازادی و گەیشتنە ئاواتەکانە، چونکە شاعیر خۆی بەشێک بووە لەو شۆڕشە، هەربۆیە زوڵم و زۆری ڕژێمی بەعس نەک هەر بێ ئومێدی نەکردووە، بەڵکو ورەی زیاتری پێ بەخشیووە، بەوەی ئامانج ڕوونە، لەڕاستیشدا زۆری نەبرد، شۆڕشی گەلی کورد جارێکی تر بڵێسەدارتر بەرپابوو.

دەقەکە بە زمانێکی ڕۆمانسی پڕ لە سۆز و لە ڕێگەی کۆمەڵە وێنەیەکی دڵدارییانە دۆخی نالەباری کوردستانی دوای نسکۆ دەگێڕێتەوە، ئەم چەشنە زمان و شێوازە شیعرییە خۆی لە خۆیدا شێوازێکی جوان و سەرنجراکێشە و تایبەتمەندی شاعیر پێکدەهێنێت و ڕێ بۆ گەشبینی شاعیر بە ئەنجامی شۆڕش و خەبات خۆش دەکات؛ بۆیە دەڵێت :

**کێیە دەڵێ کوردستانی پەژارە و زام**

**بسکی هەتاو داناهێنێ ...؟**

**کێیە دەڵێ ڕەوە تفەنگی شێت و هار**

**هێلانەی سەنگەر چۆڵ دەکات ...؟**

**کێیە دەڵێ شاخ و بنار**

**دەست بۆ ئاسمان درێژ ناکەن ....؟**

**سیروانی مات ،**

**گشت ڕووبارەکانی وڵات**

**برینی خاک ساڕێژ ناکەن ...؟**

**لە دوای شەوی تاریک و ڕەش**

**ڕۆژی زێڕین هەڵدێتەوە ،**

**دوای زستانی سەخت و ناخۆش**

**بەهارێکی شین دێتەوە ...**

**ڕەوەتفەنگ بۆ هێلانەی گەرمی سەنگەری دێتەوە ،**

**سەنگەر چۆڵ نامێنێتەوە ....!! (شاکەلی،٢٠١٦:١١٨-١١٩)**

ئەم خوێندنەوە وردەی شاعیر بۆ واقیعە سیاسیەکەی ئەو ڕۆژگارە لە قوڵی تێگەیشتنی لە هاوکێشە سیاسییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، هەر لەم شیعرەدا بە کۆمەڵێک پرسیار بەو پەڕی متمانە بەخۆبوونەوە لەسەر هەڵگیرسانەوەی شۆڕش کۆتایی هات، دەربڕینەکانی (داهێنانی بسکێی هەتاو، ڕەوەتفەنگی شێت و هار، هێلانەی سەنگەر.....)کۆمەڵە وێنەیەکی جوانی پڕ وزە و یاخین ئومێد و هەڵاتنی خۆری ئازادی ڕادەگەیەنن، وەڵامی نائومێدی خەڵک دەداتەوە دوای هەرەس.

هەر ئەو باوەڕە بەهێزەش دەقی (دوو پۆستەر بۆ نەورۆزی ١٩٧٦ )کە لە ڕێکەوتی (٢١-٣-١٩٧٦)نووسیویەتی ڕەنگرێژ دەکات :

**هەتا داوێن هەڵیبدڕن ...**

**نەوەک خوێنی شەهیدێکی کوردستان**

**مابێتەوە و لە ناوەوە چرۆ بکات،**

**نەوەک داری تفەنگ بڕوێ  و سەر هەڵبدات،**

**ببێتەوە بە دارستان ...**

**ڕەزی وڵات ...؟ لە ڕەگەوە هەڵیکێشن !**

**کام دارستان تەڕ و سەوزە**

**بیبڕنەوە !**

**چی ڕووبارە بیسووتێنن !**

**لەسەر نەخشەش بیسڕنەوە ...!**

**ئۆکسیجینی خاکەکەمان ژەهراوی کەن !**

**باشتر چڕنووک بە خوێنی کورد**

**خوێناوی کەن ...!**

**هەرچی بکەن**

**پەلەوەری گڕی نەورۆز لە دڵی کورد نایێتە خوار ....**

**لە دڵەوە دەجریوێنێ**

**بۆ ڕۆژی نوێ ، بۆ وڵاتی بریندار . (شاکەلی،٢٠١٦:١٣٢)**

شاکەلی هەڵوێستی یاخیبوونی خۆی بەرامبەر بە داگیرکەر و دوژمنان و ناحەزانی گەلی کورد دەردەبڕێت ، کە هەرچی هەیە لە جیهاندا ئەنجامی بدەن، ناتوانن ڕەگ و ریشەی کوردایەتی و ئاگری نەورۆز لە دڵی تاکی کوردا بکوژێنێتەوە، نەورۆز خۆی لە خۆیدا هێمای کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی زۆرداره و ڕاگەیاندنی جەژنی ئازادی کوردە، هەر بۆیە دوژمنانی کورد هەمیشە لە گڕی نەورۆز ترساون و بوونە بەڕێگر لە بەردەمیدا ، (فەرهاد شاکەلی) پیرەمێرد ئاسا گڕی نەورۆز لە دڵدا هەڵدەگرێ ، بەڵام لە وێنەیەکی جوان و داهێنەرانەدا کە لە شێوەی (پەلەوەر)ێکدا دەینەخشێنێ کە بە ئاوازی جریوە گۆرانی بۆ ڕۆژی ئازادی کورد دەخوێنێت لە دەقی (نەخشەیەکی نوێی ئازارەکانی ڕاسکۆلنیکۆف )کە لە ڕێکەوتی (٢٤-٨-١٩٧٦)نووسیویەتی و دەڵێت:

**هەموو جۆرە تیرێک، بۆ لە نێوبردنت،**

**دەخەنەکار،**

**هەموو جۆرە جغز و چەمەرێکیش**

**تاقی دەکەنەوە،**

**تا لە چوار چێوەیەکی خوێنیندا دیلت بکەن .**

**بەڵام تۆ بە وێنەی چەپکێ ڕووناکایی ،**

**ڕووبارێ ،**

**چراوگێکی سوور**

**هەر دەمێنیتەوە . (شاکەلی،٢٠١٦:٢٧٨)**

شاعیر به هێنانی ناوی (راسکۆلینکۆڤ) لەناونیشانی شیعرەکەدا دەمانباتەوە نێو ڕووداوەکانی ڕۆمانی (تاوان و سزا) ی (دیستۆفسکی) و ژیانی پڕ له کولله مەرگی (ڕاسکۆلینکۆف) مان دێنێتەوە یاد، ئەو پاڵەوانەی کە نەفس بەرزییەکەی ڕێگەی نەدا ببێتە کۆیلەی ئەوانی تر نەک هەر ئەوە، بەڵکو بەگژ دیارترین کەسایەتی زۆردار و گەندەڵدا چووە و لەناوی برد، بەم چەشنە (شاکەلی) بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هێرشی توند و تیژی کردووەتە سەر داگیرکەران و دوژمنانی گەلی کورد، هەموو هەوڵ و تواناکانیان بەرامبەر بە گەلی کورد تاقی دەکەنەوە، تاوەکو بەتەواوی گەمارۆت بدەن و دیلی ژێردەستەی دوژمن بیت، بەڵکو مەبەستی (شاکەلی) وێرانکردنی شارو گوند وسوتان و لەناوبردنی دارو دارستانەکانی گەلی کوردە، بۆ ئەوەی پێشمەرگەکانی کوردستان نەتوانن بحەوێنەوە، بەڵام سەرباری هەموو ئەم وێرانکارییەش ئەم نیشتمانە وەکو چەپکێ ڕوناکی وەکو ڕووبار و چراوگێکی سوور هەر دەمێنێتەوە لەسەر پشتی خۆی ڕادەوەستێت ، بەرامبەر بە تاوانەکانی ڕژێم .

هەمان هێڵی هیواو گەشبینی لەنێو دەقی (سەردەمی ڕۆژ بەڕێوەیە)کە لە ڕێکەوتی (٢٩-٨-١٩٧٦)نووسیویەتی دەبینرێت:-

**نە سواری کەشتیی وێڵ و سەرگەردان دەبم و**

**نە دەچمە نێو**

**خۆپێشاندانی سەلارو بێمزەڕەت ....**

**با هەموو ڕۆژێ**

**بدەن بەسەر ماڵەکەما ....**

**با بە قۆناخە تفەنگ**

**دەرگەکان هەلا هەلا کەن و**

**بکەونە پشکنینی کۆڵ و بوخچە و جانتاکانم ....**

**خۆ من نامەوێ**

**سەر سەلامەت بم ،**

**نامەوێ بێتاوان بمگرن ...**

**با بزانن لە خۆپێشاندانی زریان و ڕەشەبا ئاساییدا**

**بەشداریم کردووە .**

**با بڕیاری مردنم بدەن**

**لەسەر ئەوەی**

**ڕێگەی مەڵبەندی ڕۆژم گرتە بەر ..... (شاکەلی،٢٠١٦:٢٦٧-٢٦٨)**

(فەرهاد شاکەلی) هەڵوێستی ناڕەزایی و پەستی بەرامبەر بە دەسەڵاتی رژێمی بەعس دەردەبڕێت، بەو پەڕی بێباکی و بڕوا بەخۆبوونەوە قسە دەکات و هاوار و ناڵەی خۆی بڵند دەکات و دەڵێ نامەوێ بێ تاوان بمگرن، بەڵکو توڕەبوونی گەیشتۆتە ئاستێک کە دەسەڵاتی دوژمن ئاگاداربکاتەوە، کە من ڕاپەرین و خۆپیشاندان و ڕووبەڕووبوونەوەکانم کردووە، با بێن لەسەر ئەم کردەوانەی کە بەدوای ڕێگای ئاشتی و سەرکەوتنی گەلی کوردم و ئەوا ڕێگە ڕێچکمە با دوژمن لەسەر ئەم کردەوانەم بڕیاری مردن و لەسێدارەدانم بدەن، وەک خۆی دەڵێت: ((شیعری بەرەنگاری، یا بەرهەڵستی، دیاردەیەکە لای میللەتانێ کە بۆ ڕزگاری و سەربەخۆیی خەباتدەکەن، پەیدا دەبێت و گەشەدەکات، سروشتی داگیرکردنی وڵاتان لەلایەن هێزی بێگانەوەو خەباتی گەلانی ژێردەستە و داگیرکراو لەزۆر ڕووەوە لەیەکدەچن :گیانمان دەبەخشین، بەخوێنی خۆمان دارو بەردی وڵات دەنەخشێنین، خاکی باب و باپیران ڕزگار دەکەین، دواسەربازی داگیرکەر وەدەر دەنێین .))(شاکەلی،٢٠٢١: ٥١ -٥٢)

هەروەها لە دەقی (دەنگتان)کە لە ڕێکەوتی (٢-١٠-١٩٧٦)نووسیویەتی و دەڵێت:

**دەنگتان لەو دیودیواری بەندیخانەوە،**

**لە دۆزەخی زیندانەوە**

**ڕەشەبایەکی تووڕەیە ...**

**دەنگتان سروودی خاکێکی بریندارە،**

**دەنگتان گۆرانیی ڕووبارە،**

**دەنگتان شەپۆلی دەریایە،**

**لووتکەی سەربەرزی چیایە،**

**کاتێ دوژمن**

**دەتانخاتە ناو زیندانی تاریکەوە**

**هەژارەکان**

**هەزارەها چراو گڵۆپ**

**لەدەشت و شارا هەڵدەکەن...**

**کاتێ دوژمن**

**پەلەوەری هەناسەتان دەخنکێنێ**

**ڕەش و ڕووتی وڵات هەزاران ئاڵای سوور**

**هەڵدەواسن...**

**هاوڕێینە ... دەنگتان هەڵۆیە ،**

**چۆن بۆ ئەوان دێتە گرتن ...؟! (شاکەلی، ٢٠١٦:١٣٣ -١٣٤)**

(شاکەلی) بەو پەڕی تووڕەیی وپەستییەوە هاواردەکات و دەڵێ دەنگی شۆڕشگێڕانی نیشتمان لەو دیو دیوارەکانی زیندانیشەوە، کە لەناو دۆزەخدا وەکو ڕەشەبایەکی تورە سرودی نیشتمانی خاکێکی بریندار دەڵێتەوە، ئاشکرایە ئەم دەقە بۆ شەهیدانە (خاڵە شیهاب شێخ نووری و هاوڕێکانی ) کە لەو ڕۆژگارەدا لە ژێر ئەشکەنجەی زیندانەکانی بەعسدا بوون نووسراوە، ئەم ڕووداوە یەکێک بوو لە بەزەبرترین گورزەکان، کەبەر شۆڕشی نوێی کورد لەو ڕۆژگارەدا کەوت، بەو پێیەی سێ سەرکردەی گەورەی ئەو شۆڕشە بوون و ڕژێم لە سێدارەی دان، بەڵام (فەرهاد شاکەلی)ئاسا دەنگی ئەوان بوو بە سرود بۆ هەزاران خەباتگێڕی ڕێی کوردایەتی و دروشمەکەیان (کەم بژی و کەڵ بژی)بوو بە هەوێنی سەرکەوتنی شۆڕشی نوێ .

شاعیر لە دەقی (دەردەسەری )یدا کە لە ڕێکەوتی (٢١ -٢ -١٩٧٧) نووسیویەتی، هەر لە ناونیشانەکەوە وێنەی نیشتمانی پڕ لە خەم و برین و ئازار دەنەخشێنێ، نیشتمانێک، کە هەدادانی نییە و دەڵێت:

**سەرنج لە شینایی زەریا بدە، دەروێشە خەمبارەکە !**

**وا پێلی برینان بە یەکدا هەڵدەشاخێن .**

**ئەو کەناری ئێشەش چۆڵ و هۆڵە،**

**لەو ڕوومەتانەی بە بێدەنگی دەگریێن بەو لاوە**

**چیی دیکەی لێ نییە ...**

**لەو دەمەیدا**

**گوێ بۆ چرپەی گراویی دوور ڕادەدێری**

**ناڵە و هاواری نیشتمانی دزراوت دێتە گوێ ،**

**بڵێسە و گڕی ئەوین ڕادەبێ ،(شاکەلی،٢٠١٦:٢٦٠)**

دیمەنەکان بارێکی کش و ماتانەی ناخی ماندووی شاعیر پیشاندەدەن، تاکە شتێک، کە جووڵەو هاواری لێ بەرزدەبێتەوە (نیشتمان)ە، دەبێ نیشتمان فرە برین و دزراو و دابڕاو لە یار، بەڵام باری کشوماتی ناخی شاعیر زۆر ناخایەنێت، جاڕی یاخیبوون دەدات و دەیکاتە هاوار و لە هەموو کۆت و بەندێکی زەمانە یاخی دەبێت، بەم چەشنە سنوور و وڵاتان ناتوانن (شاکەلی) لە نیشتمان داببڕن، هەروەک(شاکەلی) لەم بارەیەوە دەڵێت: ((دەنگێک، ڕەنگی لە دوورەوە دەبینین و ڕۆحی لە بست بەبستی خاکی نیشتماندا هاوارێتی، دەنگێک پڕ لە سۆز و نێوانی وشە نووسراوەکانیش پڕ لە عیشق، خەم، هیوا و نائومێدی، دەنگێک بە گومانە لە هەموو شتێک تەنیا لە داهێنان و خوڵقانی بەرهەمی ناوازە نەبێت، ئێمە گوێمان لە دەنگێکە بە ئاوازی شیعر، دووردوور لە سیاسەت، وێنەی شیعر و قەسیدەگەڵێک دەبینیت پەیوەندیدار بێت بە هەر بابەت و شتێکەوە، لە عیشق و نیشتمان دوور نییە . ئەم سیحرە چییە وای لە فەرهاد شاکەلی کردووە لە بێدەنگی و دووریی نیشتمان، سات بە سات لە نێو کووچە و کۆڵانەکانی کوردستاندا ناڵەناڵی بێت و خەمە گەورەکان لە کۆڵ بگرێت ؟))(شاکەلی،٢٠٢١: ٧٧٩).

(شاکەلی) لە دەقی (قامیشلی ) کە لە ساڵی (١٩٧٧ ) نووسیویەتی و دەڵێت :

**گەر لێرەوە نامەیێکت بۆ بنووسم ، هاوڕێم ،دەبێ**

**لە دڵتەنگی و خەم و پەژارە بەولاوە**

**باسی چیی دیکەت بۆ بکەم ؟**

**گەر بمەوێ وێنەیەکی**

**ئەم خەڵکی شارە بکێشم**

**دەبێ وێنەی کەسانێ بێ**

**لەسەر خاک و زێدی خۆیان**

**نامۆ و ئاوارە و دەربەدەر کراون ...**

**دەبێ نەخشەی نیشتمانێ بکێشم**

**سنوورەکانی دڕکەزێ و تفەنگن،**

**له نێوانی لێو ولێوا،**

**له نێوانی دەست و دەستا**

**لەمپەرن . (شاکەلی،٢٠١٦:٢٦٩)**

هۆکاری دروستبوونی دیاردەی یاخیبوون لەم دەقە شیعرەدا بۆ چۆنێتی ژیانی شاعیر له ئاوارەیی و دووره ولاتی دەگەڕێتەوه ، که له ژینگەی سیاسی بێزاربووه و دەیەوێت نەخشەی نیشتمانەکەی بکێشێت، که هەموو سنورەکانی دڕکەزێ و تفەنگن، وێنەی هەموو ئەو مرۆڤانه بکێشێ، که له سەر خاك و زێدی باوباپیرانیان دەربەدەرکراون و نامۆن به نیشتمانەکەی خۆیان، نامۆ بوون و ئاوارەبوونی شاعیر له نیشتمانی خۆیی بەهۆی خراپی بارودۆخی سیاسی و دەسەڵاتی داگیرکەرەوه بووه، ئەمەش ڕەنگدانەوەی تەواوی بارودۆخی ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیەتی، که پڕیەتی له زوڵم و نادادپەروەری، شاعیر دەیەوێت هەموو ئەو لایەنانه بگۆڕێت و بەگژیدا بچێتەوه .

(شاکەلی)له دەقی (کەئەستێره دادەچۆڕێ )که له ساڵانی (١٩٧٧–١٩٧٨) نووسیویەتی و دەڵێت:

**کەیەکەم جار یەکمان ناسی**

**بەغدا پایتەختی پەژارەو برسێتی بوو،**

**خوێن هەواڵی دوا هەواری خۆی دەپرسی و**

**برین بێ شوێن و هەواڵ وناونیشان بوو...**

**که یەکەم جار یەکمان ناسی ئەبوو نوئاس**

**دەیڕوانییه لاشەی شیعری پەلپەلکراو،**

**دەیڕوانییه شەوی بەعس**

**بەسەر گەڵا و لق و پۆپی دارەکانا دادەباری ...**

**شەقامەکان**

**ناوی بەعسیان لێ نرابوو ،**

**خوێندنگەکان**

**ناوی بەعسیان لێ نرابوو،**

**مزگەوتەکان**

**ناوی بەعسیان لێ نرابوو،**

**قەحپەخانەی شارەکانیش**

**ناوی بەعسیان لێ نرا بوو ... (شاکەلی،٢٠١٦:١٤١ -١٤٢)**

(فەرهاد شاکەلی) لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێماوە ئاماژە بۆ ڕوداوەکان و کارەساتەکان دەکات، (شیعری پەلپەلکراو ) مەبەستی لە نیشتمان و خاکی کوردە، کە پەل پەلکراوە و دابەشکراوە، حکومەتی عێراق بەردەوام پەلاماری کوردی داوە و ئاوارەی ناوچەکانی عێراقی دەکرد، چنگی داگیرکەرانی بەعس بە زەبری هێز و چەک دەست بەسەر هەموو ناوچەیەک – شارێک – وڵاتەکەیدا دەگرێت بەپێی کۆمەڵێ بەرنامە و بەرژەوەندی و ئامانجی خۆی بەڕێوەی دەبات، هەوڵی سڕینەوەی شوناسی نەتەواییمان دەدات، دەسەڵات و حوکمڕانی و قانوون و کولتوور و بیروباوەڕی خۆی بەسەر نەتەوەی کوردا دەسەپێنێت، هەر بۆیە لێرەدا شاعیر پەست و یاخییە لەو دەسەڵاتە داگیرکەرە و دەڵێت، کە هەموو شەقامی کورد و خوێندگەکان و مزگەوتەکان... هتد ناوی بەعسیان لێنرابوو، کە مەبەستی (شاکەلی) ئەو شوێنانە دەستی بەسەردا گیراوەو خوێندنگە و مزگەوتەکان بە زمانی عەرەبی دەدوێن و دەخوێنن تەنانەت (قەحپەخانەکانی شاریشی ناوی بەعسی لێنرابوو، کە ئەمەش بێ ئەرزشکردنی دەسەڵاتی بەعسە، کە ناوی خۆیان لەسەر قەحپەخانەکانی شاریشی ناوە .

هەروەها دەڵێت:

**شۆڕەسوارێ ...**

**بیستی بەهار بەند کراوە**

**بیستی هەتاو زیندانییە ....**

**سواری ئەسپێکی خوێنین بوو،**

**ڕێگەی سەختی هات و نەهاتی گرتە پێش .**

**شۆڕەسوارێ ،**

**نە سەهۆڵبەندان ترساندی،**

**نە کڕێوە و ڕەشەبا و زریان وەستاندی ... (شاکەلی،٢٠١٦:١٤٦)**

شاعیر نارەزایی دەردەبڕێت و ئاماژەی بەوە کردووە، کە ڕۆژی خۆشی و شادی و بەهار زیندانی کراوە، وێنەی ژیانی نائارام و کۆڵ بەکۆڵی خۆی و گەلەکەی دەردەخات، کە دەمێ ساڵە ڕێگای سەختی هات و نەهات ئەگرنە پێش و بەردەوام بێ حەوانەوە تێدەکۆشن و خەباتدەکەن و هەردەم ژیانیان بەوشێوەیە بووە، بەڵام هەرگیز (سەهۆڵبەندان و کرێوەو ڕەشەبا و زریان ) نەیانی وەستانوە لە خەبات و تێکۆشان کەمەبەستی (شاکەلی ) لەو چوار ڕەمزە ئاماژەیە بەدەسەڵاتی داگیرکەری ڕژێمی بەعس، کە بەردەوام بەرپەرچی و وەڵامی خەبات و شۆڕشی و تێکۆشانەکانی گەلی کوردی داوەتەوە، بەڵام هەرگیز نەتەوەی کورد لەو ڕوبەڕووبوونەوانە نائومێد نەبووە و دەسەڵاتی ڕەتکردۆتەوە .

هەر لەو کاتەدا ویستێکی سیاسی و فەرهەنگی لای شاعیر دروستبووە بووەتە هۆی دروستبوونی گۆڕانکاری لە هەندێ کایەی ژیاندا، هەروەکو خۆی دەڵێت: ((بەرزویستییەکی سیاسی و فەرهەنگیم لادروستبوو، ئاواتی گەورە لە دڵمدا چەکەرەیان دەکرد، باوەڕم بە گۆڕین پەیداکرد، گۆڕینی هەموو شتە خواروخێچەکان، هەموو زۆردارییەک، هەموو چەوسانەوەیەک، هەموو بێدادییەک، هەموو ناشیرینییەک و هەموو خراپەیەک . بەرانبەر ئەو هەموو هێزە ڕەشانە، بێجگە لە باوەڕێکی بە هێز، دوو چەکی سیاسەت و وشە (فەرهەنگ)م شک دەبرد. لە شیعری (گەڕانەوەیەک) دا تروسکەیەکی ئەو ساڵانە دەبینیت ))(شاکەلی،٢٠٢١: ٧٩٢)کە لە ڕێکەوتی (١٢-١٢-١٩٨٢)نووسیویەتی :

**ئەودەم هێشتا ئاسۆی خەون و هیواکانت**

**پەمەیی بوو،**

**ڕادیکال بوویت ،**

**حەزەکانت ڕادیکاڵ بوون .**

**پێت دەنایە نێو هەرێمی مردن و خوێن،**

**کۆچەرێ بووی**

**لە سنووری نێوان وەرز و وەرزێکی دی**

**باکت نەبوو ....**

**نەتدەزانی مەڵبەندی ژین هەتا کوێیە،**

**دەرکەی شاری مەرگ کامەیە،**

**شەو و ڕۆژت لە لایەک بوون ........... .(شاکەلی،٢٠٢١: ٧٩٢)**

باوەڕێکی بەهێز و پڕ لە وزە لەپشتەوەی دەقەکە دەبینرێت، شاعیر باکی بە هیچ هێزێکی تاریک نییە و لەپێناو ڕووبەڕووبوونەوەیدا جاڕی شۆڕشێکی نەمر دەدات.

بێگومان لەو ڕۆژگارەدا شاعیر لەژێر کاریگەریی بیری (مارکسیزم)دا بووە و (سەرکردەیەکی ڕەنجدەرانی کوردستان) بووە، نەک هەر ئەوە، بەڵکو لە پلەیەکی باڵای ئەو ڕێکخراوە سیاسیەشدا بووە.(بڕوانە شاکەلی٢٠٢١: ٥٣٠) ئەم ڕێچکە سیاسیەش وەکو خۆی دەڵێت : ((بۆ ئەو کاتەی ئێمە مارکسیزم ڕێگەیەک بوو بۆ خەبات دژی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و چینایەتی، دژی بێدادی و زۆرداری و ناهەقی ،دژی ڕەگەزپەرستی و دژی هەموو لایەنە دزێوەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی .))(شاکەلی،٢٠٢١: ٧٩٦)

ژیانی پەناهەندەیی و دووری لەنیشتمان، هێندەی تر گڕ لە سۆز و خۆشەویستی شاعیر بۆ کوردستان بەردەدەن ، ئەم بارە بە زمانێکی ساکار و بە وێنە گەلێکی شیعری جوان لە دەقی (درکاندن ) کە لە ساڵی (١٩٨٣ ) نووسیویەتی دەردەکەوێت و دەڵێت:

**ئای لە ئەوینی تۆ**

**چەندە بێئاوڕووە،**

**خۆ خەریکە ئاوڕووم دەبات ...**

**چ دوور بێت و چ نێزیک**

**لە هەوراز بم یا نشێو و سەرەولێژی**

**پێم لێ دادەگرێ و**

**نایەڵێ ئەم دڵەم ڕازێک ڤەشێرێ :**

**یەک بە یەکیم پێ دەدرکێنێ .... (شاکەلی،٢٠١٦:٢١٧)**

لە قەسیدەی (ژێ)، کەیەکێکە لە شاکارەکانی (شاکەلی ) لە ڕێکەوتی (٢٨ -٧ - ١٩٨٣ ) تا (١٠ -١١ -١٩٨٤ ) نووسیویەتی دیمەنی نیشتمان لە دووباری جیاوازدا پیشاندەدرێت و تیایدا دەڵێت :

**کاتێ کە نیشتمان دەبێتە شادۆتێکی ناسک و لەبار**

**شاعیری بوودەڵە لە بەری دەپاڕێنەوە،**

**هەزاران پۆلیس لێی دەئاڵێن و دەیپارێزن،**

**دڵدارانی ڕاستەقینەش**

**جوانترین هەڵبەستی بۆ دەنووسن و**

**دەیدەنە دەم ڕووبارەوە ....**

**پۆلیس و نیوچە پۆلیس**

**تارماییی ئەویندارانیش ڕاو دەنێن ...**

**نەوەک نیشتمان ڕەدوو کەوێ . (شاکەلی،٢٠١٦:٢٢٢)**

شاعیر نیشتمان لە دۆخی ئازادی و ئارامی و ڕزگاری لەلایەک و لە دۆخی ژێر دەستەیی و زوڵم لێکراوی لەلایەکی ترەوە وێنە دەگرێت، لەباری یەکەمدا شاعیر پۆلیسە هەڵپەرستەکان لە دەورین و دەیپارێزن، بەڵام ئازیزانی ڕاستەقینەی نیشتمان جوانترین هەڵبەستی بۆ دەنووسن، کەچی پۆلیسی ڕاستەقینەکانی نیشتمان ڕاودەنێن، نەبادا نیشتمان ڕەدوویان بکەوێت، دەربارەی نیشتمان و خۆشەویستی خۆی، (شاکەلی) دەڵێت: ((کەمن تاکە ڕۆژێکیش ، تاکە ساتێکیش کوردستان و گەرمیان و شاکەلم لە بیر نەچووەتەوە )).(شاکەلی،٢٠٢١: ٤٠٣)، ئەم دەقە داهێنراوە ناڕاستەخۆ یاخیبوونی شاعیر لە کوردە هەڵپەرستەکان دەردەخات، کە تەنها لە پێناو بەرژەوەندیی خۆیان کار بۆ نیشتمان دەکەن و شۆڕش لە پێناو بەرژەوەندی تەسکدا دەکەن .

(شاکەلی) لە دەقی (تیشک) کە لە ڕێکەوتی (١٥ – ٦ – ١٩٨٤ ) نووسیویەتی و دەڵێت :

**هۆش و بیرت داوەتە دەست چەتەو ڕێگرانەوە،**

**هەر کەشتییەکی سەرگەردان دەبینی**

**تاسەی منالآنەت، هەمدیس ، دەبووژێتەوە .**

**......................................................**

**ئەگەر نەواخوانێکی لێهاتوو دەبووم**

**شا گۆرانیی ژینمم بۆ نیشتمانەکەم دەچڕی و**

**ئیدی هەتا هەتایە**

**لێوم لێک دەنان .**

**وەکو گەڵای**

**شۆڕەبییەکی خەفەتبار**

**دەروونی خۆم دەگرمە هەمێزو**

**بەسەر تەمەنێکی ناکاما**

**دادەچۆڕێم و سەر کز دەکەم .... (شاکەلی،٢٠١٦:٢٠٧-٢٠٨)**

سالانی هەشتاکان شۆڕشی کورد لە باشووری کوردستان چەند وێستگەیەکی شەڕی نەگریسی ناوخۆیی بەخۆوە بینی، ئەم شەڕانە جگە لە ماڵوێرانی و پەرتەوازەی و سودی نەیاران هیچی تریان لێ شین نەبوو ، بۆ (شاکەلی)خاوەن بیرو هۆش و خەبات ئەم وێستگانە مایەی نەنگی ڕەخنەگرتن و قسەلەسەر کردنن، ئەم دەقەی سەرەوە لەدایکبووی ئەو بارە نائارام و یاخییەی شاعیرە، یاخی لە شۆڕشی کورد و دەسەڵاتی خۆماڵی شاخ.ئەم دەقە لەدایکبووی ستۆکهۆڵمە، بەڵام دڵ و بیری دەقەکە لەکوردستانە، شاعیر دەخوازێ نەوخوان بوایە تابۆ دواجار گۆرانێکی خەماوی بەسەر نیشتمان و خەباتی خۆیدا بووتایە، چونکە نیشتمان هۆش و بیری داوەتە دەست چەتە و ڕێگران، بەڵام سەرباری ئەوەش تاسەی نیشتمان لای شاعیر هەر زوو هەڵدەداتەوە.

## ٣-چەشنە جیاوازەکانی یاخیبوون لە شیعری کوردیدا(١٩٧٠-١٩٩١)

٣-١- یاخیبوونی کۆمەڵایەتی
٣-٢- یاخیبوونی ئاینی
٣-٣- یاخیبوونی خودی
٣-٤ - یاخیبوونی شیعریی

## ٣-چەشنە جیاوازەکانی یاخیبوون لەشیعری کوردیدا(١٩٧٠-١٩٩١)

سەرەتا بە پێویستی دەزانین ئەو تێبینە بەرچاو بخەین ،کە لەم بەشەدا مەبەستمانە باس لە چەند چەشنێکی تری یاخیبوون بکەین، کە ئەم چەشنانە بەپێی بیری ناوەڕۆکە دەقەکان جیاکراونەتەوە، لەبەر ئەوەی یاخیبوونی سیاسی دیارترین و بەربڵاوترین چەشنی یاخیبوونە لە لای شاعیرانی وەرگیراو لە توێژینەوەکەمان، هەر وەک لە قۆناغی سالانی (١٩٧٠-١٩٩١) لە شیعری کوردیدا؛ بۆیە وامان بە باش زانی تەواوی بەشی دووەمی بۆ تەرخانبکەین، کە لەم بەشەدا باس لە چەشنەکانی تری یاخیبوون، کە یاخیبوونی کۆمەلایەتی، ئایینی، خودی، شیعریی دەکەین.

## ٣-١- یاخیبوونی کۆمەڵایەتی

ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە خراپی دۆخی سیاسی وڵات و ڕووبەڕووبوونەوەی باشوری کوردستان لە گەڵ ڕژێمی بەعس لە ماوەی نێوان (١٩٧٠-١٩٩١) و لێکەوتەو دەرهاویشتەکانی ، بمانەوێ و نەمانەوێ کاری کردە سەر لایەنی کۆمەڵایەتی گەلی کورد لە باشوری کوردستان ،لەلایەک ڕوخاندنی هەزاران گوندی کوردستان کۆچی لە گوندەوە بۆ شاری هێنایەکایەوە و ئەمەش ژیانی کشتوکاڵی، کە سەرچاوەی سەرەکی ئەو گوندانە بوو کۆتایی پێهێنان و لە لایەکی تریشەوە سەدان خێزان لە گوندە ڕووخاوەکانەوە ڕووەوە گوندە ئازادەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کۆچیان کرد، ئەمە لە پاڵ ڕاگواستنی هەزاران خێزانی کورد پەروەریش بۆ باشوورو ناوەڕاستی عێراق و زۆری تریش، ئەمانە بەشێک بوون لەو واقیعە کۆمەڵایەتیە نوێیەی دۆخە سیاسیە تازەکە هێنایەکایەوە، هەر بۆیە کاتێک لای سێ شاعیری کوردپەروەر و هوشیاری وەک(شێرکۆ بێکەس، ڕەفیق سابیر، فەرهاد شاکەلی) دەوەستین چەشنێکی تری یاخیبوون، کە یاخیبوونی کۆمەڵایەتیە سەرنجمان ڕادەکێشێت.

کاتێکیش قسە لە سەر کۆمەڵێ ڕۆژهەلاتی بە گشتی و کوردی بە تایبەتی دەکەین، بوونی ژن و کێشە و ئارێشەکانی دەبێتە کۆڵەکەیەکی سەرەکی باسەکەمان، چونکە ئەوان جارێک باجی کورد بوون و جارێکیش باجی ژنبونیان داوە، ئەم بارە بۆ زۆرێک لە شاعیران جێ هەڵوێستە و ڕامان بووە، ئەوەتا (شێرکۆ بێکەس) پێیوایە (( بەبێ ژن باوەڕناکەم، شیعر هەبێت، ژن وەک هاوڕێ و وەک خۆشەویست وەک دڵدار وەک خوشک لە قوربانییە گەورەکانی خۆرهەلاتی ناوەڕاستە، من بۆ ژن شیعری زۆرم نووسیوە))( هەینی، ٢٠٠٨: ٥٥-٥٧ ).گەر بەشێکی ئەو شیعرانە بۆ جوانی و خۆشەویستی ژن نووسرابن، ئەوا بەشێکی تریان بۆ داکۆکی لە ژن و مافەکانی نووسراون، بەو پێیەی شاعیرانی ئەو قۆناغانە کراوەتە لەپرسی ژن و پێگەیان ڕوانیوە ، ئەم ڕاستییە لە ناوەڕۆکی بەیاننامەکەی گروپی ڕوانگە لە ساڵی (١٩٧١) دا بە ڕوونی ڕەنگیداوەتەوە .(( لەم کۆمەڵە کۆمەڵگایەی ئێمە ژنان لای ئێمەی پیاو خاوەن هەموو دەسەڵاتەکان بووە لەو لاشەوە ئافرەتان خاوەنی هیچ نەبوون، بەڵام ئەوە ناخۆشە ئافرەت لای ئێمە دەگاتە حاڵتی زەلیلی ، بەڕاستی ئەوان

قوربانین ))(هەینی، ٢٠٠٨: ٥٩ )بێگومان داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و ئاستی ڕۆشنبیری و کلتور و ئایین ڕۆڵیان لەسنوردارتر کردنی مافەکانی ژنان و پێگەیان هەبووە، ئەم ڕاستیە تاڵەش دەبێتە هەوێنی دەقی شیعری ، چونکە وەکو (شێرکۆ بێکەس) خۆی دەڵێت: ((بەردەوام پەیوەندی لەگەڵ جەماوەردا هەبێت، چونکە ئەم پەیوەندییە وا لە نووسەر دەکات، هەمیشە بە ئاگاییەوە لە دەوروپشتی خۆی بڕوانێت هەست بکات، ئەوانە کێن لەچوار دەوری )) (ساڵح، ٢٠١٢ : ٣٧ )بەم چەشنە شاعیر دەیەوێ ئەو زاڵبوونە نەریتیەی کۆمەڵگاو دابو نەریت و کلتووریە کاڵ بکاتەوە و ڕۆڵی هەبێ لە هۆشیاری کۆمەڵگاکەیدا، لەم بوارەدا (شێرکۆ) ئەزموونێکی سەرکەوتوو و دەوڵەمەندی هەیە، ئەوەتا لە دەقی (فورات)دا دەڵێت :

**فورات**

**فورات .. زۆر جار بە کۆکە کۆک**

**دێت و لەلام دائەنیشێ ..**

**دەس بە شەپۆلی ڕیشیا ئەهێنی و ئەڵێ**

- **شیعر بڵێ**

**ئەوەی هەتا سەر بمێنێ**

**ئاوی دڵم و ئەو شیعرانەن**

**کە هەژاران لە بیر ناکەن . (بێکەس(ش) ،١٩٧٨: ٤٠)**

غەریبی شاعیر لە ناوەڕاستی عێراق، وای لێدەکات بکەوێتە گفتوگۆوە لەگەڵ ڕووباری (فورات)دا گەر ئەم گفتوگۆیە لە سیمادا ڕەگێکی نەتەوایەتی هەبێ ئەوا لە کۆتاییدا هەر زوو سیما چینایەتیەکەی بەسەردا زاڵ دەبێت، بێگومان (چینی هەژاران) چینێکی بەربڵاوی کۆمەڵگای ئەو ڕۆژگارەی کوردیان پێکهێناوە و جگە لە ستەمە نەتەوەییەکە بەدەست ستەمی چینایەتیشەوە ناڵاندویانە، هەر بۆیە شاعیر خۆی بە پارێزەر و داکۆکیکەریان دەزانێت و ئامانجیەتی یاخی ببێت لەو دەسەڵاتەی ئەم چینە دەچەوسێنێتەوە .

ئەزموونی (شێرکۆ بێکەس)لەو قۆناغەدا وەکو کەسێکی ئاسایی نەبوو، بەڵکو مرۆڤێکی ڕۆشنبیر و بوێر و بەهرەمەند بوو، کە دەنگی یاخی خۆی دەخستە پاڵ دەنگی هەژاران و لێقەومان، شاعیر ڕووبەڕووی مەشخەڵانی ئاگر دەبێتەوە، کەچی دەستەکانی بەهۆی سەرماو سۆڵەوە هەڵدەلەرزێن، ڕووبەرووی ئاوی زەریا دەبێتەوە، کەچی هەردوو دەستی دەبنە تابلۆی ئەو هەژارانەی، کە لە تینویەتیدا هەڵوەرین دەروونی دەبێتە مەیدانی پەنگخواردووی ڕەش و ڕووتان و لێقەوماوان.

یاخیبوون له ڕێساکانی نایەکسانی کۆمەڵایەتی لەنێوان تاکەکاندا سەپێنراوە، کە لە واقیعی کۆمەڵایەتی خۆیان یاخیبوون و دەسەڵات بەدەستی دەوڵەمەندەکانەوە بووە، هەروەها هۆکاری سەرەکی هەژاری و دواکەوتووی کۆمەڵگا بەهۆی نەزانی تاکەکانەوە بووە، واتە نەبوونی هوشیاری و کێشەی چینایەتی دەروازەی هەژاری بە ڕووی تاکەکانی کۆمەڵگەدا دەکاتەوە؛ بۆیە شاعیر کەمتەرخەمی کۆمەڵگا و وابەستەیی و دواکەوتوویی بەهۆی کۆمەڵگاوە لە ڕێگای ئەو شکستانەوە دەبینێت .

شاعیرله قەسیدەی ( بۆ نەورۆزی ۱۹۷۰)دا، بە زمانێکی ساکار، ئیدانەی شەڕی ناوخۆ و ئەو **براکوژیی کردوەو دەڵێت :**

**دەبا ئیتر گریانی چاو**
**خۆش بکاتەوە**
**زەردەخەنەی هەتاوی ڕوو**
**شەوق بداتەوە!**
**دەبا ئیتر پەپووی شوومی شەڕ دەربەدەر کەین**
**کۆتری سپی خۆشەویستیی**
**سەرچاوو، سەر خەین**
**دەبا ئیتر چاوی کینەو**
**ناکۆکیی کوێر کەین !**
**ڕەش و ڕووتی ئاوارەبووی کورد پۆشتەو تێر کەین**
**.....................................**
**دەبا ئیتر خورپەی دڵ و ئاخی سینەی**
**مەینەتی بەس بێ**
**دەبا ئیتر برایەتی و یەکێتیی کەس بێ .. (بێکەس(ب)، ۱۹۷۳:۱۹٦-۱۹۷-۱۹۸ )**

ڕاستە شەڕی براکوژی شەستەکانی سەدەی ڕابردووی نێو بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بابەتێکی سیاسی پەتی بوو، بەڵام گەر لە هۆکاری ئەو شەڕانە ورد بینەوە، ئەوا بێ دوو دڵی ناهوشیاری کۆمەڵایەتی خەڵک و چاندنی تۆوی دووبەرەکی و ناکۆکی خەڵکانی تر دەبنە فاکتەری سەرهەڵدانی ئەو شەڕی کورد کوژییە، هەر بۆیە کاتێکیش شەڕ کۆتایی دێت و دۆخەکە ئاسایی دەبێتەوە، شێرکۆ جارێکی تر ڕووبەڕووی ئەو مەترسیە دەبێتەوە و نەفرەتی لێ دەکات، چونکە دەزانێ شەڕ ماڵوێرانی کۆمەڵایەتی بەدواوەیە و جگە لە لێکترازانی کۆمەڵایەتی هیچی تری لێ ناکەوێتەوە، شێرکۆ خۆی بە هاوخەمی کۆمەڵگاکەی دادەنێت و نایەوێت دوور بێت لێیانەوە؛ بۆیە لە دەقی (پرس)دا دەڵێت:

**بە تاق .. تاق کەرەم وت :**

**تۆ بۆ نا نووی ؟!**

**وتی نەوەک دڵدارەکان**

**وابزانن .. ئێشکیان ناگرم !**

**بە دوا هۆنراوەی خۆشم وت :**

**ئەی تۆ بۆ چی ئاوا گڕت تێ بەر بووە ؟!**

**وتی نەوەک ((قەقنەس))**

**وابزانێ ... هەژارەکان  بێ هاودەمن ! (بێکەس(ث) ،١٩٧٨:١٥٩)**

شاعیر باڵندە ڕاستی و ئەفسانەییەکان دەهێنێتە نێو دنیای دەقەکەیەوە و لە ڕێگەی دوانیانەوە بیرە شیعرییەکە خۆی بەرجەستە دەکات، کە دەرخستنی پەیامداری دەقەکانیەتی ئەو دەقانەی لە خەمی هەژارانی میللەتەکەیدایە، بەمچەشنە شاعیر خۆی لەوانی تر جیادەکاتەوە و لە سەنگەری هەژاراندا خەباتی چینایەتی دەکات و لە دەسەڵاتی چینی سەردەستان یاخی دەبێت، هەر ئەم بارە دەروونییە  لە دەقی (ئاشنایەتی)یشدا دەبینرێت((قەقنوس یان قەقنەس تەعریب کراوی (کوکنووس)ی یۆنانییە، باڵندەیەکی خۆش ڕەنگ ودەنگ خۆشە،دەڵێن دەنووکی ٣٦٠کونی تێدایە لەسەر شاخێکی بەرز بەرانبەر با هەڵدەنیشێ و دەنگی سەیرو سەمەرە لە دەنووکییەوە دەردەچن و بەهۆیەوە باڵندەیەکی زۆر لە دەوری کۆ دەبنەوە، دوای ئەوەی تەمەنی گەیشتە هەزار ساڵ دارێکی زۆر کۆدەکاتەوە و لە سەری هەڵدەنیشێ  دەست بە خوێندن دەکا و باڵەکانی لێکدەدا و بەمە دارەکان ئاگر دەگرن و خۆیشی  لەگەڵ دارەکان دەسووتێ و هێلکەیەک لە خۆڵەمێشەکەی پەیدا دەبێ وقەقنووسێکی دیکە دەخولقێ.))(معین،١٣٨٧: ٢٧٠٢)، کە دەڵێت:

**نەبووم بە ئاشنای درەخت و،**

**باڵندەیەک نەیدووانم**

**هەتا سەرم نەدایە دەس**

**هەوری تووڕە و**

**نەیبارانم !**

**نەشبووم بە هۆڕەی ڕووبارو**

**شەپۆلیشت نەیدووانم**

**هەتا دڵم نە دایە دەس**

**خۆشەویستی هەژاران و ،**

**نەیسووتانم ! (بێکەس(ث) ،١٩٧٨: ١٦٠)**

ئەم دەقە یەکێکە لە دەقە بەناوبانگ و دیارەکانی شاعیر، نموونەیەکی دیاری ئەو حاڵەت و بارودۆخە دەروونییەی شاعیرە، ئەمەش لەپانتایی دەقەکەدا بەرجەستە دەبێت و بەپێی بنەماو خەسڵەتە تایبەتییەکانی ژیانی شاعیر گوزارشت لەو بارودۆخە دەکات و زیاتر لە خۆی دەدوێت و ڕۆدەچێتە نیو قولایی ناخی خۆیەوە، باس لەگرفت و غەم و پەژارەیی و هەژاریمان بۆ دەکات، کە تێدا شاعیر قوولایی ئازارەکانی بەرجەستەدەکات، ئەو ترسە هەمیشەییەی، کە لە ڕەتکردنەوەی واقیع دا هەیەتی و دژی دەوەستێتەوە، هەروەها (ڕەتکردنەوە خۆی لەخۆیدا بەبڕوای ئەدۆنیس، توخمێکی ڕووخاندنە، بەڵام شۆڕش و شارستانیەتێکی ڕیشەیی نییە، ئەم ڕەتکردنەوەیە یاخیبوون بە دوای خۆیدا دەیهێنێت ) (وهاب ، ٢٠١٥ : ٣٠ )

شاعیر لە دەقی (کۆچ)دا کە لە ساڵی(١٩٧٥)نووسیویەتی و دەڵێت:

**هەژاریینە**
**لەهەر لایەک ڕەگ و ڕیشەی ئێوەم بینی**
**سەرم لە پاڵیا داکووتی**
**لەهەر شوێنێ**
**شەپۆلتان دا .. کەنارتان بووم .**
**کەناریش بوون ... شەپۆلتان بووم .**
**من کەهاتم**
**باران نەنووست و نەنووستم**
**من نانووم و خەوئەبینم (بێکەس(ج) ،١٩٨٠: ١٧)**

ژیان لە پێناو هەژار و چەوساوەکان دروشمێکی دیاری بیری شیعری (شێرکۆ )یە، کە هەمیشە بە کۆمەڵەوە دەیبەستێت، هەژاری و کەمدەرامەتی لێرەدا هۆکارێکی کۆمەڵایەتی کوشندەیە، مرۆڤ تووشی ئازار و ڕەشبینی و دڵەراوکێ دەکات، چونکە ناتوانێت خواستەکانی بێ گرفت بهێنێتە دی، بەم پێیە لە پانتایی دەقەکەدا بۆیە کۆمەڵگا بەیەکێک لە پاڵنەرەکانی ئەزموونی شیعری دادەنرێت، واتە (( شیعری یاخی هەوڵدانە بۆ پساندنی ئەو کۆت و بەندانەی ئایین و سیاسەت و کلتور دەیکەنە ملی مرۆڤ، شیعری ڕاستەقینە بانگەشەکارێکی یاخیبوونێکی سەرتاسەرییە لە هەموو کۆت و بەندێک، هەوڵدانە بۆ تێپەراندنی دۆخی باو دژ وەستانەوە بە

کۆیلایەتی، شکاندنی موقەدەس، شیعر هەوڵدان نییە بۆ بونیادنانی موقەدەس ))( نوری ، ٢٠٢٢ ، ٢٥٧ )

هەر بۆیە لە چوارچێوەی پەیامە کۆمەڵایەتییەکانی شیعری (شێرکۆ بێکەس )دا ژنان و مافەکانیان دەبێتە پرس و مەبەستیەتی لە دیلی و ژێر دەستیدا ئەو بەشەی کۆمەڵ ئازاد بکات و پێگەی شیاوی خۆی بۆ بدۆزێتەوە، ئەوەتا لە دەقی (بەیان)دا کە لە ڕێکەوتی (١٨-٧-١٩٨٥)نووسیویەتی و دەڵێت:

**لە ئیستەوە ئیتر بەیان ئەو کچەیە**

**تاریکیی ماڵ،**

**شەوی درێژی کۆیلەیی،**

**وەکوو پرچی زیاد و تەمەڵ**

**هەمووی ئەبڕێ !**

**شێری مێ یەو لەناو لانەی**

**ئازادەوە دێتە دەرێ .**

**وەکوو چیام سەر هەڵئەبڕێ . (بێکەس (خ)،١٩٨٥: ١٨٣)**

شاعیر دژی ژێر دەستەیی کچ، یاخیی دەبێت، بۆیە لێرەدا (بەیان ) هێمایە بۆ هەموو ئافرەتان، کە داوای لێدەکات تاریکی ماڵ و کۆیلەیەتی بەلاوە بنێت وەکو (شێری مێیە ) لەنێو بێشەی ئازادەوە سەردەربێنێ، تاوەکو بەرامبەر بە دابونەریت و کەلتوری کۆمەڵگای کوردی هەڵوێستی یاخیبوونی خۆی ئاشکرا بکات، بەشێوەیەک ژیانی بێ ئافرەت بەتاڵی و ترشی و ناکامی و نائارامی وەسفدەکات ، ئەم بێ ئافرەتییە لە ژیانیدا هۆکارێکە کە ڕەشبیین بێت و ژیانی بریتی بێت لە ماتی و تەنگی و بێ هیوایی و بێ ئارامی، بەڵام ژیان بەئافرەتەوە هۆکارێکە کە ڕێگای سەختی پڕ لە هەوراز و نشێوی ئاسان دەکات:

**ئەی ژنانی وڵاتە قژ سووتاوەکەم !**

**بەیان زەنگە**

**گوێی لێ بگرن !**

**بەیان دەستڕێژی ئازادیی**

**ناو ئێوەیە**

**سەر هەڵبڕن.**

**بەیان دەمی ئەو پاچەیە**

**شەوە زەنگتان ئەڕوخێنێ**

**دەنگ هەڵبڕن . (بێکەس(خ) ،١٩٨٥: ١٨٥)**

بەهەمان شێوە شاعیر یاخیبوون و باوەڕی خۆی بە مافی ئافرەتان دەخاتە ڕوو و ڕەخنەی خۆی ئاڕاستەی کۆمەڵگا دەکات، شاعیر ئەم دەنگ هەڵبڕینەی لە ئاستێکی هوشیاری ئافرەتدایە، کە تێدا هەموو ئەو دابونەریتە کۆمەڵایەتیانەی کە لە کۆنەوە بۆیان ماوەتەوە، ڕەتدەکاتەوە، کە تێدا بۆ ڕزگاربوون و سەربەستی لەدەست ئەم هەموو ستەم و ئازارە، پێویستە دەنگ هەڵبرن، هەمووان پێکەوە ئەو سنورە دیاریکراوە بشکێنن و بەدوای بەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکاییاندا بگەرێن .

مافی کچان لە هەڵبژاردنی هاوسەردا کە مافێکی سروشتیە و لە کۆمەڵی کوردەواریدا گەلێ جار زەوتکراوە یەکێکی ترە لە پرسەکان، کە سەرنجی (شێرکۆ بێکەس)یان ڕاکێشاوە، ئەوەتا لە ڕێگەی هێماوە لە دەقی (عاشق)دا کە لە ساڵی(١٩٨٥)نووسیویەتی و دەڵێت:

**یەکەم جار بوو قامیشەڵان**

**قامیشێکی عاشقی خۆی لێ یاخی بێ**

**ئەم عاشقە باریکەلە ڕەنگ زەردەمان**

**دڵی بە ((با)) ی وەشتا چوو بوو**

**قامیشەڵان وتیان نابێ و نەیاندایە**

**عاشقی شێتی بێ هەناو**

**وتی : ئەو تەنها لە لایە**

**ئێوەش هەمووتان لە لایە (بێکەس(ز) ،١٩٨٦: ٥٠)**

شاعیر لەڕێگەی یاخیبوونی (قامیش)ەوە ناڕاستەخۆ ئازادی هەڵبژاردنی هاودەم بە کچان دەدات و لەو بیرە کۆمەڵایەتیە کۆنە یاخی دەبێت، کە ئەوانی تر ژیان و هاوسەر بۆ کچان هەڵدەبژێرن، ئەمەش لەوپەڕی هوشیارییەوە سەرچاوەی گرتووە، چونکە خۆشبەختی کۆمەڵگا لە خۆشبەختی خێزانەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، هەر وەک چۆن یەکسانی کۆمەڵایەتیش ژیانێکی

ئاسوده بۆ کۆمەڵ فەراهەم دەکات، کە  لە دەقی (بەشکردن)دا کە لە ساڵی (١٩٨٨)نووسیویەتی دەبێتە کرۆک و  دەڵێت:

**ئێمە برسێتیمان بەشکرد**

**بۆ ئەوەی وەکوو یەک بخۆین.**

**ڕووت و قووتیمان دابەشکرد**

**بۆ ئەوەی وەک یەک بپۆشین .**

**ئێمە خوێنیشمان دابەشکرد**

**بۆ ئەوەی وەکوو یەک بمرین .**

**بەڵام ئەو وەختەی کە ترس**

**ئابڵووقەی داین**

**.............**

**هەر هەندێکمان بڕیان پیاکرد.**

**بۆ یەکەم جار یەکسانیمان بۆ یەک نەویست**

**بۆ یەکەم جار وەک یەک نەبووین**

**لە مەیاندا ، وەک یەک نەژیاین !. (بێکەس(ز)، ١٩٨٦: ٣٩)**

شاعیر  دژی برسێتی و هەژاری  دەجەنگێت، کە ڕەشبین و نائومێدە بەرامبەر بە یاسا و گەل و وڵات ڕەنگدانەوەی ئەو نادادپەروەری و نایەکسانییەیە، کە بەهۆی خراپی سیستەمی حوکمڕانییەوە سەری هەڵداوە، کەواتە ئەم جۆرە شیعرە جۆرێک لەیاخیبوونی کۆمەڵایەتی تێدا بەدیدەکریت و وێنەی چینی هەژاران و چەوساوەکان پیشاندەدات، کە وەکو چینێکی کۆمەڵایەتی بێبەش لە چێژو خۆشی و نەهاتنەدی خواست و ئارەزووەکانیان و ئامانجەکانیانن، بە کورتی شاعیر  پێیوایە کۆمەڵگا بەدەست نەبوونی یەکسانیەوە دەناڵێنێت ئەو دیاردەیەش نەک هەر لە ژیانی تاکەکاندا، بەڵکو لە مردنیشیاندا ڕەنگیداوەتەوە .

شیعری (ناپاک)، کە لە ساڵی(١٩٨٥)نووسراوە، دیوێکی تری دیاردەی ناپاکی و بێ وەفایی تاکەکانی کۆمەڵ دەردەخات و لە ڕێگەی پیشاندانی وێنە شیعرییەکانەوە هەڵوێستی خۆی دەردەخات :

**دارەبەنی چاو بەرەو ژێر**

**پەنای بردە ماڵە تەورێ**

**تەور کردی بە پاسەوان**

**هەتا ئێشکی کۆشکی بگرێ**

**ڕۆژێ زستان**

**پیرە تەور زۆر سەرمای بوو**

**دارەبەنی لەت لەت کردوو**

**فڕێی دایە ناو ئاگردان . (بێکەس(ز)، ١٩٨٦: ٤٤)**

وەک تێبینیمان کرد هەر یەکە لە بابەتەکانی جیاوازی چینایەتی و مافەکانی ژنان و دیاردەکانی ناپاکی و دووبەرەکی کۆمەڵایەتی لەو بابەتانە بوون کە جێی بایەخی شیعری (شێرکۆ بێکەس) بوون، وەک شاعیرێکی بە هەڵوێست و هوشیاری لێیان یاخی بووە و ڕووبەڕوویان بووەتەوە، بەلایەوە تاکەکانی کۆمەڵگا دەبێ بەشێک بن لە فەراهەمکردنی ئازادی تاک و یەکسانی لە ماف و ئەرکدا، لەو ڕێگەیەشەوە کۆمەڵێکی بەختیار پێکدەهێنرێت، بە پێچەوانەشەوە پابەند بوون بە بیری کۆن و داکۆکیکردن لە نەریتە نەرێنیەکانی کۆمەڵگا لێکترازان و پەرتەوازەی کۆمەڵایەتی بەرهەمدەهێنێت.

لای (ڕەفیق سابیر) شیعر و کۆمەڵ دوانەیەکی پێکەوە بەستراون و شاعیر ناتوانێ تەنها لە خەمی حەزو ئارەزووە کەسیەکانی خۆیدا بێت، چونکە ((ئەو شاعیرانەی بەو چەشنە بیریان دەکردەوە، ورەیان بەردا و تووشی ڕەشبینی بوون هۆنراوەکانیان بۆ بایەخدان بە ژیانی تاکە کەسییان تەرخانکرد، بێ ئەوەی گوێ بدەنە چارەسەرکردنی کەموکوورپییەکانی کۆمەڵ.)) (نوورەدین،٢٠٢٢: ٢٢١)

بەم چەشنە دەبینین بەلای شاعیرەوە وابەستەبوون بە کۆمەڵ و کیشەو گرفتەکانی یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی شاعیر، واتە شیعر خۆی لەخۆیدا دەبێ پەیامدار بێت و لەخزمەت کۆمەڵدا بێت؛ بۆیە دەڵێت: (( شیعر لە دەرەوەی ژیان و ئینسان نییە، شاعیریش وەک هەر کەسێکی تری کۆمەڵەکەی، ژیان و ڕووداوەکانی دەوروبەر کاری تێدەکەن، هزر و ڕاو بۆ چوونەکانی دەبن بە

بەشێک لە ڕەفتار و ژیان و ئەزموونی شاعیر، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگدەدەنەوە)) (سابیر،٢٠٢٢: ٥٦-٥٧)لە لایەکی ترەوە دەڵێت: ((شیعر وەکوو هەموو بابەتەکانی هونەر، دەتوانێ کاربکاتە کۆمەڵ و چینە چەوساوەکان بکات و دەنگی یاخیبوون و شۆڕشیان پێ بەرز بکاتەوە، ئەو دروشمەی کردبوویانە ئامانج نەگونجاو بوو، چونکە هونەر بۆ هونەر هیچ مانایەکی نییە)) (نوورەدین ،٢٠٢٢: ٢٢٢).

هەر بەوباوەڕەوە لە دەقی (ڤیکتۆر گارا)دا دەڵێت:

**رووبار باوەشێک شەپۆلی هەڵگرتووە**

**هەور : باران**

**خوا : تەنیایی**

**گۆڕستان کپی و سامناکی**

**تۆیش ئازاری چەوساوانی سەر زەمینت**

**هەڵگرتووە . (سابیر ،١٩٧٦:٨٢٠)**

هەر لە دێر زەمانەوە هەموو نەتەوەیەک هەستی بە چەوساندنەوە کردووە لەپێناوی ئازادی و ژیانی سەربەستانەدا تێکۆشان شاعیر دەورێکی شۆڕشگێڕانەی بینیوە لەنێو دەقە شیعرییەکانیدا بەمەبەستی هاندان بووە و دەرخستنی ئازار و ئاواتی خەڵکی چەوساوە بووە و بەرەنگاری ئەو زوڵم و زۆر و چەوسانەوەیە بووەتەوە؛ بۆیە شاعیر لەڕێگەی دروستکردنی کۆمەڵێ وێنەی شیعرییەوە توانیویەتی ئازار و مەینەتیەکانی چەوساوانی سەر زەمین دەرببڕێت.

شاعیر لە دەقی (گەڕانەوە )دا بەشێوازێکی جیاواز ژیان و چەوساوەکانی کۆمەڵەکەی وێنا دەکات و دەڵێت:

**هەموو شەوێک هاورێیەکەم**

**بە هێمنی سەر بەماڵی برسی و هەژاراندا دەکات**

**لە سۆراخی گەورە و بچووکیان دەپرسێت**

**باسی راستی**

**دادپەروەری و**

**سۆسیالیزمیان بۆ دەکات .**

**کە دەیگرن … ئەمجارەیان ملی  بەپەتەوە ناکەن (سابیر ،١٩٧٩: ٧٧٩)**

ئایدۆلۆژیای شاعیر و باوەڕی بە شۆڕشی چەوساوەکان  بەشێکە لە بیری یاخیبوونی کۆمەڵایەتیەکەی، ئەم دەقە وێنای ئەو بارە کۆمەڵایەتیە دەکات، کە هاوبیرێکی لە ڕێگەی جاڕی شۆڕشی یەکسانی کۆمەڵایەتی و بڵاوکردنەوەی بیری سۆسیالیزمی لە نێوان هەژاران بەرجەستە دەکات و ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی ڕستەی (ئەمجارەیان ملی بە پەتەوە ناکەن)ەوە  ستەمی چینی دەسەڵاتدار دەردەخات و ڕووبەڕووی دەبێتەوە، بەلایەوە ((پێویستە شاعیر ڕووداوەکانی ژیانی سەردەمی نەتەوەکەی بکاتە سەرچاوەی شیعرەکانی، کە ئەمەش ڕۆڵی شاعیر لە ژیانی نەتەوەکەی دیاریدەکات، وادەی هەست بە لێپرسینەوە کردن و پەیامداری شاعیر دیاریدەکات))( سابیر،٢٠٠٦ : ٤٩٥) ئەم پەیامدارییەی شاعیر و هەست بە بەرپرسیارێتیەی بەرامبەر  بە کۆمەڵ  لە شیعری (وەرزی سەهۆڵبەندان)دا  بە چەشنێکی تر لەو پرسێکی تری کۆمەڵدا دەبینرێت :

**دووو دڵداری بێوڵات**

**چەپەری چەقۆ دەبڕن**

**دوو دڵداری یاخی و ولات**

**لاوکی مەحاڵ دەچڕن**

**دوو دڵداری ڕۆژهەلات**

**ئالای برین هەڵدەبڕن**

**سەر بە جەنگەڵ دەکەن و**

**ئێشک لە گەردوون دەگرن**

**دوو دڵداری بێوڵات**

**دوو دڵداری**

**یاخی و**

**لات . (سابیر ،١٩٨٧: ٥٩٠)**

شاعیر لێرەدا باس لە خۆشەویستی نێوان دوو کەس دەکات لە ڕۆژهەڵات، کە بەهۆی کەلتوورو دابونەریتەوە هەڵاتوون و یاخیبوون بەرامبەر بەو دابونەریتەی، کە لە نێو کۆمەڵگای کوردیدا هەیە، چونکە هەردوکیان بە خۆشەویستییەکی پاک و بێگەرد یەکتریان خۆشدەوێت پێکەوە ڕازین، بەڵام کۆمەڵگاکەیان ڕێگە بەو چەشنە خۆشەویستییە نادات؛ بۆیە دڵدارانی نیشتمانیش ناچار وەکو دوو خۆشەویستی بێ لانەوبێ وڵات یاخی ببن و ڕێگەی پڕ نەهامەتی و برین ببڕن، کە هەردووکیان باش دەزانن پێکەوە ژیان بەسەربردن ئاسان نییە و مەحاڵە، هەروەها دەڵێت:

**بۆ کوێت بەرم سێوەخانێ ؟**

**ئەم رۆژگارە**

**(نە جێی فیرارانە**

**نەجێی ژنهەڵگرانە**

**نە جێی خۆشمێرانە (سابیر ،١٩٨٧:٥٩١)**

نەهامەتی و خەمە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکانی شاعیر لەم دەقەدا پێکەوە گرێدراون.ژیان شوێنی حەسانەوە و ئارامی نییە، لە لایەک بە هۆی دۆخە سیاسیەکەوە فیرارە و لەلایەکی تریشەوە بەهۆی نەریتی نالەباری کۆمەڵایەتیەوە دەروازەی خۆشەویستی لێ داخراوە و لە خۆشبەختی بێ بەشە، هەرچەندە شاعیر لە بەرامبەر (سێوە)ی خۆشەویستیدا دەستەوسانە و هەوارێکی بۆ حەوانەوەیان شک نابات، بەڵام لە هەمانکاتدا نیگەرانە لەو نائارامیەی کە لە ئارادایە، بۆیە لێیان یاخی دەبێت و لە دەرچەیەک دەگەڕێت، بەلای شاعیرەوە ((خۆشەویستی بابەتێکی گرنگی هۆنراوەکانم بووە، ئەمەش لەلایەکەوە رەنگدانەوەی ژیانی تایبەتی خۆم بووە، لەلایەکی دیکەوە پەیوەندی بە تێڕوانینی منەوە هەیە لەبارەی ژیان و هونەر بەگشتی،من لەو باوەڕەدام، کە خۆشەویستی بۆ مرۆڤ داینەمۆی ژیانە، خۆشەویستی سەرچاوەیەکی گرنگی هیوایە و مرۆڤ بەبێ هیوا ناتوانێت بژی .)) (سابیر،٢٠٢٢: ٢٥٣)

هەر بۆیە بەردەوام لە ئێشکگرتندان و لە ترس و دڵەراوکێدا دەژین، شاعیر بەم وێنەیە نادروستی ئەو بیرە چەوتە کۆمەڵایەتیانە دەردەخات و ڕووبەڕوویان دەبێتەوە؛ بۆیە لە دەقێکی تردا بەناوی (بۆ کیژێکی هونەرمەند) دەڵێت:

**ژەنگی یاسای نالەباری نێو ئەم شارە**

**لە قووڵایی گۆمی دڵما**

**پەنگ دەخوا و کۆ دەبێتەوە . (سابیر ،١٩٧٦:٨٣٦)**

شاعیر لە ئاست ئەو یاساو پێوەندە کۆن و ژەنگگرتووانەدا، هەوڵی دەدات، بەمەبەستی بە مەبەستی لادانی ئە و دابونەریتە کۆنانە، کە بۆ ئافرەت و ژنی کورد دانراوە، بەڵام لە کۆتاییدا بەناچاری لەقوڵایی دڵیدا ئەو یاخیبوون و خەمە پەنگ دەخوات و کۆدەبێتەوە، کە نابێت ئافرەت و کچی کورد لەکۆمەڵگای کوردیدا ببنە هونەرمەند و گۆرانی بۆ ژیان بڵێن، هەروەها(ڕەفیق سابیر) دەڵێت: ((لە سایەی شەڕدا، چاکە لەبەرامبەر خراپە و تاوان و شەڕدا، جوانی لەبەرامبەر ناشرینی، پاشەکشەیان کرد باڵانسی ژیانی خەڵک، کۆمەڵ، سروشت و تەنانەت باڵندە و ئاژەڵی کێویش تێکدرا و سەر لەهەمووان شێوێندرا، سەرەنجام ژیان بە هەموو چاکە و جوانییەکانییەوە لە بەرامبەر مردن بە هەموو خراپە و ناشرینی و زیانەکانییەوە پاشەکشەی کرد،ژیانی مرۆڤ، کە بەنرخترین شتی دنیایە، هێندەی ژیانی پشیلەیەک و سەگێکی کۆڵانان بێ بایەخ کران .))(نوورەدین،٢٠٢٢: ١٥-١٦)

هەموو کۆمەڵگەیەک خاوەنی سیما و ئەدگاری تایبەت بە خۆیەتی و کە پەیوەندی نێوان کۆمەڵگا و تاکەکانی بە سیستەمەکانی دەوڵەتەوە دیاریدەکات، پێوەر و بەها کۆمەڵایەتییەکانیش، جگە لەوەی کاریگەریان لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگا هەیە، بەهەمان شێوە کاریگەری لەسەر بەهای دەقە ئەدەبیەکانیش هەیە، واتە ئەو پێوەر و بەهاکۆمەڵایەتییانە بە تایبەتمەندیی کۆمەڵگاوە پەیوەستن، چونکە ئەمانە بەهۆی هۆکاری نێوخۆیی و دەرەکیی وەکو شۆڕش و ڕۆشنبیری و پێشکەوتنی کۆمەڵگاوە دووچاری گۆڕانکاری دەبن، کەواتە یاخیبوونی کۆمەڵایەتی بریتییە لە ((هەستکردنی کۆمەڵگا جیاوازەکان، بەو پێیەی کە ناتوانن بە هەندێک لە ئامانجە بنەڕەتییەکانی ژیانیان بگەن و ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی ئەم بێ توانابیە؛ هەرچەندە فۆرمەکانیشیان جیاواز بن، حاڵەتێکی بێزاری دروستدەکەن، ڕەنگە بگاتە ئاستی بێهیوایی و نائومێدی، کە ئەم دووانە دەبنە هۆی یاخیبوون وەک دەربازبوون لە کێشەکانی کۆمەڵگا))(الطیب،٢٠١٧: ٢٨)هەروەها دەتوانین بڵێین، کە ((یاخیبوون دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، لە ئەنجامی خراپ گونجاندنە لەگەڵ یاساکانی کۆمەڵگا بەسەر تاکدا دەسەپێندرێن))(الطیب،٢٠١٧: ٢٨) کەواتە بەهۆی ململانێی تاکەکانی کۆمەڵگا و ڕەتکردنەوەی دەستوور و یاسای کۆمەڵایەتی بەهۆی نەگونجان لەگەڵ یاساکاندا دەکرێ بڵێین، کە ((لاوازیی توانایە بۆ خۆگونجاندنی کۆمەڵایەتی، لە ئەنجامی ململانێ و پێکدادانی بەهاکان و

دەربازبوون لە خۆگونجاندنێکی خراپ و ڕاپەڕین دژی شکستی خۆگونجاندن لەگەڵ پێوەرەکانی ئەو کۆمەڵگاییەی تێیدا دەژی))(رحمة، ٢٠١٢: ٤) هەر بۆیە دەبینین لای (ڕەفیق سابیر) جۆرە نەگونجانێک هەیە لە گەڵ ئەو بارەی بەسەر کۆمەڵدا هاتووە چ لە ڕووی جیاوازی چینایەتییەوە بێت چ لە ڕووی بێبەشکردنی ژنانەوە بێت لە ماف و ئەرکەکانیان؛ بۆیە بە ڕوویاندا هەڵشاخاوە و لێیان ڕاپەڕیوە.

شیعرەکانی ( فەرهاد شاکەلی) یش دابڕاو نەبوون لەو دۆخە کۆمەڵایەتیەی سالانی (١٩٧٠-١٩٩١)، نەک هەر ئەوە، بەڵکو بە ڕوونی هەست بە هاوبەشیکردنی شاعیر لە گەڵ خەم و دیاردە کۆمەڵایەتیەکان دەکرێت و بەشێکە لە ڕووبەڕووبونەوەی نەریت و کلتورە دواکەوتووەکان و گۆڕینیان بۆ باشتر ئەمەش ئەرکی شاعیری خاوەن بەرپرسیارێتیە، چونکە یاخیبوونی کۆمەڵایەتی ((بریتییە لە دەرچوونی شاعیر لەو بەها کۆمەڵایەتییە باوانەی کە لە سەردەمی خۆیدا کاریان پێدەکرێت، لەگەڵ ئیدانەکردن و ڕەتکردنەوەیان))(بلول،٢٠١٩: ١٠).دەربارەی بابەتی ژیان و گەردوون هەموو هەوڵی (شاکەلی)ئەوە بووە، کە بەدوای ڕاستییەکانی ژیاندا دەگەڕێت تاکو ئەزموونی لێ وەربگرێت، بۆیە شاعیر دەڵێت: ((بەو هیوایەی شتێک لەبارەی ژیان و جیهان و گەردوونەوە فێرببم، بەشێکی زۆری شیعرەکانم دەربڕی ئەم تینوێتییەیە، گەڕان بە دوای ئەو ڕاستییەدا، کە ڕەنگە مرۆڤ هەموو ژیانیشی بباتە سەر، بێ ئەوەی بەهیچ بگات .))(شاکەلی،٢٠٢١: ٢٠٦)

(شاکەلی)لە ڕێگەی دەقە شیعریەکانیەوە، ویستوویەتی دۆخی باو و سنوربۆکێشراو لەو قۆناغەدا ڕەتبکاتەوە، چونکە پێش قۆناغی سالانی حەفتاکان ئەو ڕەتکردنەوەیە نەگەیشتووە ڕادە و ئاستی یاخیبوون و ڕەتکردنەوە گشتی، (شاکەلی) پێی وایە کە ڕووناکبیر : ((ئەگەر بەڕاستی ڕووناکبیر بێت، سەربەخۆ دەبێت، بە مێشکی خۆی بیر دەکاتەوە و بە چاوی خۆی تەماشادەکات، ڕۆڵی خۆی چاک تێدەگات، ڕێگەی خۆی دەناسێت و پێویستی بە ئامۆژگاری و ڕێنوێنیی من و تۆ نییە.))(شاکەلی،٢٠٢١: ٢٧) واتە شاعیر دەبێت ئازاد و سەربەست بێت لە دەربڕینەکانیدا، نەوەک بکەوێتە ژێر کاریگەریی کەسانی ترەوە، بەڵکو پێویستە خۆی بڕیاربدات و کێشەکانیش بەشێوەیەکی هونەری و ئەدەبی بخاتەڕوو، بێگومان ئایدۆلۆژیای شاعیریش لەو بابەتەدا ڕۆڵی هەیە.هەر لەو بارەیەوە (شاکەلی)دەڵێت: ((من چەندساڵێکی تەمەنی لاوێتیم چەپ بووم و خۆیشم بە مارکسیست دەزانیباوەڕم بە کۆمەڵێک بنەمای ڕاستی و هەقپەرستی و داد هەبوو، کە لە مارکسیزم و چەپایەتیدا دەمبینینەوە ئەم باوەڕە لە نووسین و شیعرەکانی بەشێکی سالانی حەفتامدا ڕەنگیداوەتەوە.))(شاکەلی،٢٠٢١: ٣٨٢ -٣٨٣) ئەم بیرە لە دەقی (ئێوە)دا کە لە ساڵی (١٩٧٦)نووسیویەتی، بە ڕوونی دیارە:

**ئێوە موفتین**

**ماڵی نەخشاوتان لەو بەرە .**

**ئێوە قازین**

**کۆشکی بەرز و ڕازاوەتان، مەعلوومە، هەر لەو بەرە ....!**

**بۆرژواکان**

**کێ نازانێ**

**هەژاری کورد شێخ ڕەزایە ....؟**

**بۆرژاواکان**

**هەژاری کورد شێخ ڕەزایە ...! (شاکەلی،٢٠١٦:١٢٩-١٣٠)**

شاعیر لەڕێگەی تێهەڵکێشێکی هونەرییانەی دێرە شیعرێکی (شێخ ڕەزای تاڵەبانیەوە) پەردە لەسەر جیاوازییە چینایەتییەکانی سەردەمەکەی هەڵدەداتەوە و لە ڕێگەی هێنانی زاراوەی (بۆرژاواکان)ەوە،تێکەڵ به ئایدۆلۆژیاکەی خۆی دەکات و ڕووبەڕووی (سەرمایەداران) دەبێتەوە، شاعیر باوەڕی وایە سەرەتا پێویستە جیاوازییە چینایەتییەکان نەهێڵێرێت بۆ ئەوەی کۆمەڵگا بە ئاسودەیی بژیت، بۆ ئەمەش لەو جیاوازییانە یاخی دەبێت، بێگومان هێنانی شاعیرێکی وەک (شێخ ڕەزا)ش بۆ پیشاندانی زیاتر گیانی یاخیبوونە، چونکە ئاشکرایە شێخ ڕەزا بە زمانێکی پڕ لە داشۆریەوە ڕەخنەی لەکۆمەڵ و دەورووبەرەکەی گرتووە، ئاماژەیە بە شیعرێکی شێخ ڕەزای تاڵەبانی کە دەڵێت:

**ماڵی مفتی لەم بەرە مەعلوومە قازیش لەوبەرە**

**من فەقیرم کی دەزانێ لەم بەرم یا لەوبەرم.**

هەڵوێستی تایبەتی شاعیر لەگەڵ دەوروبەریدا، کە بووەتە هۆی سکاڵا و ناڕەزایی دەربڕین لە هەندێ دیاردەی چەوت و دابونەریتی کۆمەڵایەتی و جیاوازی چینایەتی، نائارامی و نەبوونی دادپەروەری و بوونی زوڵم و ستەم لەنێو نەتەوەی کوردا (شاکەلی) دەگاتە لوتکەی بە گژداچوونەوەی جیاوازی چینایەتی و پیشاندانی ئاستی باڵای یاخیبوون و بچوککردنەوەی کردە و بەها و پێگەی موفتی وقازی، کە خاوەنی کۆشکی بەرز و ڕازاوە و نەخشینن، بەڵام ڕادەی ئاستی هۆشیاریان لە خوارەوەیە، هەروەها شاعیر پیشاندانی چینی هەژار بە چینێکی ڕۆشنبیر و بلیمەت کە (شاکەلی) لێرەدا چینی هەژاری کۆمەڵگەکەی چواندووە بە شاعیری نەتەوەکەی ئەویش (شێخ ڕەزای تاڵەبانی)یە کردویەتیبە هۆکارێکی دیاری یاخیبوون لە دەسەڵات بە شێوەیەکی نایاسایی و ناسروشتی هەوڵی دەوڵەمەندبوون دەدەن.

(شاکەلی) لەدەقی شیعری (نەخشەیەکی نوێی ئازارەکانی ڕاسکۆلنیکۆڤ)کە لە ڕێکەوتی (٢٤-٨-١٩٧٦)نووسیویەتی و دەڵێت:

**هەرزانترین ژەمی لێ دەخۆن ...**

**کرێکارانی خەڵکی کوردستان لەو بایولشێخ و نەهزەیە[١]**

**بە ڕیز لێی ڕادەوەستن .**

**پاسەکان پڕن لە منالآنی وردەواڵە فرۆش**

**بەرەو گەڕەکی هەژاران دەڕۆنەوە ..**

**لەوبەری دیجلەیشەوە**

**مەنسوور چاوی بڕیوەتە**

**سمتی گۆشتن و**

**شاوەت بە چاویا دێتە خوارێ ....**

**دەمکوژی ....؟**

**بمکوژە !**

**تەنیا لە دەفتەرە زەردەکەتدا بنووسە :**

**شەیدای شاژنێکی بەندی بوو ،**

**بەڵام خۆی نەکوشت .... (شاکەلی،٢٠١٦:٢٧٩)**

(شاکەلی)بەهۆی خوێندنی زانکۆوە چەند ساڵێک لە بەغدا بووە، بێگومان لە پایتەختێکی گەورەی وەک بەغداش جیاوازییە چینایەتییەکان زیاتر دەردەکەون، بۆ شاعیرێکی هەڵگری بیری چەپی وەک(شاکەلی) لەو ڕۆژگارەدا دەبنە هەوێنی چەند دەقێکی لەمجۆرە، کە لە هەمانکاتیشدا جیاوازییە کۆمەڵایەتی و چینایەتییەکە بەرەو جیاوازی نەتەوەیش براوە، بەراوردکردنی ژیانی کوللەمەرگانەی کرێکارانی کورد لە گەڕەکانی (باب الشیخ و النهضە) بۆ ژیانی شاهانەی نیشتەجێبووانی گەرەکی(المنصور) لەلایەک، و پیشاندانی خۆشەویستییەکی ناکام بە هۆی جیاوازی

(١) بابلشێخ(باب الشیخ) و نەهزە(النهضة)دوو گەڕەکی هەژارنشین و کوردنشینن لە شاری بەغدا.

چینایەتییەوە لەلایەکی ترەوە، یاخیبوونی کۆمەڵایەتییانەی شاعیر لەو دۆخە کۆمەڵایەتییە دروستکراوە، دەردەخەن.

شاعیر واقیع ڕەتناکاتەوە، بەڵکو هەمیشە هەوڵ دەدات لایەنە ناتەواوییەکانی نێو کۆمەڵگای کوردی نەهێڵێت و لەگەڵ خودی واقیعدا بیگونجێت، هونەر واقیع پیشاندەدات بە شێوازێکی هونەری جوان دای دەڕێژێت، ئەرک و بەهای تایبەتی ئەبەخشێتە ناوەڕۆکەکەی، شاعیر هەست بە واقیع دەکات، کە کۆمەڵگا تێکەوتووە، بۆیە هەمیشە هەوڵدەدات، بەسەریدا زاڵ بێت، هەروەها ((ئەدەبی پێشکەوتوو ئەو ئەدەبەیە کۆمەڵ بەرەو ژیانێکی چاکتر و ئاسوودە دەبات و ناوەڕۆکەکەشی هەڵێنجراوی تاقیکردنەوە و ڕووداوی جەرگەی کۆمەڵەو بە زمانی چینی ڕەنجدەر ئەدوێت و ئاوێنەی تێکڕای گەلە؛ بۆیە گەر ئەرکی ئەدەب پەیوەندییەکی چەسپاوی بە جەماوەرەوە نەبێت و دەربڕی باوەڕ و هەستیان نەبێت، ناتوانێت کۆمەڵ فێربکات و وشیاریان بکاتەوە و ڕێبەرایەتیان بکات، بۆ ئەمەش شاعیر پێویستە لە واقیعی کۆمەڵگاکەی گەیشتبێت و تیادا ژیا بێت، تاکو هەست بە ئێش و ئازار و گیروگرفتەکانیان بکات و بە زمانی ئەوان قسەبکات ))(ڕەنجبەر، ١٩٧٠ : ٦٣ )

لەو سۆنگەیەوە (شاکەلی)لە دەقی شیعری (پرسیار سەبارەت بە ئاوارەیەک)کە لە ڕێکەوتی (١٣-٨-١٩٧١)نووسیویەتی و دەڵێت:

**وام نیازە**

**لە تۆ ،لە خۆم، لە گشت کەسێ**

**پرسیار بکەم، هاوار بکەم**

**من دڵداریم ناوێ لە ناو**

**بەندیخانەی ئاسنینا،**

**لە ناو بێشکە و دەسترازە دا گیانم ناوێ،**

**ژانم ناوێ،**

**بۆ هەتاوێ**

**دەمی هەڵبەست و گۆرانیم هەڵئەهێنم**

**بمسووتێنێ(شاکەلی،٢٠١٦:٤٣)**

شاعیر دژی ژیانی زیندان ئاسای کچان دەوەستێتەوە  و هاوار دەکات،  هەر وەک لەسەر یەکێ لە دیاردە خراپەکانی ناو کۆمەڵگای کوردی دەوەستێ و هەڵوێست وەردەگرێ، ئەویش دیاردەی گەورە بەبچوکە کە هەر لەناو بێشکەدا کچان مارە دەکرێن، بۆیە شاعیر دەنگی ناڕەزایی خۆی بەرامبەر ئەو دیاردەیەی ناو کۆمەڵگە دەردەبڕێت و ڕەتی دەکاتەوە بەو ژیانە ناڕازییە، شاعیر یاخیە لە بنەما کۆمەڵایەتییەکان، کە بووەتە دیاردەیەکی ترسناک لە بەرانبەر ئازادی ژندا و ناچاری دەکەن پابەندبێت بە هەموو دابونەریتی کۆنەوە، چونکە لای ئەو ((ژن پێگەی لە شیعردا هەیە و کاریگەریی زۆرە، ناتوانین نکوولّیی لێ بکەین لە ژیانی هەمووماندا ژن پێگەی هەیە، ژن تەنها ئەوە نییە، تۆ وەک ڕەگەزێکی بەرامبەر  تەماشای بکەیت . تۆ بتەوێ و نەتەوێ ژن دایکتە، ژن خوشکتە ، بە شێوەیەکی گشتی ژن لە ژیانی مرۆڤدا ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە . ڕۆڵی ژن دەگونجێت لە ڕۆڵی پیاو زیاتر بێت ... ئەوجا بەدەگمەن هەیە  مرۆڤێک، پیاوێک، حەزی لە ژنێک نەکردبێت.))(شاکەلی،٢٠٢١: ٨١٩)

هەروەها لە دەقی (دوا لاپەڕەی ڕشتەی مرواری)کە لە ڕێکەوتی (٣-٨-١٩٧٣)نووسیویەتی و دەڵێت:

**کێیە هێشتا باوەڕ نەکا**

**کە دوا منالّی ئەم شارە**

**دیلی هەزاران پرسیارە ...؟**

**کە گەورەکانی ئەم شارە**

**هەموو ڕۆژێ ژن ئەهێنن ،**

**مزگەوت بۆ نوێژ دروست ئەکەن ،**

**بە ئاوازی شمشاڵێکی مەرگەوەڕ**

**سەما ئەکەن . (شاکەلی،٢٠١٦:٦٢)**

شاکەلی لە ڕێگەی پرسیارکردنەوە یاخیبوونی خۆی بەرامبەر بە جیاوازییە ناپەسەندەکان دەردەبڕێت و وەڵامی پرسیارەکانیش بۆ خوێنەرەکانی بەجێدەهێڵێت، سەرچاوەی یاخیبوونن بەهۆی زوڵم و نادادپەروەریەوە، کە شاعیر دەیەوێ لەم سۆنگەیەوە کاربکاتە سەر خوێنەر، بۆ ئەوەی کردەی یاخیبوون بەرپابکات لە کۆمەڵگادا، (شاکەلی )لەم دەقەدا کۆی ئەزموونی ژیانی نەتەوەی کوردی باسکردووە ،کە پڕیەتی لە نائومێدی و خەم، کەچی گەورەکانیش لەوپەری ئازادی وبەختەوەریدا دەژین، ئەم چەشنە دەربڕینەی شاعیر یاخیبوونە لە بیرکردنەوەو هەڵوێستی

کەسایەتییە دیارەکانی کۆمەڵگا و پیشاندانی دیمەنی خراپ و نەشیاوی کۆمەڵگەکەی دژ بەو بارودۆخە دەوەستێتەوە، شاعیر بەتوندی ڕەخنە لە دیاردەیەک لە دیاردە خراپەکانی ناو کۆمەڵگای کوردی دەگرێت و هەڵوێست وەردەگرێت و بەگژیدادەچێتەوە و لەسەری دەوەستێت، ئەویش دیاردەی فرەژنی یە، لەلایەن گەورەکانەوە، کە هەموو ڕۆژێ ژن دەهێنن، کە ئەمەش بەیەکێک لە هۆکارەکانی وێرانبوون و تێکدانی شیرازەی کۆمەڵگای دادەنێت.

هەروەها لە دەقی (بەدوای چاوی غەمگینی ساڵێکتا وێڵم )کە لە ڕێکەوتی (٣-٧-١٩٧٣)نووسیویەتی و دەڵێت:

**(وەکوو قژی ئەو ئافرەتانەی دڵداریی**

**من و تۆیان لا تاوانە و**

**لە زیندانی لێکبڕانا چاوی گەشی هەڵئەکۆڵن،**

**چاوی ڕەشت بە دووکەڵی**

**ئازاری تاڵ ئەئاخنن ، وەکوو دیداری ئەو خەڵکەی**

**نایانەوێ وەک مەم بمرم،**

**وەک زین بژییت ... ) (شاکەلی،٢٠١٦:٨٢)**

شاعیر داکۆکی لە ماف و پێگەی کچان دەکات، بەڵام سەرنجمان بۆ بابەتێکی تریش ڕادەکێشێت، کە ئەویش تەنها پیاوان مافی کچان زەوت ناکەن، بەڵکو خودی (ژنان) خۆشیان بەشێکن لەو کلتورە دواکەتووەی، کە هەمان بیری پیاو سالارانەیان بەسەردا زاڵە و ئەوانیش ڕێگری لەبەردەم خۆشەویستی کچان و مافی هەڵبژاردنی هاوسەریان لێ زەوت دەکەن و دەیانچەوسێننەوە، شاعیر ڕووبەڕووی کۆمەڵگا بە ژن و پیاوە وە دەبێتەوە بێ ئومێدانە ئەزموونی خۆشەویستی خۆی و هاوشێوەکانی بە مەم و زینەوە گرێدەدات.ژن ((تەنیا هاوسەر و خۆشەویست و دۆست نییە، کە ئەم ڕۆڵانە پێوەندیی زۆریان بە غەریزە و ئارەزووی خۆڕسکی زایەند و فرەبوونەوە هەیە، بەڵکو دایک و خوشک و کچ و خزم و کەسیشە ژن لەوەیە دوژمنیش بێت .))(شاکەلی،٢٠٢١: ٢٧٢)

## ٣-٢- یاخیبوونی ئایینی

ئاین بابەتێکی بەرفراوانە لەناو ئەدەبیاتی جیهانی و ڕۆژهەلاتی و کوردیشدا و لە هەموو کاتێکی مێژوویدا، ئەم باسە جێگەی گفتوگۆی بەردەوام بووە لەنێوان فەیلەسوفان و ئەدیباندا، بە چەشنێک هەر یەکێکیان بە تێڕوانینی جوداوە تەماشای ڕۆڵ و ئەرکی ئاینیان کردووە.

لەناو کۆمەڵگای کوردیشدا لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ڕەوتێکی نوێی ڕووناکبیری ئەدەبی پەیدابوون، کە دژی پەروەردەی باوی ئایینی دەوەستانەوە، سەرباری ئەوەش خۆشیان بەشێک بوون لە مەلا و شێخەکان و دەرچووی حوجرە و مزگەوتەکانی سەردەمی خۆیان بوون، بەلام ئەوەیان بۆ ڕوون بووەوە، کە ئاین بە تەنها چ کارەساتێکی گەورە لە کۆمەڵگادا دروستدەکات. ( کەسانی وەک مەلا محەمەدی کۆیی، زێوەر، قانیع و پیرەمێرد، ئەحمەد موختار) پڕۆژەی بەرهەمی نووسینی خۆیان بەهیجاکردنی سەردەمی خۆیان دەستپێدەکەن، دەکەونە پیاهەڵدان وستایشی کەسانی ڕۆشنبیر، پێیان وایە، کە زانست و زانینی نوێ ڕۆڵێکی مەزن لە کردنەوەی کۆمەڵگای کوردیدا دەبینن، کۆمەڵگای ئێمە لە ڕووی زهنی و ڕۆحییەوە بۆ دونیای مۆدێرن ئامادەدەکەن، ئەم گروپە تەنویرییە لە ڕووی کەلتووری فیکرییەوە، جگە لە شیعر، شتێکی ئەوتۆیان بەرهەم نە هێنا، بەڵکو لە شێوەی شیعر و سروودا گوزارشتیان لە خۆیان دەکرد و پتر لەگەڵ هەستدا دەدوان، نەوەک عەقڵ، مەعریفەیەکی تیۆریی قووڵیان سەبارەت بە دیاردەکانی سەردەمی خۆیان نەبووە، بەلام لە گرنگی و هێزی مەعریفە بەئاگابوون، نەیاندەزانی فەلسەفەکان تەواو چی دەڵێن ؟ بەلام دەیانزانی دین بەتەنیا چ دونیایەک دروستدەکات.( میرە،٢٠٢٠:٢٢١-٢٢٢)

لەو ڕێگەیەشەوە هوشیاریەکی کامڵتر لەدایکبوو، کە نە لایەنە ئاینیەکە فەرامۆش کرا و نە پارسەنگی لایەنە زانستیەکانی تریش دران، کردنەوەی قوتابخانەکان و خوێندنی زانستەکانی تر جگە لە زانستە ئاینیەکان جێیان بۆ کرانەوەی زیاتری کۆمەڵگا خۆش کرد، بەلام وە نەبێ دەسەلاتی ئایین و پیاوانی ئاینی لاواز بووبێت .

شاعیرێکی وەکو (شێرکۆ بێکەس)، یەکێکە لەو شاعیرانەی خاوەنی تێڕوانینی تایبەتی خۆیەتی لەسەر ئایین و پابەند بوونەکانی مرۆڤ پێی، ئەم تێڕوانینانەش گەلێ جار چەشنە یاخیبوونێکی ئایینی لای شاعیر بەر پادەکەن، هیچ نەبێ لەو ڕووەوە، کە ڕەخنە لە نالەباری و ناڕێکیەکان دەگرێت و پێی وایە ئایینداری بەو چەشنە نابێت. لە دەقی (گینگڵ)دا بە تەوسەوە دەڵێت:

**هاوڕێکەم هەموو شەوێ کاژێکی تازەی دەرئەداو،**

**پێستێکی کەی لەبەر ئەکرد**

**بۆ بەیانیش لە وانەکانی ((مارکسا ))**

**بەرماڵەکەی ((محەمەد )) ی ئەکردە کۆڵ .**

**جاڕی ئەدا :**

**کە (( یەهودا )) بێ گوناهەو ،**

**((مەسیح)) سەر، سەری خۆی  نەبوو !**

**+ ئەی کێ ئەڵی .. ئەی کێ ناڵێ .. ئەی کێ ئەڵێ ؟!( بێکەس(ب) ،١٩٧٣: ١٤)**

دەقەکە هەر لە ناونیشانەکەیەوە  جاڕی ناسەقامگیری و نائارامی و گۆڕانی بەردەوام دەدات، لە دۆخی واشدا زەمینە بۆ یاخیبوونی شاعیر لەبار دەبێت بە تایبەتی ئەگەر هاتوو زانی گۆڕانەکان لەمپەڕی چەپەوە بۆ ئەوپەڕی ڕاستە.

شێرکۆ لە لایەک دژی تێنەگەیشتنە  لە ئایین بەوەی خەڵکانێک هەن هەر ڕۆژەو لە بیرو ئاینێک دەخوێنن، لە لایەکی تریشەوە لافی زانینی لێ دەدەن، ئەم بارە تا کۆتایی دەقەکە درێژەی دەبێت و دڵەڕاوکێ و ناسەقامگیریەکەی بەردەوامە، دیارە دەبێ ئەوەش بەرچاو بخەین کە ئەمە یاخیبوونێکی ئایینی و کۆمەڵایەتییە، چونکە دواجار ئایین لە پێناو کۆمەڵدا هاتووە.

شێرکۆ  لە دەقی (وەرزی پێنجەم)دا  دەڵێت:

**کاتێ..ئاسمان**

**کاتێ .. هەموو فریشتەکان**

**ئاژەڵ .. باڵدار**

**بەرگی یاخی بوونی ئازار .. لەبەر ئەکەن**

**ڕوو وەرئەگێڕن لە یەزدان . (بێکەس(ب) ،١٩٧٣: ١٧٣-١٧٤)**

ئاشکرایە هۆکاری نەهامەتییەکان هەر چیەک بن خودا نەخشی ڕووداو و چارەنووسەکان دەکێشێت؛  بۆیە لێرەدا شاعیر یاخیبوونی خۆی لە خودا لە ڕێگەی یاخیبوونی (ئاسمان، فریشتە، ئاژەڵ، باڵدار) کە لە تاو ئازار و نەهامەتیدا پیشان ئەدات، یاخیبوونی شاعیر لە لوتکەدایە بۆ هەمووان لە گەڵ خۆیدا یاخی دەکات .

هەروەها لە شوێنێکی تردا بە ئاشکرا لە ڕەفتار و دەسەڵاتی پیاوان و مامۆستایانی ئاینی یاخی دەبێت و لە شیعرێکدا بە ناونیشانی (دڵداری و ناو شارێکی مردوو )دا پێمان دەڵێت :

**پێکرام .. لەپشتەوە ... پێکرام**
**هەر بەو تیغە ژەنگاوی یەی ..**
**کە (( بەدرخان )) ی پێ کوژرا .. منیش کوژرام**
**تیغی جاڕی شەیتانی سەر منارەکان ..**
**تیغی زمانی ماری سەر :**
**بەردە نوێژی سەر مزگەوتەکان**
**خنکام .. لە دوکەڵی فەتوای ناو مێزەری**
**توونی بابای .. پیلانەکەی ،**
**((مەلای خەتێ )) دا بوو خنکام**
**سووتام ... لە گێژاوی گڕی دەمی ئەژدەهای حەوت سەری**
**((مەلای خەتێ )) دا بوو .. سووتام(بێکەس(ب) ، ١٩٧٣ :١٠٥)**

زمانی دەقەکە زمانی ڕووبەڕووبوونەوەی پیاوانی ئایینیە و شاعیر لە جەنگدایە لە گەڵیان، بێگومان ئەمەش بە هۆی جیاوازی بیرو باوەڕ و بیرکردنەوەیانە بەبڕوای ئێمە ئەم دەقە لە دایکبووی ئەو ڕۆژگارەیە، کە تێیدا ئەندامانی گروپی ڕوانگە کە دیارترینیان (شێرکۆ بێکەس )بوو بە هۆی بیرو باوەڕ و بیرکردنەوەیان بەرامبەر ئایینی ئیسلام کەوتبوونە بەر هێرش و پەلاماری پیاوانی ئایینی و ئەوانەشی، کە لە ژێر کاریگەریان بوون.

(شێرکۆ) لە دەقی (تاریکی )دا کە لە ساڵی(١٩٧٩)نووسیویەتی و دەڵێت:

**لەئێراندا**

**((مۆنالیزا))ی**

**تابلۆی هونەرمەندێ گریا**

**وەختێ ئیمام**

**بەزۆر پەچەی پێگرتەوەو**

**جبەکەی خۆی**

**دا بە سەریا! (بێکەس(ز)، ١٩٨٦: ٢٩)**

دژی بیری تەسکی ئاینیە لە ئێراندا و لەگەڵ بەزۆر پەچەکردندا نییە، ئەم بیرە لە پار ساڵدا لە ڕێگەی (ژینا ئەمینیەوە) شۆڕشێکی بەرپاکرد و هەزاران بوونە سووتەمەنی، شاعیر باسی لە بەزۆر سەپاندنی حیجاب و پەچە دەکات، کە پێویستە ئافرەت خۆی داپۆشێت و پەچە بکات، کە لەلایەن ئیمام و مەلاکانەوە بانگەشەی پەچە و حیجاب دەکرا، واتە ئافرەت هیچ سەربەستیەکی ئەو تۆی نەبوو چ لە پۆشینی جلوبەرگ و چ لە هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانیدا بەمچەشنە تا ئێستاش لابردنی پەچە و لەچک لە وڵاتێکی وەک ئێران جۆرە یاخیبوونێکە لەپرنسیبە ئاینییەکان.

شاعیر لە دەقی (داستانی بەردە قارەمان)دا دەڵێت:

**هەتا ئێستە**
**ئارامیی ئێمە گوێژە بوو**
**گوێژەش ((ئەیوب ))**
**ئەوا ئەیوب کراسەکەی،**
**خۆی دائەدڕێ.**
**هەتا ئێستە :**
**دڵمان جامێکی گەورە بوو**
**گەورە بە قەد**
**گوومەزەکەی سەر (( کاک ئەحمەد ))**
**ئەوا جامیش لێی ئیڕژێ**
**قولاپ .. قولاپ**
**ئەو ئەزانێ ماسی لە چ،**
**گۆمێکدایە**
**خەنجەر .. خەنجەر**
**ئەو ئەزانێ حەقی خوراو**

**لە گیرفانی کام کەس دایە ! (بێکەس(چ) ،١٩٨٤: ٨٨)**

شاعیر سوود لە ڕەمزە ئاینییەکانی وەکو ( ئەیوب، کاک ئەحمەد )وەردەگرێت و ستەم و زۆرداری دوژمن دەگوازێتەوە و دواجار دەیانخاتە خزمەتی بیرە یاخی بووەکەی خۆیەوە، باسی سەبر و ئارامی گەلی کورد دەکات، (گوێژە ) ڕەمزە بۆ گەلی کورد، کە ئارامی (ئەیوب ) ەوە وەرگرتووە، کەچی پێغەمبەر (ئەیوب ) کراسەکەی دادەدڕێت، شاعیر لە ئەسڵی ڕووداوەکە لادەدات و دەیخاتە خزمەتی بیرەکەی خۆیەوە(ماسی ) هێمایە بۆ مرۆڤ کەلەچ زیندانێکدا دەژی، بەڵام (خەنجەر )کە ڕەمزە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و تۆڵەسەندنەوە دەزانێت، کە ئەو مافانەی، کە نەدراون لەلایەن کێیەوە داگیرکراون، شاعیر بە شیعرەکانی هەوڵی تۆڵە سەندنەوە دەدات .

شاعیر لە دەقی (تەم توومان)داکە لە ساڵی(١٩٨٥)نووسیویەتی و دەڵێت:

**ئەگەر هەموو پێغەمبەران**

**پێشمەرگەی ئێمە بوونایە**

**لەبەیانیی ئەو ڕۆژەدا**

**لە ((هەڵەبجە)) و (( گەلی  بازێ )) دا بوونایە**

**چییان ئەکرد ؟( بێکەس(ر) ،١٩٨٥: ٤٧)**

ئەم تێروانین و بۆچوونەی شاعیر سەرباری ئەوەی یاخیبوونن و لادانە لە تێگەیشتنە ئاینییەکان، کە دەڵی ئەگەر هەموو پێغەمبەران پێشمەرگەی گەلی کورد بوونایە، پرسیارەکە ئاماژەیە بۆ گەورەیی ستەم و دەسەلاتی دوژمنان کە کورد چاری ناکات، یەکێک لە تەکنیکە شیعرییەکانی شێرکۆ لەم بوارەدا بریتییە لە پیشاندانی پیاوان و ڕەمزە ئایینیەکان لە شێوە و هەڵوێستی نەگونجاو  و نەشیاودا، ئەوەتا  لە دەقی (بەیان) کە لە ساڵی (١٨-٧-١٩٨٥)نووسیویەتی و دەڵێت:

**ئەوسا مەلای مزگەوتی دێ**

**وەک قەلەموونی شڵەژاو**

**بەناچاری ئیتر هەستاو**

**بە دەنگی خۆی**

**لە بڵند گۆی مزگەوتەوە ..**

**نامەی (( بەیان )) ی پێشمەرگەی**

**بۆ خەڵک و خوای گوند خوێندەوە ! (بێکەس (خ)،١٩٨٥: ١٩١)**

دەقەکە ئازایەتی  کچە پێشمەرگەیەکی ڕۆژهەلات دەگێڕێتەوە، کە جاڕی شۆڕش دەدات و لە ڕێگەی نامەیەکەوە گوندێک لە ئازادی و ڕزگاری ئاگادار دەکاتەوە، چواندنی  مەلای مزگەوت بە ( قەلەموونی شڵەژاو )ئەوە دەخاتەڕوو، کە لە ڕووی ئایینیەوە ڕێ پێ نەدراوە،  بەو پێیەی مامۆستایانی ئاینی بە جێنشینی پێغەمبەر(د.خ)دادەنرێن، بەلام لە وێنەی  مەلایەکی بێ هەڵوێست بەرامبەر دۆزی گەلەکەی پیشانی داوە، بۆیە (بەیان) ی یاخی بەسەریدا زاڵ دەبێت .

دەبێ ئەو تێبینە بخەینەڕوو، کە دەربڕینە نامۆکان بە دنیای ئایینی و پیشاندانی ڕەمز و کەسایەتیە ئایینیەکان لە دۆخی نەگونجاو  و چاوەڕواننەکراودا لە لای شاعیر زۆربەی کات وابەستەی بابەتە سیاسی و نەتەوەیی یا کۆمەڵایەتیەکانن، بە (واتا شێرکۆ بێکەس) لە دەقێکی ئاینی پەتیدا نەیهێناون، ئەوەتا لە دەقی (ورتە ورتێ)دا کە لە ساڵی(١٩٨٧)نووسیویەتی لە ڕێگەی پیشاندانی دیمەنێک لە ژیانی (حەمە بچکۆلی بۆیاغچی) کە منداڵێکی کوردی شامەو بەدەست کوللە مەرگی ژیانەوە خەریکی کاری ڕۆژانەی خۆیەتی دەڵێت:

**کەس نەماوە**

**هەر خوا ماوە!**

**لەوەو دنیا،دڵنیام ئەویش ئەنێرێ**

**ئەنێرێ بە شوێن کوردێکدا،**

**پێڵاوەکەی بۆ بۆیاخکا**

**ڕەنگە ئەو کوردەیش هەر من ئەبم!**

**ئای دایە گیان!**

**ئەوە ئەبێ پێڵاوی خوا چەند گەورە بێ؟**

**ژمارە چەند لە پێ بکا؟!**

**ئای دایە گیان!**

**ئەی بۆ پارە؟**

**خوا چەند ئەدا**

**ئەبێ چەندبا؟!( بێکەس(ز) ،١٩٨٦: ١٢٦)**

(شێرکۆ بێکەس) کێشەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی گواستۆتەوە بۆ نێو دەقی شیعری، ڕووداو بەسەرهاتەکانی کوردستان بوونەتە برینێکی گڕگرتوو لای شاعیر، کە دەڵێ کەس نەماوە هەر خوا خۆی ماوە، بۆیە لێرەدا  لە ڕووکەشدا لە دەسەڵات و گەورەیی خوا یاخی دەبێت و دەڵێ لەو دنیاش خوای گەورە بۆ خزمەت کردن و چەوسانەوە دەنێرێ بە شوێن تاکی کوردا، بۆ ئەوەی پێڵاوەکەی بۆ بۆیاخ بکات. شاعیر ناڕاستەخۆ باس لە بەزەیی خوای گەورە دەکات، کە دەزانێت کورد لە هەمووان هەژارترە، ئەو ئیشەی پێ دەسپێرێت،  هەروەک باس لەگەورەیی خواش دەکات، کە بۆ منداڵێکی بۆیاغچی، کە پەروەردەیەکی نادروستی ئایینی  پەروەردەکراوە و هەر بە تەنها پێی

وتراوە خوا گەورەیە بە قەبارەو شێوە تێگەیشتووە ،کە بێگومان تێگەیشتنێکی هەڵەیە، بۆ منالێکی هەژاری بۆیاغچی تا پێڵاو گەورەبێت، پارەی زیاتر وەردەگرێت، ئەمەش لەلایەکی ترەوە مایەی خۆشبەختییە بۆ منالەکە ، ئەم دەقە خۆی لە خۆیدا هەڵگری بیرێکی ئاینی یاخییگەرانەشە هەر لە هەڵبژاردنی ناوی (حەمە) بۆ کاراکتەرەکە تا کۆتایی دەقەکە ، هەربۆیە هەندێ لە بیر تاریکەکان لەو رۆژگارەدا فەتوای کوشتنی شاعیریان داو بە یاخیبوو لە ڕووی ئایینیەوە لە قەڵەمیان دا..

بە گەورە و بەدەسەڵات تەماشاکردنی خودا لای شێرکۆ یەکێکە لە نیشانەکانی ئەم باسە، بەڵام لە ڕێگەی پرسیارکردنەوە چەشنە تێگەیشتنێکی یاخیی دەردەبڕێت، ئەوەتا لە دەقی (II) دا دەڵێت:

**ئاخ خوایە ئاخ!**

**کەی سەرێکیش لە کوردستان ئەدەی؟**

**((ئەمەیش قسەی هەموو ڕۆژێکی دایکمە)) (بێکەس(ش)،١٩٩١:٧٢)**

شاعیر داوای کاردانەوە لە خودا دەکات بەرامبەر بە دوژمنان کە کوردستانیان وێران کردووە ، بەڵام خودا بێ وەڵامە، لەو کاتەدا ئەم بارە وایکردووە، شاعیر بەتاسەوە پرسیار بکات و بەدەمی دایکیەوە گومان لە (بینە)ی خوا بکات، ئەم گومانە لای شاعیر زیاتر زاڵ دەبێت بە چەشنێک (کورد) و(خوا) لە وێنەیەکی چواندندا کۆدەکاتەوە لە بێ کەسی و بی شەریکیدا:

**کوردو خوا لێک ئەچن**

**هەردووکیان ،بێ شەریک ، بێ کەسن!**

**((ئەمەیش قسەی هەڵکۆڵراوی**

**سەر دیواری مزگەوتێ بوو)) (بێکەس(ش)،١٩٩١:٧٣)**

هەروەک ئەوەش تێبینی دەکەین، کە لەم باسانەدا شاعیر هەوڵی داوە دەربڕینە یاخیبووەکانی لە زاری کەسی سێهەمەوە دەرببڕێت، جارێک (حەمە بچکۆل)و جارێک(دایکی) و دواجاریش نووسراوی سەر مزگەوتێ.

هەندێکجاریش گیانی یاخیبوون لای شاعیران و ڕوانگە خوازەکان ئاستێکی توندڕەوانە بە خۆیەوە دەبینێ و هەموو شتێکی قۆناغی کۆن ڕەتدەکاتەوە، یاخیبوون لە دیاردە ناشرینەکانی ناو کۆمەڵ و هەڵوێست وەرگرتن و بەرزکردنەوەی دەنگی نارەزایی و بێزاری دژ بە چەوسانەوەی ئافرەتان و هاندان و بانگەشەکردن بۆ ڕێگەی ئازادی و دادپەروەری لە بەرهەمی ڕوانگەییەکاندا پانتاییەکی بەرفراوانی داگیرکردووە و شیعرەکانی شێرکۆش بەشێکن لەوانە .

(ڕەفیق سابیر) دەربارەی  شیعر و یاخیبوون دەڵێت: ((خەونی نوێخوازی و یاخیبوون لەهزری بەردێن و نەریتی دەقگرتووی ئەدەبی و سیستمی کۆنخوازی وستەمی ئاین و دەزگا ئاینییەکان، سەرەتا لەشیعردا دەرکەوتوون، دواتر ژیانی فیکری، ڕووناکبیری، سیاسی و کۆمەڵایەتییان گرتۆتەوە، لە ئەدەبی کوردیدا خانیی مەزن و حاجی قادری کۆیی، کە زۆر پێش سەردەمی خۆیان کەوتبوون، دوو بەڵگەی ڕوونی ئەم بۆ چوونەی سەرەوەن، دیارە لە شیعری زۆر نەتەوەی تریشدا، ئەم نموونانە هەن، کە لام وایە ئێرە جێگای باسکردنیان نییە.)) (سابیر،٢٠٢٢: ٤٥)

شاعیر لە دەقی ( شەوێک لەسەر گۆڕی وەلی دێوانە)دا دەڵێت:

**ئەی دێوانە !**

**تێکڕا ئەو کەژ و کێوانە**

**لەگەڵ گیانی هەزارەها بێتاواندا**

**لە نێو تێزاب و بارووتدا ون کراوە**

**توخوا بۆ چی دەنگی یەزدان**

**لە شارەکەمدا خنکاوە ؟**

**توخوا بۆ چی**

**دەنگی یەزدان**

**لە شارەکەمدا**

**خنکاوە ؟( سابیر ،١٩٧٦:٨٠٢)**

ئەگەر چی دەقەکە وابەستەی دۆخە سیاسییەکەی  ئەو ڕۆژگارەی باشووری کوردستانە، کە تێیدا ڕژێمی بەعس بە هەموو جۆرێک زەبر و زەنگی بەرامبەر بە کورد دەنواند، بەواتا ڕاستە یاخیبوونی سیاسی شاعیر سەرچاوەی دەقەکەیە،  بەڵام لە ڕێگەی دەربڕینی (توخوا، بۆچی دەنگی یەزدان لەشارەکەما خنکاوە ؟)و دووبارەکردنەوەی ئەم دەربڕینە چەشنە یاخیبوونێکی ئاینی بە دەقەکە داوە، ئەمەش مانای بێباوەڕی شاعیر ناگەیەنێت، بەڵکو باوەڕی بە بەهێزی دەسەڵاتی خودا هەیە؛ بۆیە چاوەڕوانی هاتنە وەڵامی خودایە لەسەر تاوانەکان؛ بۆیە دەپرسێت.

شاعیر لە دەقی شیعری ( بەسەرهاتی نیگاکانم)دا دەڵێت:

**لە تاو ژانی نیگای وێڵی پڕ لە تاسەم**

**شار بوو بە تەم**

**بوو بە تەم و بەرز بۆوە**

**بۆ سەرووی ئاسمانی حەوتەم .**

**ئاسمان گریا**

**زەمین گریا**

**تا دووچاوی بێ فرمێسکی یەزدان گریا**

**لەتاو ناڵەم . ( سابیر ،١٩٧٦:٨٦١)**

دەربڕینە تایبەتییەکانی شاعیر، کە سیمای یاخیبوونی ئایینی بە دەقەکە دەدەن، زۆرتر دەرهاویشتەی دۆخە سیاسیەکەن و وابەستەی زوڵم و زۆری دوژمنانە و ژێردەستەی کوردن، لێرەدا دەربڕینی (دووچاوی بێ فرمێسکی، یەزدان گریا) دوو واتا لەخۆدەگرێت ،یەکەمیان بەکەس کردنی خودایە لە ڕێگەی بەخشینی نیشانەی (دووچاو) ئەمەیان لادانی زمانی و لەهەمانکاتدا واتایشە و یاخیبوون دەگەیەنێت، دووەمیشیان لە ڕێگەی دەربڕینی (بێ فرێیسک)ەوە لە مرۆڤی جیادەکاتەوە، ئەمەش خۆی لەخۆیدا یارییەکی زمانی جوانی شاعیرە.

شاعیر لە کۆپلەیەکی شاکاری ( لاوکی هەڵەبجە)دا دەڵێت:

**هەڵەبجە ئایندەمانە**

**هەڵەبجە مەرگی یەزدانە**

**هەڵەبجە**

**مەرگی**

**یەزدانە ! (سابیر ،١٩٨٩:٥٦١)**

ئەو دەمەی هیچ کەس و حیزب و گەل و ڕێکخراوێک لەسەر تراجیدیاکە نایەنە گۆ و هەڵوێستێکی مرۆڤانە دەرنابرن، لەڕێگەی دەربڕینی میتافۆڕیانەی (هەڵەبجە مەرگی یەزدانە) جارێکی تر یاخیبوونی خۆی دەردەبڕیت و (ڕەفیق سابیر)دەربارەی لادان لە کۆمەڵی نەریت و دەستوور، کە لەگەڵ ئاین و دابونەریتی کۆمەڵگای کوردیدا نەدەگونجا، دەڵێت : ((بانگەوازێکمان بە

ناوی، (ئەی قەڵەمە نەترسەکان یەکگرن) لە دژی ئەو مەلایانە بڵاوکردەوە . بانگەوازەکە هەرایەکی زۆری نایەوە، کار گەیشتە ئەوەی کە هەندێک لەو مەلایانە( وەک ئەو کاتە لە بەغدا بیستمان ) ناوی ئێمەیان بە دیواری مزگەوتی کاک ئەحمەدی شێخ، لە سلێمانی، هەڵواسی بوو و داوای لە سێدارەدانی ئێمەیان کردبوو .)) (سابیر،٢٠٢٢: ٢٨٩–٢٩٠)

یاخیبوونی ئاینی مەبەست لەو بار و حاڵەتانەیە، کە شاعیر بەهۆی هەندێ ڕووداو و هەڵوێستی دەوروبەرەکەیەوە تووشی جۆرە هەڵوێستێک دەبێت، کە لە کردگار دەخوازێت لە ئاکامی ئەو ڕووداو هەڵوێستانەدا وەڵام و کاردانەوەی هەبێت، کاتێک هەست بەزوو بەدەمەوە هاتنی خودا ناکات ،یاخی دەبێت و وێنە و دەربڕینەکانی لە ڕووی ئاینییەوە پرسیار دروستدەکەن:یاخیبوون ڕەتکردنەوەی ئایین لای شاعیرانی کورد ڕەتکردنەوەی سەرتاپایی نییە، بەڵکو هەلچوونێکی کاتییە لە ئاکامی ڕەتکردنەوەی هەندێ لە ڕووداو و لایەنەکانی ژیانە، زۆر جار لە ئەنجامی هاوارو نارەزایی دەربڕین بەرامبەر بە زوو نەهاتنە دەنگی کردگار ئەم چەشنە یاخیبوونە دروستدەبێت، کەواتە یاخیبوونی ئاینی بریتییە لە((دەرچوون و سەرپێچیکردنی شاعیرە لە سیستەمی ئاینی ئەو کۆمەڵگاییەی کە تێدا دەژی))(بلول،٢٠١٩: ١٢)

لای (فەرهاد شاکەلی) یش زۆرتر نەهامەتیەکانی تاکی کوردە وایکردووە شاعیر دەربڕینی جیاواز لە تێگەیشتنە ئاینیەکان لە شێوەی میتافۆڕدا بەکاربهێنێت و بیخاتە خزمەتی بیری دەقەکانیەوە ، بۆ نموونە لە دەقی (برووسکەیەک بۆ خوای تاوان )دا کە لە ڕێکەوتی (٢٣–١٠–١٩٧١) نووسیویەتی و دەڵێت:

**لە ناو گڕی داخ و بێدەستەڵاتیدا**

**پاشەڕۆژی ئەم وڵاتە و ئاواتی گەل ئەدۆڕێنێ ،**

**جبریل باڵی لە بەر پێتا ئەڕزێنێ ،**

**پشکۆی دەستی سەربازێکت**

**ڕیشی گیڤارا و کاسترۆ ئەسووتێنێ ....**

**وا مەزانە**

**سەر شۆڕ ئەکەم بۆ گەورەییت ،**

**لەپی سواڵم درێژ ئەکەم بۆ بەزەییت .**

**با فریشتەی ژمێریاری چاکە و تاوان**

**بلێۆنێ جار**

**بەگومڕایەک تۆمارم کا،**

**لەدۆزەخی ئەو جیهانا زەبانییەت**

**هەڵمژەنن لە ئاگرا**

**گوێ شل کە بۆ نرکەو قیڕەی نوێی چوارچرا(شاکەلی،٢٠١٦:٤٥ -٤٦)**

مێژووی دەقەکە پێمان دەڵێت، شیعرەکە لە ڕۆژگارێکی ئارامی، نەتەوەییدا نووسراوە، بەڵام لەم قۆناغەشدا ئەوەی تێبینی دەکرێت، شاعیر هەرگیز باوەڕی بە ڕژێمی ئەوکاتەی نەبووە، کە مافی کورد بدات، هەر بۆیە ئاگری شۆڕش و یاخیبوون و بەرەنگاری تێدا بڵێسەی کردووە. ئەگەر چی ناونیشانی دەقەکە (بروسکەیەک بۆ خوای تاوان ) ناونیشانێکی خوازەییە و مەبەست لە دەسەڵاتی ڕژێمی بەعسە، کە خۆی لەخۆیدا خودای سەرعەرز بووە، لەگەڵ ئەوەشدا دەربڕینەکانی وەک(جبریل باڵی ئەوەرێنێ، فریشتەی ژمێریاری چاکەو تاوان،سەر شۆر ناکەم بۆ گەورەییت)، بەزاندنی سنووری ئاینییەکەیە و هاوتەریبە لەگەڵ بیروباوەڕی ئەو قۆناغەی شاعیر کە خۆی لە بارەیەوە دەڵێت:((کوردستان وڵاتێکی ئیسلامییە، بەڵام من هەتا لە کوردستان بووم ، مولحید بووم، دژی خودا و پێغەمبەر و قورئان و هەموو شتێکی تر بووم ، هیچ شەرم ناکەم، لەوەی بیڵێم باوەڕیشم بە خودا نەبوو، بەڵام کە چوومە ئەوروپا، کە ئەوروپا بە حیساب دوورە لە ئیسلامەوە، لە ئەورووپا ئیسلام و خودام دۆزیوەتەوە .))(شاکەلی،٢٠٢١: ٨٤٦) لادان لە بنەماکانی خوداپەرستی و خوداناسی کە لە دەستوری ئیسلامدا (جبریل) فریشتەیەکی زۆر پیرۆزە، ئەم چەشنە دەربڕینانە تاوان و تابۆکراوە و بەلادانی ئاینی دانراوە، لێرەدا شاعیر تەواو یاخییە و لە دەسەڵات ڕەتی دەکاتەوە و دەڵێ وا مەزانە سەر شۆڕدەکەم، بۆ گەورەیی و هێزو دەسەڵاتت، دەستم وەکو سواڵکەر بۆ بەزەیی میهرەبانی تۆ درێژ دەکەم، لێرەدا شاعیر ناڕازییە و بەو بارودۆخەش ڕازی نابێت و ڕەتی دەکاتەوە، بۆیە داوادەکات . گیانی بکێشرێت فریشەی ژمێریاری چاکەو تاوان بە ئەرکی خۆی هەستێ .

هەروەها دەڵێت:

**بڕیارە تازەکەی سیزیف،**

**سپارتاکۆس بخوێنەوە !**

**برووسکەکەم بخوێنەوە ...!**

**گوێ شل کە بۆ چەمی ڕێزان و ئاگریداغ،**

**گوێ شل کە بۆ قرچەی تەختی خوایە تێکەت**

**که ئەسووتێ لە ئاگرا . (شاکەلی،٢٠١٦:٤٦)**

شاکەلی لە هەمان دەقی شیعری دیمەنی  یاخیبوونی خۆی بەرانبەر بە پیاوەکانی دەسەڵات دەردەبڕێت، بۆیە لێرەدا باسی قارەمانی (سیزیف – سپارتاکۆس )دەکات، کە ئەفسانەی (سیزیف)بەپێی ئەستوورەی یۆنانی سیزیف سزا دراوە و بۆ هەتا هەتایە تەختەبەردێک لەکێوێک بباتە سەرێ و دوایش، کە گەیشتە سەرێ، تەختە بەردەکە خلۆر دەبێتەوە، (سیزیف)بەردەوام بەبێ ئەوەی هیوای بە سەرکەوتن بێت هەوڵدەدات، بەم شێوەیە سیزیفی پرۆلیتاریای خواوەندەکان سیزیفی بێدەسەڵات و یاخی هوشیارە، بەوەی تاچەند بارودۆخی نالەبارە ئەم ئەفسانەیە تراژیدیکە لەکاتی هاتنە خوارەوەیدا بیر لەم بارودۆخەی دەکاتەوە، ئەو ڕۆشناییەی، کە مایەی ئەشکەنجەکەیەتی، لە هەمان کاتدا تاجی سەرکەوتنەکەیەتی، هیچ چارەنووسێک نییە ڕق لێبوونەوە و تێی نەپەڕێنێت بەختەوەری و بێدەنگی سیزیف ئەوەیە کە خاوەن چارەنووسی خۆیەتی، کەلە مێژە(سپارتاکۆس)وەک ئیلهامێک خزمەتی کردووە بۆ ئەوانەی کە دژی حوکمی ستەمکار شۆڕش بکەن، کە سەرکردەیەکی ئازا و بەتوانا بوو بەهۆی یاخیبوون لە دژی سوپا،  یان ڕزگاربوون لێی لەگەڵ کۆمەڵێ کۆیلە، کە هاتنە ڕیزی سوپاکەی و دژی ڕۆمانییەکان دەجەنگان، دەڵێ بروسکە بخوێنەوە، کە شاعیر باس لە ڕووبەڕووبوونەوەکانی گەلی کورد لە شەڕی (ئاگریداغ و چەمی ڕێزان )دەکات، چیا و شاخ و کەژ و کێو هەمیشە لانکەی شۆڕشە و پشت و پەنایەکی تۆکمەیە بۆ سەرهەڵدانی شۆڕش، کوردستانیش وڵاتێکی شاخاوی و کەژاوییە، گەلەکەشی لەبەر ئازایەتی و نەبەردی و قبوڵ نەکردنی ستەم و سەرشۆڕ نەکردن هەردەم هۆگری چیاکان بوون، بۆ بەرپاکردن و هەڵایسانی شۆڕش و هەقکردنەوەی ئەو ستەمە ناڕەوایەی کە تورکە کەمالیەکان  لەدوای ڕوخانی شۆڕشی شێخ سەعید(١٩٢٥)وە دەرحەق بە گەلی بێچارەی کورد ئەنجامیان دابوو، چیایەکی گرنگ و ستراتیجی و سەختی دەستنیشانکرد، ئەو چیایەش(ئارارات، ئاگری داغ، ئۆراتۆ)بوو ئاگری داغ هەڵکەوتووە لەنێوان سنووری باکوورو ڕۆژهەڵاتی کوردستان،لەبەر گرنگی ئەم چیایە دیاریکردنی وەگ گۆڕەپان و دەڤەری شۆڕش، ئەم چیایە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشە گەورەکە، کە بە ئاراراتی گەورە ناسراوە و کەوتۆتە ناو باکووری کوردستانەوە، بەشە گچکەکەشی کەوتۆتە ناو ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە، کە لێرەدا (شاکەلی ) گومانی لە تەختی خوا هەیە و دەڵێ گوێ شلکە بۆ تەختی خوایەتیەکەت، (شاکەلی) تا ئەو ڕادەیەی لە هەموو شتێکی دەسەڵات  لەنێو کۆمەڵگەکەی یاخی دەبێت .

(شاکەلی) لە دەقی (نامەی شەیدایەکی بێزار ) دا کە لە ڕێکەوتی (١٠-١ – ١٩٧٢ ) نووسیویەتی و دەڵێت:

**چاوەکانت**

**پشکۆ ئەنێنە ناو چاوی**

**وشەکانم ....**

**بۆ دێڕەکانم بڵێسە و گڕ ئەنێرن،**

**چاوی ئارام و دڵخۆشیم هەڵئە کۆڵن،**

**ئەو تەختەیەی (عیسا ) ی پێوە شەتەک درا**

**دیارییانە**

**بۆ (مریەم ) ی هەموو هیوا و ئاواتێکم ... (شاکەلی،٢٠١٦:٤٨-٤٩)**

یەکێک لە وێنە شیعرییەکان کە لەم دەقەدا هاتووە، پێچەوانەی بنەماو تێگەیشتنەکانی ئاینی ئیسلامە بۆ حەزرەتی (عیسا)تەوزیف کراوە، بەو پێیە خودای گەورە لەم سورەتەدا دەفەرموێت: ((وَقَوۡلِهِمۡ إِنَّا قَتَلۡنَا ٱلۡمَسِيحَ عِيسَى ٱبۡنَ مَرۡيَمَ رَسُولَ ٱللَّهِ وَمَا قَتَلُوهُ وَمَا صَلَبُوهُ وَلَٰكِن شُبِّهَ لَهُمۡۚ وَإِنَّ ٱلَّذِينَ ٱخۡتَلَفُواْ فِيهِ لَفِي شَكّٖ مِّنۡهُۚ مَا لَهُم بِهِۦ مِنۡ عِلۡمٍ إِلَّا ٱتِّبَاعَ ٱلظَّنِّۚ وَمَا قَتَلُوهُ يَقِينَۢا)) (النساء)ئایەتی (١٥٧)بەوەی نەکوژراون و نە لە خاچ دراوە، هەر کەسێکیش ئەم باوەڕەی هەبێت بێ باوەڕە، شاعیر لە وێنە و بیرێکی شاعیرانەدا و لەژێر کاریگەریی تێگەیشتنی ڕۆژئاوایانەدا وێنەی حەزرەتی (عیسا)ی کێشاوە، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا چەشنە یاخیبوونێکی ئاینییە، ئەم حاڵەتە لە شیعری (ئێوەدا)ڕوونتر دەردەکەوێت .

(فەرهاد شاکەلی) لە دەقی (ئێوە ) دا کە لە ساڵی (١٩٧٦ ) نوسراوە دەڵێت:

**من لەوێ بووم کە شۆڕشیان هەڵواسی ،**

**من لەوێ بووم کاتێ خاکیان و ێران کرد ...**

**من لەوێ بووم**

**من لەوێ بووم**

**کە خوایان تیرباران کرد . (شاکەلی،٢٠١٦:١٢٦)**

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، نسکۆی شۆڕش بۆ هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر گەورەترین تراژیدیا و لەچاڵ نانی ئومێد بوو، چونکە هەمووان ئومێدیان لە سەر ڕێکەوتنەکەی (ئازاری١٩٧٠)هەڵچنی بوو، لە کاتێکدا وەکو وتمان(شاکەلی)هەمیشە بە گومانەوە لەو کەشەی دەڕوانی، هەر بۆیە کاتێک کۆتایی بەو ئومێدەی کورد هات و تووشی شکست هات، بۆ شاکەلیەکی پێشمەرگە و سەرکردە ئەو ڕووداو هەڵوێستانەی ڕژێم گیانی یاخیبوونی شاعیر گڕدەدات و زوو بەدەمەوە نەهاتنی خودا بۆ ئەو شکستەی کورد سیمایەکی ئاینی بە یاخیبوونەکەی شاعیر دەدات و پەنجەی لۆمەیان بۆ درێژدەکات و بە دۆڕاویان دەزانێت، وەک شاعیرێکی تووڕە بە شێوازێکی نوێ ڕووی دەمیان لێدەکات و لە بارێکی وادا وێنەی (خوایان تیر باران کرد)لەدایک دەبێت.

(شاکەلی) لە دەقی (دەردەسەری ) داکە لە (٢١ – ٢ –١٩٧٧ ) نووسیویەتی و دەڵێت:

**غەسسان کەنەفانی**

**کەچی هەمیشە بە بێهومێدی دێیتەوە .**

**لەم سەردەمەدا**

**خەڵکی ناوی پەیامبەران لە بیر دەکەن . (شاکەلی،٢٠١٦:٢٦٤)**

بەهەمان شێوە هەڵوێستی یاخیبوونی خۆی بەرامبەر بەوەی، کە هێندە کارەسات و ڕووداوەکان زۆرن، مرۆڤەکان ناوی پەیامبەرەکانیان لەبیردەچێتەوە، بۆیە هێما بۆ شاعیری شۆڕشگێری فەڵەستینی دەکات (غەسان کەنەفانی ) کە هەمیشە بە بێئومێدی ماوەتەوە، لێرەدا (شاکەلی ) شۆڕشەکانی نەتەوەی کوردی چواندووە بە شۆڕش و هەوڵەکانی (غەسان کەنەفانی)فەڵەستینی، کە چۆن هەمیشە بەرەنگاری دوژمن بووەتەوە و شۆڕشی بەرپاکردووە، بەڵام بەناچاری هیچ ئازادییەکی دەستنەکەوتووە؛ بۆیە چارەنووسی گەلی کوردیش بەهەمان چارەنووسی ئەو شاعیرە شۆڕشگێرە فەلەستینەی هەیە، کە هەرچەند تێدەکۆشێت لە پێناو ئازادی و سەربەستی و سەروەری خاکدا، بەڵام سەرئەنجام جگە لە نائومێدی هیچی دیکەی دەستنەکەوتووە ناچار لەو قۆناغە و سەردەمەشدا ناوی پەیامبەران و ڕێ نیشاندەران لەبیر دەکەن.

(شاکەلی) لە دەقی (ژێ)کە لە ڕێکەوتی (٢٨–٧–١٩٨٣)تا(١٠–١١–١٩٨٤)نووسیویەتی و دەڵێت:

**کێ بێ زمانێکم پێ بناسێنێ ،**

**ڕازی شەوانەی من**

**بە ڕۆژ بگەیێنێتە نێو دڵی تۆ .**

**کێ بێ ڕێگەیەکم پێشان بدات**

**لە هەموو شارێکی بریندارەوە دەست پێ بکات و**

**ئەوسەری لای تۆ بێت ؟**

**ئێستا ملی ڕێگەیەکم گرتووە ،**

**نە دەست پێ دەکات و نەدەبڕێتەوە . (شاکەلی،٢٠١٦:٢٢٤)**

لە هەندەران شاعیر بووەتە سۆفیزم، کە تێیدا دەبڕینەکانی لە چوارچێوەی سۆفیەتدا ڕێی پێدراون، بەڵام بە ڕووکەش یاخیبوونی ئاینیین، لە ڕێگەی چامەی (ژێ)وە بەناو بیری عیرفاندا گەشت دەکات، ((شاکەلی تاوتوێی سروشت وجۆری ئەم ڕێگە عیرفانییە دەکات و دەیەوێت لە پێداویستی و خۆ ئامادەکردن و توێشووەکەی دڵنیابێت، لەسەرەتای شیعرەکەوە پرسیاری خۆ یەکلاییکردنەوە بۆ گرتنی ڕێگە دەکات، ئەمەش پێویستی بە ئامادەکردنی هۆش و هزری))یە(وەهاب،٢٠٢٣: ٥٦).شاکەلی وەکو شاعیرێکی سۆفی ((جەخت لە ناوەندبوونی دڵ دەکاتەوە نەک عەقڵ، چونکە ئەو گومانەی شاکەلی باسی دەکات لە دڵیدایە نەک لە عەقڵیدا.)) (وەهاب،٢٠٢٣: ٥٧)هەروەها ئەگەر بە وردی چامەی ژێ بخوێنینەوە هەست دەکەین کەبەئاماژە عیرفانییەکانی ئەدەبی تەسەوف دەتوانین خاڵەکان بەیەکتر بگەیەنین، هەموو چەمکەکانی تەسەوف وەکو عەشق و بوون و نەبوون، خۆناسین، ناسینی ڕێگە و دیاریکردنی ئامانجەکەیەتی ڕێگەی شاکەلی ڕێگەیەکی عەشقی خوداییە و بۆ مەعشوقە، کە ئەم ڕێگەیە لە مەعشووقەوەی دەست پێدەکات و هەرلە وێشەوە کۆتایی پێ دێت.( وەهاب،٢٠٢٣: ٦٠-٦١)هەروەها دەڵێت:

**من دوودڵم،**

**نازانم سەیری خۆرهەڵات بکەم،**

**یا سەیری خۆری چاوی تۆ ...**

**من چۆن بتوانم**

**ئەفسانەی ڕێگەی هاتونەهاتت بۆ بگێڕمەوە ؟**

**من چۆن دەتوانم**

**باسی مەرگی دڵدارێکم لە دەم دەربچێ ... (شاکەلی،٢٠١٦:٢٢٤)**

(شاکەلی)لەنێو دوو ڕیانێکدایە و دوودڵە ئاخۆ ئاوڕ لە کام لابداتەوە، نیشتمانێکی هات ونەهات یان خۆری چاوی خۆشەویستەکەی، چۆن بتوانێ باسی مەرگی خۆشەویستان و دڵدارانی

نیشتمانەکەی بکات دوودڵ بوونی شاعیر و پەستی و بێزاری لە دەربڕین و کۆمەڵگەکەی و کێشە وگرفتەکان گەیشتووە و هەوڵی ڕاستەقینەی چارەسەری کێشەکانی داوە، لەگەڵ ئەوەشدا (شاکەلی) دڵ ناسک بووەو زوو هەڵچووە و لەئاکامی ئەو هەڵچوونەشدا هەندێ جار پەست دەبێت و بڕوای بە ژیان وچەمکەکانی نامێنێت .

( فەرهاد شاکەلی) بەسەر ڕێگەوە ڕووبەڕووی گەڕان دەبێتەوە وەکو سۆفییەک لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا هەوڵی سەپاندن و بەردەوامی خۆشەویستەکەی دووپات دەکاتەوە، کەدەقەکانی بەرەو ئاڵۆزی ناوەڕۆکی تەسەوف و عیرفان ڕۆیشتن، هەروەها (ئەم ناڕوونییە بووە قووڵبوونەوەیەکی فەلسەفی ...خوێنەر پێویستی بە پاشخانێکی مەعریفیی باش هەیە بۆ ئەوەی لەدەقە شیعرەکانی شاکەلی بگەن.بەگشتی ئەم ناڕوونی و ئاڵۆزییە لە چامەی ژێ پێویستی بە خوێندنەوەو شیکردنەوەی قوڵی شیعری هەیە....کۆپلەکانی سەرەتای چامەکە بە تایبەت شاهیدی بیرکردنەوەو ئەندێشەی فەلسەفیی شاعیرە، کە کلیلی کردنەوەی ڕۆشنبیری و هزری دەقەکە پیشان دەدات)( وەهاب، ٢٠٢٣: ٢٣)کەواتە تەسەوف بریتییە لە((تیڕوانینی گشتگیرانەی بۆ بوون هەیە، لەبەر ئەمەشە هەندێک لە بیریاران ئەم نەریتە بە فەلسەفە لە قەڵەمدەدەن، بەتێکڕا دەتوانین تێڕوانینی گشتگیرانە بکەین بە سێ بەشەوە: یەکانەگیی هەبوون(وحدە الوجود)لەسەردەمی حەللاجەوە پەیدابووە، یەکانەگیی بینین(وحدە الشهود)لایەنی ئەپستمۆلۆجیی یەکانەگیی هەبوونە، بیرۆکەی ڕێژەن(الفیض) دامەزراوە، هەندێک لە فەیلەسووفە موسوڵمانەکانیش وەکو شوێنکەوتووانی گرووپی(اخوان الصفا) و فارابی و ئیبن سیناو سوهرەوەردی پەیڕەوییان کردووە .))(شاکەلی،٢٠٠٩: ١٧-١٨). (شاکەلی)دەربارەی دەسەڵاتی خودای گەورە بەم چەشنە دەدوێت و دەڵێت: ((تۆ ئیشراقاتی خوا لە هەموو شتێکدا دەبینیت، پەرچدانەوەی نووری خوا لە هەموو شتێکدا دەبینیت، ڕەنگە نزیکترین شتێک لە پیاوەوە ژن بێت و بۆ ژنیش پیاو بێت . قسەیەکی زۆر باو لەناو سۆفییەکاندا هەیە دەڵێن ( ان الله جمیل یحب الجمال) خودا جوانە و حەزی لە جوانییشە، دەباشە بۆ پیاوێک دەبێت چی لە ژن جوانتر بێت، یان بۆ ژنێک چی لە پیاو جوانتر بێت ؟))(شاکەلی،٢٠٢١: ١٥٥-١٥٦)پێویستە ئەو ڕاستییە بخەینەڕوو، کە لای هەندێک لە زانایان تەسەوف مەسەلەی نزیکبونەوە یان یەکگرتن لەگەڵ خودا دا باسێکی گرنگ و جێ بایەخ بووە ((بایەزیدی بیستامی و حەللاج لەنێو(الشطحات)ەکانیان ئەم یەکگرتنەیان دەربڕیوە.دەربڕینەکەش بۆتە هۆی سەرهەڵدانی ناکۆکی و هەڵوێستی توندو تیژ لەلایەن زانایانی ئایینییەوە دژی ئەم سۆفییانە.گوتەکەی حەللاج (انا الحق)بوو بە بەڵگە دژی حەللاج و زانایانی ئایین لەشاری بەغدا بۆ کوشتنی حەللاج بەکاریان هێنا ، حەللاج لە(الاخبار)دا بەتایبەتی خەبەری ژمارە ٣٦ بەم جۆرە باسی یەکگرتن لەگەڵ خوادا دەکات و دەڵێت:(( بەچاوی دڵ خوام بینی و پرسیم تۆ کێیت؟ گوتی:من تۆم))(شاکەلی،٢٠٠٩: ٢٠).

بۆ شاعیرێکی سۆفی ئەو دنیا تایبەتە دێتە ناو دەقەکەوە و هەندێ جار لە شێوەی (شطحات ) خۆی دەنوێنێ ، ((شەتح: وشەیەکە بۆنی بێباکی و دروشمی لێدێت، لەلایەن کەسانی

عاریفەوە بەپەلە و سەرلێشێواوییەوە دەردەچن، یەکێکە لە هەڵەکانی لێکۆڵەرانی تەسەوف، بەو پێیەی بانگەشەیەکی حەقیقەتە کە عاریفان دەیڵێنەوە، بەڵام بەبێ مۆڵەتی-بەڵگەی- خودایی، بە شێوەیەک کە هەست بە زیرەکیی بکات.))(الجرجانی،١٩٨٣: ١٢٧)، بەڵام بە لای (مەناوی)یەوە (( شەتح لای حەقیقەتناسان-زانایانی تەسەوف-: قسەیەکە کە زمان دەیڵێتەوە و گرێدراوی بانگەشەیەکە, کە زانایانی ڕێگەی ڕاستیی پەسەندی ناکەن، هەرچەندە واتایەکی ڕاستیشی هەبێت.))(الحدادي،المناوي، ١٩٩٠: ٢٠٤).

(شاکەلی) لە دەقی (کەوشەی مەرگ) دا کە لە ڕێکەوتی (١٩ -٦ - ١٩٩٠ ) نووسیویەتی شاعیر بۆ هەموو (١٦ – ٣ یەک ) و دەڵێت:

**لە کوێی ، بە پەنجە شووشەکانت**

**لە کتێبی خواناس و خوانەناساندا**

**جێگەی سوورەتێکی تازە دابەزیو بکەیتەوە .**

**مەککەیی و مەدینەیی نییە،**

**سوورەتی خوێنڕەنگی هەڵەبجە ... ڕەشاوی مەرگ و نەهاتە،**

**بناوانی لە داوێنی ئەم سەردەمە بێبەر دەبازەدایە،**

**بەشیو و دۆڵی مێژوودا هەڵدەگەڕێ ،**

**یادگاری  ئاوێنە پەڵە لێنیشتووەکان ، یەک بە یەک،**

**دەخوێنێتەوە . (شاکەلی،٣٢٧:٢٠١٦)**

ئەم دەقە شیعرەی نوسیوە هەڵوێستی یاخییانەی خۆی بەرانبەر بە تاوانی  کیمیاباران کردنی هەڵەبجەدا دەردەبڕێت، کە داوا دەکات لە کتێبی باوەڕداران و بێ بڕوایاندا، کە مەبەستی قورئان و ئینجیل و تەورات ..........بێ باوەڕانیش، کە کتێبی تایبەت بە خۆیان هەیە، تێدا سورەتێکی تر دامەزرێنن و شوێنی سوڕەتێکی نوێ بکەنەوە، ئەویش (سورەتی خوێن ڕەنگ هەڵەبجە )کە (شاکەلی) داوا دەکات ئەو تاوانە مەزنە کەبەسەر گەلی کورد هاتووە خوای گەورە بیکاتە سورەتێکی نوێ شوێنی لە نێو قورئانی پیرۆزدا بکاتەوە، کە سورەتی مەککەیی و مەدینەیی نەبێت، بەڵکو باسی هەڵەبجەی بریندار و خنکاو بکات، لە ڕاستیدا ئەم ڕوداوە هێندە مەزنە شاعیر لەنێو خەم و دڵتەنگییەکی زۆر قوڵدا بووە، بەڵام ئەم دڵتەنگییەی گۆڕیوە بۆ یاخیبوون، یاخیبوونی ئاینی لێرەدا بەهۆی مامەڵەی ناتەندروستی دەسەڵاتدارانەوە سەری هەڵداوە.

## ٣-٣ -یاخیبوونی خودی

یاخیبوونی خودی بریتییە لە ((بزاوتی یاخیبوونی خود ئەوەیە، کە دەگۆڕێت بۆ ئەزموونی گشتی، بۆ ئەمەش هەنگاوی پێشینە و یەکەم لای عەقڵ نامۆبوونە لە شتەکان و ئەوە دەزانێت، کە هەستکردن بەنامۆبوون هاوبەشە لەنێوان خەڵکدا، یەکگرتنی مرۆیی لەسەر یاخیبوون دەوەستێت، و یاخیبوون هیچ پاساوێکی نییە تەنها لەم یەکگرتنە نەبێت .))( القاضی، ٤٧:٢٠٠٤)

شاعیران لە کەسانی تر زیاتر هەست بە شت و ڕووداو و کاریگەرییەکانیان دەکەن، هەر بۆیە زووتر تووشی خەم و پەژارە دەبن، ئەمانەش زەمینە سازی دەکەن بۆ سەرهەڵدانی یاخیبوونی خودیی کە لە دەر ئەنجامی هەڵچوونە دەروونیەکانی (دڵەڕاوکێ، خەمۆکی، نامۆیی) سەرچاوە دەگرێ .

ڕووداوەکانی ڕابردوو و ئێستا وا دەکەن شاعیر خەمی داهاتوو دایبگرێ و ئەمەش نیشانەکانی بریتی دەبن لە ئارام نەبوون و بێزاری و وەڕسبوون و بێ هیوایی و ڕەشبینی لە ژیان، هەستکردنی بەردەوام بە دڵتەنگی، خەم و خەفەتی بەردەوام، بە چاوی گومان و ڕاڕاییەوە دەڕوانێتە ژیان؛ بۆیە((یاخیبوو بەردەوام ڕووبەڕووی خراپە دەبێتەوە و تاقە کارێکیش بۆی بمێنێتەوە ئەوەیە، کە دیسانەوە لە ڕووبوونەوەیدا بەرامبەر بە خراپە، بزاوتێکی تازە بە خۆی ببەخشێت، مرۆڤ دەتوانێت ئەوەی، کە پێویست بە جڵەوکردنە لەناو ناخی خۆیدا، جڵەوی بکات))(ئازاد بەرزنجی،٥٤٨:٢٠١٦) مەرج نییە هەموو کاتێک ڕووبەڕووی خراپە ببێتەوە هەندێ جار بڕیارەکانی دەسەڵات کە لەگەڵ خودی خۆیدا یان کۆمەڵگاکەیدا ناگونجێت یان لە بەرژەوەندی کۆمەڵگاکەی نەبێت، دیسان هەڵوێست وەردەگرێت.

ساڵانی نێوان (١٩٧٠-١٩٩١) و ڕووداوە جەرگبڕەکانی بۆ کورد و کوردستان بە گشتی و شاعیرانی کورد بەتایبەتی مایەی سەرهەڵدانی چەشنە یاخیبوونێکی خودی بوون، ئەوەتا (شێرکۆ بێکەس) دەڵێت :((ئەمجارەیان بە زمانێکی ڕوونتر ئیدانەی هەڵاتن و بەزینی سەرکردایەتی کراوەتەوە، هەڵچوون و داچوونی دەروونی خۆم لە شاخەوە بۆ سەر فورات، هەڵگیرسانەوەی شۆڕش و هەڵۆ سوورەکانی قەندیل، لە سێدارەدانی ئازادیخوازان، ڕاگوایزان، تەهجیرو تەبعیس و تەرحیل، کارەساتی جەرگبڕی هەکاری، پیلانی هەرسێ دەوڵەتە داگیرکەرەکە بۆ لێدانی شۆڕشی ساوای کورد، کوردستانی ئێران و شەهیدانی، تەقینەوەی ئاگری شۆڕش و گەورەبوونی بنەمای شۆڕشەکە ...! تەنانەت لەم قەسیدەیەدا یەکجاریش ناوی ی . ن . ک یان کۆمەڵە بەئاشکرا نەهاتووە، ئایا ئەو هەڵوێست و تێڕوانین وخەتە سیاسیانەی لەو کێشانەدان، لەو کارەستانەدان .لەو برین و خوێن و سێدارەو گۆرانی و سروودانەنەدان ..دەروونی هەموو ئازادیخوازێکی کورد سەرچاوەیان نەبوە )) (عومەر،٩٨:٢٠٠١)

بەم چەشنە دەتوانین بڵێن  گەلێ جار خەمە گشتیەکە دەبێتە خەمی تاک و لە بۆتەی خودی شاعیردا دەتوێنرێتەوە، چونکە(( یاخیبوونی مێتافیزیکی هێرش دەکاتە سەر جیهانێکی پەرتپەرتکراو تاسەر لە نوێ یەکی بخاتەوە ئەو بە پرنسیپەکانی عەدالەتی ناو ناخی خۆی ڕووبەڕووی ناعەدالەتیی بەربڵاوی جیهان دەبێتەوە ))( بەرزنجی ، ٢٠١٦ : ٣٨ )

هەر لەم بارەیەوە دەوترێت ((مرۆڤی یاخی لە یەکەم هەنگاوی ڕووبەڕووبوونەوەیدا دەکەوێتە هەڵوەشاندنەوەی خودی  خۆی ، چونکە ئەو یاخییە لە خودی خۆی وەک ئەوەی کە هەیە، دەیەوێت ببێت بەوەی کە پێویستە ببێت ، کامۆ هێما بەوە دەکات، کە مرۆڤ لە یاخیبووندا زاڵدەبێت بەسەر سنووردارێتی خۆیدا، ئەم زاڵبوونە وەدەست هێنانەوەی خودی ئیرادەی مرۆڤە لەچنگی ئەوانی دیکە ))(عبدالقادر،٢٠٠٥:٣٢)
(شێرکۆ بێکەس) لە دەقی (من تینوێتیم بە گڕ ئەشکێ)دا کە لە ساڵی (١٩٧٣)نووسیویەتی و دەڵێت:

**بەنەوەی نوێ**

**ڕەنگەکانم ئەگرمەوە .**

**شەقامێکم .. لە قەراغی خۆم بێزارم .**

**خەنجەرێکم .. لە کێلانی خۆم بێزارم.**

**هەڵبەستێکم .. لە زمان و ڕێزمانی خۆم بێزارم**

**ئاوی تینووم ..**

**بە شوێن شەپۆلی خنکاوی خۆما هاتووم.**

**چرایەکم .. بەشوێن گڕی خۆما هاتووم .**

**لەگەڵ پەپوولەی فرمێسکی سەرکارێزی ،**

**چاوی ئاڵی .. بەرەبەیانی ئاسۆدا**

**کەوتوومە ڕێ . (بێکەس(ب) ،١٩٧٣: ٤٤-٤٥)**

شاعیر هەر لە ناونیشانی دەقەکەوە تووشی هەڵوەستەمان دەکات،  تینوێتی بە ئاو دەشکێ ئاوی سارد یا ئاسایی، بەڵام ناخ و دەروونی شاعیر لە بارێکی نائارام و پڕ لە بەگژداچوونەوەدایە، بۆ وێنەکانیش نامۆ و یاخی دەبن و گڕ جێگەی ئاو دەگرێتەوە و بەیانی  یاخیبوونێکی خودی دەکەن، قسەکردن بە زمانی کەسی یەکەمی تاک و هێنانی جێناوەکانی ( خۆم) زیاد لە جارێک بەرجەستە ئەو ناسەقامگیرە دەروونیەی شاعیر دەکەن، بەم ڕەنگە بابەتە دەروونییەکان و

خودییەکان ڕۆڵیان لەبونیادی بابەتی دەقە شیعرییەکانیدا هەیە، بە تایبەتیش ئەو دەقانەی کە خود و تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانی (من)بەرجەستە دەکەن، کە بۆ خۆشیان ئاماژەن بۆ نەرگسیەتی، کەواتە(نەرگسی یەکێکە لە سیماکانی کەسێتی لای هەموو تاکێک بوونی هەیە، بەڵام بە پلەو ڕێژەی جیاواز. ئەم خەسڵەتە لای هەندێ مرۆڤ ئاشکراو دیارە، کە هەر لە یەکەم دیداردا بۆت دەردەکەوێت، کە ئەو کەسێکی نەرگسییە. مرۆڤیش هەیە ئەم سیمایەی بە پلەیەکی کەمتر لادەردەکەوێت، بەم پێیە جیاوازی لە نێوان کەسەکاندا لە بوونی ئەم خەسڵەتەدا لە پلەو ئاستەکە) http://ejabat.google.com/ejabat

شاعیر لە دەقی (لە دورگەی خەوی زڕاوی شاعیرێکا)دا دەڵێت:

**پەستم ..**

**پەستم وەک ئەو قومە ئاوەی لە سەنگەرا،**

**ڕژاو .. نەگەیشتە دەمێ ،**

**پێشمەرگەیەک .. شەهیدکرا .**

**پەستم وەکوو سەرچاوەیەک : لیخن کرێ .**

**وەک مەچەکی هۆنراوەیەک**

**زنجیر .. کرێ**

**پەستم وەک ئەو پێکەنینەی :**

**کە داگیرکەرم ئەیگرێ.**

**پەستم .. پەستم**

**وەک سەعات پێنجی ئێوارەی**

**بیست و نۆی مانگی ((نۆ )) پەستم ! (بێکەس(ب) ،١٩٧٣: ١٢٠)**

شاعیر لە ڕێگەی کۆمەڵێک وێنەی شیعریی کاریگەرەوە جێ بۆ ڕەوایەتیدان بە یاخیبوونە خودییەکەی خۆش دەکات وێنەکان گشتین، بەڵام خەمەکەی شاعیر تایبەتیە، دەربڕینەکانیش لە ئێش و ئازارێکی نادیارەوە سەرهەڵدەدات. ڕەنگدانەوەی ناخ و دەروونی شاعیرەو لێی جیاناکرێتەوە، ئەلتەرناتیڤی خواستە شاراوەکانییەتی، لێرەدا شاعیر وشەی (پەستم) چەند جارێ بەکاردێنێت، کە خۆی لە خۆیدا پەستبوون خەسڵەتێکە لە خەسڵەتە دیارەکانی یاخیبوون لە نێو

شیعری کوردیدا، هەندێ جار یاخیبوونە خودییەکە دەرئەنجامی بارێک و تێڕوانینێکی جیاوازی شاعیرە بۆ پرسە گشتیەکان وەک ئەوەی شاعیر لە دەقی (ملێونەهاو بەڵام..!)دا دەڵێت:

**وەکوو دڵی پڕ لە ڕشکمان**

**کرمیش دایە چاوی مێشکمان.**

**وەکوو دەزوو**

**دەماری هەستمان .. قرچۆک بوو**

**کەوتە .. ڕزین .**

**گیانمان چڵێس .. چاو چنۆک بوو**

**کەوتە .. دزین .**

**کەچی ئەوساش هەر نەکەوتین**

**لە خۆ هەڵدان !**

**لە خۆی .. درۆی بە زل زانین ! (بێکەس (ب)،١٩٧٣: ١٨٠-١٨١)**

شاعیر یاخییە لە میللەتەکەی خۆی و دواجاریش لە خۆشی یاخی دەبێت، هەر بۆیە بە کەسی یەکەمی کۆ قسە دەکات و تێڕوانینە شیعرییەکەی دەردەبڕێت.ڕۆشنبیری ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کە بە چاوی ڕەخنەوە لە دیاردەو ڕووداوەکان بڕوانێت و سەنگیان بداتێ، شێرکۆ لەم دەقەدا بە چاوی عەقڵ بیر دەکاتەوە و نەتەوەکەی هەڵدەسەنگێنێ و پێیوایە گەلێ کەم و کورتی و ناتەواوییمان هەیە، بەڵام دان بەڕاستیەکاندا نانێن و ئەمەش وایکردووە بچوکی خۆمانمان لا گەورە بێت، ئەم تێگەیشتنەش بارێکی پڕ لە نائومێدی و ڕەشبینی بە دەقەکە بەخشیوە،

لە دەقی (پەستیی)کە لەساڵی(١٩٨٥)دا نووسیویەتی، نائارامی شاعیر درێژەی هەیەو تیایدا دەڵێت:

**وەکوو کەشتیی بن کون تێبوو**

**تەماشای ئەم**

**دڵەم ئەکەم**

**هەر ئاو ئەچێتە ناوێوەو**

**ئاو دەر ئەدەم**

**هەتا جامێ لە خەمی کۆن هەڵئەهێنجم**

**جامێکیتر ، خەمی تازە لە جێیەتی**

**ئا ئەم کەشتیە شپرزەیە**

**نە ئەوەتا نوقم ببێ**

**نە ئەوەتایش لەم گەرداوی شەوگارەدا**

**لە ڕۆخێکدا لەنگەر بگرێ ! (بێکەس(ز) ،١٩٨٦: ٥٣)**

دڵ لە شیعردا لانکەی هەستەکانە ، کە لێرەدا خەم باڵا دەستە، بۆ ئەوەی بارە ناجێگیرەکەی دەروونی بگوازێتەوە و دڵی بە کەشتیەکی کون چواندووە، کە سەر ئەنجام نوقم دەبێت لە خەمدا، بێزاری شاعیر سیمای بەسەر وێنەکاندا زاڵەو یاخیبوونە خودییەکەی (دڵی) شاعیر دەکەنە پارچەیەکی دەرەکی و نامۆ.

شاعیر لە دەقی (II)دا نامۆیی دەگاتە لووتکە و لە وێنە شیعرییەکاندا ڕەنگدەداتەوە، بەو پێیەی لەوچوەکان کەرەستەی بێ گیانن و باری بێ گیان و بێ هەستی شاعیر دەگوازنەوە :

**لەو ساتەدا وام هەست ئەکرد:**
**گڵۆپی زەردباو هەر خۆمم**
**تەم هەر خۆمم**
**هێڵی ئاسنیش هەر خۆمم**
**ڕێگا خۆم و کۆچ هەر خۆمم.**
**نامۆیی چییە؟ لێی پرسیم**
**مەی :ئەستێرکێکی کڵپەبوو**
**سەرم تیا نوقم کردبوو.**
**خەیاڵی لەرزۆک لانکەم و**
**بێ هودەیی ڕای ئەژەنیم. (بێکەس(ش)،١٣١:١٩٩١)**

شاعیر هەڵوێستی نامۆبوون و یاخیبوونی خۆی بەڕوونی دەخاتەڕوو، کە تێیدا دوو تابلۆی هونەریمان پیشاندەدات، یەکەمیان تابلۆی هونەری واقعی تاکی گەلی کوردمان بۆ دەنوێنیت، کە لەوەتەی ئەم نەتەوەیە هەیە، هەمیشە لە کۆچدا بووە و خۆی بەرگری لە خۆی کردووە، تابلۆی دووەم شاعیر بە خەیاڵ تابلۆیەکی هونەری دەخاتە ڕوو، کە بێ هودەیی دەستی گرتوە بەسەرمدا، کە تێدا گوزارشت لەو حاڵەتە دەروونییە دەکات، کە بەسەریدا سەپێنراوە بە هۆی دەسەڵاتی داپلۆسێنەرەوە، شاعیرخۆی چواندووە بە (گلۆپ، تەم، هێڵی ئاسنین، ڕێگا کۆچ )، کە ئەمانە تەنها و

تەنها خۆمم  شاعیر خۆی بە گڵۆپی زەردباو چواندووە، کە ئەمەش بۆچوونێکی کەلتورییە، کە دەڵێت بەردەوام کەسی غەریب بە ڕەنگی  ڕووخساریدا دەناسرێتەوە و ڕەنگی  زەردە . ((غوربەت لەم قەصیدەیەدا غوربەتێکی پڕاوپڕە لە مێژوو، هەرگیز ڕابردوو شکستەکانی تاکی کورد و خەمەکانیان جیانابێتەوە بەجۆرێک لەجۆرەکان ناوەندێکە بۆ گواستنەوەی ئەو دەنگ و ئازارانە بەخەڵکی ترو بە جیهان، دەربەندی پەپوولە پێمان دەڵێت کە تاکی کورد چەند بە میحنەت و ئازارەوە دەژی و چەند تەنهایە و چەند بێ دڵسۆزن، کەس گوێ لەخەم و ژان و ئازارەکانیان ناگرێت))(حمەفرج،٢٠١٦:١٠٨-١٠٩)

ئەو کاتەش خەمە گشتیەکان بێ خاوەن و بێ چارەسەر دەمێننەوە  بۆ شاعیری خاوەن هەڵوێست، جگە لە خۆخواردنەوە و مانەوە لە بازنەیەکی پڕ لە بێهودەییدا هیچ دەرئەنجامێکی تر نابێت، ئەمەش ئەو ڕاستیە دەردەخات، کە  ((هەمیشە لە ناخی کێشە خودییەکاندا کێشەیەکی بابەتی هەیە، هەروەکو چۆن ناخی کێشە کۆمەڵایەتییەکان شوێنێکە کێشەکانی تاک بەیەک دەگەیەنێت، ئەزموونی ئەدەب کێشەیەکی کاتییە بۆ خودی نووسەر، بەڵام ناتوانێت  بگاتە لووتکە و خۆی بسەلمێنێت، ئەگەر تێکەڵی کۆمەڵ نەبێت، لەو خودیەتە ڕزگاری نابێت، تاکو لە واقیعێکی تایبەتییەوە بەرەو واقیعێکی گشتی هەنگاو دەنێت ))( رجاء عید،  ١٩٧٤ : ٨٤)

(ڕەفیق سابیر) یش وەک شاعیرێکی ئەو قۆناغە شیعرییە، لە هەندێ دەقی شیعرییدا هەست بە ڕەنگدانەوەی یاخیبوونی خودیی لە لای دەکەین،  دەقی (گۆرانیی ڕۆح)یەکێکە لەو شیعرانەی کە تیایدا  دەڵێت:

**نیوە شەوەو**

**لە بوڵێڵی وەرزەکاندا**

**ڕۆحم تەم و پروشەیە رووی بنارەکان دەتەنێت**

**ڕۆحم بایەکی تووڕەیە بەر تاوێرەکان دەکەوێت**

**ڕووبارەکان ڕادەژەنێت . (سابیر ،١٩٧٦:٦٤٢)**

ناونیشانی دەقەکە ڕەنگپێدەرەوەی بارە خودییەکەی شاعیرە، ڕۆحی شاعیر لە دۆخێکی پڕ لە هەڵچوون و نائارامیدایە و لەگەڵ خۆیدا سروشتیش دەخاتە دۆخێکی ناسەقامگیرەوە، شاعیر خۆی دەڵێت: ((من لەگەڵ خۆمدا تۆزێک تووندم و خۆم لەگەڵ ئەوەدا ڕاهێناوە کە، ناو بەناو دڵم، بشۆم .)) (سابیر،٢٠٢٢: ٤٥٨)، بێگومان ڕووداوەکانی شەڕی براکوژی لەو ڕووداو و ڕۆژگارە تاڵانەن، کە لەو قۆناغەدا شیعریەدا بۆ هەموو کوردێکی ڕەسەن مایەی خەم و نامۆیی بوون و شاعیرانیان تووشی شکستی دەروونی و ڕۆحی و فیکری کردووە، ئەوەتا خودی(ڕەفیق سابیر) لەم ڕووەوە دەڵێت : ((شکستێکی فکری، ڕۆحی و لە زۆربەی ئەو هۆنراوانەی ئەو کاتە لە شاخ نووسیومن،

ڕەنگیان داوەتەوە، لە دۆخەکە بێزار و بێئومێد بووم، هەستم دەکرد من بۆ ئەوە هاتوومەتەوە ڕاستەوخۆ، یان نا ڕاستەوخۆ ببم بە بەشێک لە شەڕی ناوخۆ، یان پێشمەرگە بکوژم، یاخود پێشمەرگە بمکوژێت، من لە شیعرێکدا دەڵێم،( تەنیا ڕێکەوتێکی ڕووت بوو، کە بە دەستی پێشمەرگەیەکی ڕووتەڵەی شیعرپەروەر شەهید نەبووم)، سەرەنجام وازم لە پێشمەرگایەتی هێنا .)) (سابیر،٢٠٢٢: ١٢٨)

شاعیر لە دەقی (وەرزی سەهۆڵبەندان)دا دەڵێت:

**لە تاریکی ئەم شەوەدا**

**چرایەک بە لقی خەوندا هەڵدەواسم**

**سەری ماندووم لە نێوانی دوو شەپۆلدا**

**حەشار دەدەم (سابیر ،١٩٧٦:٥٩٥)**

شاعیر لەم دەقەدا لە نێو ڕۆکاری تاریکی گەلی کوردا لەنێو دوو ڕیانێکدا بووە ، کە ئایا لەنێو نیشتماندا بمێنێتەوە، یان بەجێ بهێڵێت، کە ئەم دوو چەشنە بیرکرنەوەی شاعیر دەبێتە هۆی ماندووبوون و وەڕس بوون لەنێوانیاندا دەمێنێتەوە، ماندووبوون و وەڕس بوونیش یەکێکە لەخەسڵەتە دیارەکانی یاخیبوون، چونکە شاعیر لەکایەو لایەنەکانی ژیان بێزار دەبێت، پاشان ئەو بێزار بوونەی، کە بەهۆی بارودۆخی نالەباری گەلی کورد هاتۆتە پێشەوە دەبێتە مایەی ماندووبوونی شاعیر و پاشان خۆحەشاردانی لە نێوان شەپۆلی تورەیی و بەڕەنگاریدا . ژیان بەسەر بردن لەنێو شەڕدا، مانا و بایەخی خۆی لەدەستدەدات، شاعیر بیر لە خۆپاراستن و دەربازبوون دەکاتەوە، لێرەشدا هەلاّتنی فیزیکی، یان ڕۆحی، دەتوانێت ڕێگە چارەیەک بێت، هەندێکجار بیرکردنەوەو ئەزموون، کۆمەک بە شاعیر دەکەن، تاکو ڕێگەی دەربازبوون بدۆزێتەوە، لەوانەشە غەریزەی مانەوە و درێژەدان بە ژیان، بتوانێت میکانیزمی خۆ دەربازکردن بۆ شاعیر دیاری بکات، لەکاتی گەڕان بە دوای ڕێگایەکدا.

هەروەها(ڕەفیق سابیر) لە((کاتێک.)) دا دەڵێت:

**بەسەر مەرگ و تەرمی خۆمدا هەنگاو دەنێم**

**سێبەرەکەم**

**ڕێم پێدەگرێت**

**وەکو منداڵێکی تۆقیو سەرم بە کۆشت دەکەم و**

**ڕوخساری زەردهەڵگەڕام بە شاکەزیی باراناوییت**

**دادەپۆشم . (سابیر ،١٩٧٦:٥٩٩)**

شاعیر لەم دەقە شیعریەدا باس لە ترس و نەهامەتی دەکات، کە بووەتە هۆی دروستبوونی یاخیبوونی خودی ، شاعیر لەپەنا دەربڕینی خەم و ئازارەکانی  و پێشێلکردنی مافی گەلی کورد و فەرامۆشکردنیدا هەڵوێست و پەیامی خۆی بەئاشکرا دەربڕیوە و خاوەنی هەڵوێستێکی جوامێرانەیە، هەروەها چاوپۆشی لە زوڵم و ستەمی نەیارانی نەتەوەکەی ناکات، خەمی تایبەتی خۆی کردۆتە هێمایەک بۆ دەربڕینی خەم و پەژارەی نەتەوەکەی کاردانەوەی خەمی پەنگخواردووی و تەقینەوەی هەڵچوون  توڕەییە، کە کێشەی دەروونی شاعیر قوڵتر و ڕونتر بووەتەوە لە کێشەی گشتیەوە و کردوویەتیە کێشەی تایبەتی خۆی، هەروەها دەڵێت:

**ئەمشەو دەڵێی لە نێو ڕۆحدا**

**ڕووباری ( خاپوور ) هەڵساوە**

**زریانی (قەندیل )ڕاساوە .**

**ئەمشەو دەڵێی هەموو جەللادانی مێژوو**

**شمشێریان لە ڕووی ڕۆحمدا هەڵکێشاوە .**

**کێ دەزانێت من بێهودە**

**لە کوێ دەمرم ؟( سابیر ،١٩٨٩:٥٤٩)**

شەو کاتێکی لەبار و ئارامە بۆ بە خۆدا چوونەوەی مرۆڤ و ڕۆچوون لە ناخی خۆیدا، کاتێکیش ڕووداو و خەمە گشتی  و تایبەتەکان لە ناخی ئەودا گینگڵ دەدەن شەپۆلی نائارامی بەرپا دەبێت، لێرەدا ئەم بارە دەقەکەی بنیاتناوە و شاعیریان تووشی چەشنە یاخیبوونێکی خودی کردووە  بە جۆرێک خۆی لە چارەنووسێکی نادیاردا دەبینێتەوە، چونکە وەک خۆی دەڵێت : ((هەر ڕۆحێک بۆ ئەوەی بمێنێتەوە و بەردەوام بێت، پێویستە توخمی چاکەی تێدا بێت، گوڵێک، یان دارێک، بۆ ئەوەی بمێنێ، جوان دەنوێنێ، بەدوای ئەو شتانەدا دەگەڕێ، کە بۆ مانەوە و باشتربوونی ژیانی بەسوودن.)) (نوورەدین،٢٠٢٢: ١٦)ئەمەش هاوتەریبە لەگەڵ ئەو ڕاستییەی پێیوایە(( ئەو کێشەیەی لە دەروونی ئەدیبدا هەیە، ڕەمزێکە بۆ ئەو کێشانەی لە ویژدانی مرۆڤایەتیدا هەن، چونکە کۆمەڵگە  بوارێکە ئەزموونە ئەدەبییەکان کامڵ دەکات و بەیەکیان دەگەیەنێت . هەروەکو چۆن تاکەکانیش لەم بوارەدا بەیەکدەگەن و کامڵدەبن )( رجاء عید ١٩٧٤ : ٨٤ )

(رۆح) لای (ڕەفیق سابیر) لانەی نائارامی و هەڵچوونە ئەوەتا لە شیعری (یەڵماز گێونەی)دا هەمان بار دەردەبڕێت :-

**رۆحی سرک و سەرەڕۆم**

**دەڵێی لە رووی دەسرپێژو سێدارەدا وەستاوە**

**بە گۆرانی و تووڕەیی و لاساری هەڵامساوە .**

**ئای لە رۆحی چەپرەوم ئەمشەو چۆن وروژاوە !**

**غەریب و تاک و تەنیا**

**دژی مەحاڵ وەستاوە**

**بەرە و مێرگی سەربەستی**

**ژیانی پێش خۆی داوە . (سابیر ،١٩٧٦: ٤٨٤)**

ڕۆح لە واقیعی داسەپاو یاخییە و بە هەموو بەربەستەکاندا هەڵدەشاخێ، ئەمەش سیمایەکی دیاری یاخیبوونە، شاعیر لە ڕێگەی دەربڕینی (دژی مەحاڵ وەستاوە )و بێهودەیی هەوڵەکەی دەخاتەڕوو، ئەمەش مایەی نائارامیە بۆ خودیی شاعیر، بەڵام ناگاتە ئاستی پاڵدانەوە و بێ ئومێدبوونی تەواوەتی، دەقەکە وابەستەی ژیانی سینەماکاری گەورەی کورد (یەڵماز گۆنا)یە، کە چەندین ساڵ بە هۆی کارە نەتەوایەتیەکانیەوە لە زیندانەکانی تورکیادا ژیانی بەسەربرد و دواتریش ڕەگەزنامەی وڵاتی لێوەرگیرایەوە .

(ڕەفیق سابیر) لە بارەی بە خۆدا چوونەوەی شاعیر دەڵێت: (لە خۆرامان و جۆرە گەڕانەوەیەکە بۆ خود، بە مەبەستی وردبوونەوە و تێهەڵچوونەوە لە خود و لە ناخی خود، وەک مرۆڤ کە لەپڕ لە کات و سات و شوێنێکی دیاریکراودا دەردەکەوێت، مەحکومی ژیان و دەوروبەرەکەی دەبێت، لەم ڕێگەیەشەوە شاعیر بەدوای مانای ژیان و بووندا دەگەڕێت، بۆیە ئەوەندە دەڵێم، کە ئەم قەسیدەیە لە خۆرامان و ئاوەڕدانەوەیەکی هێمنانەیە لە خۆ لە ڕەوشی ژیانی ناوەوەی خۆم و بوونی تایبەتمەندانەی خۆم لە بووندا، هەوڵدانێکیشە بۆ لە خۆگەیشتن، بۆ تێگەیشتن لە ژیان و زەمان و مانای بوون .) (سابیر،٢٠٢٢: ٧٣).شاعیرانی کورد لەو ساڵانەدا لە نێو ڕووداوەکاندا بوون و خاوەنی هەڵوێست بوون، هەر بۆیە نەیانتوانیوە بێدەنگی هەڵبژێرن، لەم ڕووەوە (فەرهاد شاکەلی) دەڵێت:((ئێمە گەڵێک جار لە بیری خۆماندا چەندان هاوکێشەی فکری و سیاسی و زانستی هەڵدەبەستین و دەیانکەینە بنەما بۆ ئەو باوەڕ و بۆچوون و هەڵوێستانەی دەریاندەبڕین و لە ژیانی ڕۆژانەماندا دەیانخەینەکار، ئەو هاوکێشانە دەکرێت، بەرهەمی

ئەزموونەکانی ژیانی تاکەکەس یا کۆمەڵگە بن و لەوانەشە تیشکدانەوەی تیۆری و فەلسەفە زانست و زانیارییە دامەزراو و چەسپیوەکان بن.))(شاکەلی،٢٠٢١: ١٣)

(شاکەلی) لە دەقی (بۆنی باران ) دا کە لە ڕێکەوتی (٢٨ – ٥ – ١٩٧٨) دا نووسیویەتی و دەڵێت:

**ڕۆژم بێ تۆ، گیانە، ڕۆژی دارستانێکی پاییزە،**

**بێ پێکەنین و بێ بزە .**

**.......................................**

**شەوی دڵدارێکە تەنێ**

**کەسێ نییە هاودەمی بێ،**

**کەسێ نییە برینەکانی بژمێرێ،**

**کەسێ نییە**

**لەتەک دڵی سەرشێتیدا بەستە بڵێ،**

**پێبکەنێ .**

**.........**

**کەسێ نییە هاودەردی بێ،**

**کەسێ نییە هاودەمی بێ**

**کەسی نییە هاوخەمی بێ ..**

**...........**

**کێ بێ شەوی دوورە وڵاتیت تژی کا**

**لە گۆرانیی کەسک و جوان ؟**

**کێ بێ وەکوو ئەستێرەێ گەش**

**بجریوێنێ ،**

**خەونەکانت بدوێنێ**

**تا بەیان .... (شاکەلی،٢٠١٦:١٥٩)**

تەنیایی و هەست بە نامۆییکردن سەرەتای دیاردەی یاخیبوونی خودین، ئەو دەمەی مرۆڤ هەست دەکات لەم دنیا پان و بەرینەدا تەنها کەسێک یان شتێک نییە ببێ بە هاوخەمی و دڵی نغرۆی لە بێکەسیدا بداتەوە، لای(شاکەلی) ژیانی نوێی هەندەران تیکەڵ بە واقیعە سیاسییە تاڵەکەی کوردستان دەبێت و بارێکی پڕ لە نائارامی لە لا دەخولقێنێت، بەچەشنێک هێندەی تر لە بازنەی خودی خۆیدا دەیهێڵێتەوە، ئەم دۆخە ماوەیەکی زۆر لای شاعیر ماوەتەوە، ئەوەتا لەدەقی شیعری (تاریکە شەو ) دا کە لە ساڵی (١٩٨١ ) نووسیویەتی و دەڵێت:

**تۆ نازانی چەقۆی دووری**

**چۆن جەرگی خەون دەئەنجنێ.**

**تۆ نازانی چۆن ڕمی دوورەوڵاتی**

**دیواری دڵ دەسمێ...**

**تۆ نازانی چۆن پەلکی دارەخەون**

**لە پاییزی دووریدا**

**دەسیسێت و هەڵدەوەرێ...**

**خۆزگە جارێ**

**بە کەلاوەی دەروونما دەگەڕایت، (شاکەلی،٢٠١٦:٢٠٢ -٢٠٣)**

دابڕان و دوورکەوتنەوە لە نیشتمان وەکو ئەوەیە چۆن بە چەقۆ جەرگی خەونەکانمان کون بکەین، هەروەها دورکەوتنەوە لە زێدی باو باپیران و دووری وەکو تیرورڕمێکە، کە دەچەقێتە دڵ و دڵ دەسمێت، لەڕاستیدا دابڕان و دوورکەوتنەوە لە زێدی و نیشتماندا لە نێو دەقەکانی شاعیردا ڕەنگی داوەتەوە، هەست کردن بە نامۆبوون بەخۆ و بە ژیان و دەروبەر و کۆمەڵگا، هەروەها چەشتنی ئازاری ئەو ژیانە لەگەڵ ئەو یادەوەری و شوێن و ڕوداوانەی کە پەیوەندییان بە ژیان و قۆناغی منداڵی و وڵاتەوەیە، هەروەها یاخیبوونێکی خودیشە دژی ستەم و بێداری و دەستەمۆکردن . (شاکەلی) دەڵێت :((ئاوارەیی : مەینەتێکی هەزار ڕەنگە بە هیچ ، تەنانەت بە مردنیش لێم نابێتەوە .))(شاکەلی،٢٠٢١: ١٩٩)

دروستكردنی ئەم وێنانە و بەكارهێنانی ئەم چەشنە زمانە دەچێتە خانەی داهێنانی ئەدەبی، بەتایبەت داهێنان لە شیعر، كەواتە((داهێنان بریتییە لە تێكهەڵكێشراوێكی ڕێكخراو لە نێوان هۆشیاری و ناهۆشیاری داهێنەر و ڕەنگدانەوەی هزری ئایدیالیست و دورهێڵی مەتریاڵی لەسەر داهێنەر، داهێنەریش لە ئەنجامدا توانا میتا فیزیك و مەتریالی و فیزیكەكانی خۆی دەخاتە گەڕو بۆ هونەر بین دەیانگوازێتەوە )) (نقشبندی ، ٢٠٠٤ : ٩٦ )

(شاكەلی) لە دەقی (كێوی دڵ ) كە لە بەهاری (١٩٨٨) نووسیویەتی و دەڵێت :

**كێوی دڵم**

**بەتیشكی ئاشناییت ڕۆشن كەوە !**

**دڵ وگیان**

**دەكەمە بەردە بازی ڕێگەكەت .**

**وای ، كە بێتۆیی چ ساڵانێكی شەوەزەنگە،**

**وەی كە شاری گیان**

**بێ یادی تۆ،**

**چ گۆڕێ، چ گۆڕستانێكی بێدەنگە . (شاكەلی،٢٠٠٩:١٩٦)**

دەقەكە فەزایەكی سۆفیانەی هەیە، لەم دونیایەشدا بە خۆداچوونەوە و خۆ بینین لەڕێگایەكی تاریك و دابڕاو سیمایەكی دوبارەیە و لای سۆفیەكان پاڵنەرە بۆ خۆبەستنەوە بە پێشەوا و تاسەی دیدارو گفتوگۆكردنی، ئەم باسە لە پاڵ ژیانی غوربەتی شاعیردا چەشنە نامۆییەكی ڕۆحی لای شاعیر بەرپاكردووە ژیان لە چەشنی گۆڕستانێكی بێ دەنگدا وێنا دەكات، هەمان نائارامی و وێستگەیەكی ژیانی نوێی لەئەوروپا لەم دەقەشدا ڕەنگیداوەتەوە، ئەمەش وایكردووە، هەر لە قۆناغی بەراوردی ڕۆژهەلات (كوردستان)و(ڕۆژئاوا)دا بێت، وەك دەبینین ژیانی نوێ ژیانێكی نائارام و مایەی نائومێدی و بێ هیوایی بێت، بە پێچەوانەوەی ژیانی لەزێدی خۆی، شاعیر لێرەش هەر لە چاوەڕوانیدایە، چاوەڕوانی لێكدانەوەی خەون .

| تۆی یار | من(شاعیر) |
| --- | --- |
| *خۆرەتاو لە پەنجەكانت دەتكێ | *لەم تاریكستانە تۆپەڵە بەفری هیوا گلۆر دەكەمەوە |
| *خۆرەتاو | *تاریكستان |
| *چنگ پڕ لەڕووناكی یە | * گۆڕستانە (ناشرین و تاریك) |

ئەم ئەزموونە نوێیەی ژیانی شاعیر لەهەمانکاتدا بووەتە مایەی ئەفراندنی شیعری، هەر وەک خۆی دەڵێت: ((لەکاتێکدا، وەک شێخ نووری دەڵێت : بەکێوی سەختی ژیانا، بەپێ، بەچنگەڕنێ خەریکین هەڵدەزنێین، چەندە تووشی دەرد و ئازارو پڕووکان دەبین، دە هێندەی ئەوەیش خۆشیمان پێ دەگات، خۆشییەکی ڕۆحی، نەک ماددی . ئەو گەڕانە، ئەو گەشتە ، زۆرجار دەبێتە ئیلهام بەخشی هونەر و داهێنانێکی ڕەسەن، دەبێتە سەرچاوەی بیری ڕێکخستنەوەو دامەزراندنەوەی ئەم دنیایە، نەک هەر ئەم دنیایە، ئەم گەردوونەیش .))(شاکەلی،٢٠٢١: ٥١٨)، بە بڕوای خودی شاعیریش وەکو پێشتر خستمانەڕوو، یەکێک لەو بابەتە نوێیانەی، کە لە ژیانی نوێی پەناهەندەی شاعیردا سەریهەڵدا ،ئاوەڕدانەوە بوو لە بابەتی شیعری سۆفیزم، ئەم جۆرە شیعرەیش خۆی لە خۆیدا پانتاییەکە بۆ ئەوەی بابەتە خودییەکان و پەرستشەکان زیاتر ڕەنگبدەنەوە، لە مەشدا نابێت، ئەوەمان لەبیر بچێت، کە شاعیر پەروەردەی نێو خێزانێکی شێخانی نەقشەبەندییە، ئەو کەشە ڕۆحی و سۆفیزمە لەم دەقە شیعرییەی لای خوارەوە کەشێکی خودی نائارامی پیشانداوە، شاعیر وەک هەر مرۆڤێکی تر پێیوایە((تا ئێستا نە ڕێگەیەکم دۆزیوەتەوە لە خەم و پەژارە و نیگەرانی دوورم بخاتەوە، نە باوەڕیشم بەوەیە تەمەنی مرۆڤ بەشی ئەوە بکات، بەدوای ڕێگەیەکی وەهادا بگەڕێت. ))(شاکەلی،٢٠٢١: ٢٨٦).ئەم ڕاستییە لە دەقە سۆفیزمەکانی شاعیر، کە لەدایکبووی کەشی ژیانی پەناهەندەیین زیاتر دەبینرێت، ئەوەتا لەم دەقەشدا ڕەنگیداوەتەوە،(شاکەلی) لە دەقی (دەشت)کە لە ڕێکەوتی (١٣-٨-١٩٨٨)نووسیویەتی و دەڵێت:

**بەندی دیواری تەنهاییم،**

**نەخشەی وێرانستانی ئازادی دەخوێنمەوە ،**

**لە بێخۆیی هەڵدێم ،**

**لە بێتۆیی هەڵدێم ،**

**ئەزم بەندی و ئەزم هاونشینی بەندیوان . (شاکەلی،٢٠١٦:٣١٣)**

(شاکەلی) باس لە نامۆبوونی خۆی دەکات لەنێو دیواری تەنهاییدا، کە خۆی چواندووە بە نیشتمانەکەی، کە بەندی دەستی داگیرکەرانەو تەنهایە، بەتەنهایی دیلیش داوای ئازادی بۆ خاکەکەی دەکات، کە بە نەخشەی وێرانستان ناوی بردووە، چونکە بە درێژایی قۆناغەکانی مێژوو هەوڵی لەناوبردن و قڕدکردنی دراوە، ئەم وڵاتەیان کاول و وێرانکردووە؛ بۆیە شاعیر نائومێدە و نامۆیە بەخۆ، لە دەستی خۆشی هەڵدێت و دەڵێ خۆم دیلم و هاودەم و هاودەردی دیلدارانم، کە مەبەستی ئەو وڵاتانەیە وەکو نیشتمانەکەی لەژێر دەسەڵاتی داگیرکەر دەچەوسێتەوە .

## ٣-٤ - یاخیبوونی شیعریی :

مەبەستمان لە یاخیبوونی شیعری وەستانە  لە سەر ئەو هەوڵ و ڕەوتە شیعرییانە، کە لە سالانی (١٩٧٠-١٩٩١)سەریانهەڵدا و پێیان وابوو، کە هەندێ ناوەڕۆک و تەکنیک لە شیعری کوردیدا هەن پێویستە بگۆڕدرێت و بابەت و تەکنیک و زمانی شیعری نوێ جێیان بگیرێتەوە، (شاکەلی) دەڵێت:((شاکەلی :یاخیبوون دەکرێ بەشێوەی جۆراوجۆر دەربڕدرێت . لە هەر تەمەنێکدا و لەهەر پلەیەکی زانیاریدا هەلسوکەوتە کۆمەلایەتی و هەڵوێستە ئیپیستیمۆلۆگییەکانمان شێوەی جیاواز وەردەگرن، ئەگەر چی لە ناوەڕۆکدا هەر ئەو وزە و گوڕم و هێزە دەروونی و عەقڵییەن، کە هەر لە بنەڕەتدا لەناو مرۆڤدا ، لێرەدا باسی تاکەکەس دەکەم، هەن و هەبوون . من ئەو یاخیبوونە، ئەو تەوژمەم لە تەمەنێکی کرچوکاڵدا بە بەیانێکی شیعری یا بە نووسینی دیوانی  پرۆژەی کوودەتایەکی  نهێنی دەردەبڕی . لە بەهاری ١٩٧٤ دا بەوە دەرمبڕی کە خوێندنی زانستگە و کار و دڵداریم بەجێهێشت و چووم، بووم بە پێشمەرگە . لە هاوینی ١٩٧٥ دا بەوە دەرمدەبڕی، کە لە ناوچەرگەی  بەغدای بەعسدا کاری سیاسەتی کوردایەتیم دەکرد و دواتریش بە پێی سنووری ئەم دەوڵەت و ئەو دەوڵەتم دەبڕی . ئەمڕۆ کەمتر پەنا دەبەمە بەر دەربڕینی فیزیکی، بەلام هەوڵدەدەم بە ناوەڕۆکێکی فکری و بەشێوەیەکی ئێستێتیکی، بێزاریی خۆم بەرانبەر هەموو یاسا  و ڕێسا نارەوا و دزێوەکانی ئەم دنیایە دەربڕم .))(شاکەلی،٢٠٢١: ٤٧٩ -٤٨٠) .(ڕەفیق سابیر) دەڵێت: ((زۆربەی هۆنراوەکان، هەوڵدانێک بوون بەرەو یاخیبوون لەو پێوانە شیعرییانەی لە ئەدەبی کوردیدا باون و سەرەتایەک بوون بۆ نووسینی شیعری کوردی، بەشێوەیەکی ناڕوون و میکانیکی و پاڵدان بە دیواری خەون و نەست (لاوەعی) یەوە، لە کاتی نووسیندا .)) (نوورەدین،٢٠٢٢: ١٣١) ؛ بۆیە لێرەدا  بە پێویستی دەزانین باس لەو ڕەوت و کۆمەلانە بکەین :

## أ- گرووپی ڕوانگە

بەیاننامەی ڕوانگە لە (١٩٧٠\٤\٢٥) لەلایەن (شێرکۆ بێ کەس، حسێن عارف، کاکە مەم بۆتانی، جمال شارباژێری و جەلالی میرزا کەریم )ئیمزاکراو بلاوکرایەوە، کە هەڵگری  بیرو بۆچوونەکانیان بوو، خۆشیان دەڵێن  بانگەوازەکەمان لەپێش هەموو  شتێکا هۆیە ئینجا ئەنجام، هۆیەکە بۆ تەقینەوە لەپێناوی  ئەنجامێکدا، کە نوێخوازییە، بانگەوازەکەمان  بڕواو ئیمانە بە تازەکردنەوەی ئەدەبی نەتەوەکەمان لەگەڵ پێشکەوتنی ئەم سەدەیەی  خۆیدا، بانگەوازەکەمان پەیامێکە ... پەیامێکی پڕ لە خۆشەویستی بۆ نوێخوازی، بەلام دەربڕینی ئەم خۆشەویستییە لەبەرهەم دا قۆناغێکی دورودرێژی ئەوێت، کە بتوانێت بەشێوەیەکی فراوان خۆی  بنوێنێت و بوونی خۆی ساغبکاتەوە ...))(پاشماوەی کۆڕێکی ئەدەبی ڕوانگە خوازەکان ،هاوکاری،ژ(٧)لە ٢٧- ١-١٩٧١)

ڕوانگە وەکو بزوتنەوەیەکی ڕۆشنبیری و ئەدەبی لە ڕەوشێکی ئەدەبی تایبەتدا سەری هەڵدا، لەدوای ئەوەی، کە ئەدەبی کوردی لاواز و کزبوو، هەندێ هۆکاری تایبەت هەبوون بۆ هاوکاریکردن و سەرهەڵدانی بزوتنەوەکان چ هۆکاری(دەرەوە یان ناوەوە)بێت، ئەو گۆڕانکاریانەی کە لەو سەردەمەدا لەدوای بەیاننامەی ١١ی ئازاری (١٩٧٠)کاریگەریی باشیان هەبوو لەسەر بواری ڕۆشنبیری و ئەدەبی و سیاسی کورد،لەبەر ئەوەی بووە هۆی گەشانەوەی بەرەوپێشچوونی ئەدەبی کوردی، چونکە لەو سەردەمەدا کۆمەڵێک دەزگاو گۆڤارو ڕۆژنامە دەرچوون ،لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ کتێب چاپکران ((لە ڕاستیشدا ڕوانگە ئەگەریش بەیاننامەیەکی خاکەرایی بوو بێت، بەڵام لەسەر ئاستی گۆڕەپانی ئەدەبی کوردی کارتێکەریی و کاردانەوەی خۆی هەبووە .هەنگاوێکی تەواوکەری ئەو نوێگەرییە بووە، کەپێش ئەو ڕۆژگارە بە پتر لەپەنجا ساڵ شێخ نووری و گۆران و هاوڕێکانیان نابوویان))(سەعید،٢٠٠٥:٤٥٧)

لە چاوپێکەوتنێکدا، کە لەگەڵ یەکێ لەنوسەرانی ڕوانگە، ئەویش(کاکە مەمی بۆتانی)یە دەربارەی بەیاننامەکەیان بەم شێوەیە دەدوێت و دەڵێت :(( ئێمە نەهاتووین ڕێبازێ بۆ ئەدەبی کوردی دابنێین، ئێمە هاتووین و وتوومانە خەڵکینە ئەدەبی کوردی پێویستی بە تازەکردنەوە هەیە و تازەکردنەوەکەمان (موحد) نییە زەمەنی ئەوە هاتووە لە کەلەپوور یاخی بین، گرنگ ئەوەنییە سەر بەچ قوتابخانەیەک بین گرنگ تازەکردنەوەیە .)) (بەرزنجی،٢٠٠٨:٦٠)

ڕێکەوتن نامەی ئازار تارادەیەکی زۆر توانی جێی دەستی لەسەر گەشەکردن و بەرەوپێشبردنی باشوری کوردستان دیار بێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵ و ماندووبوونی ڕۆشنبیرانی کوردیش لە بوارەدا دیاربوو.

بەم پێوە دەنگییە هۆکاری سەرەکی دەگەڕێننەوە بۆ بارودۆخە سیاسی ئەو قۆناغەو وابەستەبوونیان بە بەیاننامەکەی ١١ ی ئازارەوە ، هەربۆیە دیسان (شێرکۆ بێکەس) دەڵێت : ((ئێمە ئەمانویست نائومێدی سیاسیمان لە ڕێگەی ئەدەبەوە بشکێنین )) (حەسەن،٢٠٠١:٢٩)

بیرو بۆچوونی ڕوانگەیەکان دەربارەی کۆمەڵگای کوردی وا بوو، کە ((ڕوانگە فۆرمی کۆمەڵگای کوردی بە دواکەوتن و وابەستە بوون بە کۆڵەگەکانی سەلەفیەت پێناسە دەکرد و بەڕاگەیاندنی یاخی بونێک ویستی لەو بازنەیەدا بپەڕێتەوە، ئەوەی توانی کردی، هەر لەم ڕووەوە خۆیشیان ڕوانگەییەکان دەڵێت : ئێمە گرنگ نییە تاسەر لەگەڵ کاروانەکە بڕۆین، گرنگ ئەوەیە ڕێ بۆ کاروانچییەکان ڕۆشن بکەینەوە . گرنگ نییە ئەمە تونێلە، گرنگ ئەوەیە چۆن چرایەک لەدەست بگرین بە خەڵک بڵێین ئەم مەئلوفیەتە دەبڕین )) (حەسەن،٢٠٠١:٣٣)

هەروەها (شێرکۆ بێکەس ) دەڵێت :((ڕوانگە بەر لەوەی دەق بێ هاوار بوو بەر لەوەی تێپەڕاندن بێ طموح بوو.)) (حەسەن،٢٠٠١:٣٤)

پەیڕەوکەرانی گروپی ڕوانگە پێیان وابوو، کە شاعیر دەبێت شۆڕشگێر و قارەمان بێت، چونکە ئەو ڕۆژگارە پێویستی بە شاعیری لێهاتوو بووە، بۆیە بەیاننامەکەیان بە ناوی (وتەی نوێ – بیری نوێ- کرداری نوێ )کردۆتە مەشخەڵی بزوتنەوە ئەدەبیەکان، هەموو بیروبۆچون و تێڕوانینەکانیان لەم خاڵانەی خوارەوە خۆی دەبینێتەوە : -

١- ئێمە نووسینمان قاڵ بوی ئازارە بۆیە... دژی ئازار ئەجەنگین .

٢- جوانی پەرستە... بۆیە ناشرینی ناگرێتە خۆی .

٣- نوێخوازە ... بۆیە لە کۆن یاخی ئەبێت .

٤- سەربەست و ئازادە .. بۆیە گشت کۆت و زنجیرێک ئەپچڕێت .

٥- شۆڕشگێرە ... بۆیە لە ئاستی هیچ کۆسپ و مەترسی یەکدا سڵ ناکاتەوە .

٦- مرۆڤی کورد دەینوسێت ... بۆیە بۆ نەوەی کورد ئەبێتە مەشخەڵ . (حەسەن،٢٠٠١:٣٨)

وەک لە بەیاننامەکەدا ڕوون و ئاشکرایە، کە دەربارەی کۆمەڵێ بابەت و لایەن یاخیبوون، بەڵام ئەمە لەلایەن دەوروبەرو کۆمەڵگەوە بەهەڵە لێکدراوەتەوە و ڕاڤەیان بۆ هەموو ئەو لایەنانە کردووە، لەم بارەیەوە (شێرکۆ بێکەس) دەڵێت :( یاخیبوون لای ئێمە وەک نووسەر ئەیەوێت بە زۆر بیسەلمێنێت، یاخیبوونی کوێرانە نییە، هەروەک بەر لەدوو ساڵ لە بانگەوازەکەماندا ئەمەمان دەستنیشانکردووە، بەڵکو بزووتنەوەی ڕازینەبوونە هەڵگەڕانەوەیە لەڕووی ئەو - واقیعە - دا کە حەقیقەتی تیا بریندارکراوە پاکێتی تیا پیس ئەکرێ و پیسی تیا ئەکرێ بەپاک، بەردەوامیش هەوڵ ئەدەین، ئەو یاخیبوونە لە داهێنانی ئەدەبیماندا لە شێوە و ناوەڕۆکی بەرهەمەکانماندا لەزمان خۆیدا زنجیرە شۆڕشێکی نەپچڕاوی هەمیشە تازەکەرەوە بێت )) (بەرزنجی،٢٠٠٨:٩٥) .
هەروەها دەربارەی ناوەڕۆکی بەیاننامەکە(شێرکۆ بێکەس) دەڵێ (( با بگەڕێینەوە بۆ بەیاننامەکەمان کە گوتوومانە کۆن بەلای ئێمەوە لەپێوانەی بابەتەکانی ئەدەبدا هەر ئەوە نییە، کە کوێرانە یاخیبوونێکی دژ بەرپابکەین ئێمە بڕوامان وایە، کە تاقیکردنەوە کۆنە سەرکەوتووەکان هەمیشە پاڵ پشتێک بوون بۆ ڕێڕەوە تازەکانی دوای خۆیان و ئەمان لەمناڵدانی ئەودا لەدایکبوون و لە باوەش ئەودا کەوتوونەتە گڕ و گاڵ )) (بەرزنجی،٢٠٠٨:٩٥) .

(ڕێبین ئەحمەد هەردی ) یش بەم چەشنە باسی ئەزموونی شیعری ((شێرکۆ بێکەس ))مان بۆ دەکات ، دەیبەستێتەوە بە ڕوانگەوەو دەڵێت :((هەرچەندە ئەزموونی شیعری ((کاک شێرکۆ )) هەر لە هەوا و کەشی ئەزموونی ((ڕوانگە )) دا مایەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم شاعیرەمان توانی بە چەند هەنگاوێکی خێراو پێشبینی نەکراو پێش هەموو ئەو ناوە شیعریانە بکەوێ ، کە زیاتر لەم بەختی داگیرکردنی لوتکەی شیعری کوردیان هەبووە، ئەگەر ڕوانگە ئەزموونێک بوو بێت لە هەناویا زۆر شتی نەوتراوی حەشار دابوو بێت، ئەوا (( کاک شێرکۆ )) لە دوای هەرەسەوە، توانی هەموو ئەو نەوتراوانە ئاشکرا بکات، (( دەربەندی پەپوولە )) چڵە پۆپەی ئەم حاڵەتە بوو )). (تاهیر بەرزنجی،٢٠٠٨:١٠٧) .

ڕوانگەییەکان پێیان وابوو، پرسی ژنان لە دنیای ئەدەبی کوردیدا لە ئاستی پێویستیدا نییە، بۆیە لە بانگەوازی دووەمیاندا ئەم بابەتەیان کردە ئامانجی سەرەکی : ((دووەم بانگەوازی ڕوانگە؛ بەردێکی گەورەتری خستە ناو گۆمی بێدەنگییەوە، کە ئەم جارەیان مەسەلەی ئازادی ژن و یەکسانی سەردێڕی لەبەرچاوی هەبوو....ئەگەر تەماشایەکی هەر سێ ژمارەکە بکەین، هەست ئەکەین، تین وتاوێ بۆ تازەکردنەوە کەوتۆتە دەقەکانەوە،یان زمانێک بەڕێوەیە، کەلە زمانی پێش خۆی ناچێ، بەڵام هێشتا ماوێتی گەشە بکەن و ببنە ئەو دەقانەی کە ئێمە خەومان پێوە ئەبینین!)) بێکەس،٢٠١٣، ب٢: ٢٢٦ –٢٢٧).

هەروەها دەتوانرێت بەم چەشنە یاخیبوونی ڕوانگەییەکان پۆلێن بکرێت : – ((

١ . یاخیبوونی کۆمەڵایەتی : ئەمیش دابەشدەکرێت بەسەر دوو لقی سەرەکیدا :

ا) یاخیبوون دژ بە دەسەڵاتی ئاینی .

ب) یاخیبوون دژ بە نەرێتە کۆنەکانی ناو کۆمەڵ یان شتی کۆن .

٢ . یاخیبوونی دژ بە دەسەڵاتی سیاسی . (شێرکۆ بێکەس ،وەرزی پێنجەم،گۆڤاری ڕوانگە: ٥١) دەربارەی ناوەڕۆکی شیعریی ڕوانگەییەکان و هزری شیعرییان(عەزیز گەردی) دەڵێت: ((هۆنراوەی نوێ دەرپەڕاندنی بازووی زمانزانی و ڕازاندنەوەی چەند باسێکی سنور بۆکێشراو نییە، بەڵکو کۆڕێکە مەسەلەی ژیانی مرۆڤی تیا ئەخرێتە سەر مێزی لێکدانەوە و شی کردنەوەی..))(گەردی،١٩٧٢: ٣).

بەکارهێنانی زمانێکی شیعریی بەرز و جیاواز و نووسینی بۆ (بژاردە – نوخبە) یەکێکی تر بوو لە ئامانجەکانی گروپی ڕوانگە وەک دەڵێت((ڕوانگەیی یەکان لەو باوەڕەدان کە جەماهیر لەئەدەب ناگات؛ بۆیە زۆر بەئاشکرا ئەوە ئەڵێن و دووپاتی ئەکەنەوە کەبۆ ئەوانە ئەنووسن کەوەک ئەوان بە بەرهەمەکەوە خەریک ئەبن و هاوبەشیی یەکی قووڵ و تەواوی نووسەر ئەکەن لەمەبەستی نووسینەکەدا، واتە تەنها بۆ ئەوانە ئەنووسن کە سەقافەتێکی ئەدەبی یان هەیە))(قەرەداغی، ١٤-١٠-١٩٧٢: ٣)

(شێرکۆ بێکەس)لەوەڵامی پرسیارێکی ڕۆژنامەی هاوکاری دەربارەی نوێکردنەوەو بەرهەمی ئەدەبی تاچ ڕادەیەک واقیعی ئەو کۆمەڵەی ئەدیب تیایا ئەژی کار ئەکاتە سەر بەرهەمەکانی تازەکردنەوەی کۆمەڵ و ئەدیب چ دەورێکی هەیە، شاعیر دەڵێت: ((بەلای منەوە تازەکردنەوە، لەناوەندی (واقیعی کۆمەڵ)و ئیبداعی هونەرمەندانەی ئەدیب خۆیدا بۆ دروستکردنی واقعێکی هونەریی نوێ تر، لەدایک ئەبێ، هۆیەکی یەک لایی نییە بۆ ئەم تازەکردنەوەیە، چونکە نەئەدیبی بێ کۆمەڵگا هەیەو نە کۆمەڵگای بێ ئەدیبیش هەیە)) (بێکەس،١٨-٥- ١٩٧٣: ٣)

هەروەها دەربارەی ڕەشبینی و ورەبەردان لەنێو دەقە شیعرییەکانیدا دەڵێت:((گۆڕانێکی گەورە، رووی کردۆتە ژیانی کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیریمان بەجۆرێک کە گەلێک پێوانەی چەسپاوی

لەوەو بەری هەڵ کەندەوە، تازەتری لەجێگە دانان، سەرجەمی ئەو گۆڕانانەی لەژیانی ئەدەبی ئەمڕۆمان و بەتایبەتی لەمەسەلەی ئەدەبی نوێمان جیاناکرێتەوە )) (بێکەس،١٨-٥- ١٩٧٣: ٣)

(طاهر صالح سعید) دەربارەی یاخیبوون و ڕوانگە بەم شێوەیە دەدوێت و دەڵێت: ((یاخیبوون لەهەموو نەریتێکی کۆن کە بمان بەستێتەوە ...ڕوانگە بەپێی پێویستی سەردەمی ئێستای کۆمەڵی کوردەواریمان توانیویەتی وەک بزوتنەوەیەکی ئەدەبی، کە ئامانجی بێ سێ و دوو تازەکردنەوەی ئەدەبی کوردیە)) (سعید،٤-١٢- ١٩٧١: ٣)

## ب-گروپی کەرکوک –کفری

ئەم گروپە لەم ئەدیبانە پێک هاتبوون ( لەتیف هەڵمەت، لەتیف حامد، فەرهاد شاکەلی، ئەحمەد شاکەلی ، بەرهەمەکانیان لە ڕێگەی ئێستگەی کوردی (بەغداوە ) بڵاودەکردەوە ( لە تیف هەلمەت ) دەربارەی ئەم بابەتە دەڵێت: (( لەو سالانەدا من و (فەرهاد شاکەلی )بەردەوام شیعری خۆمان بۆ بەرنامە شیعرییەکانی ئەوسای ئێستگەی کوردی بەغداد دەنارد، زیاتر ئەو دوو بەرنامەی کە (جەلالی میرزا کەریم ) و (کاک عبدالله عەباس ) پێشکەشیان دەکرد .)) (بەرزنجی،٢٠٠٨:٦١)

هەروەها بەیاننامەکەیان بەناوی (( (شێتەکان .. سەرنج، هەڵوێست، پرۆژە ))بڵاوکردەوە، هەرچەندە کاتی خۆی لە هیچ ڕۆژنامە و گۆڤارێکدا بڵاونەکراوەتەوە، بە بۆچوونی خۆیان ئەدیبانی ڕوانگە دەستیان بەسەر ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا گرتبوو و نەیانهێشتووە بڵاوبکرێتەوە، گروپی(کەرکوک –کفری ) بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە، لە کۆنگرەی یەکێتی نووسەراندا لە هەولێرلە ١٤ی تەمموزی ١٩٧١ دا نووسخەی بەسەر ئامادەبواندا لێ دابەشکراوە، بۆیە لێرەدا دەبێت، ئەگەر بەکورتیش بێت ئاوڕێکی خێرای لێ بدەینەوە، ئیمزاکەرانی ئەم بەیاننامەیە تەنها (لەتیف هەڵمەت و فەرهاد شاکەلی ) بوون.))(بەرزنجی٢٠٠٨: ٦٣-٦٤)پوختەی بەیاننامەکەیان باس لە ڕەتکردنەوە و نوێکردنەوە و یاخیبوون و شۆڕش دەکات و دەربارەی شکاندنی قاڵبی کۆنی شیعری کوردی و یاخیبوون لە شتە کۆنەکان و پێیان وایە، کە ((هەڵبەستی کوردی هێشتا دیلی ئەو قاوغەیە، کە هەر لە ناڵییەوە کراوە بە پۆیلانەی، کاتی ئەوە هاتووە کە شۆڕشێک بەرپا بکەین بەسەر هەموو ئەو دەستوور و یاسا و ڕژێمانەدا، کە تاکو ئێستا هەڵبەستی کوردی شەتەک داوە گۆڕانیش بێ شۆڕش نابێت؛ بۆیە ئێمەش کەلەپووری هۆنراوەییمان بەشێوەیەکی گشتی بەدواوە ئەدەین و لێی یاخی ئەبین و سزای پشتگوێخستن و بەرەلاکردنی بەسەردا ئەدەین....ئێمە (بەرهەمان، بوونمان، ژیانمان، گیانمان)لەناو یاخیبوون و شۆڕش و هەنگاونان و شێتبوون و تووڕەیی و گەڕاندا سەردەرئەکەین ئەڕوانیینە هەموو گەردوون تێکرا))) (سەعید،٢٠٠٥: ٤٥٣-٤٥٤)بۆ ئەوەی سەرنجی ئەوڕاستییە بدەین، کەئەم گروپە لە هەوڵی نوێکردنەوەی شیعری کوردی بووە، لەم بارەیەوە (شێرکۆ بێکەس)دەڵێت: ((نوێکردنەوە تەنها لە ڕوانگەدا نەبووە، بەڵکو لە جیلی کەرکوکیشدا هەبووە، ئێمە یەکترمان بینی و ویستمان بەیەکەوە بەیاننامەکە دەرکەین.بیرمە من

و(حسێن عارف)پێکەوە چووین بۆ کەرکوک (لەتیف حامد و لەتیف هەڵمەت)مان بینی، بەڵام ئەوان نەهاتنە پێشەوە، لەبەر چەند هۆیەک تا ئێستاش هەندێکیان نازانم چی بوو))(سەعید،٢٠٠٥:٤٥١)

هەروەها دەربارەی ڕۆڵی ئەم گروپە لە پێشخستن و نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا (فەرهاد شاکەلی) دەڵێت: ((پێموایە هەر کەسێک بە ویژدانەوە بڕوانێتە ئەو پرۆسە ئەدەبییەی لەدوای سالانی شەستەکان و ناوەڕاستی حەفتاکاندا گەشەی کرد، دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە شاعیر و نووسەرانی کفری، یان گەرمیان........تێکستی نوێیان پێشکەش کردووە، ئەو تێکستانە لەسەرەتاوە هەموو مەرجەکانی نوێکردنەوەیان نەگەیاندبووە پلەی کامڵبوون، بەڵام گرنگ ئەوەیە شاعیرەکان بە ئاگاداری و بە زانینەوە هەوڵیان دەدا، تێگەیشتنی هونەری خۆیان لە چوارچێوەی تێکستدا جێ بکەنەوە، بە زمانێکی دیکە مەلی دەروونیان بهێننە گۆ.)) (سەعدون،٢٠٠٩: ٧٠)

بەبڕوای هەندێ نووسەرانی تر، گروپی کەرکوک-کفری لەئاستی عێراقیشدا ئەزموونەکەیان ئەزموونێکی دەوڵەمەندتر بوو، گۆڕانکاری زیاتریشیان کرد بەتایبەت لەداهێنانی پەخشانەشیعردا.(ئەحمەد، ٢٠٢٤: ٣)

## ج- گروپی گۆڤاری هاودەنگ

ئەم گروپە وەکو گروپێکی ئەدەبی کامڵ نەبوو، چونکە لە ئەنجامی کۆبونەوەی کومەڵێ نووسەرو ڕووناکبیری گەنجی شاری هەولێر لەو قۆناغەدا دروستبوو، پێکەوە دوای وتووێژ و کۆبوونەوە گۆڤارێکیان بڵاوکردەوە بەناوی (هاودەنگ)، کە دەربارەی ساڵی دەرچوون و نووسەرانی ئەم گۆڤارە (نەوزاد ڕەفعەت) بەم شێوەیە باسی دەکات و دەڵێت: ((گۆڤاری ((هاودەنگ))لە ساڵی ١٩٨٣لە هەولێر دەردەچوو،تەنها دوو ژمارە لەم گۆڤارە دەرچووە.لەلایەن کۆمەڵێک نووسەرەوە هەموویان نیشتەجێی شاری هەولێر بوون هەندێکیان تەنها لە ژمارەیەکدا بەشداربوون و هەندێکی تریان لە هەردوو ژمارەکەدا بەشداربوون.دیارترینیان ئەو ئەدیب و نووسەرانەی لەم گۆڤارەدا بەشداربوون ئەمانە بوون (قوبادی جەلی زادە، هاشم سەراج، سەکران سابیر، محەمەد حەسەن ڕۆژبەیانی، نەژاد عەزیزسورمێ، مەولودئیبراهیم حەسەن، فەرهاد پیرباڵ، جەلال بەرزنجی، سەلاح عومەر، سەدرەدین خۆشناو، ڕۆستەم باجەڵان، نەوزاد ڕەفعەت))(میرە،٢٠١٢:١٢٧). هاودەنگ وەکو گۆڤارێکی سەربەخۆ دەرچووە، لەلایەن حکومەتەوە هیچ هاوکاریەک نەکراوە، بەڵکو لەسەر حسابی نووسەرانی گۆڤارەکە دەرچووە لەبەغداد، خاوەنی بەیاننامەیەکی دیاریکراو نەبوو، چونکە بەیاننامە خەسڵەتێکی دیاری بزوتنەوەی ڕۆشنبیری ئەدەبییە، تەنها دوو ژمارەی لێ دەرچووە، هیچ فەلسەفەیەکی دیاریکراویان نەبوو، بۆیە((یەکەم ژمارەی لە تشرینی دووەمی ١٩٨٣دا، دەرچووە.ژمارە(٢)ی دوا ژمارە بووە لە تشرینی دووەمی ١٩٨٤دا، دەرچووە، قەبارەکەی لە شێوەی قەبارەی کتێبی ئاساییدا بووە.))(ئیسماعیل تەنیا،٢٠١٣:١٣٦-١٣٧ )دوای دەرچوونی دوو ژمارەی ئەم گۆڤارە بەهۆی هەندێک کێشە و گرفت

لەناو دەستەی نووسەران و ترسان لە بارودۆخی سیاسیی ئەو سەردەمە نەیانتوانی بەردەوام بن، هەروەها ئەم گۆڤارە نەیتوانی پارێزگاری لە دەنگی نووسەران بکات، بۆ ئەوەی یەکگرتووبن و ببنە گروپێکی نوێخوازی لەو سەردەمەدا.

## د- گروپی پێشڕەو (تەلیعییەکان)هەولێر

ئەم گروپە وەکو گروپێکی دیاری ئەدەبی و ڕۆشنبیری لە هەولێر دەرکەوت بەناوی گروپی (پێشڕەو)، (پێشڕەوان)، (تەلییعیەکان) بەهۆی بارودۆخی سیاسی و تێڕوانین و بۆچوونی نووسەرانی ئەم گروپە بەرنامەی کاری خۆیان ئاشکرا نەکرد و خاوەنی هیچ بەیاننامەیەکیش نەبوون، بەهۆی ئەوەی پێیان وابوو، کە داهێنان کاری تاکەکەسییە و کاری گروپ و بزوتنەوە نییە، دەربارەی مێژووی سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی ئەم گروپە، کە لەشێوەی کۆبوونەوەی هەندێ نووسەر و ئەدیب بوون، بەم شێوەیە (دڵشاد عەبدوڵڵا) باسی چۆنێتی دروستبوونی ئەم گروپەمان بۆ دەکات و دەڵێت: ((سەرەتا ئێمە سێ کەس بووین لەماڵی عەباس عەبدوڵا یوسف دانیشتین(جەلال بەرزنجی، عەباس عەبدوڵا، من)پاشان دانیشتنەکان فراوانبوون، هەموو پێنج شەموانێک سووچێکمان هەبوو، کردبوومان بەشێوەی سالۆنی ئەدەبی و بەرهەمی تازەمان تێدا دەخوێندەوە.گفتوگۆی تازەمان دەکرد،زۆر موعجیب بووین بە ئەدەبی سەردەمی شەڕەکانی ئەوروپا)) (میرە،٢٠١٢:١٣١)شاعیرانی ئەم گروپە هەوڵیان دەدا، کە شێوازی شیعری کوردی بگۆڕن، هەروەها وێنە و دەربڕینەکانیان بەشێوەیەکی ئاڵۆز بوو، لە ڕووی زمانیشەوە دەقەکانی ئەم گروپە گۆڕانی بەسەردا هات، خەسڵەتێکی دیاری ئەم گروپە ئەوە بووە، کە سیاسەت بەشێک نەبووە لە بەرنامەی کاری ئەدەبیان، کە ئەمەش لە گروپی (کەرکوک- کفری)نزیک دەبێتەوە، کە لە ساڵی حەفتاکاندا دروستبوو.

بەم چەشنە دەبینین دوان لە شاعیرانی سنووری توێژینەوەکەمان لە ڕابەرانی دوو کۆمەڵی دیاری ئەو قۆناغە بوون ، کە بانگەوازی یاخیبوون لە قاڵب و بابەتی شیعری کۆنیان بڵاودەکردەوە ئەوانیش (شێرکۆ بێکەس) و(فەرهاد شاکەلی)ن .

لە بارەی پێگەی (شێرکۆ بێکەس) لەو قۆناغە شیعرییەدا دەگوترێت: (( دەنگەکان دێن و بەرجەستە دەکەون و دەبن بەسەدایەک لە سەداکانی ئەو... حەفتاکان و هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکانیش، مژدەی لەدایک بوونی شاعیری (دژە شێرکۆی ) پێ نەبوو، ئەم پیاوە لە کۆتایی شەستەکانەوە دەست پێ دەکات و دێت لەسەفەری درێژی خۆیدا، هیچ بەربەستێکی شیعری سەخت لەسەر ڕێگایدا نەوەستاوە، بەڵام (شێرکۆ ) لەبەردەم نەوە شیعرییەکانی دوای خۆیدا بەربەستێکە کە بڕین و شکاندنی کارێکی ئاسان نیە .. بەڵام پرسیار لە نهێنیەکانی ئەزموونی شێرکۆیی، پرسیارێکی سادە نییە...چونکە پرسیار لەم ئەزموونە، چەند پرسیارە لە مێژووی (شیعر

) ی ئێمە، هێندەش پرسیارە لە ئەزموونی سیاسی و لە مێژووی فەرهەنگ و کەلتووری ئێمە . ))(حەسەن و کۆمەڵێ نوسەری دیکە،١٩٩٩:٢٠)، ئەمەش ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە، کە توانا و داهێنانەکانی شێرکۆ لە مێژووی شیعری کوردیدا ئەستێرەیەکی پرشنگدارە و بۆ ئەو قۆناغەش خەسڵەتی یاخیبوونی هەڵگرتووە، وەک خۆی دەڵێت :(( یاخیبوونی ئێمە کوێرانە نییە، بزووتنەوەی ڕازی نەبوونە، یاخی بوونە دژی هەموو چەوسانەوەیەک ، ڕامالێنی ئەو نەریت و عورف و تەقالیدە ڕزیوانەیە کەڕێگەیان لە پێشکەوتن گرتووە .. پەردە هەڵماڵینە لەڕووی دڕندەیەتی شارستانیەت خۆی .. یاخی بوونمان پریشکی تەقینەوەی شۆڕش خۆیەتی، ئەو یاخیبوونەیە لەداهێنانی ئەدەبیماندا لەشێوە و ناوەڕۆکی بەرهەمەکانماندا، لەزمان خۆی )) (بەرزنجی،٢٠٠٨ :١٣٨) تێکرای ئەم بۆ چوونەی (( شێرکۆ )) لەنێو بەرهەمەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە.

هەروەکو( شێرکۆ ) لە شیعرێکی تردا ئەستێرە وەک هێمایەک بەکاردێنێت، ئەوەتا لە شیعرێکیدا بە ناوی ( کاروان کوژە ) وە دەڵێت :

**ئەستێرەیەک چاوی داگرت**
**شوێنی کەوتم**
**ئەو هەر ڕۆیشت و منیش ڕۆیشتم**
**بۆم ڕاوەستا ...**
**لە پاڵ**
**دیواری پەڵە هەورێکدا**
**بۆم ڕاوەستا (بێکەس(ش)،١٩٨٧:٢٩)**

(شێرکۆ بێکەس) شێوازێکی تری تەکنیکی شیعری بەکارهێناوە، کە پێشتر لەنێو شیعری کوردیدا نەبووە و بەکار نەهێنراوە، لێرەدا ئەستێرە ڕەمزە بۆ شۆڕشی تازە، ئەوەتا لە شیعرێکیدا بەناونیشانی (ناو نیشانمان )ەوە شاعیر دەڵێت :

**ناونیشانمان**
**شاری : پارە**
**گەڕەک : دەهۆڵ**
**شەقام : تەڵە**
**کار : مامۆستای وانەی هەڵە**
**قوتابخانە : باوکی درۆ .. هتد (بێکەس(ش) ،١٩٧٨:١٧٢)**

ئێمە دەزانین لەسەر ناسنامە، کە دەنووسرێت شار یەکسەر ناوی شارێکی واقیعیمان دێتە پێش چاو، واتە شاری سلێمانی یا هەر شارێکی تر، یان کە دەڵێین گەڕەک لە ناسنامەدا یەکسەر گەڕەکێکی ناسراومان دێتە پێشچاو، واتە گەڕەک : سەرشەقام یان هەر ڕزگاری، شێرکۆ بێکەس بە پێچەوانەوە ، لەجیاتی ئەوەی بڵێ شار :

**شار : سلێمانی**

**گەڕەک : سەرشەقام**

**کار : مامۆستا**

**قوتابخانە : دواناوەندی ئاگری داخ**

**دەڵێت :**

**شار : پارە**

**گەڕەک : دەهۆڵ**

**کار : مامۆستای وانەی درۆ**

بەم جۆرە شیعریەت و خەیاڵێکی شیعری بە شێواندنی بەشی بەرانبەری ناسنامەکە بەرهەمدەهێنێت، ئەگەر چی (شێرکۆ بێکەس )سوودیشی لە شیعری عەرەبی وەرگرتووە ، بەڵام هەستپێکردنێکی تازەیە (( شێرکۆ )) لە دابەشکردنی وشەکاندا سوودی لە تۆگرافیای ناسنامە بینیوە .( بەرزنجی،٢٠٠٨:١٧٤)

شاعیر لە دەقی (شەش وێنەی نەگیراو )دا وێنای ئەو بارە دەروونی و هزرییەمان بۆ دەکات کە لەو ڕۆژگارەدا سەرقاڵی کردون و بیری نوێگەری و یاخیبوون لە چوارچێوەی شیعری پێش خۆیان دەکاتە هەوێنی شیعرەکەو دەڵێت:

**لەناو سەرما .. کارگەی وشە شپرزەکان**

**کارگەی بیرە یاخییەکان**

**تابوتی شەو .. دروست ئەکەن**

**بۆ تەرمی ڕۆژە .. مردوەکان .**

**تەم .. ئەکەنە بەری درەختی سەر ڕێگا**

**نەزۆکەکان ..**

**کڵپەی خوێنی دەم و چاویان**

**ئاگردانە بێتینەکان ئەسوتێنێ**

**تاریکایی ..ئەتۆقێنێ . (بێکەس(ب) ،١٩٧٣: ٩٣)**

لەم دەقەدا  شاعیر یاخییە لە هەموو ئەو بیرو وشە شپرزانەی، کە لە نێو سەریدا پەنگ دەخواتەوە و تابوتێک دروستدەکەن و ڕێگاکانی بەردەمیان تاریک دەکەن، بەڵام بە خوێنی گەشی یان هەموو ئەو ئاگردان و تاریکیانە دەترسێنن، کە دێنە بەردەمیان و دەبنە کۆسپ و تەگەرە، واتە تێکشاندنی کۆسپەکانی بەردەمیان، کەواتە ((زمان کەمێک لەو دیکتاتۆرییەتی خۆی دەکەوێت، بەو ڕەقێتی و جەبرەی خۆی مل بۆ شاعیر نادات و ڕەوتی شیعری خاو دەکاتەوە))(عومەر،٢٠١٢: ٤-٥).

(شێرکۆ بێکەس)ی شاعیر لە دەقی شیعری (دڵداری ناو شارێکی مردوو)دا  دەڵێت:

**ئەمجارەیان ... قەڵەمەکان**

**قەڵەمە ترسنۆکەکان**

**قەڵەمە نووک جنۆکەکان ..**

**لە شەقامی کەڕو لاڵی شارەکەما**

**کلکی ترسیان کڵافە کرد !**

**کەوتنە چینە،**

**لە کەلاوەی خێوەکانا کەوتنە چینە**

**بەدەلاقەی دەرگای برینی تەمەنی ،**

**سارێژنەبووی لەشی کوردا ..**

**کەوتنە دادروونی پێنە !**

**ئەمجارەیان .. لە شەقامی کەڕولاڵی شارەکەما**

**ڕۆشنبیران**

**بەکڵاوەکەی ((سحری جن )) زۆریان گیران !**

**جێیانهێشتین .. (بێکەس (ب)،١٩٧٣: ١٠٨)**

لێرەدا شاعیر یاخیبوونی خۆی بەرامبەر ئەو ڕۆشنبیر و نووسەرانە دەردەبڕێت و بە ترسنۆکیان ناودەبات، لە کاتێکدا شارەکەی  کلک و گوێ کراوە، بەڵام دواتر ئەو خامانە وەکو دێو ڕادەپەڕن و قاوغی ئەو ترسە دەشکێنن و دەکەونە خۆیان بۆ ئەوەی سارێژی ئەو برینە بکەن کەبەسەر نەتەوەی کوردا هاتوو، بەڵام دواجار لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە، کە نابیستن و لاڵن

دەستگیر دەکرێن، ئەم بیرە پڕ لە ڕووبەڕووبوونەوەیە سیمایەکی نوێی ئەو قۆناغە شیعرییەی شێرکۆیە.

(شێرکۆ) لە دەقی (کینگل)دا دەڵێت:

**سەرم کتێبێکی کۆنە لەناو تاقی  مێژوویەکا دانراوە.**

**تۆزی شپرزەیی ئەیخوا-سەر لەسەر سەر هەڵچنراوە-**

**خەتەکانیان داون ... ئەلکێن بەقاچی جاڵجاڵۆکەی ڕۆژەکانا**

**لەشم خوانێکە لە ژووری نەوسەکانما ڕاخراوە . (بێکەس(ب) ،١٩٧٣: ١١)**

شاعیر پەیوەندیی خودی خۆی و مێژوو لێکدەداتەوە، کە لە ڕێگەی زمانێکی شیعری تۆکمە سەری خۆی چواندووە بە کتێبێکی مێژوویی کۆن، کە تۆزی شپرزەیی ئەیخوا و هەڵچنراوە، هەروەها چواندنی لەشی بە خوانێک کە لە ژوورێکی  نەوسندا ڕاخراوە، لە ڕاستیدا لەشی مرۆڤ نابێ بە خوان و ژووریش بێ گیانە، بەڵام شاعیر لێرەدا سیفەتی نەوسنی داوە بە وڵاتانی داگیرکەر، کە شاعیر لێرەدا مەبەستی نەتەوەی کوردە،  کە کراوە بە خوانێک و لە نێو ژووری جیهاندا ڕاخراوە بۆ دەوڵەتە زلهێزو   داگیرکەرەکانی جیهان، وەکو خوانێکی ئامادەکراو لەبەردەمیانداو  بە ئارەزووی خۆیان لێی دەخۆن و دابەشی دەکەن، هەروەها فەرهەنگی زمانەکەش هەمان فەرهەنگی زمانی پێشووە، بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستیەش بۆچوونی (شێرکۆ بێکەس)وەردەگرین و دەیکەینە بەڵگە کە دەڵێت:((فەرهەنگی زمانەکە تاڕادەیەکی زۆر فەرهەنگی زمانی پێش خۆمان بوون))(بەرزنجی،١٩٩٧: ١٥)بێگومان ئەمەش ڕاستە، کە فەرهەنگی زمانەکە تا ڕادەیەک فەرهەنگی پێش ئەو قۆناغەیە، بەڵام هێنانی وشەکان و ڕیزکردنیان و دۆزینەوەی پەیوەندی واتای نوێی لە نێوانیاندا بەرهەمی ئەندێشەیەکی قووڵ و داهێنەرانەیە  ئەوەتا (شێرکۆ) لە دەقی (برووسکەی سروودێکی زامدار) دا دەڵێت:

**لە گەرووتانا ڕەشەبای سلەیمانین**

**لەسەر سنگتان تاشەبەردی**

**ئاگری داغین .**

**لە چاوتانا ..**

**شاڵاوی بابەگوڕ گوڕین .**

**لە دڵتانا...**

**سەهۆڵبەندانی سابڵاخین .**

**لێتان ... لێتان نابینەوە**

**...............................**

**وەک ئاگر چۆن :**

**لەکاو پووشو نابێتەوە (بێکەس(ب) ،١٩٧٣:١١٢)**

سەرنجدان لە وشەکانی نێو ئەو دەقە ئەو ڕاستیەمان لا دەردەخات، کە زۆربەیان هەڵگری واتا فەرهەنگیەکەیانن، بەڵام شێوازی یەکخستنیان لە پێناو بنیاتی وێنەی شیعری نوێدایە، (گەروو – ڕەشەبا) (سنگ– تاشەبەرد) (شالاو– بابا گورگوڕ) ( ئاگر– کاو پوشو)، هەر ئەمەش وامان لێدەکات لە ڕووی بنیاتی وێنەوە دەقەکە بە دەقێکی نوێ و داهێنەرانە لە قەڵەم بدەین.

هەریەک لە (سلێمانی ، ئاگری داغ، باباگوڕگوڕ، سابڵاخ) هێمای شۆڕش و لانەی خەباتی کوردانن وشەکان بەرەو کایەی شۆڕش و یاخی بوو دەبەن.

(شێرکۆ ) لەدەقی (کفن دز – ئەکتەر )[٢] کەلە سەرەتای (١٩٧٤) نووسیویەتی و دەڵێت:

**هەناسەدان لەناو سنگی ولاتێکدا**

**کە سییەکانی بە بارووت داگرنەوە !**

**چی بەسەردێ ؟!**

**–ئەمە ڕاهێنانی مەرگە ، کاتێ کە خاک**

**ژان بە دووانەی**

**شەوی بوومەلەرزە و بورکانەوە ئەگرێ ! (بێکەس(پ) ،١٩٧٤:٦١)**

لە زمانی شیعردا سنورە واتاییەکان گەلێک جار تێدەپەڕێنرێت و ئەفراندنێک لە زمان بەرپا دەکرێت ، شێرکۆ لێرەدا هەردوو کارەساتی سروشتی (بوومەلەرزە و بورکانی ) پێکەوە گرێ داوە، کە ئەمە لە واقیعدا مەحاڵە، بەڵام لە چوارچێوەی دەقەکەدا خراوەتە خزمەتی بیری دەقەکە و جوانی کردووە ، ئەمەش بە هۆی ئەو پێکەوەهێنانەی لە نێوان (هەناسەدان– باروت)دا لەسەرەتای

---

( [٢])ئەم شیعرەش بۆ جاری دووەم و لەکۆتایی هەمان ساڵدا کەمێک گۆڕانی بەسەردا هاتووەو دەسکاریی کراوەتەوە لە ساڵی(١٩٧٤ )دا، هەمان ناونیشان و لەچوارچێوەی هەمان ناوەڕۆکدا لەساڵی ١٩٧٩ لەلایەن ( ڕەفیق سابیر ) بڵاوکراوەتەوە،(ڕەفیق سابیر، لاپەرە – ٦٨٥ ).

شیعرەکە هاتووە.لە ڕووی لۆژیکەوە لادانی واتایی زۆری تێدایە، شاعیر بۆ مەبەستی واتای ئێستاتیکای شیعرەکانی پەیرەوی دەکات، کاریگەریی ئەو بەکار هێنانە تایبەتیەش لەسەر واتای شیعرەکە زۆر ئاشکرایە (فتجنشتاین )[٣] لە بارەی چەمکی واتای سیاقی دا دەڵێت : ((لێکدانەوەی واتای وشەو بە ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی بەکارهێنانی دەکرێت، پشت دەبەستێ بەو دۆخە جیاجیایانەی کە وشەکەی تێدا بەکاردێ، وشەکان لە خودی خۆیاندا وەک مردوو وان، بەکارهێنانیان لە سیاقدا دەیانژیێنیتەوە ))(عبد العزیز موافی : ٢٠٠٨: ٢٢٩ )هەروەها واتای پەنهان(( ئەو واتایانەن کەلە دەرەوەی پەیوەندییە زمانییەکانی ناو دەقەوە هەڵدەقوڵێن، واتە لە ئەنجامی پەیوەندی دەق بە بوارەکانی دەروونی شاعیر و باری کۆمەڵایەتی و باری ئابووری و ڕامیارییەوە ئاشکرا دەبن، ئەمەش واتایەکە ڕاستەوخۆ دەست ناکەوێت، بەڵکو پێویستی بە گۆشەنیگای ڕەخنەیی جیاواز هەیە، بۆ ئەوەی هەڵبهێنجرێت .))( علی : ٢٠٠٧ : ١٦١ )

ئاستی داهێنان و تازەگەری شاعیر بۆ ڕازاندنەوەی زمانی شیعری پەلکێش دەکات، چونکە ((پرۆسەی داهێنانی شیعر، پتر لە بواری داهێنانی زماندا خۆی دەنوێنێت )) (عبدالرحمن، ١٩٧٦ :١)

شاعیر لە دەقی (ڕووبار )کە لە ساڵی(١٩٨٤)نووسیویەتی ڕاشکاوانە ڕوو لە شاعیرانی هاوچەرخی دەکات و داوای تێپەڕاندنی ئەزموونی پێش خۆیان لێدەکات، شێرکۆ دەزانێت واقیعە نوێیەکە بیر و زمان و شێوازی نوێ دەخوازێ؛ بۆیە دەڵێت:

**شاعیرانی وڵاتەکەم !**
**بۆچی خۆتان لە ناو تەنها**
**دەوارێکی هۆبەی شیعرا**
**قەتیس ئەکەن؟!**
**بۆ لە یەک ئاواز ئەخوێنن؟!**
**بۆ تۆوی گوڵێک ئەچێنن ؟!**
**چاوی شیعر..کوێ نابینێ؟!**
**گوێچکەی شیعر.. چی نابیستێ !**

---

( [٣] )لودفیج فتجنشناین (١٨٨٩-١٩٥١) : فەیلەسووفێکی هاوچەرخی بواری فەلسەفەی شیکارییە ،کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر و بیری فەلسەفەیی سەدەی بیستەمدا هەبووە ، دوو کتێبی گرنگی هەیە کە وەرگێڕداونەتە سەر زمانی عەرەبی بەناوی (رسالة منطقیة فلسفیة ) و (بحوث فلسفیة ). (مجهول : ٢٠٠٩ ،٣ ) .

**خەیاڵ کوا سنووری هەیە !**

**بەهرە کوا ڕێی دووری هەیە(بێکەس(چ) ،١٩٨٤: ٩)**

بەکورتی شاعیر بانگەوازی شۆڕشێکی شیعری دەکات، کە ناوەڕۆک و تەکنیکی شیعر بە گشتی بگۆڕێت، ئەمەش وەک خۆی دەڵێت :((ئەو سەردەمەی ئێمە هاتینە کایەوە لە سەردەمەکانی پێش خۆمان زۆر جیاواز تربوو، دژوارتربوو، بەژانتر بوو، بەسەرهاتەکانی خێرا ترو خوێناوی تر بوون، ئێمە لە سەرەتای پێشکەوتندا بووین، کە زریانی شۆڕشی ئەیلوول هەڵی کرد.بەیەکدادان لەگەڵ دەسەڵاتی داگیرکەردا توندو تیژ بووە مرۆڤی پێشمەرگە هاتەکایەوە، ژیان تەقییەوە ...چەک چەکی بەرگری لەوجود بوو بەپیرۆزترین دیاردەی ژیانمان، دۆڵە خامۆشەکەی دوێنی کەوتە ناو گەردەلوولێکی ئێجگار ترسناکەوە هەموو شت ڕوو لەوەرچەرخانێکی تر بوو...شیعریش لەکەژاوەی ڕۆمانسیەتەوە هاتە دەرێ و چووە ناو دوکەڵ و باروتەوە ، گرمەو ناڵەی فڕۆکەو ناپاڵم بوون بە دەنگە زاڵەکانی ژیانی ڕۆژانە سەردەمی ئارامی گەشتی قەرەداغ و هەورامان، دڵداری بەر مانگە شەو بەسەر چوون))(بەرزنجی ،١٩٩٧: ١٢) .

شاعیر لە دەقی (دووڕیان ) کە لە ساڵی (١٩٨٤) نووسیویەتی و دەڵێت:

**وەکوو سیروان ماندوو نابێ**

**ماندوونەبووم**

**وەک چۆن پێ دەشتی گەرمیان**

**لەبەر هەتاو بێزار نابێ**

**بێزار نەبووم**

**من ئەو داستانە گەورەیەم**

**دوای ئاشبەتاڵ**

**لەدایک بووم . (بێکەس(خ) ،١٩٨٥:١٠٨)**

یەکێک لە تەکنیکە شیعرییە بایەخ پێدراوەکانی ئەم قۆناغەی (شێرکۆ بێکەس) پەنابردنە بەر گواستنەوەی بیرەکانیەتی لە ڕێگەی خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی خاک و ئاوی کوردستانەوە، لێرەدا لە ڕێگەی (سیروان، دەشتی گەرمیان)وە ماندوو نەبوون و بێزارنەبوونی خۆی، کە وێنای گەلەکەی دەکات پیشاندەدات و جاڕی شۆڕشی نوێ ڕادەگەیەنێت.

بەکەسکردن خەسڵەتێکی تری زۆر پەیڕەوکراوی شیعرییە لای (شێرکۆ بێکەس )، ئەوەتا لە دەقی (هەڵگوردی (پ٠ م ) کە لە ڕێکەوتی (٨ ٢\ ١٩٨٥\) نووسیویەتی و دەڵێت :

**ڕێی هەکارەو ئەمان نانن**

**نان لەبرسا بەلادا دێ .**

**ڕێی هەکارەو ئەمان ئاون**

**ئاو تینوێتی و وا ئەخنکێ .**

**ڕیز ئەوەرێ بەڵام ئەڕوات و ناوەستێ**

**هەر هەروازە و هەر ڕەوەزەو هەر قوتکەیە . (بێکەس(خ) ،١٩٨٥:١٣١)**

زمانی شیعری لە ڕێگەی دروستکردنی وێنەکاندا لە چوارچێوەی پێکهێنان و ئاسۆی پڕ مەبەستی شاعیر ئەنجامدەدرێت، چونکە سروشتی دروست کردنی دەق لادانە لە یاساو زمانەوانییەکان، لێرەدا شاعیر دەڵی نان لە برسا بەلادا دێ ئاو تینوێتی و وا ئەخنکێت، کە ئەم بە واتای بە دروستی خۆی بەکارنەهاتووە، بەڵکو خوازەیە بۆ مەبەستێکی دیکە بەکارهاتووە، چونکە ((شیعریش، بۆ ئەوەی گوزارشتێکی پڕ لە کاریگەری جادوویی نائاسایی بگەیەنێت، زمان بە هۆی هەندێ ڕیتم و ئاوازی نائاسایی، وەک گوڕ و تینێک بەکاردەهێنێت )) .( الورقي، ١٩٨٤ : ٦٧ .)

یەکێکی تر لە تێبینیەکان، کە سەرنجمان ڕادەکێشێت و لە بەشێک لە شیعرەکانی قۆناغی (١٩٧٠-١٩٩١) ی (شێرکۆ بێکەس)دا ڕەنگیداوەتەوە، قسە کردنیەتی لەسەر شێوازی شیعر، کاریگەری وشەو دەربڕینە شیعرییەکان، پەیامی شیعر .....هتد، کە ئەمەش وامان لێدەکات بڵێین شاعیر مەبەستیەتی قۆناغە شیعرییەکەی بە ئاڕاستەیەکی نوێدا ببات، ئەوەتا لە دەقی (زەبر) دا دەڵێت:

**لای من ئەمڕۆ**

**کەڵلەی شیعرو سەری بزمار**

**وەکوو یەکن**

**کاتێ هەردوو نووکی تیژیان**

**قووڵ ڕۆئەچن...**

**لەسەر ئەویا زەبری ئازار**

**لەسەر ئەمیش زەبری چەکوش**

**دەس دائەگرن . (بێکەس(ز) ،١٩٨٦:٦٧)**

شاعیر کاریگەری شیعر لە بزمار بە کەمتر نازانێت، لێرەشدا هێز و ئاواز، دەسەڵات و توندوتیژی ڕۆڵیان هەیە لە بەخشینی زمانێکی زبر بە شیعر کە لە ئاست ڕووداو و کارەساتەکانی سەردەمەکەیدا بێت.

ئەو ڕاستیەش  لە دەقی (دەسەڵات )کە لە ساڵی (١٩٨٦) یدا زۆر جوانتر ڕەنگیداوەتەوە :-

**کام کونە دەرزی بیرۆکە**

**زۆر بچووکە**

**بە تاریکیش من ئەتوانم**

**دەزووی شیعریان پێوە بکەم .**

**کامە خەیاڵ ئێجگار لووسە**

**من ئەتوانم هەر بە دەستی**

**ڕووتی ڕستە**

**بیگرم وەکوو ئەم پێنووسە.**

**کام حوتی دەریا گەورەیە ،**

**من ئەتوانم لە پەرداخێ وشەی پڕدا**

**جێی کەمەوە .**

**بەڵام ئەوەی نە لە دڵما و نە لە شیعرا**

**هەرگیز جێیان نابێتەوە**

**درۆی گەورە**

**یان بچووکە ! (بێکەس(ز) ،١٩٨٦:٨٨)**

شاعیر شانازی بە توانای شیعری خۆیەوە دەکات، کە هیچ بیر و ئەندێشە و وشە و ڕستەیەک ناتوانن لە دەستیدا دەرباز ببن، بەڵام بیری درۆ هەرگیز لە شیعریدا جێی نابێتەوە، گەرچی لێرەدا مەبەست لە درۆی دەسەڵاتدارانە، بەڵام ناڕاستەوخۆ شاعیر دەیەوێت پێمان بڵێت شاعیری ڕاستەقینە بیری ڕاست دەکاتە شیعر.

باڵا دەستی شێرکۆ لە بواری زماندا خەسڵەتێکی دیار و بەرچاوە خۆشی هەستی بەم ڕاستییە کردووە، بۆیە لە دەقی (یاخی بوون)دا دەڵێت:

**ئەی زمانە شیرینەکەم !**

**لێم ببورە**

**بۆیەکەم جار بە گوێت ناکەم !**

**بۆ یەکەم جار لەفەرهەنگت یاخی ئەبم**

**بۆ یەکەم جار تۆ وەک تینوو**

**بە شوێن مندا ڕائەکەیت و**

**منیش سەراب (بێکەس(ز) ،١٩٨٦: ٦٨)**

یاخیبوونە لە زمان ، بەوەی (شێرکۆ) گەلێ جار خۆی وشەی داتاشیوە و نموونەشی زۆرە ، شاعیر لە زمانی شیرینی کوردی و فەرهەنگی زمانی کوردی، وەکو خۆی دەڵێ بۆ یەکەم جار لێی یاخی دەبێ و گوێی پێنادات، کەچی زمانیش بەدوای شاعیر دەکەوێت.

یەکێک لەو تایبەتمەندیانەی شێرکۆ لە شاعیرانی سەردەمەکەی جیادەکاتەوە داڕشتنی وشەی نوێیە و بەکارهێنانیانە لەشیعردا ((شیعر ناودارترین و پاکترین دیاردەی ئەدەبییە ، بەڵام بە هەڵوێستێکی بەرهەڵستکارانە وەستاوە لە چاو جۆرەکانی تری ئەدەب ، و ئازادییەکی ڕەهای بە خۆی بەخشیوە لە گوزارشتکردن لەم سرووشانەی بۆ خەیاڵی بەتوانا و زاڵبوودا دێت، بەردەوام بە زیندەگی ناخ و قوڵایی نەستدا ڕۆدەچێت . یاری بە بیرێکی خالێکراو لە هەموو ڕاستیەکی باڵا دەکات، ئەم گۆڕانکاریانەش ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەرئەم زمانەی، کە ڕەخنەگران و شاعیران خۆیان بەکاریدەهێنن لە قسەکردنیان لە شیعردا )) (المكاوی ، ١٩٧٢ : ٣٦ )زۆر جار وشە مردووەکان زیندوو دەکاتەوە.

(ڕەفیق سابیر) دەربارەی هەبوونی بزوتنەوەی ئەدەبی لەو سەردەمەدا دەڵێت:((ساڵی ١٩٧٠ بزووتنەوەیەکی نوێی ئەدەبی، ڕووناکبیری و هزری، لەکوردستاندا دەستی پێ کرد، لەماوەیەکی کورتدا وزەی ڕووناکبیریی گەلی کورد، کە نۆ ساڵ بوو سەرکوت وخەفە کرابوو، بەگوڕ و تینێکی

نویٚ وناوەڕۆکی نوێوە، لە شێوەی بزاڤێکی ئەدەبی، هونەری وڕووناکبیریدا دەرکەوتەوە، نەوەیەکی نوێی نووسەران، هونەرمەندان و ڕووناکبیران، کە لەناو تەپوتۆز و دووکەڵی شەڕی نۆ ساڵەدا گەورە بووبوون،لەبواری جۆراوجۆری نووسین، ڕۆژنامەنووسی، هونەر و ئەدەبیاتدا دەرکەوتن، ئاشتی و هیوای ژیانێکی نویٚ، سەریان هەڵدایەوە کولتووری شار و داهێنان گەشەیان کرد و بەرەو ئەوە دەچوون، کە جێگای بە کولتووری زەبرپەروەر و بەخۆێن ئاودراوی شاخ بگرنەوە .)) (نوورەدین،٢٠٢٢: ٢٠)

یەکێک لە خەسڵەتەکانی یاخیبوون، داهێنانە، توانای دەرخستنی بەهرەی شاعیرە، کە چۆن خۆی جودادەکاتەوە لەوانی تر، ((بۆیە جیاوازبوون بەرەو خۆبوون و جیاوازیی ستایل و تایبەتمەندیمان دەبات، لەوانەیشە خۆی ببێتە جۆرە ئامانجێک،کە بە هۆیەوە ئەزموونی شاعیر( هونەرمەند بەگشتی)پیٚ دەگات و بەرەو خەملین و کامڵبوون دەچێت .)) (سابیر،٢٠٢٢: ٢٠٥-٢٠٦)

هەروەها شاعیر باسی ئەو قۆناغە مێژووییە دەکات و دەڵێت:((لە سەرەتای حەفتاکاندا بزوتنەوەیەکی نوێی ئەدەبی و بەتایبەتی شیعری سەری هەڵدا، کە گۆڕانێکی دیاری بەسەر شێوە و ناوەڕۆک و زمان و وێنە و تێڕوانینی شیعری کوردیدا هێنا .)) (سابیر،٢٠٢٢: ٤٢٠)

بێگومان(ڕەفیق سابیر) خۆی یەکێک بووە لەو شاعیرانە و ئەوەتا لە دەقی (چەند بیرەوەرییەک لەژوورێکی بیٚ دیواردا)دا دەڵێت:

**کە ئاوارە برسییەکانی ئەم شارە**

**دەست لەنێو دەستی –با-دەنێن**

**گۆڕەکەیان دەخەنە سەر لەپی دەستیان**

**بەسەر لاشەی مردووماندا**

**بەسەر لاشەی سڕبووماندا بەرەو ئەو دیو دیوارەکان هەنگاو دەنێن**

**دەرگای زامی سنگی چیا دزراوەکان**

**بۆ پێشوازی**

**کاروانێکی سەرهەڵگرتوو دەکرێتەوە**

**سەری ونم**

**لەگەڵ هەناسەی هەتاودا**

**بۆ ژووری لەشم دێتەوە**

**هاوڕێ کوژراوەکەشم**

**دەگەڕێتەوە(سابیر،١٩٧٦:٧٩٨)**

ناونیشانی  ئەم دەقە کە بریتییە لە (چەند بیرەوەرییەک لە ژوورێکی بێ دیواردا) خۆی لەخۆیدا ناونیشانێکی نوێیەو دەکرێت بە چەشنە یاخیبوونیکی شاعیر لە ناونیشانە شیعرییەکانی پیش خۆی لێکی بدەینەوە، بەو پێیەی چۆن ژوور بێ دیوار دەبێ؟ ! ئەم ناونیشانە، کە سەرنجڕاکیشە ئەو بۆچوونەی شاعیرمان بیر دێنێتەوە، کە دەڵێت : ((هونەرمەند قەت نابێ ڕازی بێت . داهێنان کۆتایی نییە . هەمیشە شتێکی تازە هەیە دابهێنرێت . ئەگەر مرۆڤ وەکو شاعیر،یان هونەرمەند، پێی وابێ گەیشتووەتە ئامانجی خۆی، ئەو کاتە داهێنان کۆتایی دێت .)) (سابیر،٢٠٢٢:١٥)

لەو ڕۆژگارەدا جگە لەخواستی داهێنان و نوێگەری لای شاعیران سانسۆری دەزگا ڕۆشنبیرەکانی بەعسیش وایانکردبوو، شاعیران پەنابەنەبەر ڕەمز و زمانێکی خوازەیی تایبەت، بۆیە شاعیر دەڵێ:-((ئێمە هەموومان وێنەی شیعری و کۆدمان بەکاردەهێنا، بۆ ئەوەی هەندێ خوێنەر تێبگەن کە مەبەستمان چییە، دەوڵەتیش نەتوانێت شیعرەکانمان سانسۆر بکات .)) (سابیر،٢٠٢٢: ٣١)

هەموو ئەو وێنەو دەربڕینانە لەڕێگەی زمانی شیعرییەوە دەکرێت، بۆیە شاعیر دەڵێت : ((لە شیعردا داهێنان، پێش هەر شتێک، داهێنانە لەزماندا، زمانی شیعر، وەک زمانی مۆسیقا تایبەتە؛ بۆیە ئەگەر شیعر ماناکەی ڕوونیش نەبێت، دەتوانێت وێنەی مۆسیقا، یان تەنانەت وەک نیگارێکی ئەبستراکت( تەجریدی) هزر و هەست و خەیاڵمان بجوڵێنێت .)) (سابیر،٢٠٢٢: ٢٦٧-٢٦٨)

شاعیر لە دەقێکدا  بەناوی (کاتێک زامەکان هەڵدەچن)دا دەڵێت:

**ئەم بەیانییە**

**دەبێ پشکۆی دیمەنەکان**

**لە گۆشەی چاوەکانمدا بتوێنمەوە**

**ئێسقانە تەزیووەکانم پڕ کەم لە گڕ**

**بوومەلەرزەی خنکێندراوی گوندەکەمان**

**بژێنمەوە.**

**بەڵام بۆچی؟هەر دیمەنێک**

**گوللەی دەنگێک لەئاستمدا دەتەقێنێت:**

**-مردوویت..مردوویت**

**تەنیا لەیادی کۆمەڵێک**

**مردووی وەکو خۆتدا زیندوویت.(سابیر،١٩٧٦:٨٥٢)**

سەرنجدانێکی خێرا لە دەقەکە هەر لە ناونیشانەکەیەوە ئەو هەستەی شاعیرمان بۆ دەردەکەوێت، کە ڕەتکردنەوەی ناونیشان و وێنە شیعرییەکانی پێشووە، بەو پێیەی وێنە و دەربڕینەکانی (زامەکان هەڵدەچن، پشکۆ لەگۆشەی چاو بتوێنمەوە، بوومەلەرزەی خنکێنراو، لەیادی مردوو زیندوویت )لە خۆیاندا یاخیبوونی زمانی شیعرین.

(ڕەفیق سابیر) دەڵێت:((شێوازی شیعری نەوەی ئێمە جودا بوو، بەشێوەیەک لە شێوەکان جۆرە گوناهێک بوو، ڕێک و ڕەوان ڕێگەی بۆ سەردەمێکی تری ئەدەبی خۆش کرد . ئێمە ستایل و فۆڕمی نوێی هونەریمان تاقی دەکردەوە، کە بەرەورووی شیعری نەریتییانەی کوردی دەوەستا، پەخشانە شیعر، وێنەی سوریاڵی، سیمبۆل، ئەفسانە، داستان و دیالۆگمان بەکاردەهێنا . لە بری ئەوەی، وەکو شاعیرانی پێش خۆمان، تەنیا وەسفی قارەمانی و گیانفیدایی مرۆڤ بکەین، ڕووناکیمان دەخستە سەر جیهانی ناوەوەی مرۆڤ – جیهانی نەستی نائاگایی و خەون، کە ئازاری مرۆڤی سەردەمی شەڕی دەردەبڕی .)) (سابیر،٢٠٢٢: ٣٣)

شاعیر لە دەقی شیعری (کفن دز )دا دەڵێت :

**هەر لە ئێوارەوە**

**دارستانە زەرد هەڵگەڕاوەکەم بەجێ هێشت**

**چاوم بڕییە گۆڕستانەکەو چیاکەم لە ئامێز نا.**

**هەردوو چنگم پڕ لە خۆڵەمێش کرد لەناو گژەبا**

**بەفرینییەکەدا حەشارم دا.**

**..........................................**

**دەشێ ئەمشەویش کفندزان**

**چەند گۆڕێکی دی هەڵدەنەوە و**

**خەو لە چاوی مردووان بدزن**

**گۆڕەکان بە ئاوالّەیی لەبەر سەرمادا**

**مردووەکان بە رووتی لەبەر  با  دا**

**بەجێ بێلّن . (سابیر ،١٩٨٥:٦٨٥-٦٨٦)**

(کفن دز ) ئەگەر چی دەربڕینێکە لە دنیای فۆلکلۆری کوردیدا وەک (ئیدیەم)ێک بەکاردیت، بەلاّم لەم دەقەدا شاعیر بۆ دۆخێکی سیاسی مەزراندوویەتی و مەبەست لێی دەسەلاّتدارانی ئەو سەردەمەی بەعسە، بەواتا گواستنەوەی دەربڕینەکان  بۆ ئەوەی واتای نوێی ببەخشن، ئەمەش خۆی لەخۆیدا نوێخوازییەو ڕەتکردنەوەی واتا باوەکانی پێش خۆیەتی، هەروەکو شاعیر لەم بارەیەوە دەلّێت: ((زمانی شیعر جیاواز، پوخت و بژارکراوە، بەگشتی زمانێکی ناڕاستەوخۆ، پڕ میتافۆرو وێنەی تری شیعرییە، لەشیعردا وشە مانای قاموسیی خۆی تێ دەپەڕێنێت و دەتوانێت چەند مانای نوێ و جیاواز بەخۆی بگرێت))(سابیر،٢٠٢٣: ١٣٧-١٣٨) لەڕووی ڕەوانبێژییەوە خواستنەة لەڕووی ئیدیۆمەوە بۆ دەسەلاّتی ئەو کاتەیە .

هەر لەم دەقەدا وێنە و دەربڕینەکانی (چیاکەم لە ئامێز نا، چنگم پڕ لە خۆلّەمێش کرد، لەناو گژەبا بەفرینەکەدا حەشارم دا، خەو لەچاوی مردوان بدزن .......هتد) یاخیبوونی زمانی شیعریین و دەقەکەیان هێندەی تر تازە و زیندووکردوەتەوە.

(ڕەفیق سابیر) لە دەقی (ولاّتەکەم )دا دەلّێت:

**سەدان سالّە ولاّتەکەم خوێن دەچێنێت**

**کراسی گڕ دەکاتە بەر ڕۆلّەکانی**

**پەنجەی بە خوێنی نەوەکان**

**دەنەخشێنێت . (سابیر،٢٠١٤: ٧٨٣)**

لێرەدا شاعیر بە شێوازێکی تایبەت و دەربڕینێکی ناوازە باس لە خەبات و شۆڕشەکانی گەلی کورد دەکات، کە چەندین سالّە ڕۆلّەکانی لەو پێناوەدا گیانی خۆیان بەختکردووە، بۆیە لێرەدا شاعیر بە هێما باس لە مێژووی سەدان سالّی نەتەوەکەی دەکات، دەلّێ خوێن دەچێنێت، چونکە بە درێژایی مێژوو خوێنی ڕۆلّەکانی بە ناحەق ڕژێنراوە، (کراسی گڕ) هێمایە بۆ بەرەنگاری و ڕووبەڕووبونەوەی گەلی کورد لەگەلّ داگیرکەردا کە ولاّتەکەی بە پەنجەی خۆی خوێنی نەوەکانی دەنەخشێنێت .

شاعیر لەدەقی (لەنیوە شەودا ) دەلّێت :

**بەم نیوە شەوە**
**سەرما و سۆڵ نەبێت**
**شۆستە و مەترسی و دنیای چۆڵ نەبێت**
**کێ هاوسەرمانە؟**
**کێ ئاگاداری**
**بانگ و هاوار و سەربڕینمانە ؟(سابیر،٢٠١٤: ٧٢٢)**

غەمی خودی شاعیر بەگشتی و بەشێوەیەکی چڕ کاریگەری لەسەرتاپای شیعرەکەدا هەیە، کە ڕەگ و ڕیشەی لایەنی دەروونی شاعیر پیشاندەدات، ناخی ڕاستەقینەی شاعیر شوێنی نائومێدی و ڕەشبینی نییە، بەڵکو واقیع وای کردووە، کە ڕەشبینانە بیر بکاتەوە و باس لە داهاتووی خۆی و نیشتمانەکەی بکات، کە بەهۆی ئەوەی هیچ لایەن و و وڵات و دەسەڵاتی لەسەر کێشەی گەلی کورد بە جواب نەهاتوون، شاعیر لە ڕێگەی شێوازی پرسەوە بێکەسی کوردی گواستۆتەوە.

(ڕەفیق سابیر) لە شاکاری (لاوکی هەڵەبجە) دا دەڵێت:

**با کەژاوەی لە گوڵ بێت**
**یان لە پەلکە زێرینە**
**زەماوەندی خوێن دەگرێت**
**ئەمشەو پاشای ئەڤینە(سابیر،٢٠١٤: ٥٣٧)**

سەرنجدانێکی خێرا لە دەقی (لاوکی هەڵەبجە) هەر زوو ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەخات، کە ئەم دەقە جیاواز لە هەموو ئەو دەقانەی تر، کە بۆ تاوانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە نووسراون، زمانێکی هێمن و ئارامی تیا بەکارهێنراوە، وێنە شیعرییەکان سۆزێکی گەورە باڵی بەسەر وێنە شیعرییەکاندا کێشاوە، سروشت دیمەنێکی تری هەیە و هەمووشیان پێکەوە شاکارێکی تراجیدیان پێکهێناوە، کە دەتوانین بڵێین خۆی لە خۆیدا شۆڕشێکی شیعری تراجیدییە.

(فەرهاد شاکەلی)دەربارەی ئەو بزوتنەوەیە دەڵێ: ((لە حەفتاکاندا بزووتنەوەیەکی باش کەوتە ناو زمانی کوردییەوە و لە ماوەی ئەو چوار ساڵەی ئاشتیدا گەشەکردن و پێشکەوتنێکی سەیر هاتە دی، کە کاری کردە سەر تێکڕای پلەی بیر و خوێندەواری و فەرهەنگ لە کوردستاندا . ئەودەم ئەوانەی بەتەواوی خەریکی نووسین بوون و بەرهەمەکانیان بەشێک بوون لە ژیانی ڕۆژانەی خوێنەری کورد ڕەنگە خۆی دابێ لە ٦٠-٧٠ کەسێک . لەناو ئەمانەدا کەسانێک هەبوون، کە کوردییەکی لاوازیان دەنووسی و شارەزای ڕێزمان و ڕێنووس نەبوون، بەڵام لە پاڵ ئەمانەیشدا ١٠ -١٥ کەسێک هەبوون کە کوردییەکی چاک و جوانیان دەنووسی و دەبوونە نموونەبۆ ئەوەی خەڵکی دیکەیش شتیان لێوە فێر ببن . ئەو کوردیزان و زماناسانە ڕێگەیان لە خراپەکاریی ئەو خەڵکە ناشارەزایە دەگرت و نەیاندەهێشت تەئسیرە خراپەکەیان تەشەنە بکات .))(شاکەلی،٢٠٢١: ٢٩٢ -٢٩٣)

لەبارەی گروپەکەیان (گروپی کفری-کەرکوک) (شاکەلی) دەڵێت: ((ئەگەر باسێکی ئەو شاعیرانە بکەین، کە بەڕاستی سەرەتای دەستپێکردنی تازەکردنەوەن لە ئەدەبی کوردیدا ، مەبەستم شاعیرانی کەرکوک، کفری، یان گەرمیان، من پێم وایە ئێمە ئەو بوارەمان بۆ هەڵنەکەوتووە و ئەو دەرفەتەمان پێ نەدراوە، کە بتوانین هەموو ڕاستییەکان باسبکەین . هەمیشە دەسەڵاتێک هەبووە، کە نەیهێشتووە، دەنگی ئێمە بگاتە خوێنەری کورد و نەیهێشتووە وزەی داهێنەرانەی ئێمە و بەهرەی ڕاستەقینەی ئێمە و پەیامی ئێمە دەربکەوێت و ببیسترێت . ئەوە دەسەڵاتی بەعس بووە، بەڵام دواتر دەسەڵاتی کوردیش هەر وای کردووە. ڕەنگە لە شێوەی هەندێ وتار و لێکۆڵینەوەو چاوپێکەوتندا هەندێ شتمان باس کردبێ، بەڵام بۆ نووسینەوەی مێژووی ئەو سەردەمە دەبێ بە شێوەیەکی زانستییانەتر و بە شێوەیەکی بابەتییانە تر باس بکرێ و ڕاو بۆ چوون و هەڵوێست و لایەنە جیاوازەکانی هەموو بخرێتە ڕوو و خوێنەری کورد بتوانێ هەمووی بخوێنێتەوە )).(شاکەلی،٢٠٢١: ٤٣٢ -٤٣٣)

شاعیر درێژە بە باسەکەی دەدات و دەڵێت : ((ئەو بزووتنەوە نوێگەرییەی ئێمەی شاعیرانی کفری (گەرمیان) دەستمان پێ کرد سەرەتای نوێگەری و تازەکردنەوەی فەرهەنگ و شیعر کوردیی دوای گۆران بوو لە کوردستاندا، یەک دوو ساڵێک دواتر لە سلێمانی و هەولێریش بزووتنەوەی لەو بابەتە دەستی پێ کرد، سەرئەنجامیش هەموو ئەم شەپۆلانە تێکرا بوون بەو ڕووبارە بەخوڕ و ڕەنگینەی کە بە شیعری تازەی کوردی ناو دەبرێت .))(شاکەلی،٢٠٢١: ٣٦٥)

ئاشکرایە(شاکەلی)ڕەخنە و گلەیی هەیە لەوەی وەک پێویست ڕۆڵیان لە دنیای شیعر و ڕەخنەی کوردیدا نەخراوەتەڕوو، بەڵکو گەلێ جار هەوڵەکانی ئەمان لەچاو گروپی (ڕوانگە)دا کەم بایەخ کراوە (شاکەلی ،٢٠٢١:٤٤٠) کە خۆی یەکێک لە نووسەرانی بەیاننامەی (گروپی کەرکوک کفری)بووە وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدابوو .

(شاکەلی)دەربارەی داهێنانی شیعری ئەو قۆناغە دەڵێت: ((بۆ ئاگاداریتان ئێمە ناومان لەبەیانەکەمان نابوو (بەیانی شێتەکان ) ئێمە لە بەیانەکەماندا ئاماژەمان بەوە داوە، کە (شیعر) چۆنە ، ئەوان یەک وشەیان تێدا نەنووسیوە ئاماژەبەوە بکەن کە شیعر چۆنە؟ چییە؟ بەیانەکەی ئەوان بەیانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوو، زیاتر لەوەی کە بەیانێکی ئەدەبی بێت، هیچ باسی ئەوە ناکات، کە شیعری باش چییە، یا شیعری کلاسیکی کورد چییە؟ باسی ئەوە ناکات، نوێکردنەوە دەبێت چۆن بێت لە شیعردا ؟ هیچ لەو بارەیەوە ناڵێت، خۆیشیان دان بەوەدا دەنێن .من دیدارێکی کاک (شێرکۆ) م لایە دەڵێت : ڕاستە بەیانەکەی ئێمە باسی هیچ شتێکی لەبارەی شیعرەوە تێدا نییە . بەڵام ئێمە ،من و هەڵمەت، ئاماژەمان بە هەموو ئەوانە داوە، ئەوەیش جیاوازییەکی ئاشکرایە لەنێوان بەیانی ئێمە و ئەواندا .....)) (شاکەلی،٢٠٢١: ٨٢٥) لێرەدا بەهۆی ئەوەی ئەمان باسی هەموو ئەو لایەنانەیان کردووە، کە پێویستە لە شیعردا هەبن و ئاماژەیان بە هەموو لایەنە هونەرییەکانی شیعری کوردی داوە، جیاواز لە شاعیران و بەیاننامەی ڕوانگە. (شاکەلی) دەڵێت: ((بەڵام زۆر

هۆشیارانە دەمانزانی دەبێ چی بکەین، ئەوە سەرەتایەک بوو بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی تر بنووسین .. ))(شاکەلی،٢٠٢١: ٨٢١)

دەربارەی ئەو خەسڵەتە شیعرییانە کە شیعری قوتابخانەی کفری جیا دەکاتەوە لە شیعری شاعیرانی تر دەڵێت : ((پێم وایە گرنگترین شیعری ئێمە، کە بە تەواوی لە شاعیرانی دیکەی جیادەکردینەوە زمان بوو، ئێمە بە شێوەیەکی زۆر بوێرانە زمانمان دەخستە گەڕ لە تێکستەکانماندا، بەڵام شاعیرانی تر تا ساڵانێکی زۆریش دوای ئێمە هێشتا لە کارکردنی زمانی گۆران ڕزگار نەبوو بوون. لە ڕووی پێکهێنانی وێنە شیعرییەکانیشەوە ئێمە جیاواز بووین تۆ بچۆ دیوانی (پرۆژەی کوودەتایەکی نهێنی )ی من، یا ( خوا و شارە بچکۆلەکەمان)ی هەڵمەت بخوێنەوە، دەبینی هیچ شاعیرێکی کورد پێش ئێمە ئەو زمانە و ئەو مێتافۆرەی بەکار نەهێناوە . ))(شاکەلی،٢٠٢١: ٤٥١)لەڕاستیدا وەک (شاکەلی)ناڵێین هیچ شاعیرێکی کورد پێش ئەمان ئەو زمان و میتافۆڕەی بەکارنەهێناوە، بەڵکو ڕاستییەکە ئەوەیە کە لای گروپی کفری زمان و وێنەی شیعری داهێنراو هەنگاوێکی تری هاویشت و خۆی لە شیعری قوتابخانەکەی (گۆران)ی شاعیر، وردە وردە جیاکردەوە، (شێرکۆ بێکەس) باس لەجوانی شیعرەکانی (خواو شارە بچکۆلەکەم) دەکات و دەڵێت ئێمە دەمانویست وەک ئەوەی (هەڵمەت) بنووسین و دەڵێت:(( دیوانی (خواو شارەبچکۆلەکەمانی)ی لەتیف هەڵمەت، بەبڕوای من یەکێ بوو لەشتی تازەو جوانەکانی ئەو وەختە))(بەرزنجی،٢٠٠٨: ٦٦).

(عبدالله عباس) بەم شێوەیە باسی یەکەمین بەرهەمی (شاکەلی)دەکات و دەڵێت: ((نرخ قیمەتی ئەدەبی نوێ لە غموض دایە ئەو قلق و بێزاری .....ی ئەم شاعیرە لاوە شیعرەکانی دروستکردووە ، واتە شیعرەکەی ڕەنگدانەوەی واقعی زاتی خۆیەتی، مەرج نییە شیعری نوێ هەموو کاتێک عەمەلی یەتێکی متکامل بێت ))(عباس،١٩٧٣: ٣-٧)هەروەها دەربارەی خودی شاکەلی دەڵێت: (وەک من شاکەلی بناسم ...لەگەڵ بیرکردنەوەی ئێستای خۆیدا ناگونجێ، چونکە ئەو بێزاری و پەشێوی و ئێشەی لەناخیا پەنگی خواردۆتەوە، شیعرەکانی وەک ئاوێنەیەکی ساف و بێ گەرد پێچەوانەیان ئەکاتەوە، توانیویەتی وێنەی ژان و ئێش و ئازاری زۆربەی زۆری لاوەکانی ئەم سەردەمە بێت)( عباس،١٩٧٣: ٣-٧)

هەروەها لەسەرەتای پەرەگرافی دووەمدا دەڵێت: ((شیعرەکانی شاکەلی لەم نامیلکەیەدا لەڕووی شێوەوە هەنگاوێکی سەرکەوتوانەی ئەو گۆڕانەیە، کە شاعیرە لاوەکانی کۆتایی ساڵانی شەست و سەرەتای ساڵەکانی حەفتاوە دەستیان پێ کردووە)) (عباس،١٩٧٣: ٣)

(ئەرسەلان بایز) دەربارەی بۆچوونی (عبدالله عباس)دەربارەی (پرۆژەی کودەتایەکی نهێنی ) شاکەلی دەڵێت: ((مەرج نیە کەشاعیر وە یان نووسەر لەچینێکی ڕەشو ڕووت بێت،بەڵکو ئەوە مەرجە بیروباوەڕەکەی لەگەڵ ڕەش وڕووت بێت، خۆ ئەو مرۆڤەی کە خۆشی لەچینی ڕەش و ڕووت بێت ئەوا پێویستە زیاتر هەست بەواقیعە تاڵەکەی خۆی بکات ...هەروەها شیعرەکانی

(شاکەلی) لەم نامیلکەیەدا لەڕووی شێوەوە هەنگاوێکی سەرکەوتووانەی ئەو گۆڕانەیە، کە شاعیرە لاوەکانی کۆتایی شەست و سەرەتای ساڵەکانی حەفتاکان دەستیان پێ کردووە، واتە پێشکەوتن و ئیبداعی شاعیرانی ئێستای کوردمان تەنیا لەڕووخساری شیعریدایە نەوەک ناوەڕۆک، کە بە ڕای من نووسەر لەمەدا بەهەڵە چووە، چونکە نوێکردنەوە نابێت تەنیا لە ڕووخساری شیعردا بێت.....بەڵکو ڕوخسار و ناوەڕۆک دووشتی نەپچڕاون لەیەکتری .....هەریەکەیان ئەوی تر تەواو دەکات))(بایز،٨-٦-١٩٧٣: ٣،٧).

لە ڕووی ناوەڕۆکی شیعریشەوە یەکێک لەو بابەتانەی، کە شاعیرانی گروپی کفری ئاوڕیان لێدایەوە، شیعری تەسەوف بوو؛ بۆیە (شاکەلی) دەڵێت: ((زمان و مێتافۆر دوو خەسڵەتی گەورە بوون . ئەمڕۆ ئەو لایەنە فکرییەیشی چووەتە سەر ، واتە تەسەووف ، کە ناوەڕۆک دەگرێتەوە . ))(شاکەلی،٢٠٢١: ٤٥٥)

بێگومان لە دنیای شیعر و ئەدەبدا یاخیبوون خۆی لە خۆیدا ئاکامی وەڕسبوونە لە فۆرمی باو و پێشوو، هەندێک جاریش لە ناوەڕۆکەکانی پێشتر، هەر بۆیە شاعیر بەدوای شتی نوێدا دەگەڕێت و دایدەهێنی، هەندێ لەو شتە نوێیانە جێی خۆیان دەگرن و هەندێکیشیان هەر زوو دەبنە هەڵم و نامێنن، (پرۆژەی کوودەتایەکی نهێنی )شاعیر وەکو ئیدیۆمێ بەکاری هێناوە، کە مەبەستی لە پرۆژەی شۆڕش و ڕووبەڕووبونەوەی دەسەڵاتدارانی ئەو سەردەمەی ڕژێمی بەعسە، کە ئەمەش نوێکردنەوەو نوێخوازی شیعری شاعیرمان بۆ دەردەخات، ئەویش لە ڕێگەی کۆمەڵێ دەربڕینەوە، کە بریتین لە:(لەسەر گلێنەی چاو دیواری کۆشک دامەزراوە، هەڵواسینی کەللەسەر، گلێنەژیان ئەخواتەوە، چەکوش ئاوی تینوێتیە ئەم دەربڕینانە هەڵگری خەسڵەتی یاخیبوونی زمانی شیعری شاعیرن، کە زیاتر ناوەڕۆک و ڕوخساری دەقەکەیان زیندووکردۆتەوە و شەقڵی زمانی یاخیبونی شاعیری تێدا دەردەکەوێت، کە تێیدا بانگەشەی ئازادی و پێشڕەوی شۆڕشی کۆپلەکانی بەکارهێناوە بۆ یاخیبوون.

(شاکەلی) لە دەقی (پرۆژەی کوودەتایەکی نهێنی) دا کە لە ڕێکەوتی (١٤-٢-١٩٧١) نووسیویەتی و دەڵێت:

**لەسەر گلێنەی چاوەکان**

**دیواری کۆشک دامەزراوە.**

**وەک نەخشێکی ئێجگار گران**

**کەللەسەرێک هەڵواسراوە.**

**نووزە و گریان،**

**فرمێسک و داخی نهێنی گیای بەهارە.**

**تاریکایی خزاوەتە کۆشی هیوا،**

**لە ناکاوا**

**کوورەی ئاگر کۆشک و دیوار وێران ئەکا،**

**گلێنەی چاو دیمەنی ژیان ئەخواتەوە.**

**چەکۆش ئاوی تینوێتییە . (شاکەلی ، ٢٠١٦: ٣٤)**

بە بڕوای ئێمە هەڵبژاردنی ناونیشانی (پرۆژەی کودەتایەکی نهێنی) خۆی لە خۆیدا مامەڵەکردنی هوشیارانەی شاعیرە لەوەی کە فۆرم و بیری شیعری کوردی پێویستیان بە گۆڕان و کودەتا هەیە، کودەتایەکی سیاسی، کە هوشیاری زیاتر  لە نێو خەڵکدا بڵاو بکاتەوە، هەروەها گۆڕانێکی شیعریش کە فۆڕمی شیعری قۆناغی (گۆران) تێبپەڕێنێ هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی سیمای تایبەتمەندی زمانی شیعری و یاخیبوونی (فەرهاد شاکەلی ) بۆ دیاردەی بەکارهێنانی وشەی نوێ و دۆزینەوەی شەقڵی زمانی شیعری شاعیرە.

وەک دەگوترێت:  ((شیعری جیلی حەفتاکان بە لەبەر چاوگرتنی هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتیی قۆناغەکەیانەوە چەندین داهێنانیان کرد و بارەکەیان لە مەنزڵێکەوە گەیاندە مەنزڵێکی تر،بەڵام هەوڵ و کۆششی ئەوانیش لەنووسیندا میتافۆڕە سیاسیەکانی کرد بە قاڵب و زەینی خوێنەریان پێ سواغ دا))(ئاکرەیی،٢٠٠٢: ٣٠) .

ئەوەتا (شاکەلی) لە دەقی (١،٢،٣.......)دا کە لە ساڵی (  ١٩٧٢) نووسیویەتی و دەڵێت:

**چاوی ماندووت**

**ئەژی ...ئەمرێ،**

**پێئەکەنێ،**

**پێچەی هەڵواسینی هەزار هەناسەی دیل**

**دائەدڕێ...**

**دەرپێی شەرمی**

**هەزار ساڵەی (لەیلا)و (شیرین)**

**دائەکەنێ...**

**باوەش ئەکا بە لاوێتیی وشەکانما،**

**لەئەندێشەی ئاگرینی سەربڕاوم**

**ئاوس ئەبێ...(شاکەلی،٢٠١٦:٥٨)**

(لەیلاو شیرین)وەک بەشێک لە داستانە شیعری ڕۆژهەڵاتی و کوردی لەوەتەی شیعر هەبووە لە هەموو قۆناغەکاندا لە دوو تۆیی بابەتی لیریکی و خۆشەویستیدا وەک دوو دولبەری بە ئاکام نەگەیشتوو پیشانداون، لێرەدا وەک دوو میتافۆر جیاواز لە قاڵبی باو و پێشین لەگەڵ وشە و ئەندێشەی بەکەسکراوی شاعیردا جووت دەبن و دووگیان دەبن، کۆی دەق و وێنەکە هەڵگری بیرو پەیوەندیی نوێن، کە بەرهەمی یاخیبوونی شاعیرە لە فۆڕمەکانی پێشوو، شاعیر لەو بارەیەوە دەڵێت: ((لە لایەکەوە یاخیبوونی خۆم بوو بەرانبەر شێوە باوەکانی شیعری کوردی، بەڵام لە لایەکی دیکەوە کارکردنی ئەو کتێب و نووسراوانە بوو لەو ساڵانەدا دەمخوێندنەوە . دواتر بە هۆی نزیکبوونم لە مارکسیزمەوە شێوازی نووسینم گۆڕانی بەسەرداهات .))(شاکەلی،٢٠٢١: ٤٨٠)

(شاکەلی)لە دەقی (پاشماوەی وڕێنەیەکی شەوانە) کە لە ڕێکەوتی (٣١ -٥-١٩٧٢) نووسیویەتی دەڵێت:

**پاشماوەی وڕێنەیەکی شەوانە**

**بەدیواری شارەکانا زۆر هەڵزنام،**

**لە دەروازەی ڕووبارەکان**

**پەڕیمەوە .**

**لێوی زۆر ئافرەتی جوانم بریندار کرد ،**

**ناو دەمیانم تێر هەڵمژی .**

**پیرەژنی چیرۆکەکانم بێزارکرد .**

**پیرەکانم لە گێژەنەی**

**شەوی چاوەڕوانیمانا**

**هەمووم خنکاند.**

**ڕووم کردە شینایی ئاسمان.**

**باوەشم دا لە داوێنی مەرگ وئازار .**

**پەنجەم خستە سەر گۆی مەمکی**

**پلیشاوەی بەهاری ساڵ ...(شاکەلی،٢٠١٦:٥٠)**

هەر لە ناونیشانی دەقەکەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە شاعیر لایداوە لە دەستور و لادانی تێدا کردووە، چونکە وڕینە کەشەوانە دەکرێت، پاشماوەی نامێنێتەوە، پێش قۆناغی حەفتا ئەم ناونیشانە بەو چەشن و شێوازە نەبوو، ڕاستە هەندێ گۆڕانکاری لە شێوە و قاڵبی شیعری ڕوویدا، بەڵام نەگەیشتە ئەم قۆناغەی کە (شێرکۆ بێکەس و فەرهاد شاکەلی و لەتیف هەڵمەت... هتد) ویستیان گۆمی مەنگی ئەدەبی کوردی بشەڵەقێنن . (شاکەلی) دەڵێت: ((بەشێوەیەکی گشتی دەتوانم پێت بڵێم هەندێ وردەکاری هەیە لە شیعری مندا، کە لە شیعری هیچ شاعیرێکی تری کورددا نەبووە و نییە، ئەو وردەکارییانەی من لە ڕووی زمانەوە لە شیعردا دەیکەم، لای شاعیری تری کورد نایبینم ))(شاکەلی،٢٠٢١: ٨٤١) وێنەی شیعری شاعیر لە چەند توێژێک پێکدێت لەکاتی هەڵدانەوەی ئەو چین و توێژانە مانایەکی نوێ دەدەن بە دەستەوە.(چاوپێکەوتن لەگەڵ شاکەلی، ٢٠٢٢\٦\٢٧ )

(شاکەلی) لە دەقی (بەدوای چاوی غەمگینی ساڵێکتا وێڵم ) کە لە ڕێکەوتی (٣-٧-١٩٧٣)نووسیویەتی و دەڵێت:

**گۆنای شەوگار، ئاواتەکەم، لێوی تاسەی ئەندێشەکان**

**شەقار ئەکاو ماچەکانم**

**لە ژێر دەواری پەژارەی لێکبڕانا سەرگەردانن .**

**تاریکاییی کۆڵانەکان ، شەقامەکان ، هەموو هۆڵ و**

**ناو چایخانە و تەلارەکانی ئەم شارە....**

**...................................**

**گەر بمەوێ پێناسینێک بۆ تۆ دانێم**

**دەبێ چۆن بێت...؟**

**ئۆکسیجەن: گازێکی بێڕەنگ و بۆن وتامە ،ناسووتێ ویاریدەی سووتان دەدات.**

**ئاوەڵناو :بەو وشەیە دەوترێ کەبۆ تەواوکردنی مانای ناو یان ڕاناو بە**

**کاردێت وەکوو :قوتابیی زیرەک.(شاکەلی،٢٠١٦:٨٢)**

لێرەدا باس لە دووری و خۆشەویستی و غەم دەکات، کە بە دوای غەمی ساڵێکتا وێڵم، ئەم ناونیشانە بۆ ئەو قۆناغە، واتە قۆناغی حەفتاکان ناونیشانێکی نوێیە و پێش ئەم قۆناغە ناونیشانەکان بەو شێوازە نەبوون،تەنها نوێی ناونیشان گرنگ نییە، بەڵکو داهێنان لە ناوەڕۆکی شیعریشدا گرنگە، هەروەها چواندنی خۆشەویست بە ئۆکسجین، کە مرۆڤ بێ ئۆکسجین ناژێت، شاعیریش بێ خۆشەویستەکەی ناژێت، بۆ پێناسەکردنی خۆشەویستەکەی ئۆکسجین و ئاوەڵناوی داناوە، کە هەر چەندە ئۆکسجین ناسوتێت، بەڵام یاریدەی سووتان دەدات . (شاکەلی) دەڵێ: ((جاری وا هەیە، گەرای شیعرێک لە مێشکمدا پەیدادەبێت، بەڵام تا ماوەیەکی زۆر، چەند ڕۆژێک یا چەند مانگێک، بۆم نانووسرێت، جاری وایش هەیە یەکسەر بۆی دادەنیشم و سەرلەبەری دەنووسم دەستکاریی شیعریش، کەم و زۆر، دەکەم .))(شاکەلی،٢٠٢١: ٣٢)

لەبارەی تێپەڕاندنی قۆناغی پێش خۆی(شاکەلی)دەڵێت: ((لە شیعری کوردیدا تۆ هەر تازەبوونەوەیەک بکەی، دەتەوێت ئەو نموونەیە تێپەڕێنی من هەر لەو ڕوانگەیەوە گوتوومەو ئێستایش ئەوەی گوتوومە هەر واریدە ڕەنگە من تاکەکەسیش نەبم باسی ئەوەم کردبێت، کە مامۆستا (گۆران)مان بەجێهێشتووە، بەجێهێشتن بەو مانایە نییەکە سووکایەتیکردن بێت بە مامۆستا گۆران، یان خۆ بەگەورە تر زانین بێت لە مامۆستا گۆران .))(شاکەلی،٢٠٢١: ١١٩ –١٢٠)

(شاکەلی) لە دەقی (کەژاوەی خوێن) کە لە ئابی(١٩٧٤) نووسیویەتی و دەڵێت :

**هاوڕێینە خوێن هەتاوێکە**

**گشت سەردەمێ**

**دەئاڵێتە**

**بالای درەختی ئاواتی هەژارەکان...**

**خوێن ڕێگایەو**

**هەنگاو پێیا**

**بۆ ئاسمانی پیرۆزەیی ئاواتەکان**

**سەر دەکەوێ ... (شاکەلی ، ٢٠١٦: ١٠٧ –١٠٨)**

شاعیر بە زمانی شیعر یاخیبوونی خۆی ڕادەگەیەنێت، دەقەکە لە ڕێگەی وێنە و دەربڕینەوە ئاستێکی بەرزی تۆمارکردووە، کەتا ڕادەیەکی زۆر وشەکان لە ئاستی فەرهەنگی دوورکەوتوونەتەوە، شاعیر لە ڕێگەی هونەرییەوە پەیامەکەی دەگەیەنێت، کە لێرەدا کۆمەڵێ گوزارشت دەبینرێت (خوێن هەتاوێکە ، درەختی ئاواتی هەژارەکان، خوێن ڕێگایە، سەرکەوتن و

هەنگاونان بەسەر خوێندا) کە ئەمانە پێکەوە یاخیبوونی زمانی شیعریین، هەروەها ناونیشانی دەقەکە سێبەر و پانتایی بەسەر دەقە شیعرییەکەدا هەیە و ناونیشانێکی سەرنج ڕاکێشە، چونکە ئەگەر لێکی بدەینەوە، چۆن کەژاوە بۆ خوێن دەگیرێت .لەم بارەیەوە (شاکەلی) دەڵێت: ((ئێمە ئەو شاعیرە کوردانە بووین، کە بۆ یەکەم جار دوای گۆران شیعری کوردیمان تازە کردەوە و ناوەڕۆک و فۆرمێکی نوێمان هێنایە ناو شیعری کوردییەوە))(سەعدون،٢٠٠٩: ٦٣)

(شاکەلی ) لە دەقی (شا ئەستێرە)کە لە شوباتی ساڵی (١٩٧٧) دا نووسیویەتی و دەڵێت:

**بیرتە وشەکانم هەڵدەلەرزین ؟**

**ئێستا، کە دەسبازی دەگەڵ**

**تووکی زبری ڕۆژگار دا دەکەیت ،**

**گمەی ماچەکانمت وە بیر دێتەوە**

**بەسەر لکوپۆپی  لێوتەوە دەنیشتنەوە ...؟**

**دڵ دەدەمە ئەم وازییە و پێوەی خجڵ دەبم ،(شاکەلی ، ٢٧٣:٢٠١٦)**

شاعیر وەکو شاعیرێکی جودا و ڕەشبین بەرامبەر بە بارودۆخی گەلی کورد کۆمەڵی پەیڤ و دەستەواژەی بەکارهێناوە، کە لێرەدا دەڵێ (وشەکانم هەڵدەلەرزین)، دەبینین زمانی شیعری لای (شاکەلی) لە ڕووی وشە ئاراییەوە زۆر ئاڵۆزو پوخت وڕەوانن کە لە سەلیقەی تێگەیشتنی خوێنەر دوور دەکەوێتەوە ئەم بزاوتە تەکنیک و تایبەتمەندی زمان و شێوازی ئەو ئەزموونەیە، کە ڕووەو شیعرییەتی زمان هەنگاو دەنێت، لەگەڵ ئەوەشدا لە بابەتی ئاواز و ڕێتم و هونەردا ئەدەبییەتی خۆی دەپارێزێت، هەروەها دەربڕینەکانی (تووکی زبری ڕۆژگار )، ئەمەش شێوازی تایبەتی دەربڕینی زمانی شیعری یاخیبوون، کە باسی لە ڕۆژگارە سەختەکان دەکات، کە چۆن بە رۆکی شاعیریان گرتووە . (شاکەلی) دەڵێت:((لە بەڕێوەبردنی  فەرهەنگدا، فەرهەنگکار دەتوانێ ڕۆڵ ببینێ، لە بەڕێوەبردنی سیاسەتدا، سیاسەتمەدار دەتوانێت، بەڵام لە سیاسەتی فەرهەنگیدا دەبێ هاوکارییەکی پتەوی نێوان سیاسیتمدار و فەرهەنگکار بێ، پێش هەموو شتێک ئەوە تێگەیشتنێکی گرنگە، ئەگەر نەتەوەیەک دەیەوێ سیاسەتێکی سەرکەوتووانەی فەرهەنگی پێ بە پێ بڕوات و بتوانێ پێشکەشی بکات و جێبەجێی بکات .))(شاکەلی،٢٠٢١: ٦٧٠)

لەم ڕووەوە بە پێویستی دەزانین لەسەر دەقی شیعری (شەویش چاوەڕێی هەتاوە ) کە لە ڕێکەوتی (١٦-٦-١٩٧٨) نووسیویەتی بوەستین، بۆ ئەوەی لەسەر ئەو تێپەڕاندنە و تازەگەری بدوێین، شاعیر دەڵێت:

**شەوگار درێژە،خانمەکەم،نابڕێتەوە .**

**شەوگار میوانێکی ڕوودارو سەرسەختە**

**دەریشی کەی هەر دێتەوە...**

**شەوگار ڕەشە،**

**شەوگار شینە،**

**شەوگار ئەلبوومی برینە،**

**شەوگار گیرۆدەی ئەوینە...**

**بۆ نازانی**

**شەویش وەک تۆ،وەک من ،ئێش و**

**خەم و ئازاری خۆی هەیە؟**

**شەویش دڵداری خۆی هەیە...؟**

**بۆ نازانی**

**شەویش دەگری و پێدەکەنێ،**

**شەویش زوو زوو خەو دەبینێ...؟(شاکەلی،٢٠١٦:١٧٢-١٧٣)**

ناونیشانی شیعرەکە جوان و نوێ و سەرنجڕاکێشە، کە سەرنج لە وێنە شیعرییەکانی دەدەین (شەوگار میوانی ڕوودارەو سەرسەختە، گیرۆدەی ئەوینە، شەو خەو دەبینێ)هەر هەمووی تێپەڕاندنی وێنەکانی پیشووی شەون لە شیعری کوردیدا .هەروەها (شاکەلی) دەڵێت: ((دیارە ناوەڕۆکەکەی بە پێی ئەو سەردەمەی ئێمە بڕێک یاخیبووانە و بڕێک شیعرییش بوو، ئێمە هەوڵمان دابوو هەندێک باری سەرنجی خۆمان لەبارەی شیعرو تازەکردنەوەوە بخەینەڕوو، کاردانەوەیش بوو بۆ ئەو هەرا و مەزاتەی، کە لە ئەدەبی کوردیدا پەیدابووبوو لەبارەی تازەکردنەوەی شیعری کوردی و یاخیگەرییەوە، کە لە سەردەمێکدا باو بوو .))(شاکەلی،٢٠٢١: ١١١).

(شاکەلی ) لە دەقی (گەڕانەوەیەک) کە لە ڕێکەوتی (١٢-١٢-١٩٨٢) نووسیویەتی وێنەیەکی نوێ و داهێنراوی (تاسە و حەز) مانەوە دەکێشێت و دەڵێت:

**هەرچی تاسە و حەزت هەیە ،دەبێ وەکو**

**پەلاسە کۆن**

**لەسەر دیواری پێشانگە و مۆزەخانە**

**هەڵیانبخەی**

**با هەتاوی**

**سەردەمەکانی پێشمێژوو لێیان بدا ،**

**وشک ببنەوە .... (شاکەلی،٢٠١٦: ١٨٦)**

(حەزو تاسەکان)ی مرۆڤ هەمیشە لەزیادبووندان و تەمەن ڕێگر نییە لەبەردەم زیادبوونیان ، بەڵام بۆ تاکی کورد هەمیشە حەزو تاسەکان نەهاتوونەتەدی هێندە کۆن بوون دەبێت لە مۆزەخانەدا هەڵبگیرێن و هەتاوی هەزار ساڵی پێشتر وشکیان بکاتەوە، بەئەستەم پیشاندانی هاتنەدی حەزو تاسەکان میتافۆرێکی داهێنەرانەیە؛ بۆیە شاعیر دەربارەی خۆشەویستی خۆی بەرامبەر بە نیشتمان بەم چەشنە تێڕوانینی خۆی دەخاتەڕوو و دەڵێت: ((ناتوانم بڵێم لای من ، لە هەموو سەردەمێکدا یەک پێوانەم هەبووبێت بۆ ناسینی شیعری چاک و ڕەسەن لە سەردەمێکدا، کە زۆر لاو بووم و تازە دەستم دابووە شیعر نووسین، زۆرم بەلاوە گرنگ بوو شیعر کێش و سەروا (وەزن و قافییەی )ی هەبێت، وشەکانی کوردیی پەتی بن و زیاتر ڕۆمانتیک بێت و لە جوانیی ژن یا سروشت یا خۆشەویستیی نیشتمان بدوێت .))(شاکەلی،٢٠٢١: ٣٣)واتە شاعیر پێداگیری لەسەر بارودۆخەکە دەکات و سەرچاوەی بەدیهێنانی داهێنانە، شاعیر لە هەوڵی بەردەوامدایە و یەک پێوەری شیعری نەبووە، بەڵکو بەپێی پێداویستی سەردەم و قۆناغ هەوڵیداوە، کۆمەڵگای کوردی لە ڕێگەی هاندانەوە هوشیار بکاتەوە.

بەگشتی دەتوانین بڵێین مەسەلەی زمان پاراویی و بایەخدان بە نووسین بە زمانێکی کوردی سفت و پتەو و پاراو لە پاڵ پەیڕەوکردنی خاڵبەندی لە شیعردا لە لایەک و باوەشکردنەوە بۆ شیعری تەسەوف لە لایەکی ترەوە، دوو خەسڵەتی نوێخوازی شیعرین لای (فەرهاد شاکەلی) کە لەوانی تری جیادەکاتەوە .

# ئەنجامەکان

١. یاخیبوون پەیوەستە بە بیرکردنەوە و هەڵوێست وەرگرتنی مرۆڤەوە لە بارەی کێشەو ڕوداو و پێشهاتەکانەوە بەمەبەستی تۆمار کردنی هەڵوێستێکی جیاواز تا ئەندازەی ڕەتکردنەوەی بەرامبەر و بەرپاکردنی شۆڕش لە دژی، هەربۆیە لە گەڵ ڕەوتی مرۆڤایەتیدا هاتووە و بەردەوامیش دەبێ، ئاستی ڕۆشنبیری و هوشیاری تاک ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن لە بەرپاکردنی گیانی یاخیبووندا، لەبەر ئەوەی شاعیر لەم ڕووەوە لە کەسانی تر جیاوازە، دەبینین کەم تا زۆر هەستی یاخیبوون لای شاعیرانی کورد ڕەنگی داوەتەوە و ئەم ڕاستیە لای بابا تایەرەوە بەدی دەکرێت.

٢.ستەمی سیاسی و چەوساندنەوەی گەلی کورد لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە لە ساڵانی (١٩٧٠-١٩٩١) لە گەڵ هەڵکشان و داکشانی چۆنێتی و چەندێتی ستەمەکەدا ڕادەی یاخیبوونی شاعیران گۆڕاوە و لە دەقەکانیاندا دەبینرێت.

٣.هەریەک لە (شێرکۆ بێکەس ، ڕەفیق سابیر، فەرهاد شاکەلی) لە پاڵ پێشەنگیان لە نووسینی شیعری نوێی کوردیدا، ئەو ستەمەش وای لێکردوون ڕوو لە شاخیش بکەن و ژیانی پێشمەرگایەتیش هەڵبژێرن ، ئەمەش ڕاستگۆیی گیانی یاخیبوویان دەردەخات .

٤.سەرباری ئەوەی ساڵانی (١٩٧٠-١٩٧٤) بەهۆی ڕێکەوتننامەی ئازارەوە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی لە باشوری کوردستان جۆرە ئارامی و هێوربوونەوەیەکی بەخۆوە بینی ، بەڵام لای هەر سێ شاعیری ناوبراو چەشنە دوو دڵی و گومانێک بەرامبەر نیازەکانی ڕژێمی بەعس بەدی دەکرێت، ئەمەش وایکردووە تۆوی یاخیبوون هەر لە ئارادا بێ.

٥.هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ لە ساڵی (١٩٧٥) و هەڵکشانی جەورو ستەمی ڕژێمی بەعس دژی کورد لە ڕێگەی پەیڕەوکردنی سێکوچکەی (بەعەرەبکردن، بەبەعسکردن، ڕاگواستن )و شاڵاوەکانی ئەنفال و کیمیابارانکردن ڕۆڵیان هەبوو لەوەی تۆوی یاخیبوون زیاتر و بەرفراوانتر چەکەرە بکات و یاخیبوون بە تەواوی لە گەڵ چەمکی ڕووبەڕووبونەوەو شۆڕشدا یەکبگرێت، ئەم یاخیبوونە لە شیعری ئەو قۆناغەدا گەلێ جار سیمای کوردستانی گەورەی داپۆشیوە.

٦. بیری چەپگەرایی لای هەرسێ شاعیر لە سەرەتای شۆڕشی نوێ لە پاڵ ڕۆشنبیری و جیهانبینی بەرفراوانیان و ژیانی غوربەتی ئەوروپایان ڕۆڵیان گێراوە لە دەوڵەمەندتر کردنی ئەزموونە شیعرییەکەیان و زیاتر پەرەدان بە گیانی بەگژداچونەوەی دوژمن.

٧. یاخیبوونی کۆمەڵایەتی زیاتر لە بابەتەکانی پەیوەست بەکێشەو گرفتەکانی ژنان و جیاوازی چینایەتی و هەبوونی گیانی دووبەرەکی و پێکەوە نەسازاندا بەدی دەکرێت.

٨. تەوژمی بەهێزی زوڵم و زۆری ڕژێمی بەعس بەتایبەتی لە هەشتاکانی سەدەی بیستەم لە پاڵ هەبوونی شەڕی براکوژی و ژیانی ئاوارەیی و دواجاریش هەندەرانی هەرسێ شاعیر ، هەندێ جار بوونەتە مایەی ئەوەی خەمە گشتیەکان لە بۆتەی کەسیدا قەتیس بکرێن و چەشنە یاخیبوونێکی خودی پێکبهێنن.

٩.بێکەسیی و بێ پشتوپەنای گەلی کورد لەو ڕۆژگارە پر لە نەهامەتیانەدا وە بێ ئارامی شاعیران لە زوو بە دەمەوە نەهاتنی خودا بۆ داواکانی کورد، دیارترین هۆکارە، کە وای کردووە لای هەر سێ شاعیر چەشنە یاخیبوونێکی ئایینی بەدی بکرێت.

١٠.گروپ و ڕەوتە شیعری و ئەدەبیە نوێیەکانی سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەم کە بانگەوازی گۆڕانکاری لە فۆرم و ناوەڕۆکی شیعریان دەکرد، هەر یەک لە (شێرکۆ بێکەس، فەرهاد شاکەلی) دوو ڕابەری دوو دیارترین گرووپیان بوون، کە ڕۆڵیان هەبوو لە پەیرەوکردنی زمان و شێواز و بابەتگەلێکی شیعری نوێ کە جیاواز بوو لە قۆناغی پێش خۆیان ، ئەمەش خۆی لە خۆیدا لە پێناو تێپەڕاندنی قۆناغە شیعرییەکەی قوتابخانەی (گۆران) بوو.

# لیستی سەرچاوەکان

قران الکریم

## ١.سەرچاوە کوردییەکان

### یەکەم – کتێب


١. ئەمین، نەوشیروان مستەفا( ١٩٩٢). پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستان.

٢. ئەمین، نەوشیروان مستەفا (١٩٩٧).لەکەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوەزەنگ، دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق١٩٧٥-١٩٧٨، چاپی دووەم، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٣. ئەمین، نەوشیروان مستەفا(١٩٩٩). خولانەوەلەناوبازنەدا، دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی (١٩٨٤-١٩٨٨چاپ و بڵاوکردنەوەی مەڵبەندی ئاوەدانی.

٤. ئیسماعیل، ئەرسەلان بایز (٢٠٠١).ڕاگەیاندنی شۆڕش و بزوتنەوەی شیعری کوردی ١٩٧٥-١٩٩١، چاپخانەی دروون، سلێمانی .

٥. ئیسماعیل، نەجمەدین عەبدوڵلا (٢٠١٦).هەولێر لەنێوان ساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٩،چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات،هەولێر.

٦. ئیسماعیل، ڕێبین ڕەسوول(٢٠٠٤). هیگڵ، چاپی دووەم، بڵاوکراوەی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیگریی و ئەدەبی نما، چاپخانەی ڕەنج –هەولێر .

٧. ابراهیم، زەکەریا (٢٠٠٦) . میتۆدی دیالێکتیکی فەلسەفەی مێژوو و سیاسەت لای هیگڵ، وەرگێران سامان علی حامید، چ١ ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٨. ئاشنا، ئومێد (٢٠٠٨). دیوانی بێکەس چ١ ، سنە.

٩. بەرزنجی، علی تاهیر(٢٠٠٨). کاریگەری ڕوانگە لە نوێگەری شیعری کوردیدا، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوار چرا، چاپی یەکەم ، سلێمانی .

١٠. بەسیر، کامل حەسەن(٢٠١٥). مێژووی ڕەخنەسازی، چ١، چاپخانەی تاران، سلێمانی .

١١. بەرزنجی، ئازاد (٢٠٢٠) .چەند وێستگەیەکی فیکری و ئەدەبی ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ٤، سلێمانی.

١٢. بێکەس، شێرکۆ (١٣٩٤).(أ)، دیوانی شێرکۆ بێکەس(کاوەی ئاسنگەر١٩٧١)، چ١، ناوەندی بڵاوکردنەوەی نیشتمان، سنە.

١٣. بێکەس، شێرکۆ (١٣٩٤).(ب)، دیوانی شێرکۆ بێکەس(من تینوێتیم بە گڕ ئەشکێ١٩٧٤)، چ١، نشر شوان، ناوەندی بڵاوکردنەوەی نیشتمان، سنە.

١٤. بێکەس، شێرکۆ (٢٠٠٩).(پ)، دیوانی شێرکۆ بێکەس(ڕەنگاڵە١٩٧٤)، بەرگی دووەم، سوید .

١٥. بێکەس، شێرکۆ(١٣٩٤).(ت)، دیوانی شێرکۆ بێکەس(ئاسک١٩٧٨)،چ١، نشر شوان، ناوەندی بڵاوکردنەوەی نیشتمان، سنە.
١٦. بێکەس، شێرکۆ(١٩٧٨).(ث)، دیوانی شێرکۆ بێکەس(کازیوە١٩٧٨)، مديرية دار الكتب للطباعة والنشر.
١٧. بێکەس، شێرکۆ (١٣٩٤).(ج)، دیوانی شێرکۆ بێکەس(دووسرودی کێوی١٩٨٠ )، چ١، نشر شوان، ناوەندی بڵاوکردنەوەی نیشتمان، سنە.
١٨. بێکەس، شێرکۆ (١٣٩٤).(چ)، دیوانی شێرکۆ بێکەس(ڕووبار١٩٨٤)، چ١، نشر شوان، ناوەندی بڵاوکردنەوەی نیشتمان، سنە.
١٩. بێکەس، شێرکۆ(١٣٩٤).(ح) دیوانی شێرکۆ بێکەس(داستانی هەڵۆی سوور١٩٨٤)، چ١، نشر شوان، ناوەندی بڵاوکردنەوەی نیشتمان، سنە.
٢٠. بێکەس، شێرکۆ(١٣٩٤).(خ)، دیوانی شێرکۆ بێکەس(کەشکۆڵی پێشمەرگە١٩٨٥)، چ١، نشر شوان، ناوەندی بڵاوکردنەوەی نیشتمان، سنە.
٢١. بێکەس، شێرکۆ (٢٠٠٩).(د)، دیوانی شێرکۆ بێکەس(شاهی شەهید ١٩٨٥)، بەرگی دووەم، سوید .
٢٢. بێکەس، شێرکۆ (١٣٩٤). (ر)،دیوانی شێرکۆ بێکەس(تەم توومان١٩٨٥)، چ١، نشر شوان، ناوەندی بڵاوکردنەوەی نیشتمان، سنە.
٢٣. بێکەس، شێرکۆ(١٣٩٤). (ز)، دیوانی شێرکۆ بێکەس(ئاوێنەبچکۆلەکان١٩٨٦)، چ١، نشر شوان، ناوەندی بڵاوکردنەوەی نیشتمان، سنە.
٢٤. بێکەس، شێرکۆ (١٣٩٤).(س)، دیوانی شێرکۆ بێکەس(داڵ ١٩٨٧)، چ١، نشر شوان، ناوەندی بڵاوکردنەوەی نیشتمان، سنە.
٢٥. بێکەس، شێرکۆ (٢٠١٦)،(ش)، دیوانی شێرکۆ بێکەس(دەربەندی پەپوولە١٩٩١)، چ٣، چاپخانەی تاران، ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئەندێشە، سلێمانی.
٢٦. بێکەس، شێرکۆ(٢٠١٣)، (أ) نووسین بە ئاوی خۆڵەمێش(ژیاننامەو بیرەوەری)،بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، ناوەندە غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.
٢٧. بێکەس، شێرکۆ(٢٠١٣)، (ب)، نووسین بە ئاوی خۆڵەمێش(ژیاننامەو بیرەوەری)، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، ناوەندە غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.
٢٨. پیربال، فەرهاد(٢٠٠٦) .ڕێبازە ئەدەبییەکان، توێژینەوە و وەرگێڕانی لە فەڕەنسییەوە، چاپی دووەم، چابخانەی منارە-هەولێر، هەولێر.
٢٩. پیرۆت، بارزان عەلی (٢٠٢٠).دیاردەناسیی مرۆڤ لە شیعرەکانی نالی دا، چ١، چاپخانەی مێخەک، تاران .
٣٠. حەسەن، سەمیر ئیبراهیم (٢٠١١). کولتوورو کۆمەڵگە، و:عەبدوڵڵا مەحموود زەنگەنە، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی ، کەرکوک ،کوردستان.

٣١. حەسەن، حەمەسەعید(٢٠٠٤). شیعر و شمشێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
٣٢. حیجازی، مستەفا (٢٠١٦).دواکەوتووی کۆمەڵایەتی : و \ سەلاح سەعدی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر ٢٠١٦.
٣٣. حسێن ، هیمداد(٢٠٠٧). ڕێبازە ئەدەبیەکان، چاپخانەی دەزگای ئاراس، چ ١، هەولێر .
٣٤. خەیات،کاروان عوسمان(٢٠١٩).(ڕێبین)، کۆبەرهەمی ئەحمەد موختارجاف (شیعر، چیرۆک، پەخشان)، چ١، چاپخانەی ئیتشاراتی کوردستان، کوردستان.
٣٥. خەزنەدار، مارف (٢٠١٠).مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم، چاپخانەی ئاراس، چ٢ ، هەولێر.
٣٦. خۆشناو، ئەبوبەکر(٢٠٠٢). شیعری بەڕەنگاریی کوردی (١٩٧٥ – ١٩٩١ ) کۆمپیوتەرو چاپی ڕوناکبیری، چاپی یەکەم، سلێمانی.
٣٧. ڕەسووڵ، عیزەدین مستەفا (١٩٨٦) .دیوانی ئەحمەد موختار جاف، بە کۆششی ئەفراسیاب ئەحمەد موختار لە چاپ دراوە، لە چاپخانەی (الادیب)لەچاپ دراوە .
٣٨. ڕەسوول، عیزەدین مستەفا (٢٠٠٨).ئەحمەدی خانی (١٦٥٠-١٧٠٧)شاعیرو بیرمەند، فەیلەسووف و سۆفی ، سلێمانی .
٣٩. ڕۆسۆ، ژان ژاک (٢٠٢٠).وەرگێران بۆ فارسی دوکتۆر غولام حسێن زیرەک زادە، و بۆ کوردی .ڕەسوڵ سوڵتانی ، ئێمیل، چ١ ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر.
٤٠. سەعدون، سامان عیزەدین(٢٠٠٩).بنیاتی هونەری لەشیعرەکانی(لەتیف هەڵمەت)دا، چاپخانەی کەمال .
٤١. ساڵح، ئازاد عوبێد(٢٠٠٧). کاریگەریی شۆڕشی ئەیلوول لەسەر ڕۆژنامەوانیی کوردی١٩٦١-١٩٧٥، چ١، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
٤٢. ساڵح، ئاوارە کەمال (٢٠١٢).ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و پراکتیزەکردنی لە شیعرەکانی گۆراندا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
٤٣. ساڵح ، هاشم(٢٠٠١). ئاین و عەلمانیەت و کۆمەڵگای مەدەنی (گفتو گۆلەگەڵ محەمەد ئارکۆن )، و:نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد ،٢٠٠١.
٤٤. سارتەر، ژان پۆل ( ٢٠٠٩).وەرگێران: بۆ عەرەبی د.محەمەد غەنیمی هیلال، وەرگێران:بۆ کوردی مستەفا غەفوور، ئەدەب چییە؟، چ١، چاپخانەی خانی، دهۆک.
٤٥. سابیر، پەرێز(٢٠٠٦).ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
٤٦. سابیر، ڕەفیق(٢٠١٤). دیوانی ڕەفیق سابیر، چ١، چاپخانەی ناری، ناوەندی غەزەلنووس – بۆچاپ و بڵاوکردنەوە.

٤٧. سابیر، ڕەفیق (٢٠٢٢). ڕوانین بە ڕووناکیدا لەبارەی شیعر، ئازادی، ژن، (دیداری ئەدەبی)، چ١، چاپخانەی تاران، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی .
٤٨. سابیر، ڕەفیق(٢٠٢٣). لەستایشی ژیاندا (ئەزموونی نووسەرێک)، چ١، چاپخانەی چوارچرا.
٤٩. شاکەلی، فەرهاد(٢٠٠٩). بڵاچەیەک درز دەخاتە تاریکە شەوی تەمەنم، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
٥٠. شاکەلی، فەرهاد(٢٠١٣). زەوی دەکەم بە گوڵدانی تەڵی شەوبۆ، چ١، چاپخانەی ئاراس، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
٥١. شاکەلی، فەرهاد(٢٠١٦). کۆی بەرهەمەشێعرییەکان فەرهاد شاکەلی، چ١، چاپەمەنی مانگ، بانە.
٥٢. شاکەلی، فەرهاد (٢٠٢١). زمانی گەردەلوول خەونی شنەبا، چ٣، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
٥٣. عەلی، عبدوڵلا یاسین (٢٠٠٥) . هۆنراوەی بەرگری لە بەرهەمی چەند شاعیرێکی کرمانجی سەرووودا ١٩٣٩-١٩٧٠، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چ١، هەولێر .
٥٤. عەلی، دڵشاد(١٩٩٨).بنیاتی هەڵبەست لەشیعری کوردیدا، ب.ک.چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
٥٥. عەلی، کاروان عوسمان (٢٠٠٩) .چوارینەکانی باباتاهیری هەمەدانی، چ١، سەنتەری مرواری بۆ گەشە پێدانی ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی، خانەقین .
٥٦. عەلی، دلشاد (٢٠٠٧).دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی.
٥٧. عەبدوڵڵا، فەریدوون عەبدولڕەحیم(٢٠٠٨). بارودۆخی سیاسیی کوردستان-عێراق١١ی مارتی ١٩٧٠-١١ی مارتی ١٩٧٤، چ١، چاپخانەی منارە، هەولێر.
٥٨. عەبدوڵڵا، پەروین(٢٠٠٨). ڕەگەزەکانی دراما لە شیعری لیریکی کوردیدا (کرمانجی خواروو ١٩٨٠) چاپخانەی سەردەم ، سلێمانی ٢٠٠٨ .
٥٩. عەبدولکەریم، سەلام (٢٠١١).ژیانی سیاسی لە باشووری کوردستان١٩٧٥-١٩٩١، چ١، چاپخانەی چوارچرا.
٦٠. عەبدولا، عەباس ساڵح(٢٠٠٩) .فیمینیزم لەشیعری کوردیدا (کرمانجی خواروو)، چ١، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.
٦١. عەبدول، نوخشە (٢٠٠٧). ڕۆڵی ژن لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی باشوری کوردستان ١٩١٨ – ١٩٤٥، سلێمانی .
٦٢. عومەر، سەروەر عەبدولرەحمان(٢٠١١). مێژووی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان١٩٧٥-١٩٧٦، بەرگی یەکەم، چ٢، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
٦٣. عومەر، یاسین (٢٠٠١). ئەزموون، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی

٦٤.قادر، سەرکەوت سەعدی (٢٠١١). نامۆیی لە ڕۆمانەکانی (سەلاح عومەر)دا چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
٦٥.کەلاری، حسێن مەحموود(٢٠١١). شێواز لە هۆنراوەکانی شاکەلی دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد، سلێمانی .
٦٦.کەریم، ئازاد عەبدولواحید(٢٠١٣). سۆسیۆلۆژیای ئەدەب، چ ٢، چاپخانەی کارۆ، کەرکوک .
٦٧.کۆمەڵێک نووسەر، (٢٠٢٠).وەرگێران :شاهۆ سەعید، وشەو جوانی (چەند وتارێکی ڕەخنەیی)چ١، چاپخانەی سەردەم .
٦٨.کریم، ئازاد عبدالواحێد(٢٠٠٦). نوێکردنەوە لە شیعری کوردیدا، چاپخانەی ئاراپخا، چاپی یەکەم، کەرکوک .
٦٩.کامۆ، ئەلبێر (٢٠١٢) .وەرگێران: ئازاد بەرزنجی، مرۆڤی یاخی، ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی.
٧٠.کامۆ، ئەلبێر (٢٠١٦) .مرۆڤی یاخی، و _ئازاد بەرزنجی، چ٢، چاپخانەی تاران، سلێمانی .
٧١.گوڵی، عبدالقادر نوری عبدالکریم(٢٠٠٨) . یاخیبوون د ناڤ هوزانا نویخازا کوردیدا ( سەلمان کوڤلی وەک نموونە)هەولێر.
٧٢.لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە ،(٢٠١٠)،زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی، چاپخانەی المستقبل، چ٤، لوبنان.
٧٣.مەلا کریم، محمدی ملا کریم (١٩٨٠) . دیوانی بێکەس ،کتێبخانەی (الطلیعة)لە کەرکوک بڵاوی کردۆتەوە ، چ٢ ، بەغدا، چاپخانەی (الادیب).
٧٤.مەلا زادە، ڕێبوار محەمەد (٢٠١٦).نالی و سایکۆلۆژیای شیعرداهێنانی شیعری نالی لە ڕوانگەی ڕەخنەی دەروونی و میتۆدی دەرونشیکارییەوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
٧٥.میرە، ئەحمەد محمد رشید (٢٠٢٠) .یاخیبوون لە نیشتمان، سیاسەت وئایین لە جیهانبینی (شێرکۆ بێکەس و ماغوت)دا، چ١، چاپخانەی ناوەندی ڕەهەند، سلێمانی.
٧٦.مدرس کورەکەی، مەلا عبدالکریم و کورەکەی،(١٩٧٦) .لێکۆڵینەوەی مەلا عبدالکریم مدرس و محمدی مەلا عبدالکریم، دیوانی نالی ، چ١، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق ، بەغداد.
٧٧.مودەڕڕس، مەلا عەبدولکەریم(١٣٨٩). دیوانی نالی، چاپی حەوتەم، بڵاوکردنەوەی کوردستان(انتشارات کردستان)، سنە.
٧٨.محموود، ئازاد ئەحمەد (٢٠٠٨ ) . شەش لێکۆڵینەوەی شیعری ،چ ١، چاپخانەی ئاراس، هەولێر .
٧٩.نوورەدین، بوار(٢٠٢٢). پەیڤ وپەیام(هەڵبژاردەی نووسینەکانی ١٩٧٠-١٩٨١لەگەڵ ببیلیۆگرافیایەکدا (ڕەفیق سابیر)، چ١، چاپخانەی تاران، ناوەندی غەزەلنووس-بۆ چاپ وبڵاوکردنەوە ، سلێمانی،٢٠٢٢ .

٨٠. نقشبندی، غیاث الدین (٢٠٠٤).نامۆیی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان،چ٢، سلێمانی.
٨١. هەینی، شێرزاد(٢٠٠٨). ٩٥٥ دەقیقە لەگەڵ شێرکۆ بێکەس، چاپخانەی تیشک .
٨٢. هەوری، ا.ب هەوری (١٩٧٥) . شیعری کۆن و نوێ ، چاپخانەی کامەرانی سلێمانی.
٨٣. هوشیارو کەسانی تر، فائق هوشیار و چەند کەسی تر (١٩٩٠).دیوانی پیرەمێرد، بەرگی یەکەم، مطبعة الزمان، بەغداد.
٨٤. هوشیارو چەند نووسەرێکی تر، فایق، مستەفا ساڵح کەریم، ئەحمەد زرنگ مستەفا محەممەد، نوری تۆفیق مەحموود ،ئەحمەد محەممەد(٢٠١٠) . دیوانی پیرەمێرد، چ١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
٨٥. هاوار، موحەممەد رەسول (١٣٩٧). دیوانی پیرەمێرد، چ١، کانی کتێب، سنە.
٨٦. وەهاب، عەبدوڕەحمان ئەحمەد(٢٠٢٣).چەپکی گڕ-چەمکەکانی تەسەووف لەچامەی ژێی فەرهاد شاکەلیدا، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

## دووەم-نامە ئەکادیمیەکان

٨٧. أسماعیل، ڕێبوار محمد(٢٠١١) .داهێنانی شیعریی (نالی)لە ڕوانگەی ڕەخنەی دەروونشیکارییەوە، نامەی ماستەر، هەولێر، زانکۆی سەلاحەدین.
٨٨. حەوێز، سروشت جەوهەر(٢٠١٥). پابەندبوون لەشیعری کوردیدا(١٩٥٠-١٩٧٥)، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلیمانی .
٨٩. حمە فرج، دیلان سلام(٢٠١٦) . غوربەت لەشیعری نوێی کوردی ساڵانی (١٩٨٠-٢٠٠٠)، بەنموونەی شاعیرانی ژن ، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.
٩٠. حوسێن، ئیبراهیم لەتیف(٢٠١١) . کاریگەری بێهودەیی لە کورتە چیرۆکی کوردیدا ١٩٧٠-١٩٨٠، نامەی ماستەر ، زانکۆی سلێمانی.
٩١. ڕۆستەم، ئاری عوسمان(٢٠١٦).ڕەنگدانەوەی بوونگەرایی لە ڕۆمانی کوردیدا کرمانجیی ناوەڕاست (٢٠٠٣-٢٠١٣)، نامەی ماستەر، زانکۆی گەرمیان .
٩٢. طە، هاوکار مامەند طە(٢٠٠٦). قەدەغە شکێنی لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا ١٩٨٠-١٩٩١باشوری کوردستان، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر.
٩٣. سعید، ناز ئەحمەد(٢٠١٠). لادان لە شیعری (لەتیف هەڵمەت)دا نامەی ماستەر، سلێمانی .
٩٤. عەبدولرەحمان، محەمەد ساڵح (٢٠١٣). نامۆیی لە شیعرەکانی (ڕۆستەم باجەڵان)دا نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.
٩٥. مستەفا، سەرحەد حسێن (٢٠١٥) . بیری نەتەوەیی و بەرەنگاری لە شیعرەکانی (کامەران موکری)دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

٩٦.محەمەد، یوسف ئەحمەد،(٢٠١٤) .شیعری کوردی لە ژێر چەمکی ڕیالیزمدا (١٩٠٠-١٩٥٠)نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

## سێیەم- فەرهەنگەکان

٩٧.بەکر، فوئاد ڕەشید (٢٠٠٥).فەرهەنگی فوئاد، ئینگلیزی -کوردی، چ٢، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
٩٨.پوور، هەژیر عبدولا(٢٠٠٨).فەرهەنگی هەژیر فارسی-کوردی، چ١، چاپخانەی خانی، دهۆک.
٩٩.حسن، شەوکەت مەلا اسماعیل (٢٠٠٧) .فەرهەنگی شوان ، کوردی -کوردی، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
١٠٠. ڕەهنمون، ممردۆخی کوردستانی، موحەمەد(١٣٨٨). لێکۆڵینەوە و ئامادەکردنی ڕەئوف ڕەهنمون -، فەرهەنگی مەردۆخ، کوردی -فارسي -عەرەبی، چ١، خانەی بڵاوکردنەوەی پرتەوبەیان سنە.
١٠١. موکریانی،گیوی موکریانی (٢٠١٧) .فەرهەنگی کوردستان کوردی -عەرەبی ، چ٢، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
١٠٢. معین، محمد(١٣٧٨). فرهنگ معین، چ٢٢، انتشارات أمیر کبیر،تهران.
١٠٣. ناهید، محەمەد (٢٠١١) .فەرهەنگی ناهیدە (کوردی -کوردی -فارسی)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
١٠٤. نظامدین، فاضل (١٩٩٠).فەرهەنگی ئەستێرەگەشە کوردی -عەرەبی.

## چوارەم – گۆڤارەکان

١٠٥. عبدالله، گەردی، شوان نوری عبدالله، سەردار ئەحمەد گەردی (٢٠٢١) .یاخیبوون لە نیشتمان لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت )دا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە(٨) .
١٠٦. -علی، توفیق، دڵشاد،ئاڤان علی میرزا (٢٠١٦) .فەرهەنگی شیعری کلاسیکی کوردی لەنێوان لاسایی کردنەوەو داهێناندا(نالی،سالم،مەحوی)، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەرین، ساڵی سێیەم، ژمارە(٨)تشرینی یەکەم.
١٠٧. مراد، هەڤاڵ عادل(١٩٨٨). چۆنیەتی دامەزراندنی یەکێتی بۆرێبازی نوێ دەگێڕێتەوە، گۆڤاری ڕێبازی نوێ، ژمارە(١٢).
١٠٨. مەلا کریم، محەمەدی(١٩٧٥).خەباتی شیعری کوردی لەپێناوی ئازادی ژندا، گۆڤاری بەیان ، ژمارە(٢٦).
١٠٩. نەهایی ، عەتا(٢٠٠٤). ئاوڕدانەوەیەک لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردی ، ئایندە ، ژ ،٥٣ .

## پێنجەم- ڕۆژنامەکان


١١٠. ئەحمەد، کەژاڵ(١-٢-٢٠٢٤).گرووپی ئەدەبیی کەرکوک دژەباوی سەردەمی خۆیان بوون، ڕۆژنامی کوردستانی نوێ، ساڵی سی و سێ، ژمارە٩١.

١١١. بیمار، عبدالرزاق(١٩٧٠). ڕۆژنامەی هاوکاری ، ژمارە ١٧، بەغداد.

١١٢. بێکەس و ئەوانی تر ، شێرکۆ ،......... (٨-٥-١٩٧١).ئەی قەڵەمەنەترسەکان یەکگرن!، ڕۆژنامەی هاوکاری، ساڵی دووەم، ژ(١٧).

١١٣. بێکەس، شێرکۆ (١٥-٥-١٩٧١).ژانی هەورێکی ماندوو، ڕۆژنامەی هاوکاری، ساڵی دووەم، ژ(١٨).

١١٤. بێکەس، شێرکۆ (١٨-٥-١٩٧٣).ئەدەب و ژیان، وەڵام، ڕۆژنامەی هاوکاری ژ(١٦٧).

١١٥. بایز، ئەرسەلان (٨-٦-١٩٧٣).پڕۆژەکەی شاکەلی و سەرنجەکەی عبدالله عباس، ڕۆژنامەی هاوکاری ژ(١٧٠).

١١٦. ڕەنجبەر ، جەمیل (٢٢-٧-١٩٧٢).ئەدەب و شۆڕش، ڕۆژنامەی هاوکاری ژ(١٢٦).

١١٧. سعید، طاهر صالح (٤-١٢-١٩٧١).لەگەڵ چیرۆک نووسی طاهر صالح سعید، ڕۆژنامەی هاوکاری، ساڵی دووەم، ژ(٤٤).

١١٨. سابیر، ڕەفیق (٩-١٠-١٩٧١).دوو پەڵەهەورو بروسکەیەک، ڕۆژنامەی هاوکاری ژ(٣٦).

١١٩. سابیر، ڕەفیق (١٠-٦-١٩٧٢).دوو هۆنراوەی کورت، ڕۆژنامەی هاوکاری ژ(١٢٠).

١٢٠. سابیر، ڕەفیق (٢٤ \٤\١٩٧١)، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژ(١٥)،ساڵی دووەم.

١٢١. شاکەلی، فەرهاد(١٩٩٥).مامۆستای کورد، دەساڵ تەمەن٢٦ ژمارە ١٩٨٠لاپەڕە، گۆڤاری مامۆستای کورد، ژمارە(٢٦).

١٢٢. عباس، عبدالله(١٩٧٣).چەند سەرنجێک لە(پڕۆژە کودەتاکە)ی شاکەلی ، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژ(١٦٩).

١٢٣. عومەر، وەلید(٢٨٠٥-٢٠١٢). ململانێی شێرکۆ لەگەڵ زماندا (دوا بەرهەمی وەک نموونە)، ڕۆژنامەی ڕەخنەی چاودێرپاشکۆی ژمارە(٤).

١٢٤. قەرەداغی، فوئاد (١٤-١٠-١٩٧٢).ڕەخنەی جەماهیری و ڕەخنەی پسپۆرەکان، ڕۆژنامەی هاوکاری ژ(١٣٨).

١٢٥. قادر، نوری سعید (٤-١٢-١٩٧١باوشەی هەژار شەرمەزار نەکەین، ڕۆژنامەی هاوکاری، ساڵی دووەم، ژ(٤٤).

١٢٦. گەردی، عەزیز(١٩٧٢). کۆن و نوێ لەهۆنراوەی کوردیدا، رۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (١٢٢).

١٢٧. میراودەلی، کەمال (٣-٤-١٩٧١).ئەدەب و هونەری واقعی ی شۆڕشگێر، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژ(١٢).

١٢٨. میراودەلی، کەمال(٢-١٠-١٩٧١).سەرەتایەک لەکۆمەڵایەتی یاخی بوون و شۆڕش، ڕۆژنامەی هاوکاری،ساڵی دووەم، ژ(٣٥).
١٢٩.محەمەد، عەبدولسلام(٢١\٨\ ١٩٧١). خەوو هۆنراوەو یاخیبوون، ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە (٢٩).

## شەشەم- سەرچاوە ئەلکترۆنییەکان:

١٣٠. https://ar.wikipedia.org/wiki/%D%٨٤%٩D%٧A%٨_%D٨٢%٩AD%D%٨٩A%٨D%١B%٨D%٨٨%٩AB%D.١٣٠%٨D

١٣٠. https://www.noor-book.com-كتب-جون-لوك/pdf
١٣١. https://www.ibelieveinsci.com/?p=٩٤٨٤٤

١٣٢. edo university iyamho,department of history and international studies,his٤١٣insurgenncy andcounter insurgency,dr.emmanuel s.okla,p٧
١٣٣.https://ar.wikipedia.org/wiki/%D%٨A%٨_%D٨٦%٩D%٧A%٨AC%D%٨١B%٨AA%D%٨D%١B%٨D%٧A%٨D%٣B%٨_%D٨٤%٩D%٨٨%٩D

## حەوتەم- چاوپێکەوتنەکان:

- ئەنجامدانی چاوپیکەوتن لەگەڵ:

١٣٤.شاکەلی، فەرهاد، ( ٢٧ \ ٢٠٢٢\٦) ، لەڕۆژی شەمە، کاتژمێر (٩)ی شەو لەماڵی (شاکەلی)لە شاری کەلار کەبەسەردان گەڕابووە بۆ ماڵەکەی .

ئەنجامدانی پەیوەندی تیلیفۆنی لەگەڵ هەریەک لە:

١٣٥-شاکەلی، فەرهاد، (٢٥-٦-٢٠٢٢) ئەنجامدانی پەیوەندی تیلیفۆنی لەکاتژمێری (١١:٣٧)شەوی یەک شەمەلەگەڵ شێخ سلێمانی برای شاکەلی .

١٣٦-سابیر، ڕەفیق،(٢٠٢٣\١١\٧) ئەنجامدانی پەیوەندی تیلیفۆنی لەکاتژمێری (١:١٣)شەوی سێ شەمە.

١٣٧.سابیر، ڕەفیق،(٢٠٢٣\١١\٢٨)ئەنجامدانی پەیوەندی تیلیفۆنی لەکاتژمێری (١٢:١٧)ی شەوی سێ شەمە.

## ٢- سەرچاوە عەرەبییەکان

### یەکەم- کتێب

١٣٨.اسعد، سامية احمد (١٩٧٦).في الادب الفرنسي المعاصر ، مطابع الهيئة، الحريةالعامة، القاهرة.
١٣٩.البعلبكى، منير ،د.رمزى منير البعلبكى (٢٠١٠).فەرهەنگی الموردالحديث انكليزى عربي،الطبعةالاولى، دار العلم للملايين، لبنان .
١٤٠.بهاد الدين، مراديان،(٢٠١١). جعفر، على اكبر، الالتزم في شعر محمد مهدي الجواهري الطبعة الأولى، دارالكتاب العربي للطباعة والنشر والتوزيع – بيروت .

١٤١.الجرجاني، علي بن محمد بن علي الزين الشريف (١٤٠٣هـ -١٩٨٣م)المحقق: ضبطه وصححه جماعة من العلماء بإشراف الناشر، التعريفات، (ت ٨١٦هـ)،دار الكتب العلمية بيروت –لبنان, الطبعة:الأولى
١٤٢.جعفر، د.عبدالكريم راضي(١٩٩٨). رماد الشعردراسة في البنية الموضوعية والفنية لشعر الوجدانى الحديث فى العراق ، دار الشؤون الثقافية العامة ، بغداد .
١٤٣.الجنابى، احمد نصيف (بدون تاريخ ). في الرؤيا الشعريةالمعاصرة، وزارة الاعلام، مديريةالثقافة، دار الحرية لطباعة، بغداد (د.ت)
١٤٤.حجازي، سمير سعد(٢٠٠١). النقد الادبي المعاصر ( قضايا و اتجاهاتة )، دارالأفاق العربية

١٤٥.الحدادي ثم المناوي القاهري، زين الدين محمد المدعو بعبد الرؤوف بن تاج العارفين بن علي بن زين العابدين (١٤١٠هـ-١٩٩٠م) (ت ١٠٣١هـ)، التوقيف على مهمات التعاريف، عالم الكتب-القاهرة، الطبعة الأولى.

١٤٦.خشفه ، محمەد نديم(١٩٩٧). منهج البنيوى لدى جولدمان ، مركز الانماء الحضاري، حلب ، سوريا .
١٤٧.خضر، مصطفى (٢٠٠١).النقد والخطاب، محاولة قراءة في مراجعة نقدية معاصرة،( نسخەالكترونية)من منشورات اتحاد الكتاب العرب ، دمشق.
١٤٨.خياط، ئەوانی تر(١٩٧٤)، جلال ، كمال نشأت، عزالدين أسماعيل ، أحمد المجاطي، د. جليل كمال الدين، الشعر والثورة، دار الحرية للطباعة – بغداد .
١٤٩.رسول، عيزدين مصطفى(١٩٧٩)." احمدى خانى ١٦٥٠-١٧٠٧شاعرا ومفكره فيلسوفا ومتصوف ، كلية الادب، جامعه بغداد، مطبعة الحوادث، بغداد.

١٥٠.السامرائى، ماجد احمد(١٩٨٣). التيار القومي في الشعر العراق الحديث، مطبعة دار الحرية، طبعة الاول، بغداد .

١٥١.سيلين، ايريك(٢٠١٢). الثورة والتمرد والمقاومة(قوة الحكاية)، ترجمة: أسامة الغزولي، المركز القومي للترجمة، ط١، القاهرة.

١٥٢.صلا، فظل (١٩٨٠). نظرية البنائية في النقد الأدبي، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة، ط١، القاهره .

١٥٣.العالم، محمدامين (١٩٩٦ ).الشعرالمعري الحديث، نظرية الشعر، ٥- مرحلة مجلةشعر ، القسم الاول، المقالات، تحرير وتقديم: محمدكامل الخطيب، سوريا _ دمشق.

١٥٤.عبدالرحمن، نصرت (١٩٧٦ ). الصورة الفنية في الشعر الجاهلي في ضوء النقد الحديث ، مكتبة الاقصى، عمان، الاردن.

١٥٥.عثماني، امزرار - مليكة عثماني، كريمةامزرار(٢٠١٨). التمردد في كتابات نوال السعداوى"مذكرات طبية"أنموذجاً .

١٥٦.عصفور، جابر احمد(١٩٨٠ ). الصورة الفنية في التراث النقدي والبلاغي، دارالمعارف القاهرة،

١٥٧.العطوانى، قيس صبيح،(٢٠١٢). التمرد في شعرالاغتراب عند بلند حيدرى، جامعه المستنصريه، بغداد .

١٥٨. العطوي ، سعد بن عيد ( ١٩٩٣).الرمز في الشعر السعودي، من اصدارات مكتبةالتوبة، الرياض.

١٥٩.على، محمد محمد يونس(٢٠٠٧ ). المعنى وضلال المعنى : انضمة الدلالة في العربية ، دار المدار الاسلامى ، ط٢، رمدك.

١٦٠. عيد، رجاء (١٩٧٤).فلسفه الالتزام فى النقد الادبى ( بين النضريه والتطبيق ) دار الثقافة للطباعة والنشر ، مطبعة دار نشر الثقافة .

١٦١. فوكو، ميشيل (١٩٩٠).ترجمة، على مقلد نسق التمرد، المراقبه والمعاقبه —ولادة السجن ، مراجعة، مطاع الصفدى، مركز الانماء القومى، بيروت ،لبنان.

١٦٢. القاضى، فاروق(٢٠٠٤). أفاق التمرد —ط١، ألموسسةألعربية للدراسات وألنشر-بيروت.

١٦٣. القشيري، عبد الكريم بن هوازن بن عبد الملك (ت ٤٦٥هـ) تحقيق: د. عبد الحليم محمود، د. محمود بن الشريف، (١٤٤٠هـ-٢٠١٩).الرسالة القشيرية، دار المعارف، القاهرة، د.ت.ط، (١٩٥/١). وأعلام الموقعين عن رب العالمين: أبو عبد الله محمد بن أبي بكر بن أيوب ٣٠. ابن قيم الجوزية (ت ٧٥١ه), تحقيق: مجموعة من المحققين، دار عطاءات العلم(الطبعة الثانية) - دار ابن حزم (بيروت)، الرياض.

١٦٤. القصاب ، صبيح ناجى(١٩٧٩). الشعر بين الواقع والابداع، دار الحرية للطباعة بغداد.

١٦٥.كامو، ألبير (١٨٩٣). الإنسان المتمرد، تر نهاد رضا ، الطبعة٣ ، بيرو ، باريس.
١٦٦. محمود، شريف مهني عبده،( - ).دراسة الأغتراب و علاقته بمستوى الطموح لدي طلاب الثانوي العام و الفني والصناعي.
١٦٧. محمود، محمودشاكر(٢٠٠٨). مظاهر التمرد في الشعر الاندلسي : دراسة موضوعية فنية: أطروحة دكتوراه، الجامعة المستنصرية، كلية الاداب، قسم اللغة العربية.

١٦٨. مراد، عادل (٢٠٠٦). الاتحاد الوطني الكردستاني ، الانطلاقةمن طليطلة الى بغداد، خواطر بعد ثلاثين عاما، ط١، مطبعة(زانا)، دهوک.

١٦٩. المكاوى، عبد الغفار (١٩٧٢).ثورة الشعر الحديث من بودلير الى العصر الحديث ، ط٣ مطابع الهيئة المصرية العامة للكتاب ، قاهرة .

١٧٠.موافي، عبد العزيز ( ٢٠٠٨ )، الروية والعبارة : مدخل الى فهم الشعر ، المجلس الاعلى للثقافة ، ط١، القاهرة .

١٧١. وهاب ، اسماء(٢٠١٥). تسعدين سايح ، تجليات الرفض والتمرد في شعر معروف الرصافى ، جامعه البويرة ، شهادة لينسانس ، الجزائر.

## دووەم-نامەئەكاديمييەكان

١٧٢.بلول، الاخضر(٢٠١٩). التمرد في شعر تابط شرأ- دراسة جمالية، رسالة ماجستير، جامعة قاصدى مرباح ورقلة.

١٧٣.رحمة، زاوش(٢٠١٢). التمرد في السير ذاتي النسائي العربي المعاصر سيرة نوال السعداوي أنموذجا ، رسالة لنيل شهادة الماجستير، تحت أشراف أ.د.زعتر خديجة، كلية الاداب واللغات والفنون ، قسم اللغة والادب العربي.

١٧٤.سلوم، سفانة داود (٢٠٠٧). ظاهرة التمرد فى ادبى الرصافى والزهاوى، كلية التربية-ابن رشد، جامعة بغداد، رسالة ماجستر، بغداد.
١٧٥.الطيب، عثماني(٢٠١٧).شعريةالتمرد في الشعر العربي الحديث قراءة في ديوان أحمد مطر،مذكرة مقدمة لنيل شهادة الماستر أكاديمى في جامعة محمد بوضياف، كلية الاداب واللغات ، قسم اللغةوالأدب العربي، رسالة ماجستير، جزائر.
١٧٦.فتحيه، رانية، حاجى فتحية (٢٠١٩).زعمون رانية،ضاهرة التمرد فى رواية الاجنحة المتكسرة (جبران خليل جبران)، رسالة ماجستير، الجمهورية الجزائرية الدمقراطيه الشعبية.

١٧٧.ديبو ، امل(١٩٨٢). الالتزام في الشعر بدر شاكر السياب رسالة ماجستير ، دائرة اللغةالعربية و للغات الشرق الادنى، الجامعة الامريكيية في بيروت ، لبنان ، بيروت .

## سێیەم- گۆڤارەکان

١٧٨.عساف، نوال محمد(٢٠٢٠). قياس مستوى التمرد النفسي في المدارس الثانوية من وجهة نظر المدرسين، مجلةجامعة بابل للعلوم الأنسانية، المجلد٢٨،العدد(٣).

١٧٩.العساف، هيلة بنت عبدالله بن عثمان (٢٠١٤). التمرد في الشعر الجاهلي اشكاله و بواعثة، مجلة كلية الأداب، جامعة المنصورة، العددالرابع والخمسون.

١٨٠.غازى، عبدالله، امير احمد غازى ،فاطمة لطيف عبدالله(٢٠١٨). مفهوم التمرد واشتغالاته بالفن المفاهيمى (جوزيفبويز اشكلا)، مجلة جامعة بابل العلوم الانسانية، المجلد ٢٦،العدد(٦).

چوارەم-سەرچاوە ئەلکترۆنییەکان

١٨١.محمد برادة ، تحولات مفهوم الالتزام فى الادب العربى الحديث http://www.suhuf.netsa١٩٩٩jaz/oct/١٠.rv٦.htm١

١٨٢.حسين سرمک www.madarkom.com)

http://ejabat.google.com/ejabat

## ٣-سەرچاوە فارسییەکان

١٨٣.ورزنده، اميد (١٣٩٩). شناختنامه شيركو بيكس،انتشارات نگاه ،تهران .

## ٤-سەرچاوە ئینگلیزییەکان

Struggle for self: A Journey from Rebellion to Rebellion in Sula published in LITERARIA An Intenational Journal of New Literature Across the World Bahri Publications (UGC ApprovedJournal ) Vol ٦, Lssue ٢, ٢٠٢١, LSSN No:٢٢٢٩-٤٦٠٠.

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە، کە لەژێر ناوی (یاخیبوون لە شیعری کوردیدا١٩٧٠-١٩٩١)کرمانجی ناوەراست، هەوڵێکە بۆ خستنەڕوو و ڕەنگدانەوەی بیریی یاخیبوون لەنێو دەقە شیعرییەکانی شاعیراندا، کە لەو ڕۆژگارەدا بەڕوونی گیانی یاخیبوون لای شاعیران بەدیکراوە، هەروەها هەڵوێست وەرگرتنی شاعیران بەرامبەر بەو ڕووداو و کارەساتە گەورانەی، کە بە سەر نەتەوەی کورددا هاتوون، دۆخی سیاسی باشووری کوردستان لە نێوان ساڵانی( ١٩٧٠-١٩٩١) ،لە ڕووی سیاسییەوە هەڵکشان و داکشانی زۆری بەخۆوە بینی، بێگومان ئەو ڕووداو و پێشهاتانەش بۆ شاعیرانی پەیوەست بە خاک و گەلی وەک(شیرکۆ بێکەس، ڕەفیق سابیر، فەرهاد شاکەلی)، کاریگەریی خۆیان ئەبێت، ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات، چۆنێتیی و چەندێتیی تێڕوانین و هەڵوێستیی یاخییانەی ئەو شاعیرانە بەرامبەر بە دەسەڵاتی سیاسیی ڕژێمی بەعس لەو ساڵانەدا دەربخات.توێژینەوەکەش لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە:

بەشی یەکەم بەناونیشانی (یاخییبوون و شیعری کوردی)کە دوو تەوەرەی لەخۆگرتووە، تەوەرەی یەکەم بە ناونیشانی(زاراوە و چەمکی یاخییبوون) کە تێیدا باسی زاراوە و چەمکی یاخیبوون کراوە لەچەند ڕوانگەیەکەوە، تەوەرەی دووەم بەناونیشانی (یاخیبوون لە شیعری کوردیدا)، تێیدا چەند شاعیرێکی پێشووی کورد وەرگیراون و لەبەر ڕۆشنایی دەقە شیعرییەکانیاندا دیاردەی یاخیبوونیان لە لا خراوەتە ڕوو.

بەشی دووەمیش بە ناونیشانی (یاخیبوونی سیاسی لە شیعری کوردید(١٩٧٠-١٩٩١)، بە جیا تیشک خراوەتە سەر چۆنێتی و چەندێتی ڕەنگدانەوەی یاخیبوونی سیاسی لە لای هەر یەک لە شێرکۆ بێکەس و ڕەفیق سابیرو فەرهاد شاکەلی، بەنموونەی شیعری و هەڵوێستیان خراوەتەڕوو.

لە بەشی سێهەمدا، کە بە ناونیشانی (چەشنە جیاوازەکانی یاخیبوون لە شیعری کوردیدا ١٩٧٠-١٩٩١)باس لە چوار چەشنی تری یاخیبوون کردووە لای ئەو شاعیرانەی، کە ئەوانیش (یاخیبوونی کۆمەڵایەتی، یاخیبوونی ئاینی، یاخیبوونی خودیی، یاخیبوونی شیعریی)ن و بەنموونەی شیعری باسەکەمان دەوڵەمەندکردووە، بێگومان لە بەر ڕۆشنایی توێژینەوەکەو پشت بەستن بە سەرچاوە جیاوازەکان گەیشتووین بە کۆمەڵێک ئەنجام، کە لە کۆتاییدا ڕیزمان کردوون.

# ملخص البحث


ان هذا البحث الذي يحمل عنوان (التمرد في الشعر الكردي ١٩٧٠-١٩٩١) كرمانج الوسطى، هو محاولة لعرض وعكس فكر التمرد في النصوص الشعرية للشعراء الذين بدت روح التمرد واضحة لديهم في ذلك الوقت بالاضافة الى موقف الشعراء من الأحداث والمآسي الكبيرة التي حلت بالأمة الكردية، شهد الوضع السياسي في جنوب كردستان بين عامي ١٩٧٠ و١٩٩١ العديد من التقلبات السياسية ولا شك أن هذه الأحداث والتطورات كانت لها تأثيرها على الشعراء المرتبطين والمتجذرين بأرضهم وشعبهم امثال (شيركو بيكس ، رفيق صابر، فرهاد شاكلي). يحاول هذه البحث إظهار طبيعة وكمية مواقف الشاعر المتمرده تجاه السلطة السياسية لنظام البعث في تلك السنين .

يتكون البحث من ثلاثة أجزاء رئيسية: الجزء الأول بعنوان (التمرد والشعر الكردي) ويتضمن فصلين، الفصل الاول بعنوان (مصطلحات ومفاهيم التمرد) والذي يناقش مصطلحات ومفاهيم التمرد، أما الفصل الثاني فبعنوان (التمرد في الشعر الكردي) فتم اختيار مجموعة من الشعراء الكرد القدماء لوضوح مظاهرالتمرد لديهم في نصوصهم الشعرية.

أما الجزء الثاني فبعنوان (التمرد السياسي في الشعر الكردي (١٩٧٠-١٩٩١) حيث تم تسليط الضوء على طبيعة وكمية التمرد السياسي عند كل من شيركو بيكس ورفيق صابر و فرهاد شاكلي بنماذج شعرية تجسد هذا التمرد.

أما الجزء الثالث فبعنوان (أنواع التمرد المختلفة في الشعر الكردي ١٩٧٠-١٩٩١)حيث تم سرد اربعة انواع اخرى من التمرد عند هؤلاء الشعراء وهذه الانواع هي (التمرد الاجتماعي، التمرد الديني، التمرد الذاتي، التمرد الشعري) حيث قمنا باغناء هذه الانواع بامثلة شعرية ، وعلى ضوء البحث اعتمدنا على المصادر المختلفة و توصلنا الى عدد من الاستنتاجات التي اوردناها تباعا في نهاية البحث .

# Abstract


This research, entitled (Rebellion in Kurdish Poetry ١٩٧٠-١٩٩١) Mid Kurmanji , is an attempt to present and reflect the thought of rebellion in the poetic texts of poets to whom the spirit of rebellion seemed clear at that time, in addition to the poet’s situation on the major events and tragedies that befell the Kurdish nation. The political situation in southern Kurdistan between ١٩٧٠ and ١٩٩١ witnessed many political fluctuations, and there is no doubt that these events and developments were had an influence on poets who were connected and rooted to their land and people, such as (Shirko Bekas, Rafiq Saber, Farhad Shakali). This research attempts to show the nature and quantity of the poet's rebellious situations in those years towards the political authority of the Baath regime.

The research consists of three main parts: The first part is entitled (Rebellion and Kurdish Poetry) which includes two chapters, the first chapter is entitled (Terms and Concepts of Rebellion), which discusses the terms and concepts of rebellion from several points of view, the second chapter is entitled (Rebellion in Kurdish Poetry) a group of ancient Kurdish poets was chosen for the clarity of their manifestations of rebellion in their poetic texts .

As for the second part, it is entitled (Political Rebellion in Kurdish Poetry (١٩٧٠-١٩٩١), where light was shed to show the nature and quantity of political rebellion ,individually ,according to Shirko Bekas, Rafiq Saber and Farhad Shakali,and showing this behavior with poetic examples .

As for the third part, it is entitled (The different types of rebellion in Kurdish poetry ١٩٧٠-١٩٩١), where four other types of rebellion among these poets were listed.These types are (Social Rebellion,Religious Rebellion ,Self-rebellion,and Poetic Rebellion).We have enriched this research with poetic examples,and of course ,in light of the research and reliance on sources .We reached a number of different conclusions that we mentioned successively at the end of the research .

Kurdistan Regional Government-Iraq

Ministry of Higher Education and
Scientific Research

University of Garmian.

College of Language and Humanities

Department of Kurdish Language

# Rebellion in Kurdish poetry (١٩٧٠-١٩٩١)

## (Mid Kurmanji)

A thesis submitted by (**Awat Rahim karim** ) to the Department of Kurdish Language, College of Language and Humanities, Garmian University, is part of the requirements for obtaining a doctorate in Kurdish literature.

Supervisor:

Prof. Dr. Farhad Qader Karim

Year of study:

٢٠٢٤ AD ٢٧٢٤ Kurdish